MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ
# بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

# کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ
# بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

**دانانی**

**لیوای پۆلیسی خانەنشین**

**پارێزەر محەمەد ساڵح عەقراوی**

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

**کەمال غەمبار**

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان**
- **دانانی:** پارێزەر محەمەد ساڵح عەقراوی
- **پێداچوونەوەی زمانەوانی:** کەمال غەمبار
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **پیتچنین:** نەرمین ئیبراهیم
- **ژمارەی سپاردن:** ٣٩٢
- **نرخ:** ٢٥٠٠
- **چاپی یەکەم :** ٢٠٠٧
- **تیراژ:** ٧٥٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٢٨)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com


## ناوەڕۆک


سەرەتا ........ أ
روونکردنەوەیەك ........ ١
پێشەکی ........ ٣
دەسپێك ........ ٦
گرنگی دانی ئینگلیز بەکێشەی کورد ........ ١٤
رووس و کورد ........ ١٥
پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەڵمانییەکان ........ ١٧
گفتوگۆ و هەوڵی پێکهاتەی ئاشتیانە ........ ٢٣
بیروبۆچوونی بەریتانییەکان لەسەر شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ........ ٢٤
بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەر ........ ٢٥
بڕیاری کۆمەڵی گەلان (عصبه الامم) بە لکاندنی موسڵ بەعێراق ........ ٢٩
یاسای بنەڕەتیی عێراق (القانون الاساسی العراقی) ........ ٣٢
دەروازەی یەکەم مافەکانی میللەت ........ ٣٣
دەروازەی دووەم - مەلیك و مافەکانی ........ ٣٤
دەروازەی سێیەم - دەسەڵاتی تەشریعی ........ ٣٧
دەروازەی چوارەم — وەزارەت ........ ٤٣
دەروازەی پێنجەم - دەستەڵاتی قەزایی ........ ٤٤
دەروازەی شەشەم / کاروباری دارایی ........ ٤٨
دەروازەی هەفتەم: بەڕێوەبردنی هەرێمەکان ........ ٥٠
دەروازەی هەشتەم - پەسندکردنی یاسایەکان و حوکمەکان ........ ٥١
دەروازەی نۆیەم - گۆڕینی بڕیارەکان لەم یاسایە (دەستوور) ........ ٥٣
دەروازەی دەیەم - بەندە گشتییەکان ........ ٥٣
پێنجەم یاسای هەموارکردنی یاسای بنەڕەتی (اساسی) ........ ٥٥
یاسای بنەڕەتی عێراق و کێشەی کورد ........ ٥٨
راگەیاندنی رەسمی دەقی بەڵێنەکانی عێراق بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان ........ ٦٠
خەباتی کورد بەردەوامە ........ ٦٥

دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون ..... ٦٦
نەتەوە یەکگرتووەکان و کێشەی کوردی ..... ٦٩
شۆڕشەکانی کورد بەردەوامن ..... ٧٠
سەککی (بڕیاری) ئینتداب و کورد ..... ٧٦
راگەیاندنی (تصریح) کانونی یەکەم / ١٩٢٢ ..... ٧٧
پەیمانی لۆزان ..... ٧٨
شۆڕشەکانی بارزان ..... ٧٩
راگرتنی شەڕ بەچەشنێکی کاتی ..... ٨٢
قۆناغی دوای شۆڕش ..... ٨٢
بەردەوام بوونی خەباتی کورد ..... ٨٣
کاریگەری جەنگەکان لەسەر بارودۆخی نێودەوڵەتی ..... ٨٦
دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ..... ٨٦
دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ..... ٨٩
چۆنێتی پێکهێنانی ئەنجوومەن ..... ٩٥
ئەنجوومەنی (الوصایە) راسپاردن ..... ٩٦
جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ..... ١٠٠
پاشکۆی پێڕەوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ..... ١٠٢
کاریگەری شۆڕشی میسر لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی لەناوچەکەدا ..... ١١٢
راگەیاندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ..... ١١٥
یەکێتی هاشمی لە نێوان عێراق و ئەردەن ..... ١١٥
شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و کورد ..... ١١٦
دەستووری کاتی عێراق کە لە ١٩٥٨ دەرچوو ..... ١١٧
دەروازەی یەکەم: کۆماری عێراق ..... ١١٨
دەروازەی دووەم: چۆنێتی حوکمڕانی ..... ١١٩
دەروازەی سێیەم: بڕیارەکانی (احکام) گواستنەوە ..... ١٢٠
کاردانەوەی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بەکورد ..... ١٢٥
دەستپێکردنی شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ ..... ١٢٦
کورد و کودەتاچییەکانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی خوێناوی ..... ١٢٩
بەشداربوونی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە جەنگ دژی کورد ..... ١٣٢
کورد و رێککەوتنەکەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ..... ١٣٤
رێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ..... ١٣٦
دەقی بەیاننامەی حکومەتی عێراق بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ..... ١٣٧
پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بەمافەکانی ..... ١٤٦
بەشی یەکەم ..... ١٤٧
بەشی دووەم ..... ١٤٧
بەشی سێیەم ..... ١٤٩
بەشی چوارەم ..... ١٥٤
بەشی پێنجەم ..... ١٥٧
کودەتای ١٧ی/ تەمموزی/ ١٩٦٨ ..... ١٦٤
بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ..... ١٦٥
راگەیاندنی یاسای (حوکمی زاتی) ئۆتونومی ..... ١٧١
ماوەی چوارساڵی جێبەجێ کردنی حوکمی زاتی ..... ١٧٢
دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤ ..... ١٧٣
رێککەوتننامەی ئەلجزائر ..... ١٧٥
هەڵوێستی پارتی بەعسی بەرامبەر بەپارتی کۆمۆنیستی عێراقی ..... ١٨١
سەدام حوسێن لەگەڵ هاوڕێکانی ..... ١٨٢
جەنگی عێراق و ئێران و کاریگەرییەکەی لەسەر کورد ..... ١٨٣
داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە ..... ١٨٧
چاوپێکەوتنی چادری سەفوان لەنێوان ..... ١٨٩
هۆیەکانی سەرکەوتنی راپەڕینی ئاداری/ ١٩٩١ ..... ١٩٠
سەرکوتکردنی هەردوو راپەڕینی شیعان و ئاداری ١٩٩١ ..... ١٩١
کێشانەوەی ئیدارات لە کوردستانی رزگارکراو لە ١٩٩١/١٠/٢٣ ..... ١٩٤
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا ..... ١٩٥
یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ..... ١٩٦
١٩٧

بەڕێوەبردن لە هەردوو ناوچەدا ........................................
بڕیاری فیدیرالیەت بۆ هەرێمی کوردستان ........................................ ١٩٨
هەڵوێستی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری ........................................ ١٩٩
ناوی پرۆژەی گاپ 1 (Gap) ........................................ ٢٠٢
ئامانجەکانی ئاشکرا نەکراو ........................................ ٢٠٣
ئایا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکانی دەرەکی لە کوردستان کۆتایی پێدێن؟ .......... ٢٠٥
ڕۆڵی کورد لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا ........................................ ٢٠٨
یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ........................ ٢١٥
دەروازەی یەکەم: مەبدەئە ئەساسیەکان ........................................ ٢١٦
دەروازەی دووەم: مافە ئەساسییەکان ........................................ ٢١٩
دەروازەی سێیەم: حکومەتی گواستەنیی عێراق ........................................ ٢٢٥
دەروازەی چوارەم: دەسەڵاتی یاساکاریی گواستەنی ........................................ ٢٢٨
دەروازەی پێنجەم: دەسەڵاتی تەنفیزیی گواستەنی ........................................ ٢٣١
دەروازەی شەشەم: دەسەڵاتی دادوەریی ئیتتیحادی ........................................ ٢٣٤
دەروازەی حەوتەم: دادگای تایبەتمەند و هەیئەتە نیشتمانییەکان .................... ٢٣٧
دەروازەی هەشتەم: هەرێم و پارێزگاو شارەوانی و هەیئەتە محەللییەکان .............. ٢٣٨
دەروازەی نۆیەم: قۆناغی دوابەدوای گواستەنی ........................................ ٢٤٣
بەشی یەکەم: پێکهێنانی حکومەتیی کاتی ........................................ ٢٤٦
بەشی دووەم: دامودەزگاو کارەکانی حکومەتی کاتیی عێراق ........................ ٢٤٧
بەشی سێیەم: ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی ........................................ ٢٤٨
کۆنگرەی نیشتمانی ........................................ ٢٤٩
یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە .................... ٢٥٠
سەرچاوەکان ........................................ ٢٥٥
کورتەیەك لە ژیانی لیوا محمد صالح عقراوی ........................................ ٢٥٦

**پێشکەشە بە...**

- گیانی پاکی سەردەکردە قارەمانەکانی کورد کە لە ڕێگای بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سێدارەدران ئەو سەرکردانە کە هەموو ژیانیان تەرخان کردووە لە ڕێگای ڕزگارکردنی گەلی کورد و کوردستان.
- گیانی پاکی شەهیدەکانی بزاڤی ڕزگاریی نەتەوەی کورد
- گیانی پاکی پێشمەرگە قارەمانەکان کە لەسەر گۆڕەپانی سەربەستی خوێنیان ڕشت و لە ڕێگای بەرگریکردن لە خاك و گەل و کێشە ڕەواکانیان شەهیدکران
- هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆڕاگر.

هەموو خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی دونیا لە ڕێگای خزمەتکردنی دۆزی گەلەکانیان.

- گیانی پاکی برا گەورەکانم، پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کاك عەبدال و کاك مەمەد کە هەموو ژیانیان لە ڕێگای خزمەتکردنی دۆزی میللەتەکەماندا تەرخان کرد.

دانەر

## خوێنەری ئازیز

هەرکە خوێندنی سەرەتاییم تەواوکرد لە شاری ئاکرێ و لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندیی لەم قەزایە گەورەیە لەبەر بێ کەڵکی نائب و ئەعیانی شارەکەمان، چوومە شاری موسڵ بۆ خوێندن کە تەمەنم ١٢ ساڵ بوو، هەستم کرد کە عەرەبەکان سووکایەتی بەکورد دەکەن و بەچاوێکی نزم سەیرمان دەکەن و ئەوە بووە بزوێنەریی هەستی نەتەوایەتیم، ئیتر گەڕام بە شوێن کتێب و پەرتووك و هەرچی نووسراوە دەربارەی کورد خوێندمەوە و بیرم کردەوە، بۆ تائێستا میللەتی کور وەکو هەموو میللەتانی دونیا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە؟ گەڕام بە شوێنی بەڵگەکان و بۆم دەکەوت کە کورد میللەتە و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە کتێبەدا هاتوون و بەخۆشحاڵییەوە دەیخەمە بەردەستتان و ئومێدەوارم توانیبێتم خزمەتیی دۆزی گەلەکەمان کردبێت لەگەڵ ڕێزمان.

**دانەر**

## سەرەتا

گەلی کورد هەر لەرەبەیانی مێژووەوە لە خاکەکەی خۆی جێگیر بووەو لێی دەرنە چووەو، پێگەیەکی سروشتی و ستیراتیژی ئەو تۆی هەبووە کە بتوانیٚ بەرگری لە خۆی و ولاٚتەکەی ((کوردستان)) بکات و لەرووی هەر شالاٚو و هەڵمتێك بۆ سەر خاکەی بوەستیٚ. مێژوو نووسی گریکی (زینەفۆن) لەکتێبەکەیدا ئەناباسس ANABASIS یاخود ((هەڵمەتی دەهەزار سوارە بۆسەر فارس)) کە لەڕاستیدا بۆ سەر کوردستانە ((٤٣٥ — ٣٥٥ پ. ز))دا مێژوو نووس و سەربازێکی گریکی بووە بۆتە سەرکردەی سوپایەکی دەهەزار یۆنانی لەکاتی کشانەوەی لەشکرەکە بۆ یۆنان کە لەرێگاوە بەرەو ولاٚتی کورد واتە کوردستانی باشوور (عێراق) دەچیٚ. باسی ئازایەتی و جوامێری کوردە شاخاویەکان دەکات کە چۆن رووبەڕووی دوژمنی خۆیان بوونەتەوە کە هاتوونەتە سەریان و لە لاپەڕە (١٦٦)ی کتێبەکیدا دەڵیٚ: ((ئەو رێگایەی کە بەرەو باکووری ژوور چیاکانە، بۆ لای (کوردان) دەچیٚ و، ئەوەی درکاند کە ئەو نەتەوەیە لە چیاکاندادا دەنیشت و، خۆیان زۆر ئازاو بوێرن و ملکەچی پاشانین، لەڕاستیدا سوپایەکی پاشایەتی کە ژمارەیان سەدو بیست هەزار کەس بوو، جارێکیاننەزووی ولاٚتەکە یان کردن. بەهۆی سەختی ئەو زەوییەی کە پێویست بو لە سەریان بچنە ناوی یەکێکیان لیٚ نەگەڕایەوە)) هەروەها لەلاپەرە (١٧١) دا دەڵیٚ کە سوپای یۆنانییەکان بەرەو ئەو گوندانەی لەرۆخ کەلێنی چیاکان بوون، بەرێکەوتن، خەڵکەکە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان بەرەو چیاکان رایانکرد، کە دوا گریکی لە لوتکەوە بەرو گوندەکان شۆڕ بۆوە ئەو حەلە تاریکایی داهاتبوو لەبەر ئەوەی رێگایەکە تەنگ بوو سەرکەوتن و شۆڕبوونەوە رۆژێکی تەواوی خایاند. ئەو حەلە کۆمەڵێك لە دانیشتووان هێرشێکیان بردە سەر پاشکۆیەکانی گریکەکان و چەند کەسێکیان لیٚ گۆشتن بە بەرد باران و تیرباران چەند کەسێکی تریان لیٚ بریندار کردن. هەرچەندە کوردەکان ژمارەشیان کەم بوو ئەگەر ژمارەیەکی زیاتریان لەگەڵ بوایە و بهاتبانە ریزیان. رەنگ بوو ژمارەیەکی زۆر لە سوپایەکە بەفر و توونابکرابوایە)) ئەم مێژووە کۆنەی کورد بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە کە کورد سوودی لەوشاخانە وەرگرتووە کە لە خاکەکەیدا هەیە و بوونەتە پەناگا و دۆستی نزیکی لەکاتی تەنگانەدا و هەموو کات سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و، لەپێش زۆر دەوڵەتی نەتەوەیی ئەمڕۆ، دەوڵەتی سەر بەخۆی هەبووە و، وەکو هەموو گەلێك ئایینی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە ئایینی زەردەشتە لەولاٚتی میدیا لەدەوروبەری (٦٦٠ — ٥٨٦ پ. ز). هەروەها یەکەم



دەوڵەتی سەبەخۆی کە ئیمپراتۆرییەتی میدیا بووە لەسەر خاکی خۆی دامەزراندووە لەسەدەی حەفتەمی پێش زایینی و پایتەختەکەی ئەکباتان بووە. بەرلەوەی کە کۆرشی فارسی داگیری بکات و بیخاتە سەر ولاٚتی فارس. وەك (لینین) دەڵی: ((خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە کە ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری لە ناوبردووە.)) کەواتە لەسەدەی بیست و یەکی ئەمرۆ شتێکی سەیر و سەمەرە و خەیاڵی نییە کە کورد داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بکات، بۆیە محەمەد ساڵح عەقراوی لەکتێبەکەیدا کە ئەم پێشەکییەم بۆ نووسیوە. کارێکی باشی کردووە. کە لە رۆژگارێکی لەباری وەك ئەمرۆدا ئەو دۆزە رەوایە دەورووژێنی و، کە لە بەرهەمێکی تێرو تەسەڵدا ئاماژە بەوفاکتەر و بارودۆ خانە دەکات کە بۆ کورد رەخساون نەك ئێستا بەڵکو پێشتریش، دەوڵەتێکی سەبەرخۆی هەبیٚ. بۆنموونە شەهیدی شۆڕشگێڕی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان شێخ عەبدوسەلامی بارزانی لەساڵانی ١٩٠٨ — ١٩١٤ شۆڕشی دژی دەوڵەتی عوسمانی لەو پێناوەدا بەرپاکردوە. لەکتێبی (**مهدالبشرية— الحياة في شرق كردستان**)دا کە جرجس فتح الله لە ئینگلیزییەوە کروویەتیە عەرەبی هەردوو نووسەری کتێبەکە: دبليو ١٠ی. ویگرام و ادگار. تی. أی. ویگرام دەڵێن: کە شێخ بیستی ئێمە بەزۆری پاش چەند مانگێکی کەم دەگەڕێینەوە ئینگلتسان ئامادە باشی خۆی نیشاندا کە لەگەڵماندا بیٚ (هەڵبەت بەدەستوپێوەندییەکی زۆرەوە) بۆ ئەوەی بەشەخسی خۆی داوا لە سەرۆکی قەشەکانی کانتریری) بکات قوتابخانە لە گوندەگانی بکاتەوە، پاشان بچێتە لای جۆرج پاشاو سەردانی بکات و لە گەڵیدا دابنیشی بۆ ئەوەی باسی دۆزی ((کوردستان)) بکات و مەسەلەی سەربەخۆییەکەی یەکلایی بکاتەوە. بەداخەوە ئێمە لە توانامان دانەبوو بە شتێك هیواداری بکەین، بەڵام پێشنیارەکەی دڵسۆزانە بوو لەدڵێکی بیٚ گەرد هەڵقولاٚ بوو، پێویست بوو کە ئێمە بەکاتی رۆیشتنمان شێخ ئاگادار نەکەین و ئادگاربین نەوەك هەواڵی رۆشتنەکەمانی پیٚ بگات لەگەڵمانابێت، چونکە نیشانەی سووربوون لەقسەکانی روون بوون. ل ١٢٣). لە راستیدا ئەم کتێبەی بەردەستمان کە بەپێی میتۆدێکی تۆژینەوە نووسراوە، دەتوانم بڵێم بەرهەمێکی هەمەلایەنە و، رووناکی تەواوی خستۆتە سەرمێژووی پڕخوێناوی گەلەکەمان و راپەین و شۆڕش و هەول و تەقەلای نەپچراو و کۆڵنەدانەکانی لەپێناو مافە رەواکانی، کەهەموو کاتێك بەزەبری ئاسن و ئاگرو فرت و فیڵ و نەخشە و پلان و هەڵوێستی خیانەتکاری ناوخۆو دەرەوە سەرکوت کراون. گرنگی ئەو کتێبە جگە لەو پەیمان و ریککەوتننامانەی ناوخۆ و نێودەوڵەتی کە

باسەکەی بە پێزترو بەهێزتر دەکەن، لەوەدایە تەنانەت ئەو لایەن و لا تانەی کە لافی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز لێدەن بۆ بەرژەوەندی تەسک کاتیی خۆیان پشتیان لە دۆزی کورد کردووە و، مافی میللەتێکی ستەمدیدەی چەوسانەوەی دابەشکراو بە سەر چەند دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، پێشێل کردووە، کە کورد لەوپەڕی باری تراژیدی دابووە هاواری لێ هەڵساوە، ئەو لایەنانە، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە بەرگی ئیسلامیشیان پۆشیوە وەدەنگ بانگەواز و هاوار و ناڵەی کورد نەهاتوون. نووسەری ئەم کتێبە بوێرانە و راستگۆیانە و راشکاوانە مەسەلەکانی شیکردۆتەوە و ڕەخنەی توندیشی لە هەڵوێستی چەوت و ناڕەوای هەموو ئەولایەنانە گرتووە کە لە راستی لایان داوە و زیانیان بە دۆزی گەلی کوردمان گەیاندوەو بەردەوامن لەسەر کار و رەەفتاری دژ بە پێشهاتەکانی ناوەوە دەوروبەر و نێودەوڵەتی کە خزمەت بە ئاوات و ئامانجی گەلەکەمان و خەباتی دوور و درێژی بێ وچانی ناکەن.

ئەگەر دوێنی و تەنانەت ئەمڕۆش ئەولایەن و حکومەتانەی جیابوونەوەی کوردیان بەنەخشە و پیلانی ئیمپریالی و کۆنە پەرستی لەقەڵم دابێ و دەدەن, گوایە خزمەتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی عەرەب یان تورك، یان فارس ناکات. بۆمان هەیە پێیان بڵێین بۆ ئێوە هەرچەندە هەندێك دانیشتووانی ولاتاکەنتان لە ئێمەش کەمترن، کە چی دەوڵەتی سەربەخۆتان هەیە، بۆ دەبێ ئێمەی کورد کە ژمارەمان لە (٣٠) سی ملیۆن زیاترە و خاکەکەمان کراوەتە چوار پارچە دابەشی سەر چوار دەوڵەت کراوە، مافی ئەوەمان نەبێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێ؟! ئێوە لە ژێر هەر ناوێك بێ ئێمە بەبرای بچوکی خۆتان دەزانن کەچی هەموو دەم لە هەوڵی ئەوەدان لە قاڵبی نەتەوەی خۆتان بمانتوێننەوە و هەموو سیماو شوێنەوارو بنەما نەتەوەییەکانمان بسرنەوە. لەکاتێکا هەموو پەیمان و دیکۆمێنێت و بەڵگە نامەکانی نێودەوڵەتی، مافی گەلان لە چارەنووسی خۆیان دەسەلمێنن، کە پەیمانی نێو دەوڵەتی لەبەندی یەکەمیدا، ئەو راستییە بسەلمێنێ (کە هەمووگەلان مافی چارەنووسیان هەیەو، بەپێی ئەم گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەی بەردەوام بێ)؟! بۆچی بۆ ئێمە رەوا نییە کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بکەین؟!

لێرەدا دەبێ چ بڵێین؟! هەر لەبەرئەوەی کە کوردین؟! یان کادیر و کەسانی پسپۆر و شارەزا و لێهاتوومان نییە کە ئەو دەوڵەتە بەرێکو پێکی بەرێوەبەرەن؟! یان رەوشی سیاسی و ئابووری لەبار نییە؟ وابزانم ئەگەر کەمتەرخەمی وسستی نەبێ کاتی ئەوەهاتووە کە هەوڵێکی جیدی-



وەك نووسەر روونی کردۆتەوە — بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە لەناوە و دەرەوەدا بدرێ، هەرنەبێ بەلانی کەمەوە جاری مەسەلەکە بورووژێنرێ و زەمینە خۆش بکرێ بۆ رەخساندنی هەموو پێداویستەکانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی لەژێر (راسپاردەی نێو دەوڵەتی) یش بێت باشترە لەوەی کە ئێستا تێدا گیرمان خواردووە.

خۆ ولاتی عیراق لە یۆغۆسلافیاو چێکو سلۆڤاکیا و هەندێ ولاتانی تر کەمتر نییە کە پارچە پارچەکران و هەڵوەشێنرانەوە، کوردستانی عیراقیش کە بەزۆری بە عیراقەوە لکێنراوە گیروگرفتی نەتەوە و ئایینی و مەزهەبی وای نییە کە رێگربێ بەرامبەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی باشوور.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی لە نووسەری کتێبی (کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگە نامەکانی نێودەوڵەتی) دەکەم کە ئەرکی نووسینی ئەم کتێبە بەنرخەی گرتە ئەستۆو بەگیانێکی بابەتی و زانستی راستییەکانی خستنە بەردەم خوێنەری کورد کە لە نزیکەوە زیاتر ئاگای لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان و هەوڵو تەقەلای دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبێ و، ئەم بەرهەمەش هاندەرێك بێت بۆ سەرکردایەتیی کوردستانی و خەمخۆرانی دۆزی رەوای گەلی کوردستان، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستاندا. هەنگاوی ئەمڕۆش لەهی سبەی باشتر و دروست ترە و , بڕینی هەزار کیلۆمەترش بە هەنگاوێك دەوست پێدەکات. دەرەختی کاری جیدی و نیازی پاك چ زوو چ درەنگ هەربەردەرگرێ.

**کەمال غەمبار**

**هەڵێر ١٨/٢/ ٢٠٠٧**

## رووونکردنەوەیەک

لە پاش رووخانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆر و رووخانی عێراق وەك دەوڵەت و دانانی پۆل برێمەر بە خاوەن دەسەڵات (حاكمی عێراق)، بارودۆخی ئەم وڵاتە گۆڕا بە دامەزراندنی دامودەزگاكانی دیموكراسی لە جیاتی دامودەزگاكانی دیكتاتۆری رژێمی سەددام و لەبەر رۆڵی بەرچاوی كورد لە رووخاندنی رژێمی ناوبراو و رۆڵی سەرۆكەكانی كورد لە هێزەكانی بەرهەڵستكاری عێراق كە دێنە سەركار و دانانی دەستوورێكی دیموكراسی گونجاو لە عێراقێكی فرە نەتەوەیی و ئایینی و فرە حیزبی, تێیدا دیاریكردنی مافی گەلی كورد و كوردستانییەكان لە دەستووری ناوبراو و چەسپاندنی فیدراڵیەت بۆ گەلەكەمان. لەسەر بڕیاری پەرلەمانی كوردستان لە ٤/١٠/١٩٩٢ بەباشم زانی كە ئەم كتێبەی لەبەر دەستتانە بەزمانی عەرەبی دابنێم و تێیدا دیاری بكەم, كە ئێمەی كورد میللەتین و مافی خۆمانە دەوڵەتی كوردی دابمەزرێنین بەپێی بەڵگەكان و پەیمانەكانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی عەرەبەكانی عێراق و دونیا و میللەتانی ئەم راستییە بزانن, هەرچەندە رۆشنبیرەكانیان ئەم راستییە دەزانن, بەڵام دانی پێنانێن لەبەر بیروبۆچوونی تەسكی نەتەوایەتییان و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و رێزنەگرتنیان لە نەتەوەی كورد و بیروبۆچوونی شۆڤێنی و رەگەزپەرستی خۆیان, ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تر ئێمەی كورد رازی بین بە فیدرالیەت و دیاری كەس نییە بۆ كورد بەڵكو ئێمەی كورد ناوێرین بەڕاشكاوی داوای سەربەخۆیی بكەین, بەتایبەتی سەركردایەتیی پارتە سیاسییەكانی كوردستان بە پاساوی نەگونجانی داواكەمان لەگەڵ بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەكە لەبەر ئەو هۆیانەو چەند هۆیەكی تر ئەم كتێبەم بەزمانی عەرەبی دەركرد و لەسەر ئەركی خۆم چاپم كرد, بەسەر هەموو پارتە سیاسییەكانی كوردم دابەش كرد بۆ ئەوەی ئاگاداری عەرەبەكان بكەین كە خەڵكی كوردستان شارەزایە و رۆشنبیری تێدایە, كە مافی گەلەكەیان دەزانن. ئەگەر پارتە سیاسییەكان رازیبن بە فیدرالیەت ئەوە خەڵكی كوردستان دەزانن كە مافی سەربەخۆیان هەیە و ریفراندۆم شاهیدە كە زۆربەی هەرە زۆری دەنگیاندا بۆ سەربەخۆییدا, هەرچەندە لەلایەن راگەیاندنی كوردستان هێندە بایەخیان بە ئەنجامەكانی ریفراندۆم نەدا و هەر زوو باسوخواستی نەما.

برایان, لە پاش ئەوەی كێتبەكە كەوتە بازاڕ و جێگای خۆی لەناو خەڵكی دڵسۆز و رۆشنبیركردەوە، بیرم لەوە كردەوە كە گەنجەكانی كوردستان لە پاش راپەڕینە مەزنەكەی ئاداری ١٩٩١ زمانی عەرەبی نازانن, بۆیە دەبێ ئەم كتێبە بكەمە كوردی بۆ ئەوەی سوودمەند بێت,



ئەو زانیارییانەی كە تێیدایە خەڵكی كوردستان و بەتایبەتی گەنجەكان بیزانن و شارەزای بن. بڕیارمدا بەوەرگێڕانی كتێبەكەم بۆ زمانی دایك بۆ دەوڵەمەندكردنی گەنجەكانمان و كتێبخانەی كوردی لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانە بۆ سەلماندنی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ وەكو هەموو میللەتانی دونیا، ئومێدەوارم بەم كارە خزمەتی كێشەی رەوای گەلەكەمان كردبێت, بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان.

چونكە ئێمەی پێشمەرگەی ئەیلولی مەزن ١٩٦١ خەم و ئەزیەتێكی زۆرمان كێشاوە و قوربانییەكی زۆرمان داوە تا ئەم ئەزموونە هاتۆتەكایەوە, هەرچەندە هێشتاش نەگەیشتووینە ئەو قۆناغەی كە لە مەترسی رزگارمان بێت كەچی خەریكە خوێنی شەهید و بریندارەكانی كوردستانمان لە بیربچێتەوە و لە جیاتی سزادانی ناپاك و چلكاو خۆرەكانی گەلەكەمان لە پاش ئەم هەموو ئازارو مەینتیانەیە گەلەكەمان خەریكە تاوانی جاشەكان و رەفیق حیزبییەكانمان لە بیر بچێتەوە, سەرەڕای ئەمەش رێزیان لێدەنێین و لەرێزی پێشەوەی تێكۆشەران و خەباتكارانی میللەتەكەمان دایاندەنێین و پلە و پایەی بەرزیان پێ دەدەین، بەڵام گەنجی كورد خاوەن بیروبۆچوونی راست و سەربەستە و ئێستا كاتی سەربەستی و ئازادی و دیموكراسییە، و خەڵكی كوردستان چاوی كراوەتەوە و كاری چەوت قەبوڵ ناكات و دەبێ بڕیاری كۆتایی بۆ گەلەكەمان بێت و بەتایبەتی پێشمەرگەكانی ئەیلول و گوڵان و گەنجان و دڵسۆزان و رۆشنبیرانی گەلەكەمان و خەڵكی كوردستان, دەبێ سەركردایەتی كورد پابەند بێت بەبڕیاری گەل.

**دانەر**

**٢٠٠٦/٥/٢٥**

## پێشەکی

هەر لەو رۆژانەی کە هەستم کرد لە رووداوەکانی دەوروبەرم و گوێ بیست بووم لەرادیۆ و بەخوێندنەوە, گوێم لەناوی گەلێك دەوڵەت دەبوو، لەوانە عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا, دەستم بە بیرکردنەوە کرد کە بۆ ئێمەی کورد وەکو هەموو میللەتانی دونیا دەوڵەتی سەربەخۆمان نییە؟ ئایا ئێمەی کورد مافی ئەوەمان نییە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنین لەسەر خاکەکەمان؟ و هۆیەکان چین؟ ئایا ئێمە میللەت نین وەکو میللەتانی دونیا؟ ئایا کورد هەوڵی ئەوەی نەداوە وەکو میللەتانی تر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد؟ و هەموو میللەتانی تر سەربەخۆیی خۆی بەدی بهێنێت وەکو, بەڵام نەیتوانییە, بۆ نەیتوانی؟ و رێگاگر و بەربەستەکان چیبوون؟ ئەم پرسیاری و زۆر پرسیارانی تر هاتنە مێشکم, لەبەر ئەوە بیرم کردەوە دەبێ بخوێنم و بەدوایدا بڕۆم و بەشوێن راستییەکەدا بگەڕێم. شتێکی ئاسایی بوو کە رژێمی پاشایەتی (مەلەکی) رژێمێکی دیکتاتۆری و دەرەبەگایەتی بوو , ئەم جۆرە رژێمانە راستییەکان لە هاوڵاتیان دەشارنەوە و سەربەستی و بیروڕای ئازاد قەدەغە بوون, هەروەها رۆژنامەگەری ئازاد نەبوو و نەیان دەهێشت بیروبۆچوونی دیموکراسی بڵاوبکرێتەوە و بەتایبەتی بیروبۆچوونی نەژادی بەنیسبەت کورد ئەوەی پەیوەندی بەچارەنووسی خەڵکی کوردستان هەبوو کە دووەم نەژادە لە عێراقی فرە نژاد، لەبەر ئەوە نووسین و ئەو کتێبانەی پەیوەست بوون بە کێشەی کورد و کوردستان زۆر کەم بوون و قەدەغە بوون و فرۆشتنیان قەدەغە کرابوو, هەروەها نووسین لەم بابەتانە لە رۆژنامەکان بڵاونەدەکرانەوە, لەبەرئەوە دەبوایە لەوکەسانە بگەڕێی کە باس لە کێشەی کورد و کوردستان بکەن و ئەوکاتەی کە باسی لێ دەکەم ناوەندەکانی پێنجەیەکانی سەدەی رابردوو بوو و ئەو سەردەمە بارودۆخی سیاسی عێراق باوبوو کە جەماوەری کوردستان زیاتر تێکۆشێت بەگەیشتنی بەڕاستییەکەی خۆی بەخەبات و تێکۆشان دژی رژێمەکەی ئەو سەردەمەی کە بەسترابووەیە پەیمانی بەغدا و وەستان بەرامبەر ئەو رژێمە دیکتاتۆریی و شوڤینی و رەگەز پەرستە.

پاش وردبوونەوەیەکی تەواو دەبینین کە گەلی کورد هەر لە کۆنەوە و تائێستا لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە نیشتەجێ بووە بەواتای خاکی گەلی کوردە و هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئاینی ئیسلام کورد ئەم ئایینەی بەبێ شەڕ و زۆرەملێ بۆ خۆی هەڵبژارد, یەکەم کەس لە کورد کە بوو بەموسڵمان (گاوان) بوو. لەسەرەتای ئیسلامەوە کەسایەتییەکی زۆر لە کورد هەڵکەوتن



و خزمەتێکی زۆریان بەئیسلام گەیاند, وەکو سەلاحەددین ئەیوبی کە خاکی قودسی پاراست و هەروەها ئەبو موسلمی خوراسانی و ئیبنی تەیمیە و عبدالرەحمان کەواکبی وە مەحمود سامی ئەلبارودی, هەروەها نووسەر و هۆزان ڤانی چاکی لێهەڵکەوتوون وەکو گەورەی هۆزان ڤانان ئەحمەد شەوقی و ئەلزەهاویی و ئەلرەسامی. کوردستان شوێنێکی ناوەند بوو بۆ پەڕینەوەی خەڵکانی تر بو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست, لەبەر ئەوە تووشی زۆر تەفر و تالان و مەینەتی بوو، بەڵام بیروباوەڕی بەتێنی بەنەژادی خۆی وای لێکرد بەرامبەر بەداگیرکەران رابوەستێت و چۆك نەدات. لەسەر ئەم هەموو مەینەتیانە کوردستان مایەوەیەك دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر کوردستان لاوازبوو و هەر ئەوەندە بوو بۆ باجیان لێ وەردەگرت, میرەکانی کوردی و دەسەڵاتدارەکان چەند میرنشینیان پێك هێنا هەریەك لەو ناوچانەی کە لێیدەژین و بە چەشنێکی ئاسایی کاری هاووڵاتییان بەڕێوە دەبرد و هێندەکیان بەپێی دابەش کردنی شەرەفخانی بەدلیسی دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند, ئەو دەوڵەتانەبوون: دەوڵەتی دۆستەکی لە دیاربەکر و دەوڵەتی حەسنەوی لە دینور و شارەزوور و دەوڵەتی فەزلەویە (لوریە) لە لورستان و دەوڵەتی ئەیوبیە لە میسر و شام و ئەو دەسەڵاتدارانەی کە حوکمڕانیان کردووە بەبێ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنن ئەوانەبوون لە ئەردەلان و هەکاری و ئامێدی و جزیرابوتان کە ناوبراوە بە (جزیره ابن عمر) و حەسەن کیف, کە هەستاون بەدەرهێنانی پارە بەناوی خۆیان، هەروەها هەندێك حاکمەکانی تر لە ناوچەکانی جیاجیای کوردستان حوکمڕانیان کردووە وەکو بەدلیس. هەریەکێك لە و میرنشینانە دابەشکراون بۆ چەند یەکە بەڕێوەبردنی بچووك بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی کاروباریان، و کارە سەرەکییەکەیان چاندن بووە و هەروەها بازرگانی گەورەیان ئەنجامداوە لەگەڵ مەڵبەندە بازرگانییە گەورەکان لە شارەکانی بازرگانی گەورەی میللەتانی تر, ئەو شارە کوردانەی کە کەوتوونەتە سەر رێگای بازرگانی وەکو وان و دیاربەکر و کەرمانشانە, ئەوانیتر ببوونە بازاڕی گەورەی بازرگانی[1]، بەڵام میرەکانی کورد هەوڵیان نەدا بۆ یەك گرتنی میرنشینیەکانیان بەمەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبەر چەند هۆیەك, بەپێی بۆچوونی من ئەم کارەیان ئەنجام نەدا بۆ ئەوەی هەریەکێکیش لەم میرانە ویستویەتی میریەتیەکەی لە دەست نەدات و هەر خۆی حوکمڕان بێت هەروەها جوگرافیای کوردستان و

١- محمدی ملا احمد/ کۆمەڵەی خۆیبوون و پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن.

خاكەكەی كە چیاكانی دەبوونە بەربەست لە نێوان ئەم میرنشینانە و هەروەها نەبوونی پەیوەندی و ڕێگاوبان ئەمنی بەربەست بوون بۆ یەك نەخستنی یەك دەوڵەتی سەربەخۆ.

بەڵام سەرەڕای تووشبوونی كورد بەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و لێدان و قڕكردنەی كە یەكەم جار لە ساڵی ٨١٢ پێش زایینی لەلایەن ئادادی زاری سێیەم مەلیكی ئاشوورییەكان دەست پێدەكات هەروەها ئاشور ناسربال مەلیكی ئاشور لە ساڵی ٦٢٦ پێش زایینی كە هێرشێكی گەورەی كردە سەر كورد و هێرشەكە بۆ سەر مەلیك مایی بوو بەڵام سەرنەكەوت لەبەر زیرەكی و بوێری كوردەكان, میللەتی كورد بەسەربەرزیی لەسەر خاكی خۆی كوردستانمایەوە.[2]

## یەكەم دابەشكردنی كوردستان

هەروەكو باسمان كرد كە كوردستان پارچە پارچە بوو, بەڵام یەكەم دابەشكردنی كوردستان شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ زایینی بوو كە لە نێوان دەوڵەتی ئێرانی سەفەوی و سوڵتانی عوسمانی سەلیمی یەكەم ڕوویدا, بەشی ڕۆژهەڵات بەبەر ئێران كەوت كە تائێستاش لە ژێر دەستیەتی و بەشی دووەم كە بەپێی ڕێكەوتننامەی سایكس بیكۆ لە ساڵی ١٩١٦ دابەشكرا, بەشێكیان لكێندرا بە سوریاو لوبنان و یەكێتی سۆڤێتی پێشوو, بەشی سەرەوە درا بەتوركیا بەشی خواروو لكێندرا بەعێراق بەناوی ویلایەتی موسڵ بەپێی ڕێكەوتننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بەبێ ئەوەی ڕای میللەتی كورد وەربگرن هەرچەندە شۆڕشەكانی كورد بەردەوام بوون, بەتایبەتی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر, لە پێش ئەو شۆڕشی شەهیدی قارەمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی.

٢- محمد ملا احمد (هەمان سەرچاوە).



## دەسپێك

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ ئۆلۆمپیادی ئەسینا دەستی پێكرد, كە هەر چوار ساڵ جارێك لە یەكێك لە پایتەختەكانی دونیا ئەنجام دەدرێت, بەڕاستی منیش حەزم لە یارییەكانی گۆڕەپانە. ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵانە جیهانی میللەتان لە یەكتر نزیك دەكاتەوە و یەكتر دەناسن, لەكاتی كردنەوەی ڤیستیڤاڵەكە زیاتر لە ١٩٠ دەوڵەت بەشداربوون و لەكاتی ڕێورەسمەكە خەڵكی دەوڵەتەكان لە گۆڕەپان وەك خۆپیشاندان، ڕێورەسمەكەیان ئەنجامدا و بێژەرەنە چەند زانیاری لەسەر ئەم دەوڵەتانە هەبوو پێشكەشی دەكرد, بەكورتی وەكو ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتەكەی و ڕووبەرەكە و نزیكەی ٤٠ دەوڵەت كە بەشداربوون لەم ڤیستیڤاڵەدا خۆپیشاندانیان لە یەك ملیۆن تاك زیاتر نەبوو, بچووكترین دەوڵەت ژمارەی دانیشتووانی لە ١٠ هەزار كەس پێك هاتووە بەواتای ڕوپێوی یەكێك لە بنكەكانی بەڕێوەبردنی ناحیەكانی كوردستان و ڕووبەرەكەی لە ٢١ كیلۆمەتر چوارگۆشە زیاتر نەبوو بەو واتایەی ڕوبەری یەكێك لەگوندەكانی كوردستان.

بەڕاستی سەرم سوڕما و تووشی حەپەسان بووم چۆن ئەم هەموو دەوڵەتانە لەسەر چ بناغەیەك دروست بوونە و, كوردستان بەم گەورەییەی خۆی و خەڵكەكەی كە زیاترە لە ٣٠ ملیۆن كەس, تائێستا نەبووە بەدەوڵەت؟

ئەم شتانەی پاڵی پێوەنام كە ئەم كتێبە بنووسم و زۆر ڕاستی بەپێی بەڵگەنامەكان و پەیمانانی نێودەوڵەتی، ڕوون بكەمەوە ئایا كورد مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت لەسەر خاكی خۆی كوردستان یان نا؟

## ئایا كورد میللەتە؟

لە پاش ئەوەی زۆر بیروبۆچوون و تیۆرم خوێندەوە, بە وردبوونەوەیەكی زۆر لەم بیروبۆچوونانە بۆمان دەركەوت كە هەر ویلایەتێك لە كۆمەڵە خەڵكێك پێكهاتووە, لەسەر خاكی خۆیان پێكەوە دەژین و بەیەك زمان قسە دەكەن و یەك ئابووریيان هەیە, هەروەها یەك مێژوو و دابونەریتی كۆمەڵایەتییان هەیە. و ئەگەر سەیری میللەتی كورد بكەین دەبینین ئەو هەموو مەرجانەی سەرەوەی تێیدایە لەبەر ئەوە كورد میللەتێكە وەكو هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین, هەرچەندە هێندێك لە میللەتانی دونیا ئەنجامی داگیركردنی ناوچەیەك لەلایەن بێگانە لە چەند كۆمەڵی جیاجیا پێكهاتوون لە بەڵام لە دواییدا پێكەوە ژیاون و بە یەك

میللەت ژمێردراون و دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاندووە, وەکو میللەتی ئەمریکی و میللەتانی تر، لەبەرئەوە بۆ ئێمەی کورد وەکو ئەم میللەتانە نەژمێردرێین؟ بۆ کورد لەم مافە کپ بوونە؟ و بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەڵێم نەخێرکورد لەم مافە بێدەنگ نەبوونە, چونکە بە چەندین شۆڕشی یەك لە دوای یەك هەڵساون بۆ پاراستنی خۆیان و وڵاتەکەیان و پاراستنی ناوەکەیان, هەروەها پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان و مانەوەیان وەکو میللەت, لەم شۆڕشانە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی نەهری ساڵی ١٨٨٠, هەرچەندە شۆڕشەکەی شکستی هێنا و سەرنەکەوت بەڵام سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەمی ناچار کرد کە بەخۆیدا بچێتەوە بەرامبەر بەکورد, بەڵام شتێکی وای لەڕووی جێبەجێکردنی مافەکانی کورد نەکرد کە بگوترێ. ئەوەبوو شۆڕشی تەرابژون لە ساڵی ١٨٨٩روویدا هەرچەندە لە هێز و بەرفراوانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی نەبوو و نەیتوانی هیچ مافەکانی گەلەکەمان بەدی بهێنێت. لە پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی سەرەوە تاڕادەیەك هێمنی لە کوردستان پەیدابوو بەهۆی ڕەوشتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرامبەر بەکورد, بەراکێشانی شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ لای حکومەتەکەی لە پاش سەرنەکەوتنی و حوکمدارەکانی پێش خۆی بەکپکردنی دەنگی کورد لە ڕێگای توندوتیژی بەنزیك کردنەوەی دەستەڵاتدارەکانی کورد لە خۆی و بەکارهێنانیان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی, بەدابەشکردنی پارەوپوول و زەوی و زار و نیشانە لەسەر سەرۆکەکانیان و هەروەها پێدانی پلەوپایە و بەکارهێنانی بەشێك لەوان وەکو هێزێکی چەکدار بەناوی سوارەکانی حەمیدیە (فرسان الحمیدیە) بەمانایی چلکاو خۆرەکان و خۆفرۆشەکان و بەکارهێنانیان دژی ڕوسەکان و ئەرمەن و عەرەب, کە لەناو دەوڵەتی عوسمانی دەژیان بە ئیستغلال کردنی بیروڕای کورد بە ئایینی ئیسلام دژی میللەتە غەیرە موسڵمانەکان و بەم چەشنە توانیی تاماوەیەك دەنگی ئەو کوردانەی داوای مافی نەتەوایەتییان دەکرد کپ بکات, بەم ڕێگایە توانی دەستەڵاتی خۆی لە کوردستان بچەسپێنێت لە پاش پشت گرتنی دەرەبەگەکان بە دامەزراندنیان بەپلە و پایەی بەرز لە دەوڵەتی عوسمانی و پێدانی بەشێکی تریان ناونیشان و بەخشینی زەوی و زار پێیان[3]. بەم چەشنە کارەکان بەڕێوەچوون تا لە ساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵەی یەکبوون و سەرکەوتنی تورکیا توانی کودەتای خۆی ئەنجام بدات و سەربکەوێت, بەم کودەتایە

٣- محمد ملا احمد/ کۆمەڵەی خۆیبوون و پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن.



قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کوردستان دەستی پێکرد.. لە سەرەتای کودەتایەکە کودەتاچییەکان دروشمی بریقەداریان هەڵگرت لەوانە سەربەستی و دادپەروەری و یەکسانی و ڕێگەیاندا بەنەتەوەکان کۆمەڵەی ڕامیاری و یانە و خێرخوازی دابمەزرێنن, هەروەها دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگەیاندا بە زمانی کوردی بخوێنن, هەروەها بەڵێنیاندا بەکورد کە لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگ ئۆتۆنۆمییان پێبدەن ، بەڵام زووبەزوو پاشگەز بوونەوە لە بەڵێنەکەیان و ئەوەی پەیوەندی بە بەرەو پێشچونی نەتەوایەتی هەبوو لێیان قەدەغەکرد و هەمان ڕەوشتیان بەکار هێنا, نەتەوەکانی تری لەناو دەوڵەتی عوسمانی دەژیان کەوتنە لێدانیان زیاتر لەو سوڵتانانەی کە لە پێشیان حوکمداربوون دژی کوردەکان و بەتوندی بەرامبەر بەهەموو شتێکی تورکیی نەبێت ڕاوەستان, دەستیان پێکرد بە تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیرە تورك و کردنیان بەتورك بەبڕیاری یەکبوونەی بەناوبانگ لە ساڵی ١٩١١, بە عوسمانی کردنی هەموو ئەو خەڵکانەی کە تورك نەبوون, کە بەپێی ئەم بڕیارە سەرنەکەوتن لە مەرامەکەیان بە ڕازی کردن و ئیقناع کردنی خەڵکەکە، پەنایان بردە بەر کوتەك بۆ بەدی هێنانی مەبەستەکەیان و جێبەجێکردنی بڕیارە شوومەکەیان. ئەرمەنەکانیان بۆ یەکەم جار لا برد, و لەناوبردنیان بەهاوکاری کورد و جیاوازیی ئایین لەنێوانیان بەکارهێنا و بەر بادیان کردن و هەروەها بەهاوکاری بولقان و ئەلبان، لەسەرەتا کوردەکانیان وەلانا و دوای یەکبوونەکان ڕێگای لەناوبردنی نەتەوە غەیرە تورکەکان گرتنەبەر و لێدانیان یەك بەدوای یەك و کە توانیان ئەرمەنەکان لەناو ببەن و بەپێی بیروبۆچوونی شۆڤینی و ڕەگەز پەرستییان، دەستیان کرد بەدەرکردنی کوردەکان لەسەر زەوی و دێهاتەکانیان, بەدەرکردنیان بەکۆمەڵی زۆر گەورە بەپێی فەرمانەکانی ڕەسمی و ئاشکرا لەلایەن سوڵتان محمد ڕەشادی پێنجەمەوە و بەم چەشنە عوسمانییەکان توانیان ئیستغلالی ئایینی ئیسلام بکەن کە کورد بڕوایی پێبوو بۆ لێدانی نەتەوەکانی غەیرە تورك کە لەناو ئیمپراتۆریەتە شڕەکەیان دەژین و, لە پاش بەشداربوونی ئەم ئیمپراتۆریەتە شڕە لە جەنگی جیهانی یەکەم دەبوایە کورد سەربازییان بۆ نەکەن بەڵکو دەبوایە بارودۆخی جەنگ ئیستغلال بکەن بەلێدانی دوژمنیان بەڵام پێوە نەچوون و وانەیان وەرنەگرت و بەشدارییان لە جەنگ کرد وەکو ئەفسەر و سەرباز لە لەشکری عوسمانی و بەرژەوەندییەکانی عوسمانیا پاراست و یەکبووکان (اتحادیین) بەبەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار ئەویش (جیهاد دژی کافرەکان) بەم قسە پڕووپووچانە تورکیا توانی دووبارە هێزەکانی کوردی بەرەو دۆزەخی جەنگ

رەوانەبکات، ئەمە کە هیچ پەیوەندییەکی بەبەرژەوەندیی گەلی کورد نەبوو بەپێی بیروڕای باسیل نیکیتین کە راست بوو لە رایەکەی, بەم چەشنە لەم جەنگە زیاتر لەنیو ملیۆن مرۆڤی کورد وەك قوربانی لە پاراستن لە دوژمنی خۆی کە تورك بوون پێشکەش کرد, لەم جەنگە کە خۆی هیچی تێیدا نەبوو و لەم ماوەیەدا سەر و سیما پەیدابوون بۆ بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد و پرۆگرامی رامیاری و کۆمەڵایەتی پەیدابوو و جۆرە تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەناو ئەم جموجۆڵە رامیارییانە و کۆمەڵایەتییانە پەیدابوو, لە نێوان هێزە رامیارییەکانی کورد دۆستایەتی و دروست بوو و هەروەها لەگەڵ نەتەوەکانی تر کە لەناو ئەم ئیمپراتۆریەتە دەژیان, لەوانە عەرەب و ئەرمەن بوون بەڵام ناکۆکی قوڵتر دەبوو و زیاتر دوور دەکەوتنەوە لەگەڵ تورانیەکان وکاریگەرییەکی تەواوی هەبوو لەسەر رووداوەکان لە گۆڕەپانی رامیاری. ئەوەی کەکۆتایی پێهات بە قەتل و عام و کوشتنی بەکۆمەڵ کە دەوڵەتی تورکیا پێی هەڵسا دژی کورد و عەرەب و ئەرمەن و خەڵکانی تر, بەمانای تر جێبەجێکردنی سیاسەتی بەتورك کردن دژی هەموو نەتەوەکانی غەیرە تورك کە لە ژێر حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەژیان و لەم کاتەدا ململانێی زۆر توندبوو لە نێوان دەوڵەتە گەورەکان وەکو رووسیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا لەسەر جێبەجێکردنەوە و خۆ بەهێزکردن لە تورکیا، بۆ ئەوەی جۆرەها جۆری ئیمتیازات بەدەست بهێنن. ئەو سەردەمە ئەمریکا دووربوو لە ململانێی ئەم ناوچەیە، و هەر لایەنەك لە لایەنەکانی سەرەوە هەوڵی دەدا لایەنگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان بەهێز بکەن ئەوەبوو رووسیا پەنای بردە بەر بەشێك لە بەدرخانییەکان و عوسمانییەکان پەنایان بردە بەر شێخ عەبدولقادر شەمزینی و بەریتانییەکان پەنایان بردە بەشی تری بەدرخانییەکان و شەریف پاشا و زۆر لە رۆشنبیرانی کورد, هەتا بەشێکیان رێکخراوی دۆستایەتی کوردی - بەریتانی لە ئەستەنبوڵ پێکهێنا و هەموو ئەو لایەنانە وایان خۆپیشاندەدا کە حەز دەکەن مافەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکەن, لە جیاتی یەکتر بگرن لە یەکتر دوورکەوتنەوە و پەرش و بڵاوبوون و یەکێتییەکەیان پووچەل بوو و کەمال ئەتاتورك ئیستغلالی ئەم هەڵەی کرد بۆ لێدان و لەناو بردنیان بە لەسێدارەدان و هەڵواسینی لاشەکانیان, هەروەکو خۆی دەڵێت: لە خەبات کردن و هەوڵ وتەقەڵای لە پێناوی کۆمار تورکی توڕانی، و



کوردەکانیش لەبەر یەکنەگرتنیان و پشت لە یەکدی کردنیان بەچارەنووسی سەرەوە کۆتاییان پێهات هەروەکو مێژوونووسی بەناوبانگ (ارنولد تویبتی گوتی):[٤]

لەم کاتە دەوڵەتە ئیستعمارییەکان خەریکی پارچە پارچەکردنی لاشەی ئیمپراتۆریەت (پیاوی نەخۆش) بوون و لە نێو خۆیان لەململانێیەکی گەورەدابوون کەهەر یەکێکیان بەشی زیاتر لە دەستکەوتەکانی جەنگ یانبەر بکەوێت لەم ئیمپراتۆریەتە رووخاوە، چاوی کورد لە هاوپەیمانەکانیان بوو کە بەهاوکارییان دەوڵەتی سەربەخۆیان دەست بکەوێ لە پاش ئەو قسانەی کە سەرکردەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان رایانگەیاند وەکو (لوید جورجی بەریتانی و کیلمنسونی فەرەنسی وە ولیسنی ئەمریکی)[٥] بەبێ ئەوەی کورد هیچ جموجۆڵێکی شۆڕشگێڕی بکات و هەر بەتەمای بەڵێنەکانی سەرکردەی هاوپەیمانەکانی سەرەوە بوون، ئەوانیش مزایدە یان لەسەر کێشەی دەکرد کورد بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە رێگای دەست بەسەرداگرتنی سەربازی و رامیاری و ئابووری, هەروەکو لازاریف[٦] دەڵێت، کورد نەیدەزانی کە ئەم هەموو بەڵێنانەی کە پێیان دابوون هەموویان درۆ بوون و مەبەستیان لەم درۆیانە خەریککردنی کوردبوو, هەروەها راگرتنی جموجۆڵی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کوردستان بوو، تا بەنهێنی هەموو لایەك بەرژەوەندییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەم مەبەستە هەر بەقسەی خۆش خەڵکەکەیان چەواشەکرد بۆ ئەوەی نارەحەتیان نەکەن و کۆسپ لەسەر رێگایان دانەنێن, بەبیروبۆچوونی خۆیان و کوردەکانیش بە بەڵێنەکانی سەرکردەکانی ئەورووپا بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ زۆر دڵخۆشبوون, هەرچەندە پیلان دژی کورد لە ژێرەوە بەردەوام بوو.

شەریف پاشا کە لە بنەڕەتدا لە کوردستانی باشوور باپیرەکانی رۆیشتبوونە تورکیای عوسمانی تا ساڵی ١٩٠٨ باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سوید, لە پاش ئەوە چووە پاریس و لەوێ نیشتەجێ بوو و کەوتە خەبات و تێکۆشان دژی یەکبووەکان ئەوانەی کە زۆر بەتوندوتیژی کاریان ئەنجام دەدا بۆ کپکردنی دەنگی هەموو بەرهەڵستکارەکان لە نەتەوە غەیرە تورکەکان، ئەوانەی کە داوای مافەکانی نەتەوەیی و رۆشنبیرییان دەکرد و هەموو رێگا چەوتەکانیان

٤- سیامەند عوسمان، گوڤاری الدراسات کردیة ١٩٨٤ .

٥- یوسف ملك، خەیانەتی بەریتانیا لەگەڵ ئاشورییەکان.

٦- روهات الاکون - شەریف پاشا

گرتبووەبەر بۆ کپکردنی دەنگەکانیان و لەسەری سەرویانەوە شەریف پاشا و زۆر پیلانیان دانا بۆ لە ناوبردنی. ئەو پیلانەی سەرنەکەوت لە ساڵی ١٩١٤ یەکێك بوو لەو پیلانانەی بۆ لەناوبردنی هەتا دەنگی کپ بکەن[٧]، ئەوەبوو شەریف پاشا رۆژنامەی دەستوری (الدستور) دەرکرد و پاش ئەوەی رزگاری بوو لەو پیلانەی کە لە ساڵی ١٩١٧ تووشی هات بۆ کوشتنی بەڵام هیچی بەسەر نەهات, بەڵام یەکێك لە پاسەوانەکانی شەهید کرا و لەبەرئەوە هەوڵی یەکبووەکان (الاتحادیین)[٨] بەردەوام بوو بۆ لەناوبردنی, چونکە شەریف پاشا لە ریزی پێشەوەی بەرهەڵستکاران بوو پلەوپایەی خۆی بەجێهێشت وەکو باڵیۆزی تورکیا لە سوید دانیشتن و نیشتەجێبوو لە پاریس و دەست بەخەباتکردنی دژی ئیتحادییەکان و دیفاع کردن لە مافەکانی نەتەوەکان و دوای دەرهێنانی رۆژنامەی مەشروتیە (المشروطیة) و یەکێك لە بەرهەمەکانی داوای یەکسانی کردن بوو لە نێوان نەتەوەکان کە لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەژیان و لە نووسراوەکان و بابەتەکانی تری بەرگری کردن بوو لە مافەکانی کورد، و(کۆمەڵەی یەکبوونی پێشکەوتن)ی تۆمەتبار کرد بە تۆرانییەت[٩] ئەوە لەلایەك و لە لایەکی تر زۆر گرنگی بە برایەتی و دۆستایەتیدا لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن لە نووسینەکانیدا و لەبەر جموجۆڵی وزیرەکی و گەورەیی دووجار دادگایی کرا بەمەبەستی لە سێدارەدانی و سزایەکانیش دەرحەقی دەرچوون و زۆر هەوڵی کوشتنی درا بەڵام رزگاری بوو، و لەم سەردەمە شۆڕشی مەلا سەلیمی لە دەرسیم ساڵی ١٩١٤ روویدا و داواکاریی مافە نەتەوەکانی کوردی کرد بەڵام بەداخەوە هێزەکانی عوسمانی سەرکوتیان کرد [١٠]، و لەکاتی هەستانی مەولانا زادە رەفعەت بەدەرکردنی رۆژنامەی سەربەستی (الاستقلال) لە ئیستەنبوڵ شەریف پاشا پشتگیریی لێکرد و هاوکاری کرد و کوردەکان بەردەوام بوون لە خەباتی خوێناوی و نەپساوە، ئەوەبوو کوردەکان کومەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستانیان لە ساڵی ١٩١٨ پێکهێنا و خەڵکانی زۆر لە رۆشنبیران و دڵسۆزەکان بۆ کێشەی کورد رۆیشتنە ناو ئەو کۆمەڵە، و پەیوەندییەکان لەگەڵ شەریف پاشا بەردەوام بوون و شەریف پاشا بووبە نوێنەری کورد لە پاریس، و ئەم کۆمەڵە هێز و توانای خۆی

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- هەمان سەرچاوە.



لەهەر چواردە بەندی کە ناسراون بەناوی ویلسن سەرۆکی ئەمریکای پێشوو وەرگرت و کورد ئەم چواردە بەندەی بەپرۆگرامی خۆی دانا، ئەو سەردەمە کورد ئەگەر بیویستایە سەربەخۆیی وەردەگرت, چونکە ئەوسا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر بێهێز ببوو و بەرەو دابەشکردن دەڕۆیشت عەرەبەکانیش لەحیجاز بە شۆڕشی خۆیان هەستابوون بە سەرۆکایەتی شەریف حوسێن و نەتەوەکانی تری غەیرە تورك هەوڵیان دەدا بۆ وەرگرتنی مافەکانیان, ئەوکاتە ئافرەتی کوردیش هاتنە گۆڕەپانی خەبات و پیاوەکانیان بەتەنیا بەجێ نەهێشت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٩ لە ئیستەنبوڵ کۆمەڵەی سەرکەوتنی ئافرەتی کورد دامەزرا و ئەمینە خانمی هاوسەری شەریف پاشا لە پاریسەوە سەرۆکایەتی کرد, لەوکات و سەین و بەینانە کە هاوپەیمانان خەریکی دابەش کردنی پیاوە نەخۆشەکە بوون (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) لە پاریس خەریکی بەستنی کۆنگرەی ئاشتبوونەوە بوون و هەموو لایەك چاوەڕوانی خێربوون و بەتایبەتی نەتەوە غەیرە تورکەکان, لەوانەکورد لەبەرئەوە دەبوایە دەنگ و داواکارییەکانی کورد بگاتە کۆنگرەی ناوبراو, چونکە هەلێکی مێژوویی بوو بەنیسبەت کورد، دەبوو ئەوەی ئەودەنگەو داواکارییەکان بگەن پێویستی کورد بە خەڵکانێك هەبوون کە عاقڵمەند بن و زیرەك و رۆشنبیر و ئاگاداری بارودۆخی نێودەڵەتی بن بۆ ئەوەی بتوانن بەم کارە مێژووییە هەڵبستن، ئەوەبوو ناوی شەریف پاشا بەرزبووە بۆ پیادەکردنی ئەم ئەرکە نەتەوایەتییە گەورەیە[١١] و کوردەکان لەسەر ئەم ناوادارە رێککەوتن و ئاگاداری نوێنەرانی هێزە نێودەوڵەتیان کرد کە بەشداری لەم کۆنگرەیە دەکات، و بە بروسکە لە ئیستەنبۆڵەوە شەریف پاشا لەلایەن کوردەکان ئاگادارکرا بەهەستانی بەم کارە گرنگە بەنوێنەرایەتی گەلی کورد و شەریف پاشا رازی بوو, لەبەرئەوە شەریف پاشا دەستنیشانکرا بۆ ئەم کارە گرنگە چونکە دیپلۆمات کارێکی چاکبوو و شارەزاییەکی باشی هەبوو لەم بوارەدا و لەبەر خەبات و تێکۆشانی ساڵەهای ساڵ دژی زۆرداری و چەندین زمانی بێگانەی دەزانی و پەیوەندییەکانیشی و لەگەڵ پیاوە دیبلۆمات کارەکان و رامیارییەکان بوو بەردەوام ئامادەبوونی چاکی هەبوو لەم بوارانە لە پاریس چونکە چەند ساڵ بوو لە پاریس دەژیا بۆیە زۆر بەچاکی فەرەنسیی دەزانی وکوردەکان زۆر جموجۆڵیان کرد بەمەبەستی بەشداربوون لە کۆنگرەی پاریس, ئەوەبوو عارف پاشا نامەیەکی بۆ شەریف پاشاوە

١١- شەریف پاشا، ل٤٥.

نارد هەروەها شێخ مەحموودی نەمر شاندێکی ناردبوو بۆ بەشداربوون لەم کۆنگرەیە بەڵام شاندەکە نەگەیشتە پاریس و لە سوریا و حەلەب مایەوە چەند مانگێك لەبەرئەوە ڕێگایان پێنەدا کە بچن بۆ پاریس لەبەرئەوە شاندەکە نەیتوانی لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بێت، و شەریف پاشا دەستی کرد بەچەندین پەیوەندی و چاو پێکەوتن بەمەبەستی کارتێکردن لەکۆنگرەی ئاشتبوونەوەی بەستراو بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد و کەوتە ناردنی یادداشتنامەکان و سەردانی نوێنەری بەریتانیدا لە جەنەوە لە تەمووزی ١٩١٨ و ناسیاوەتی لەگەڵ بیرسی کوکس کە پسپۆڕێکی زۆر شارەزابوو لە مەسەلەی کوردی پەیداکرد و هەروەها ارنولد ویلسنی ناسی ئەوەی کە یەکەم هەنگاوی هاوێشت و پەرەپێدانی پلانی چارەسەری کێشەی کورد و شەریف پاشا پێشنیاری کرد کەموسڵ ببێتە مەڵبەندی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی کوردی[١٢] و لەم کاتەی کە شێخ مەحموودی نەمر کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سلێمانی ئینگلیزەکان لەخەڵکانێکی تر دەگەڕان بۆ ئەوەی ببنە جێگری شێخ مەحموودی نەمر و هەوڵیان دەدا کە لە ڕێزەکەی کەم بکەنەوە لەناو کوردەکانی تورکیا ئەوەبوو لەگەڵ چەند ناودارێکی کورد ئاموشویان پەیداکرد و لە پێشەوە سەید عەبدولقادر و ئەمین عەلی بەدرخان و مەحموود پاشا و شەریف پاشا کە لەوکاتەیدا بەردەوام بوون لەسەر پێشکەشکردنی یادداشتەکانی بۆ لایەنی پەیوەندار و کۆمەڵانی لێپرسراو، و هەروەها نەخشەی کوردستانی پێشکەش کرد کە سنووری کوردستانی تێی دا دیارکرابوو ئەوەبوو بانگهێشت کرا بۆ کۆنگرەی ئاشتبوونەوە و یادداشتە هەرە گرنگەکانی ئەوەبوو کە لە ١٩٤٩/٣/٢٢ پێشکەشی کرد بۆ دڵنیاکردنی ئەرمەنەکان و شەریف پاشا پەیمانێکی بەناوی کورد لەگەڵ ئەرمەن لە پاریس بەست کە گرنگییەکی مێژوویی گەورەی هەبوو کە هەردوو شاندی کورد و ئەرمەن پێکەوە کار بکەن لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و بەپێی ئەم پەیمانە ناکۆکییەکانی نێوان کوردو ئەرمەن وەلاخران، و داکۆکییان لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو نەتەوە لە کۆنگرەی سەرەوەدا کرد لەبەرئەوە شەریف پاشا بوو بە ئارمانجی ڕاگەیاندنی تورکی دژ، و هەروەها تورکەکان پەنایان بردەبەر ناکۆکییەکانی نێوان کورد خۆ بەخۆیان بۆ لێدانی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان، و چەکیان بە کوردە خۆ فرۆشەکان بۆ وەستان بەرامبەر بەشەریف پاشا و

١٢- روهات الاکوم، شەریف پاشا، ل٥٢١.



ناکۆکیان خستە ناو کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستان ئەوەی کە لە ساڵی ١٩١٨ دامەزرابوو بەڵام لەسەرەتا تورکەکان لەم کارە سەرنەکەوتن و لەمکاتە پەیمانی سیڤەر لەسەر ئیمزا کردن بوو و تەنها چەند ڕۆژێك مابوون کەچی ناکۆکی کەوتە ناو کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستان ئەو کۆمەڵەی کە دەستەڵاتی سەرۆکایەتی شاندی کوردی دابووە شەریف پاشا بۆ کۆنگرەی ناوبراو و لەسەر ئەم دوو بەرەکییە شەریف پاشا دەستی کێشایەوە لەسەرۆکایەتی شاندەکە لە ١٩٢٠/٤/٢٤[١٣] و عەبدولقادر کە سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو بوو دەست کێشانەوەی شەریف پاشای پەسەند کرد بەبێ ئەوەی هیچ کەسێتر لەجێگای دەست نیشان بکات و لەسەر ئەم بارودۆخە نارەوایە ئاشکرا دەکرێت کە کورد نوێنەری نەما لە کۆنگرەی پاریس لەبەرئەوە بڕیارەکان کە کۆنگرە وەری دەگریت کەس پێ پابەند نییە و ئەم بارودۆخەی کە کوردەکان خەریك بوون لە باکووری کوردستان، و شێخ مەحموودی نەمر خەریکی ڕێکوپێکی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بۆ لە خوارووی کوردستان و سلێمانی کردی بە مەڵبەندی جموجۆڵی و پەیوەندییەکانی و هەروەکو گوتمان شاندێکی بۆ کۆنگرەی پاریس نارد و هەرچەندە گەیشتە سوریا، بەڵام کۆسپ و تەگەرەیان خستە پێش شاندەکە و نەیان هێشت لە کۆنگرە بەشداربێت، و کوردی عێراق زۆر گەش بین بوون بە بارودۆخی ناوخۆ و دەرەکی و بەئومێدبوون کەکورد لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دەگەنە مافی خۆیان، و لەم کاتە مستەفا کەمال ئەتاتورك بەردەوام بوو لە پەیوەندییەکانی و گەڕانی لە ناوچە کوردستانییەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی شێخ و ئاغاکان بۆ لای خۆی[١٤] و ئەو چەند چالاکیی کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستان ئەنجامی دەدا پوچەڵی دەکردنەوە چونکە حوکمداری ناوچەی سیلوانی کوردی بوو و توانی دوو کۆنگرەی کوردی لەکوردستان ببەستێت و بەزیرەکی خۆی توانی کوردەکان بۆلای خۆی رابکێشێت.

## گرنگی دانی ئینگلیز بەکێشەی کورد

لەساڵی ١٩١٩ کولونیلی ئینگلیزی نوئێل دەستی بە گەرانکرد لەناوچەی کوردی, چەند کەسانێکی ناسراوی کوردی لەگەڵ خۆی برد و گەڕانەکەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر

١٣- روهات ئەلاکوم - شەریف پاشا.

١٤- روهات ئەلاکوم - شەریف پاشا.

ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە و دابونەریتیان, لەوە زیاتر نەبوو بۆ نەخشە داڕشتن لە دوا رۆژ, ئەوسا هیچی تری بەدەستەوە نەبوو.

## رووس و کورد

لەلایەکی تر دەبینین کە عەبدولڕەزاق بەدرخان کە یەکێك بوو لەناودارەکانی کورد, لە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید ببوو بەسەرۆکی تەشریفاتی قەسرەکەی, ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و داوای لێدەکرێت کە کۆشکی سوڵتان بەجێ بێڵێت, رووسەکان پێیدەزانن و یەکسەر پەیوەندی پێدەکەن و رێگای بۆ خۆش دەکەن بۆ رۆیشتن بۆ شارۆچکەی (خویێ) لە کوردستانی ئێران, کە ئەو سەردەمە لەژێر کاریگەری رووسەکان بوو و بەدرخانیش راست بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسەکان, بڕیاریشی دابوو کە دەستەڵاتی رووسەکان لەکوردستان بەهێز بکات بەڵام لەلایەکی ترەوە مەبەستی رووسەکان لەم پەیوەندییانە ئەوە نەبوو کە گرنگی بەکێشەی کورد بدات بەڵکو تەنها بۆ بەربەرەکانی بوو لەگەڵ عوسمانییەکان و جموجۆڵ و بزاڤیان لە ناوچەکە کەم بکەنەوە یاخود رابگرن, لەلایەکی ترەوە پشتگیری ئێران بوو دژی تورکەکان و دەسەڵاتی رووسەکان لەناوچەکە زاڵ بکەن[15], هەوڵیاندا ئیستغلالی جموجۆڵی ئیسماعیل ئاغای شکاك (سمکۆ) بکەنە دژی عوسمانییەکان و پشتگیرییان کرد و کۆمەکیان پێشکەش بەعەبدولڕەزاق بەدرخانکرد بە دروستکردنی قوتابخانەیەکی کوردی لەشارۆچکەی خۆی, هەرچەند تورك و ئێرانییەکان بەرهەڵستکاریان کرد دژی ئەم رێڕەوە نەژادییە، لەبەر ئەم کۆمەکە عەبدولڕەزاق بەدرخان سوپاسنامەیەکی بۆ قەیسەری رووسیا نارد و تێیدا دیاری کرد کە سوپاسی قەیسەر دەکات لەسەر گرنگی دانی بەکورد و هاوکارییان, وەزیری دەرەوەی رووسیای ئەو سەردەمە (سانرنون) کە بە کاری سەفارەتی رووسیا لە تەهران هەڵدەستا, بەنامەیەك وەڵامی دایەوە و تێیدا دەڵێ کە قەیسەر رێزی هەیە بۆ ئیسماعیل ئاغا شکاك و ئەوانیتر کە بەشداربوون بەکردنەوەی قوتابخانەی کوردی[16] و سوپاسی هەست و نەستیان کرد بەرامبەر بە قەیسەر، پرۆگرامەکانی قوتابخانەکە بریتی بوون لە مێژوو و جوگرافیا و بیرکاری

١٥- القضية الكردية والمؤامرات الدولية عمر هورامي، ص٩٤.

١٦- القضية الكردية والمؤامرات الدولية/ عمر هورامي، ص٣٥.



هەروەکو لە قوتابخانەکانی رووسی دەیانخوێند و لەناو قوتابخانەکە بنکەیەکی تەندروستی لێبوو, ژنە رووسێك بەڕێوەی دەبرد کە زمانی کوردی بەباشی دەزانی و ناوەناوە بەناو گوندەکانی کوردی دەگەڕا و دەسوڕا، و هەروەها شوێنی فێربوونی دارتاشی و ئاسنگەری و درومان هەبوو کە ئامێری پێویستی بۆ دابینکرابوو.[17]

هەروەها پێشنیارکرا بەناردنی چەند کوردێك بۆ قوتابخانەی مامۆستایان لە پایتەختی ئەرمینیا کە شارێکی کوردی بوو لە رووسیا، و لەگرنگیدانی رووسەکان لە بواری رۆشنبیری کوردی کردنەوەی بەشێکی تایبەتی بوو بۆفێربوونی زمانی کوردی لە زانکۆی پترس بێرگ و هەروەها دەرکردنی گوڤاری دەنگی باکۆی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩١٣ بەگرنگی دان بەکێشەی کوردی و بڵاوکردنەوەی نووسین و بیروبۆچوونەکان لەسەر ئەم کێشەیە بۆ راکێشانی کورد بۆ لای خۆیان, بەڵام پاش روودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ بەسەرۆکایەتی لینین و رووخانی رژێمی قەیسەری هەموو ئەو بەڵێنانە نەمان و بوون بەمەرەکەب لەسەر کاغەز. رووسیای نوێ کەوتە خەریك بوون بەکێشەکانی ناوخۆ و لێدانی نەیارەکانی رژێمی نوێ و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ و وەستان بەرامبەر بەزۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتەکان, کە دژی شۆڕشی ناوبراو وەستان و لەگەڵ ئەم هەموو گیروگرفتانە و بارودۆخی نوێ سەرکردەی شۆڕشی ١٩١٧ لینین گرنگی دا بەکێشەی کورد و هەوڵیدا بۆ هاوکاری کردنی کوردەکان, چونکە بڕوای بەهاوکاری کردنی میللەتە زوڵم لێکراوەکان هەبوو لەچوارچێوەی بارودۆخی دەوڵەتی شیوعی کە کەمایەتییەکان مافی خۆیان تێیدا دەگرت. لە پێش مردنی لەساڵی ١٩٢٣ بروسکەیەکی ناردبوو بۆ سەرۆکی ئەزەربایجان نەریمان نەریمانۆف و تێیدا روون و ئاشکرا دەکات ئەو بارودۆخەی کەکورد تێیدا دەژیت و فەرمانی پێدەدات کە هاوکارییان بکات, لەسەر ئەم بروسکەیە پەرلەمانی ئازەربایجان بڕیاریی دەرکرد بۆ بەیەك کردنی (توحید) شەش ناوچە کوردیەکان, کران بەیەك پێگەی ئیداری و حوکمیزاتیان پێدرا تا ساڵی ١٩٣٧ جەعفەر یاقروف ستالینی رازی کرد, هەروەها الیبکا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە زاتیەی کە بەکورد درابوو, لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر فەرمانی لینین و دووبارە کوردەکانیان دابەش کردەوە لەسەر دەوڵەتە

١٧- القضية الكردية والمؤامرات الدولية/ عمر هورامي، ص٣٥.

جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵات لەناو یەکیەتی سۆڤیەت[18]. گۆڤاری کوردستان کە ساڵی ١٩١٤لە مەهاباد دەردەچوو پشتگیریی لە رۆژنامەی باکۆی دەکرد لە و لەلایەن پرۆتستانتەکان کە ئەڵمانییەکان بەرێوە دەبرا هاوکارییان دەکرد, هەرچەندە لە زۆر روەوە ناکۆکی لە نێوان رووسیا و ئەڵمانیا بیروبۆچوونیان هەبوو[19].

## پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەڵمانییەکان

کە ئەڵمانیەکان دیتیان رووسەکان گرنگی بەکورد دەدەن و قوتابخانەی کوردییان کردەوەتەوە قوتابیان نارد بۆ پەیمانگای مامۆستایان لە ئەرمینیا و رێگایاندا بە رۆژنامەی باکۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەکێشەکانی کورد هەیە بڵاوبکاتەوە و گرنگی بەکێشەی کورد بدات و بەرپرسەکانی ئەڵمانی دیتیان کە رووسەکان کار دەکەن بۆ راکێشانی کوردەکان بۆ لای خۆیان ئەوانیش دەستیان کرد بەگرنگی دان بەکوردەکان و بیروبۆچوونیان ئاشکرا کرد کە پەیوەندی بەکێشەی کورد هەیە, هەتا گەیشتە رادەیەك جێگری قونسولی ئەڵمانی لەموسڵ سەردانی کوردستان بکات و پشتگیریی حکومەتەکەی لە بواری پەرەپێدان بە رۆشنبیری و زانیاری لەناو کوردەکان رابگەیەنێت وەهای پێشاندا کە حکومەتەکەی بەنیازە دە کورسی خوێندن بەخۆڕایی تەرخان بکات بۆ قوتابییە کوردەکان, هەروەها ئەڵمانییەکان بڕیاریاندا بە کردنەوەی قوتابخانەیەك لە شاری وان لە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) بەڵام لە پاش ئەوەی کە زانیارییان لەلایەن پرۆتستانتەکان پێگەیشت کەلە کوردستان بوون، کەکوردەکان وە دەنگەوە هاتنیان نییە بۆ ئەڵمانییەکان ئەوانیش وازیان لە بەڵێنەکان هێنا. لەکاتێك کە کوردستان دابەش و پارچە پارچەکرا بەپێی بەڵێننامەی سایکس بیکۆ کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە ئایاری ١٩١٦ بەسترابوو, کە ئەو سەردەمە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر رووخان بوو و رووسیا رەزامەندی خۆی لەرێگای باڵیۆزەکەیان سازانوف پیشاندابوو بەمەرجێك ناوچەی رۆژهەڵاتی سەروی تورکیا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رووسیا و هەردوو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان فەرەنسا و بەریتانیا رازی بوون بەمەرجێ روسیا، بەوەوە خەونی روسیا هاتەدی و کوردستان لە نێوان روس

١٨- صابر عمر مامەسيني/ الدبلوماسية الكردية خلال التاريخ، بەکوردي. ل٢١٢.

١٩- عمر هورامي القضية الكردية والمؤامرات الدولية، ص٧٥.



و ئینگلیز دابەشکرا[20] لە هەمان کاتدا کوردەکانی باکووری کوردستان خەریکی دروستکردنی رێکخراوێکی رامیاری بوون ئەوەبوو کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستانیان پێکهێنا (جمعیە تعالی کوردستان) و لە خوارووی کوردستانیش شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی خەریکی کاروباری کوردستان بوو هەرچەند پێش ئەوان شەهید شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ئەم رێگایەی گرتبووە بەر و داوای لە خەڵکی کوردستان دەکرد کە یەك بگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانیان و سەرپەرشتی ناوچەکەی دەکرد و کاروباری بەرێك و پێکی بەرێوەدەبرد بۆیە مایەی باوەڕ و متمانەی خەڵکەکە بوو, هەروەها خێڵەکانی دەوروبەری بارزان و بەتایبەتی هەژارەکان چونکە تاڕادەیەك جورە دادێکی کۆمەڵایەتی سەپاندبوو و بۆخۆی ژیانێکی ئاسایی دەژیا وەکو خەڵکی ناوچەکە بەپێچەوانەی شێخ و ئاغایەکانی تری دەوروبەر، بەڕاستی شێخایەتی بارزانی سەربەخۆییەکی تەواوی وەرگرتبوو لە بەرێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی, چونکە شێخ عەبدولسەلام داوای چاککردنی رامیاری و کۆمەڵایەتی دەکرد لەبەرئەوە زیرەك و تێگەیشتو بوو و پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵە و ناودارانی نیشتمیان پەروەری کوردی زۆر و توندبوون .[21] ئەوەبوو تورکەکانی ناڕەحەت کردبوو و جەندرمە[22] هیچ دەسەڵاتی نەبوو لەناوچەی بارزان, دەکرێ سەردەمی شێخ عەبدولسەلام و بیروبۆچوونەکەی بە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی بارزانی بژمێردرێت, خەباتی رامیاری و چاککردنی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی شێخ گەلاڵە بوو لەسەردەستی ئەو پێشکەوتنێکی چاك لەژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری هاتەکایەوە.

بەپشت بەستن بەهێزەکانی ناوخۆ بەپلەی یەکەم و هەروەها پشتبەستن بەهێزەکانی نەتەوەیی کوردی و سوود وەرگرتن لەو ناکۆکیانەی کەهەیە لەنێوان دەوڵەتەکانی گەورەی رۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانیان لەلایەك و ناکۆکییەکانی نێو دەوڵەتانی سەرەوە و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە.

رۆژێك ویگرامی ئینگلیزی لە مێوانداری شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو, شێخی نەمر بەویگرامی گوت ئێوە چوون بۆ هیندستان و ئەوان ئێوەیان نەویست بەڵام بۆ ئێوە نایەنە ئەم

٢١- زبير بلال - ثورات بارزان، ل٣٦-٧٣.

٢٢- دانەر.

ولآته کەخەڵکەکەی ئێوەی دەوێت؟ چونکە خەڵکی ئێمە دەیەوێ لە ئێوە فێربێت, کە شێخی نەمر زانی لە پاش چەند مانگێك ویگرام دەگەڕێتەوە بەریتانیا شێخی ناوبراو هەڵوێستی خۆی پیشانی ویگرامدا کە دەیەوێت لەگەڵی بڕوات بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی لە خودی سەرۆکی ئیسقوفەکان (کانتریری)[٢٣] داوای کردنەوەی قوتابخانەکان بکات لە گوندەکانی بارزان و هەروەها چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلیك جۆرج بکات بۆ باسلێکردنی کێشەی کوردستان و بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان, بەڵام داوایەکەی جێبەجێ نەکرا و ئاواتەکەی نەهاتەدیّ چونکە جیاوازییان دەکرد لە نێوان ئەو نەتەوانەی کەلە ژێر دەستەڵاتی تورکیا و ئێران دابوون, لە پێشەوەیان کورد و عەرەب و ئەرمەن و ئاشوری کە داوای سەربەخۆیی و چاکسازییان دەکرد و لەسەر سەری هەموویان کوردەکان بوون کە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی داوای چاکسازی دەکرد و دەیویست پشتێکی نێودەوڵەتی پەیدابکات لە خەبات و تێکۆشانەکەی و رزگاربوون لە زۆرداری عوسمانی لەبەرئەوە ئومێدی بەرپرسیاری قەیسەری بوو, لە دوای ئەوان بەریتانیا یەکەمین پەیوەندی لەگەڵ قونسوڵی بەریتانی کرد لە کاتی سەردانەکەی ناوبراو بۆ بارزان[٢٤],



٢٣- مهد البشرية، ل٣٧ وەرگێڕانی پارێزەر جەرجیس فتح الله.

٢٤- مهد البشرية، ل٣٧ وەرگێڕانی پارێزەر جەرجیس فتح الله.



و لەکاتی دەوڵەتی عوسمانی دیتی خەڵکانێکی زۆر بڕوایان بەشێخ عەبدولسەلام و هێنا بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوون و هزری نژادی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کارمەندەکانی عوسمانی لە موسڵ کەوتنە دروستکردنی کێشە و گێچەڵکردن بەشێخی ناوبراو، تەماعی کردنی بەهێندێك لە گوندەکانی و هاندانی عەشیرەتەکانی دەوروبەری بارزان دژی شێخی نەمر و درۆی پەیوەندی کردنی بەرووسەکان بۆیان هەڵچنی و هەروەها داواکردنی ناوبراو کۆمەك لە رووسەکان و کردیانە بەڵگە دژی و چەندین دۆستانی شێخیان دەستگیرکرد و خستیانە زیندانەکان : هەمان سەرچاوە: ل١٣١-١٣٢) و کارمەندە هەناو رەشەکان لە موسڵ ریکلامی گەورەیان دژی جموجۆڵی شێخ عەبدولسەلام بڵاوکردەوە و تۆمەتی بێ بنەمایانە خستە پاڵی، و هەروەها نەیارەکانی لە هەندێك کە ئاغایەکان کەوتنە ریشوە دان بەکارمەندانی ویلایەتی موسڵ بۆ لابردنی شێخ عەبدولسەلام و هەروەها بیروباوەڕەکانی لەسەر رێگایان، ئەوەبوو شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ چەند ناسراوی کورد یادداشتێکیان پێشکەش بە دەستەڵاتی دارایی تورکیا و ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرەکانی ئیستەنبۆڵ کرد و چەند داواکارییەکی کوردییان تێیدا داوا کرد لەوانە:

١- زمانی کوردی بکرێتە زمانی رەسمی لەو پێنج قەزایانە (زێبار، ئاکرێ، دهۆك، ئامێدی و زاخۆ).

٢- خوێندن بەزمانی کوردی بێت.

٣- سەرۆکی یەکەکانی بەڕێوەبردن و فەرمانبەرەکانی کوردی بزانن.

٤- حوکمڕانی بەپێی شەرعی ئیسلام بێت چونکە ئایینی دەوڵەت ئیسلامە.

٥- ئەوانەی لە قەزادا دادەمەزرێن و خاوەن فەتوان دەبێ لە مەزهەبی شافعی بن.

٦- باج وەرگرتن لەو خەڵکانەی کە دەبێ باج بدەن باجدانەکەش بەپێی شەرعی ئیسلامی بێت و ئەوەی لەوە زیاترە وەرنەگیرێت.

٧- باجکە لەجیاتی پوول بەکاردێت (بدلات العملة المطلقة) بمێنێت بەمەرجێك لە رێگاوبانی ناچەکە خەرج بکرێت[٢٥].

٢٥- زبیر بلال ل٦٢.

کەچاو بەم داواکارییانەدا بخشێنیت کە لە بروسکەی شێخدا هاتوون بۆ عوسمانیەکان دەبینین داواکارییەکان سوکن, چونکە خەڵکی ئەو پێنج قەزایەی کە لە برگەی (١) لەسەرەوە هاتوون بەرەسەن کوردن و هیچ زمانیتر نازانن جگە لە زمانی باب و باپیریان کە کورد بووینە و هەروەها خوێندن بە زمانی کوردی شتێکی ئاساییە و حەقە, چونکە هەر میللەتێك مافی خۆیەتی کە بەزمانی دایك بخوێنێت وەکو تورك و فوردس و عەرەب و نەتەوەکانیتر, و دانانی سەرۆکی یەکەکانی بەڕێوەبردن بەمەرجێك کوردی بزانن مانای ئەوە نییە کە دەبێ کوردبن و دەکرێت غەیرە کورد ئەوانەی کە زمانی کوردی دەزانن بن بەسەرۆکی یەکەکانی بەڕێوەبردن و لەوانەش تورك بن، بەڵام تورکەکان ئەوەیان نەسەلماند چونکە بەعەقڵیەتێکی شۆڤێنی و بەمێشکی تورانیەتی کۆن تائێستا بیردەکەنەوە برگەکانیتر کە لە بروسکەکە هاتبوون پەیوەندیی بەبەڕێوەبردنە بۆ ڕێکوپێك کردنی کارەکانی هاوولاتییان و پێشڤەبردنی ناوچەکە لەرووی ئاوەدانکردنەوە، بەڵام دەسەڵاتدارەکانی تورك ئامادەبوون بۆ دژایەتی شێخ و داواکارییەکانی سەرەوە بەبەڵگەیان دانا لەسەر جموجۆڵی شێخ بە یاخی بوولە قەڵەمیاندا, وایان لە قەڵەمدا کە کۆمەڵەکانی کوردی هانی شێخ یان داوە کە ئەو سەردەمە داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد، ئەوەبوو یەکبووەکان (الاتحادیین) لەشکریان کردە سەر شێخ چونکە بەڕای پارتی یەکبوو سەرکەوتن لە پاش دەست بەسەرداگرتنی تورکیا لە پاش کودەتای ١٩٠٨ ئەگەر بێت و مافەکانی خەڵکی غەیرە تورك بدەن چ سەربەخۆیی بێت وەیاخوت ئۆتۆنۆمی کارێکی تێکدەری یەکێتی دەوڵەتی عوسمانییە[٢٦] و ئەم پارتە شۆڤێنییە بڕیاریدا کە زۆر بەتوندی لەو خەڵکانە بدەن کە دژیان رادەوەستن و داوای مافە رەواکانی خۆیان دەکەن و بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە نارەوایە کاربەدەستان توندوتیژیان بەکارهێنا وەکو والیەکان و ڕێگایان پێدان بۆ وەرگرتنی هەر ئیجرائاتێکی توندوتیژ دژیان و بەکارهێنانی هەموو کارە سەرکوت کەرەکان دان هەرچەندە تا ئەو سەردەمە هیچ شتێك لەسەر شێخ عەبدولسەلام ئیسبات نەبوو کە شێخ چەکی هەڵگرتبێت دژی عوسمانییەکان (هەمان سەرچاوە) و کە کار لەکارترازا شێخ عەبدولسەلام ناچاربوو کە دژی زۆردارەکان بوەستێت و زەرەر و زیانێکی گەورە بە لەشکری عوسمانییەکان بگەیەنێت.

هەرچەندە ماوەیەکی ئەوتۆو رەت نەببوو بەسەر شۆڕشی شێخ سەعید لە سلێمانی کە لە

---

٢٦- زبیر بلال شۆڕشەکانی بارزان ١٩٠٧-١٩٣٥، ل٧٣.



کۆتایی ساڵی ١٩٠٨ دەستی پێکرد و لە سەرەتای ١٩٠٩ کۆتایی پێهات, هەروەها شۆڕشی دیاربەکر کە لە نیسانی ١٩٠٩ کۆتایی دەستی پێکرد ئەوەبوو جموجۆڵی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەستی پێکرد لەکۆتایی ساڵی ١٩٠٩-١٩١٠ و شێخ عەبدولسەلام بەهێزەکانی بەرەنگاری سوپای عوسمانی بوو لە شەڕی یەکەمی چیای پیرس لە پاییزی ١٩٠٩ و چیای پیرس چیایەکی زۆر سەخت و قاییمە و دەکەوێتە لای ژووری شارۆچکەی ئاکرێ و لە پشت مەڵبەندی ناحیەی دینارتە یە کە سەر بە ئاکرێ یە و زەرەر و زیانێکی زۆری بە سوپای عوسمانی گەیاند و ٥٠ پەنجا سەربازیشی بەدیل گیران و عوسانییەکان بۆ دواوە گەڕانەوە بەڵام محەمەد قازی پاشا سەرلەشکری عوسمانی خۆ فرۆشە کوردەکانی بەکارهێنا لە سورچی و خۆشناو مامەش و ئەشنو لە پاش پێدانیان چەك و تفاق و پارە دژی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و لە پاش شەڕ و شۆڕێکی زۆر لە نێوان پێشمەرگەکانی شێخ و سوپای عوسمانی و نواندنی پێشمەرگەکانی ئەوپەڕی قارەمانێتی و کوشتنێکی یەکجار زۆر لە سوپای عوسمانی و کوردە خۆفرۆشەکان (جاشەکان)[٢٧] کرا ناچار بوون بکشێنەوە بۆ دواوە لەبەر زۆریی سەربازەکانی عوسمانی بەرامبەر بەکەمی لەشکری شێخ و باشی چەك و تفاقی سوپای عوسمانی بەرامبەر بەچەکی لەشکری شێخ ئەوەبوو لەشکری شێخ پەرت و بڵاو بوون و شێخ ناچار بوو بەرگی خۆی بگۆڕێت و هەروەها (تنکر) بکات و پەنا ببات بۆ مارشمعون کە پیاوی ئایینی بەرزی ئاشورییەکان بوو[٢٨] و لە پاش مانەوەی ماوەیەك لەلای مارشمعون بڕیار دەدات کە کۆتایی بەوەزعی بهێنێت و بگەڕێتەوە بارزانی داگیر کراو لە پێش وەرزی بەهاری ١٩١٠ و لەگوندی باپێستا دابەزی کە دەکەوێتە پشت چیای شیرین و کە خەڵکەکە و چەکدارەکانی بەو هەواڵە زانییان کە لەکاتێکدا پەرت و بڵاوببوون لە دەوروبەری شێخ کۆبوونەوە سەرلەنوێ[٢٩] و کە سەرلەشکری عوسمانی زانی بەگەڕانەوەی شێخ سەربازەکانی کۆکردەوە لەگەڵ چەند کوردە خۆفرۆشێك بۆ هێرش بردنە سەر شێخ عەبدولسەلام و هەڤاڵەکانی و کە شێخ بەم زانیارییانە ئاگادار کرا کەوتە خۆ بۆ ئامادەبوون بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و پوچەڵ کردنەوەی هێرشەکەی عوسمانییەکان.

---

٢٧- دانەر.

٢٨- زبیر بلال - ثورات بارزان.

٢٩- زبیر بلال - ثورات بارزان.

شێخ عەبدولسەلام ٣٠٠ سێ سەد چەکداری لەگەڵ بوو، و دەمەکە زستان بوو هیچ چارەیان نەبوو دەبوایە هێرشی عوسمانییەکان بشکێنن چونکە ژیان لە چیایەکان لە وەرزی زستان زۆر زەحمەت بوو و لەشکری عوسمانییەکان هێرشی بردە سەر گوندی (بابێسڤا) کە لە شوێنێکی چیایی عاسێ بوو و شەڕێکی گەورە روویدا و لەشکری شێخ توانی یەك فەوجی رێك بەدیل بگرێت لە سوپای عوسمانی لەگەڵ سێ تۆپی چیایی لەوکاتەی کە تفەنگەکانی شۆڕشگێڕەکان لە تەرزی شنایدەر و مارتینی و تفەنگە کۆنەکان بوون و ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ چەکی سوپای عوسانی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوانیان و هەرچەندە شێخ حەزی لە شەڕ نەدەکرد بەڵام سەرکەوتنێکی یەکجار باشی بەدەست هێنا.

## گفتوگۆ و هەوڵی پێکهاتەی ئاشتیانە

شێخ عەبدولسەلام نامەیەکی ناردە ئەستەنبوڵ و تێیدا داوای لێبوردنی کرد لەسەر ئەو شەڕەی کە لە نێوان شۆڕشگێڕان و سوپای عوسمانی روویدا بوو, تێیدا دیاریکردبوو کە ئەو بەرپرس نییە لە رووداوی سەرەوە و خەریکی گەڕانەوە بوو بۆ بارزان لە پاش وەرگرتنی رەزامەندی سوڵتان، بەڵام سوپای عوسانی هێرشی بردە سەر و ناچاربوو بەرگری لەخۆی و هەڤاڵەکانی بکات, نەیدەزانی کە هێزە هێرشبەرەکان میرین بەڵکو هەندێك لەو کوردانەن کە دژی بووینە و تۆمەتی خستە سەر محەمەد فازڵ سەرلەشکری عوسانی لە رووداوی سەرەوە و داوای گۆڕینی کردبە یەکێکی تری بێ لایەن, حکومەتی عوسمانی داواکانی شێخی جێبەجێکرد و بڕیاری لێبوردنی بۆ شێخ دەرکرد, ئەوەبوو محەمەد فازڵ پاشا ناڕەحەت بوو بە بڕیاری سەرەوە و خەڵکانێکی نارد بۆ لای شێخ کە ئاگاداری بڕیاری لێبوردن بکەن و هەروەها داوای کرد کە دیلەکان بەچەك و تفاقەوە ئازاد بکات, شێخ دیلەکانی ئازادکرد و چەند تفەنگی کۆنی لەگەڵ ناردن کە بەکەلك نەدەهاتن, هەروەها ناچاربوو داواکەی شێخ قبوڵ بکات و (٢٠٠) دووسەد لیرەی وەکو (فدیە) نارد [٣٠] و شێخ گەڕایەوە بارزان و زەرەر و زیانی پێگەیشت بوو، عوسمانییەکان دایانەوە و باجی (مەجیدی) یان بەخشی کە پلەی سێ بوو لەسەر داوای ئەسعەد پاشا بریکاری والی موسڵ, هەموو ئەو ژنە بارزانییانەی کە گیرابوون گەڕاندیانەوە بۆ بارزان.

٣٠- نیکیتین، ل١٢.



## بیروبۆچوونی بەریتانییەکان لەسەر شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی

شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام هەڵسەنگێندرا لەسەر ئەو بنەمایانەی خوارەوە:

١- کارکردن بۆ رزگارکردنی گەلی کورد و سەربەخۆیی.

٢- دەست پێکردن بەچاکسازی، بەکارهێنانی هۆیەکانی پێشکەوتن.

٣- بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی لێبوردن لە نێوان هەموو چین و توێژ و ئایینە جیاجیاکان و بەرهەڵستکاری زوڵم و زۆرداری لەناوچەکە و چەسپاندنی رێکوپێکی.[٣١]

بەڵام سلێمان نەزیف کە والی موسڵ بوو بەرەگەز کوردبوو لە توندڕەوەکانی یەکبووەکان (الاتحادیین) بوو توندوتیژییەکەی لە دژی شێخ عەبدولسەلام وەهای لێکرد کە دووبارە بارودۆخەکە تێك بچێت و شێخ ناچار بێت کە چیتر لەگەڵ تاعەتی عوسمانییەکان نەمێنێت, تا لە ساڵەکانی ١٩١١-١٩١٢ لە ئورمیە رەت بوو کە لەگەڵ رووسەکانرێك بکەوێت و دەست بەکاری چەکداری بکات دژی دوژمنەکانی لە خێڵەکانی کورد کە سەر بەحکومەتی عوسمانی بوون و لەگەڵ عوسمانییەکان دژی شێخ راوەستان.[٣٢]

ویلسۆن دەڵێت لەکاتی دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەرەتای ئابی ١٩١٤ و بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگە لە ١٩١٤/١/٢٩ شێخ ناچار بوو ئەو عەرزانەی کە رووس پێکەشی کردبوون قەبووڵ بکات بۆ بەرگری کردن و پاراستنی خۆیان, هەروەها ویلسۆن دەڵێت کە سەرکردەکانی کورد هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریاندا بۆ پەیداکردنی کۆمەکی سەربازی لە دەوڵەتە گەورەکان بەڵام دەوڵەتە گەورەکان بایەخیان بەداواکارییەکانی سەرکردەکانی کورد نەدا و هەوڵیاندا بۆ خستنی بزاڤی رزگارییان بۆ ژێر پلان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە دوایی ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام دەستگیرکرا لەلایەن سۆفی عەبدوڵلا و رەوانەی موسڵ کرا و لەوێ لە ساڵی ١٩١٤ لە سێدارەدرا. بەڵام بە لەسێدارەدانی شێخ ناوچەی بارزان ئارام نەبوو بەڵکو و رق و کینی خەڵکی ناوچەکە زیاتر بوو دژی یەکبووەکان (الاتحادیین) و چەکدارەکانی شێخیش لە جموجۆڵیان بەردەوام بوون ، لەناوچەی سلێمانی شێخ مەحمودی نەمر

٣١- زبیر بلال - شۆڕشەکانی بارزان ١٩٠٧-١٩٣٥، ل٤٩ .

٣٢- زبیر بلال - شۆڕشەکانی بارزان ١٩٠٧-١٩٣٥، ل٥٣ .

لە ساڵی ١٩١٩ بە شۆڕشەکەی هەڵسا, بۆ پشتگیری کردنی شۆڕشی شێخ مەحمود شێخ ئەحمەدی بارزانی هێزێکی چەکدار کە بریتی بوون لە (٣٠٠) سێ سەد بارزانی بەسەرکردایەتی برایەکەی مەلا مستەفا بارزانی کە هێشتا تەمەنی ١٦ شازدە ساڵ بوو ناردی بۆ هاوکاری کردنی شێخ مەحمود بەڵام پێش ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی بەهێزەکەیەوە بگاتە ناوچەی سلێمانی شۆڕشی شێخ مەحمود سەرکوت کرابوو, لەبەرئەوە مەلا مستەفا ناچار بوو بگەڕێتەوە بارزان. لەوکاتەی کە شۆڕشی کورد بەردەوام بوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کۆمەڵە و رۆشنبیرانی کورد لە ئیستەنبۆڵ لە جموجۆڵیان بەردەوام بوون بۆ گەیاندنی دەنگی میللەتی کوردی بۆ کۆنگرەی پاریس و شەریف پاشا لە پاریس بەردەوام بوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پیاوماقولان و خەڵکە بەرچاوەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لە کۆنگرەی پاریس ئامادە دەبن, و کێشەی کورد گەیشتە ئاستێکی بەرز و نێودەوڵەتی, کۆنگرەی ئاشتەوایی بەسترا و زۆر بڕیاری گرنگدا هەروەکو لە خوارەوە هاتوون:

## بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەر[٣٣]

لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ چواردە دەوڵەت پەیمانی سیڤەریان ئیمزا کرد کە بریتی بوو لە ٤٣٣ بەند و ئەو دەوڵەتانەی پەیمانەکەیان ئیمزا کرد ئەوانە بوون: بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یابان، ئەرمینیا، بەلجیکا، حیجاز (سعودیەی ئێستا)، پۆلۆنیا، پورتغال، رۆمانیا، یوغوسلاڤیا (دەوڵەتی سیرب و کەرەوات و سلۆڤین) و چیکۆسلۆفاکیا، تورکیا، ئەمریکا (بە سیفەتی چاودێر) هەروەها شاندێکی کوردی (بەسیفەتی چاودێر) لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئەرمینیا و کوردستان.

ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە بوو ئەو سێ بەندانەیە کە لە خوارەوە هاتوون:

١- بەندی ٦٢: لیژنەیەك پێك دێت کە بارەگای بەردەوامی لە قستەنتینیە دەبێت لە سێ ئەندام و حکومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا دەیان پالێوێت (ترشیحیان دەکات), لە ماوەی شەش مانگ لە پاش مۆرکردنی رێککەوتنەکە و ئەم لیژنەیە پلانێك پێشکەش دەکات بۆ حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) ئەو ناوچانەی کە جێنشینەکانیان هەرە زۆری کوردبن و دەکەونە

٣٣- کۆمەڵەی خۆیبوون و پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن/ محمد ملا احمد، ل١٥٠ بەعەرەبی.



رۆژهەڵاتی رووباری فورات و خوارووی سنووری ئەرمەنییەکان کە دەکرێ لە دواییدا دیار بکرێت، سەرەوەی سنووری نێوان تورکیا و سوریا و عێراق هەروەکو لە بڕگەکان ٢-١٣-١١-٢٧ داندراوە و تێیدا هاتووە و ئەگەر ئەو لیژنەی سەرەوە بەتێکڕای نەگەیشتنە بڕیارێك لەسەر یەکێك لە مەسەلەکان، هەریەکێك لە ئەندامەکانی لیژنەکە مەسەلەکە دەخاتە بەردەم حکومەتەکەی, ئەو پرۆژەیەش مافی ئاشوورییەکان و کلدانەکان بەتەواوەتی دەپارێزێت و هەروەها کەمایەتییە نەتەوەکانیتر لە ناوچەکە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە لیژنەیەك کە بریتییە لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئێران و کورد، هەڵدەستێت بەسەردانی ئەو ناوچانە بۆ هەر پێش خستنێك و چاکسازییەك ئەگەر دیتی پێویستە و دەکرێ ئەنجام بدرێت لەسەر سنووری تورکیا بەپێی مەرجەکان رێککەوتنی سەرەوە ئەوەی پەیوەندی بەسنوورەکان هەیە لە نێوان تورکیا و ئێران.

٢- بەندی ٦٣: دەبێ حکومەتی تورکیا رەزامەندی خۆی دەربڕێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە هەردوو لیژنەکە لە بەندی ٦٢ وەردەگرێت لە ماوەی سێ مانگ لە ئاگادارکردنەوەی حکومەتی تورکیا.

٣- بەندی ٦٤: ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵ لە پەسندکردنی رێککەوتنی سەرەوە کوردەکانی ئەوناوچانەی کە لە بەندی ٦٢ دیارکرا پێشنیارێکیان پێشکەش کرد کە زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەیانەوێ جیاببنەوە لە تورکیا, دوو رێکخراوی نێودەوڵەتی (عصبە الامم) و رێکخراوی ناوبراو دانی پێنا کە ئەم خەڵکە بەکەڵکن و دەتوانن بەسەربەستی بژین و (راسپاردەی) خۆی پێشکەش کرد کە دەبێ سەربەخۆییان پێ بدرێت و لە تورکیا جیا ببنەوە، دەبێ تورکیا ئەم راسپاردەیە قەبووڵ بکات و پێی رازی بێت و دەست هەڵگرێت لە هەموو مافێك کە هەبێت لەم ناوچەیە. بۆ وردەکاری ئەم مافانە دەبێ رێکەوتنێکی جیا لە نێوان هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا ببەسترێت, ئەگەر تورکەکان دەستیان هەڵگرت لەم مافانە هاوپەیمانان هیچ رەخنەیەکیان نابێت بەرامبەر بە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ئەگەر بەرازامەندیی خۆیان ویستیان خۆیان بیلکێن لەگەڵ دەوڵەتی کوردی سەرەوە. ئەگەر سەیری ژمارە و ناوی ئەو دەوڵەتانەی کە بڕیارەکانی سیڤەریان ئیمزا کردووە بکەین دەبینین کە شاندێکی کوردی بەسیفەتی چاودێر بەشداری کردووە لە گفتوگۆکردن و چواردە دەوڵەت بڕیارەکانیان ئیمزا کردووە, لەوانە بەریتانیا و فەرەنسا کە رۆڵێکی سەرەکیان بینیووە لە ناوچەکە لەو سەردەمە و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها تورکیاش لەسەر بڕیارەکان ئیمزای کردووە کە

پەیوەندی بەخۆیەوە بووە, لەبەرئەوە ڕێککەوتننامەی سیڤەر بە یەکەم بەڵگەی مێژوویی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت کە بۆ کورد دانی پێناوە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی هەبێ لەسەر خاکەکەی کوردستان, بە تایبەتی لە باکووری کوردستان کە ناوزەد کراوە بەکوردستانی تورکیا, چونکە لە بەندی ٦٢ی سەرەوە هاتووە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەر کە لیژنەکە هەڵدەستێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە پێکهاتبوو لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئێران و کورد بەبێ بەشدارکردنی تورکیا لەم لیژنەیە بۆ سەردانی کوردستان و ئەو چاکسازییانەی کە پێویستە بڕیاری لەسەر بدەن و جێبەجێ بکەن ئەوەی دەکرێت لەسەر سنووری تورکیا بەپێی ئەو مەرجانەی کە پەیوەندە بەسنوورەکانی نێوان ئێران و تورکیا, بەپێی ئەم بەندە دەبینین تورکیا هیچ رازی نییە بە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی و لەو بڕیارانەی کە نوێنەرانی دەوڵەتانی سەرەوە دەیدەن، لەسەر حکومەتی تورکیا ئەوەیە دەبێ رازی بێت لەسەر هەر بڕیارێك لیژنەی سەرەوە دەیدات و هەموو ئەو بڕیارانەی کە هەردوو لیژنە لە بەندی ٦٢ ناویان هاتووە لە ماوەی سێ مانگ لە پاش ئاگادارکردنەوەی حکومەتی دەبێ جێبەجێی بکات تورکیا، ئەگەر چاو بەبەندی ٦٤دا بخشێنین دەبینین کە ماوەی یەك ساڵ لە پاش پەسندکردنی ڕێککەوتنی سەرەوە کوردەکانی کە لەو ناوچانەی دیارکراوە لە بەندی ٦٢ بەمەبەستی کوردستان بۆیان هەیە پێشنیار پێشکەش بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (عصبە الامم) بکەن بە جیابوونەوە لە تورکیا پاش ئەوە کۆمەڵی سەرەوە دان پێ دابنێت کە خەڵکی کوردستان دەتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و بەسەربەستی و سەربەخۆیی بژین و دەبێ تورکیا بەڵێن بدات بەقەبووڵ کردنی ئاگادارکردنەوە (راسپاردەی) سەرەوە و واز لە هەر مافێکی کە لەم ناوچەیە هەبێت, بهێنێت هەروەها مافی دابووە خەڵکی ویلایەتی موسڵ کە بێنە ناو ئەو دەوڵەتە کوردییە کە بەتەمان لە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) دروستی بکەن ئەگەر خەڵکانی ویلایەتی موسڵ ویستیان. هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ویلایەتە کوردن، بەڵام بەداخەوە پەیمانی سیڤەر رووناکی نەدیت و نەکەوتە جێبەجێکردن, چونکە تورکیای عوسمانی دۆڕاوی جەنگ هەستایەوە سەرپێ لەسەر دەستی مستەفا کەمال کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە جەنگی تورکیا دژی یۆنان, لەبەرئەوە پەیمانی سەرەوەوەی رەتکردەوە بەڵام بەندەکانی تایبەت بوون بەدیارکردنی سنوور لە نێوان تورکیا و ئەرمینیا, هەروەها بەندەکانی تر لە بەندی ٨٩ تا بەندی ٩٣ لە پەیمانی سیڤەر جێبەجێکران.



تورکیا لەسەر لاشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەتلەت کراو هەستایەوە سەرپێ و بەهەموو هێز و توانەیەکەوە بیری لەوە کردەوە بەجێبەجێ نەکردنی بەندەکانی تایبەتمەند بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی, بەهەموو رێگا و پەنا و پێچێك هەوڵدەهات لە بەندەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ لە ڕێککەوتنی سیڤەر و رەفزی مۆرکردنی ڕێککەوتنی ناوبراو و هەوڵیدا لە ساڵەکانی ١٩٢٢-١٩٢٣ لەگەڵ هاوپەیمانان ڕێککەوتنێکی نوێ مۆر بکات بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو بەندانەی کە تایبەتمەند بوون بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. لە ئەنجامی مساوەمەکردن و بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان ڕێککەوتنی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤بەسترا کە بەیەك جاری کێشەی کوردی و خستە پشتگوێ و بەلایەوە نەچوون و[٣٤] , بەمەش ڕێککەوتنی سیڤەر لەڕووی عەمەلییەوە بەرامبەر بەکورد هەڵوەشێنراوە و بەوە هاوپەیمانان تاوانێکی گەورەیان دژی کورد ئەنجامدا و کوردستان, کوردیش هەڵیکی زێڕینی لە دەستدا بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵام لە هەمان کاتدا ناوچەی عەرەبستان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە پێیان دەگوت پیاوی نەخۆش, چەند دەوڵەتی عەرەبی دروست بوون و خزانە ژێر ئینتدابی بەریتانی و فەرەنسی و کوردیش خۆی دیتەوە کە دابەش کراوە بەسەر چوار دەوڵەت بەبێ رەزامەندی خۆی لە پاش لکاندنی خوارووی کوردستان بەعێراق بەناوی ویلایەتی موسڵ و ئەوانیش دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بوون, لە پاش پێکهێنانی لیژنەی نێودەوڵەتی و لیژنەی ناوبراو زانیارییەکانیان بەپێچەوانەی راستی پێشکەش بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی کورد کرد, دوور لە راستی, برا ئێزیدییەکانیش لە کورد جیاکرانەوە کە ئەمەش دوور لە راستیە چونکە ئێزدییەکان بەشێکن لە میللەتی کورد و ئایین هیچ لە کوردایەتییان کەم ناکات و لەم رووەوە کاریگەر نییە.[٣٥]

---

٣٤- د. محمد عمر مولود/ فیدرالیەت کە دەکرێ لە عێراق جێبەجێ بکرێت، ل٢٩ بەعەرەبی.

٣٥- د. محمد عمر مولود/ فیدرالیەت کە دەکرێ لە عێراق جێبەجێ بکرێت، ل٣٣ بەعەرەبی.

## بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (عصبە الامم) بە لکاندنی موسڵ بەعێراق

لەکاتی دەرچوونی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (عصبە الامم) بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراق چوار بڕگەی تێیدابوو, لە بڕگەکانی ٣-٤ لە بڕیاری سەرەوە تێیدا هاتووە و دەڵێ: دەبێ حکومەتی بەریتانیا بانگهێشت بکرێت بۆ پێشکەشکردنی راوبۆچوونی بەڕێوەبردن بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد هەروەکو لە کۆتایی راپۆرتی لیژنەکە هاتووە, هەروەها دەبێ حکومەتی بەریتانیا (راسپاردەکان) و پێشنیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە جێبەجێ بکات کە پەیوەندییان بەهێورکردنی ناوچەکە و پاراستنی تەواوی خەڵکی ناوچەکە هەیە(مەبەستی خەڵکی کوردستان بوو)[٣٦]، بەڵام بەریتانیا لەبەر بەرژەوەندی خۆی و لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ لەسەر دەریای نەفت بوو بە پێچەوانەی سەرەوە جوڵایەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی, ئارنست کاسل هەستا بەدامەزراندنی کۆمپانیای نەفتی تورکی نوێ و بەریتانیای هاندا بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەپەلە بەسەر کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزی/ فارسی و لقەکەی کۆمپانیای نەفتی تورکی, هەر چەندە تورکیا مەبەستی لەو کارانەدا ئەوەبوو خزمەتی ئامانجەکانی ئابووری و ستراتیژی خۆی بکات بەهێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ خۆی و لە ژێر دەستی بمێنێتەوە، بەڵام بەرێککەوتنی دەوڵەتە گەورەکان، ویلایەتی موسڵیان بەعێراق لکاند بەبێ رەزامەندی کورد کە ئێستا پێی دەڵێن کوردستانی عێراق بەرامبەر بەپێدانی ١٠٪ لە داهاتەکانی نەفتی تورکیا بە ویلایەتی موسڵ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ.

کێشەی کورد لە عێراق لە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١١ ئاداری ١٩١٧ ی بەغدا لەلایەن سوپای بەریتانیا بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ مود و داگیرکرا عێراق خسترایە ژێر ئینتیدابی بەریتانی بەبڕیاری ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانان کە لە سان ریمو لە ٢٥ نیسانی بەسترا١٩٢٠[٣٧] و فەیسەڵی یەکەم بەمەلیکی عێراق لە ٢٣ ئابی ١٩٢١ داندرا، لەکاتی پێکهێنانی یەکەم وەزارەتی عێراقی بەسەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب دەبینین لە بڕگەیەك لە بەرنامەی وزاری لە ٢٥/١٠/١٩٢٠ هاتووە و دەڵێت حکومەتی عێراق دەستوورییە، پەرلەمانییە، دیموکراسییە بەپێی یاسا، و بڕگە دوو باسی کێشەی کورد دەکات هەروەکو لە خوارەوە هاتووە:

٣٦- دانەر.

٣٧- مێژووی وەزارەتی عێراقی - عبدالرزاق الحسين بەعەرەبی.



لەبەر ئەوە کە حکومەتی بەریتانیاماوە دەدات بەو ناوچانەی کوردین کە بەشداری بکات یاخود نەکات لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن (المجلس التأسیسي) بەپێی رێککەوتننامەی سیڤەر ئەنجوومەنی وەزیران وەها دەبینین کە سەربەستێکی تەواو بدرێتە ناوچەکانی سەرەوە بە بەشداربوونیان و یاخوت بەشدار نەبوونیان بەپێی رێککەوتننامەی سەرەوە و لەسەر هەڵوێستی کوردەکانی سەرەوە محاسبە نەکرێت لە دوارۆژ هەرچەندە حکومەتی عێراق حەز دەکات کورد بەشداری بکات و لە عێراق جودا نەبێتەوە.

ئەگەر رەچاوی بەندی سەرەوە بکەین دەبینین وەزارەتی نەقیبی یەکەم لەگەڵ بەندەکانی سیڤەر (کردووە) بەڵا وەهاش پێشانداوە کە حەز ناکەت کورد لە عێراق جودا بێتەوە کەواتە دژی ویستەکانی کورد رانەوەستا بەپێچەوانەی تورکیا هەرچەندە وەزارەتی نەقیبی دانی بەکوردستانییەتی کوردستان دانەنا بەڵام لە پاش دەرچوونی رێککەوتننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ حکومەتە یەکەکانی بەدوای یەك عێراق لە رژێمی مەلەکی کێشە و مافەکانی کوردیان خستە پشتگوێ تا شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨ روویدا[٣٨], هیچ یەکێك لە سیاسەتمەدارانی عێراق بیریان لەوە نەکردووە بە چارەسەرێکی عادیلانە کێشەی کورد جێبەجێ بکەن و دان بەمافی گەلی کورد بنێن, بەپێچەوانەوە بەردەوام بوون لەسەر بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و پەنا بردنە بەر دوژمنانی کورد بۆ کپ کردنی دەنگیان هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت بێت. پرۆگرامەکانی وەزارەتە یەك بەدوای یەك هیچی دەربارەی مافەکانی کورد تێیدا نەبوو هەرچەندە شۆڕشەکانی کورد لەملا و لەولا بەردەوام بوون، شەریف پاشا چاوی بە شێخی نەمر شێخ مەحموودی حەفید کەوت لە ساڵی ١٩٢٢ و هەروەها رۆژنامەکان دەنگوباسیان بڵاوکردەوە کە شەریف پاشا چاوی بەمەلیك فەیسەڵی یەکەم دەکەوێت لەسەر کێشەی کورد[٣٩], هەردوو حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا رێککەوتبوون لەسەر دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە عێراق بەپێی بەیاننامەی عێراقی - بەریتانی لە ساڵی ١٩٢٢ و لە خوارەوەش دەقی (بەیانەکەیە):


حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دان بە مافەکانی کورد دەنێن کە لەناو سنوورەکانی عێراق دەژین, بەدامەزراندنی حکومەتی کوردی لە چوارچێوەی سنوورەکەیان,

٣٨- مێژووی وەزارەتی عێراقی - عبدالرزاق الحسين بەعەرەبی.

٣٩- روهام الاكوم شريف پاشا وەرگێڕانی شوکر مصطفى بەعەرەبی، ل٣٤١.

هەردوو حکومەت ئومێدیان وایە کە خەڵکی کوردستان بەنزیکترین کات لە نێوان خۆیان ڕێك بکەون لەسەر جۆری حکومەتەکە و ناردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندییەکانی ئابووری و رامیاری لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق[٤٠].

بەڵام هەردوو حکومەتە لە پابەندی بەیاننامەکە نەبوون و کێشەی کوردیان فەرامۆش کرد.



٤٠- فرید اسسرد، کێشەی کورد لە پاش یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بەعەرەبی.



## یاسای بنەڕەتیی عێراق (القانون الاساسي العراقي)

## بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ئێمە کە مەلیکی عێراقین لەسەر ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەنی پێکهێنان (المجلس التأسيسين) یاسای بنەڕەتیمان پەسەند کرد و فەرمانماندا بەجێبەجێکردنی.

**پێشەکی:**

**بەندی یەك:** ئەم یاسایە بە یاسای بنەڕەتی عێراقی ناوزەد دەکرێت و بەندەکانی لەسەر هەموو شوێنەکانی عێراق دەڕوات و جێبەجێ دەکرێت.

**بەندی دوو:** عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئازاد و سەربەستە و مولکیەتیش دابەش ناکرێت , ناکرێت تەنازول لە هیچ شتێك بکرێت و حکومەتەکەش رژێمی مەلەکییە و میراتییە و چەشنی پەرلەمانییە.

**بەندی سێ:** شاری بەغدا پایتەختی عێراقە و دەکرێ لەکاتی پێویستە شارێکی تر بەیاسا بکرێت بە پایتەخت.

**بەندی چوارەم:** ئاڵای عێراق بەم چەشنە پانوبەرینەی خوارەوە دەبێت: درێژییەکەی دوو بەرامبەر بەرینییەکەیی و راستەوراست دەکرێتە سێ بەشی یەکسان بەرەنگەوە، بەشی سەرەوە رەش دەبێت و دوایی سپی و پاشان سەوز دەبێت, لەلایەن داری ئاڵایەکە (ساریە) چوار گۆشەیەکی خوار دەبێت و بنەکەکەی (قاعدەی) بەقەد بەرینی ئاڵایەکە دەبێت و لایە بچووکەکەی بەقەد رەنگی سپی دەبێت و بەرزاییەکەشی چارێکی درێژی ئاڵا دەبێت و لەناوەندیشی دوو ئەستێرەی سپی دەبێت بەهەفت چوکل و لەسەر یەك بەرامبەر بەداری ئاڵا دەبێت بەڵام چۆنێتی ئاڵا و دروشمی دەوڵەت و نیشانەکانی بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن.

## دەروازەی یەکەم مافەکانی میللەت

**بەندی پێنجەم:** ڕەگەزنامەی عێراقی دادەنرێت و دەدرێت و لەدەست دەچێت بەپێی یاسایەکی تایبەت.

**بەندی شەشەم:** هیچ جیاوازییەکدا لە نێوان عێراقییەکان بەرامبەر یاسادا, هەرچەندە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و زمان لە نێوانیاندا هەبێت.

**بەندی حەفتەم:** سەربەستی و ئازادی هەموو تاکی عێراقی پارێزراوە, بۆ کەس نییە دەستی بۆ ببات و دەستیتێوەربدات وەیا خۆی تێهەڵقولێت, نابێ هیچ کەسێك بگیرێت و زیندانی بکرێت یان سزا بدرێت و ناچار بکرێت بەگۆڕینی شوێنی ژیانەکەی و یاخود بەربەست لەسەری دابندرێت یاخود ناچار بکرێت بەخزمەتکردنی لە هێزەکانی چەکداری تەنها بەپێی یاسا دەبێت ئازار و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە و دەرکردن بۆ دەرەوەی عێراق بەهیچ جۆرێك نابێت و قەدەغەیە.

**بەندی هەشتەم:** جێ نشینی مرۆڤ پارێزراوە لەهەر دەست درێژییەك و نابێ بڕۆنە ناو ماڵان یاخود پشکنینی بکەن تەنها بەپێی بارودۆخ و ئەو ڕێگایانەی یاسا دیاری کردوون.

**بەندی نۆ:** هیچ کەسێك قەدەغە ناکرێت بەسەردانی دادگاکان وەکو داخواز, هیچ کەسێك ناچار ناکرێت کە بچێتە دادگاکە تایبەتمەند نەبێت بەکێشەکەی تەنها بەپێی یاسا دەبێت.

**بەندی دە:** مافەکانی موڵکیەت پارێزراوە و نابێ هیچ مەرج لەسەر هەبێ و نابێت دەست بەسەر ماڵ و موڵك دابگیرێت, هەر موسادەرەکردنی کەلوپەلی قەدەغەکراو تەنها بەپێی یاسا دەبێ، کاری سوخرە قەدەغەیە هەروەها موسادەرەی گشتی بۆ ماڵی خەڵك، گواستراوە و نەگواستراوە قەدەغەیە و موڵکی کەس بۆ بەرژەوەندی گشتی زەوت ناکرێ تەنها بەپێی ئەو ڕێگایەی کە یاسا دیاری دەکات و بەمەرجی قەرەبووکردنێکی عادیلانە قەرەبوو بکرێت.

**بەندی یازدە:** هیچ باجێك تەنها بەپێی یاسا نەبێت ناسەپێندرێت و هەموو جۆرە سنفێك دەگرێتەوە.

**بەندی دوازدە:** عێراقییەکان بۆیان هەیە ئازادی بیروڕا دەربڕن و بڕیارەکانی بڵاوبکەنەوە هەروەها کۆڕ و کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و ڕێکخراوەکان پێك بهێنن و بەپێی یاسا بچنە ناویان.

**بەندی سێزدە:** ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە و هەموو لایەك ئازادن لە ئایینی خۆیان هەرچەندە مەزهەبەکان لەیەك جیابن, هەر هەموویان ڕێزی تایبەتی خۆیان هەیە و هەموو



لایەك ئازادن بەپێی دابونەریتی خۆیان خزمەتی ئاین و مەزهەبی خۆیان بکەن, بەڵام نابێ ئەمن و ئاسایش تێکبدەن و دژی ئادابی گشتی بن.

**بەندی چواردە:** هەر عێراقیەك مافی پێشکەشکردنی پێشنیاری هەیە کە پەیوەندی بەکاروباری خۆی هەبێت هەروەها پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێت بۆ مەلیك و ئەنجوومەنی پەرلەمان و دەستەڵاتدارانی گشتی بەپێی ئەو ڕێگایانەی کە یاسا دیاری کردوون.

**بەندی پازدە:** هەموو نووسینەکان و پەیوەندییەکانی پۆستە و بروسکەکان و پەیوەندییەکانی تەلەفۆن شاراوەیە و پارێزراوە لە هەموو چاودێرییەك و ڕاگرتنێك تەنها لە و حاڵەت و ڕێگایانەی یاسا دەستنیشانی کردوون.

**بەندی شازدە:** هەموو کەمایەتییەکان و تائیفەکان بۆیان هەیە قوتابخانە دابمەزرێنن بۆ فێرکردنی تاکەکانیان و خوێندنیان بەزمانی تایبەتی خۆیان, بەمەرجێك پرۆگرامەکانی تایبەتی لەگەڵ پرۆگرامەکانی گشتی یەك بگرن و تێك بکەنەوە کە یاسا دیاری کردوون.

**بەندی هەڤدە:** زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی دەوڵەتە و جگە لەوەی تر بەپێی یاسایەکی تایبەت دەقی لەسەر دەکات.

**بەندی هەژدە:** هەموو عێراقییەکان یەکسانن بەبەکارهێنانی و سوود وەرگرتن لە مافەکانیان و هەستان بە ئەرکەکانیان, بۆ هەموویان هەیە بەبێ جیاوازی هەر کارێکی حکومەت پێیان بسپێرێ بەپێی توانا و هەڵسوکەوتی خۆی, نابێ غەیرە عێراقییەکان کاری حکومییان پێ بسپێردرێت تەنها لە چەند حاڵەتێکی (نائاسایی) کە بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن, بەڵام ئەو بێگانانەی کە دەبێ بەکاریان بهێننەوە یاخود دەکرێت بەکاریان بهێنن بەپێی پەیمانەکان و یاخود بەڵێندەرانی لە نائاسایی سەرەوە جیا دەکرێنەوە.

## دەروازەی دووەم – مەلیك و مافەکانی

**بەندی نۆزدە:** سەروەری دەستووری مەملەکەتی عێراق بۆ خەڵکی عێراقە و ئەمانەتی میللەتە لەلای مەلیك فەیسەڵی کوڕی حوسێن و میرات گرەکانی لە پاش خۆی.

**بەندی بیست:** ویلایەتی حوکمڕانی عێراق بۆ گەورە کوڕی مەلیکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی یاسای میراتگری (وراثة).

**بەندی بیست و یەك:** مەلیك سوێندی یاسایی دەخوات بەرامبەر بەئەنجوومەنی نوێنەران و ماقوولان، سوێندی پاراستنی بەندەكانی یاسای بنەڕەتی و سەربەخۆیی وڵات و دڵسۆزی بۆ وڵات و میللەت لەسەر بنەمای قەبووڵ كردنی بەمەلیكی عێراق (العرش).

**بەندی بیست و دوو:** ئەوەی كە دەبێتە مەلیك دەبێ هەژدە ساڵ تەمەنی تەواو بكات، ئەگەر تەختی پاشایەتی بۆ ئەو كەسەی كە هەژدە ساڵ تەواوی نەكردبێت گوێزرایەوە مافەكانی مەلیك بۆ ئەو كەسە دەبێت كە مەلیكی پێشوو كردبێت راسپێر هەتا مەلیك هەژدە ساڵ تەمەنی تەواو بكات, بەڵام بۆ راسپێر نییە خۆی ببێتە مەلیك و هەندێك لەو مافانە بەكاردەهێنێت هەتا ئەنجوومەنی پەرلەمان رەزامەندی خۆیی دەربڕێت بەدامەزراندنی و ئەگەر ئەنجوومەنی سەرەوە رازی نەبوو بە دانانی وە یاخود مەلیكی پێشوو هیچ كەسێك بەسەروەسی دانەنابێت ئەوە ئەنجوومەنی سەرەوە راسپێر دادەنێت و دەبێت وەسیش سوێندی سەرەوە بەرامبەر بە ئەنجوومەنی سەرەوە بخوات و مافەكانی مەلیكی دەستووری بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت تا وەسی دادەندرێت و سوێندی یاسایی بخوات و ئەنجوومەنی وەزیران دەستەڵاتی مەلیك بەكاردەهێنێت و بەرپرسیارێتی، وەسی دەستەڵاتەكان بەكاردەهێنێت و بەرپرسیارە لێیان و بۆی نییە لە ماوەی ویسایەتەكەی هیچ هەمواركردنێك و یاخود راستكردنەوەیەك لە یاسای بنەڕەتی بكات لەو مافانەی كە مەلیك هەیەتی و هەروەها میزنگری لە مادەی راسپێریدا.

**بەندی بیست و سێ:** ئەگەر وا پێویست بوو بەلادانی وەسی ئەنجوومەنی پەرلەمان بانگ هێشت دەكرێت بۆ بەستنی كۆبوونەوە بەبێ دواكەوتن و ئەگەر ئەنجوومەنی سەرەوە هەڵوەشێندرابێت و ئەنجوومەنی نوێ هەڵنەبژێردرابێت، ئەنجوومەنی كۆنی هەڵوەشێندراو بۆ مەبەستی سەرەوە كۆدەبێتەوە.

**بەندی بیست و چوار:** مەلیك بۆی نییە ببێتە مەلیك لە دەرەوەی عێراق تەنها بەرازامەندی ئەنجوومەنی نیشتمیانی (الامه) نەبێ.

**بەندی بیست و پێنج:** مەلیك پارێزراوە و بەهیچ شێوەیەك بەرپرس نییە.

**بەندی بیست و شەش:**

١- مەلیك سەرۆكی باڵای دەوڵەتە و یاسایەكان پەسەند دەكات و فەرمان دەدات بە بڵاوكردنەوەیان و چاودێری جێبەجێكردنیان دەكات, بەفەرمانی رێنمایەكان دادەندرێن بۆ جێبەجێكردنی یاسایەكان بەرێكوپێكی.



٢- مەلیك فەرمان دەردەكات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجوومەنی پەرلەمان, بە ئەنجامدانی كۆبوونەوە كە بەخۆی كۆبوونەوەكە دەكاتەوە و دوای دەخات و بەپێی یاسا هەلیدەوەشێنێتەوە و بڵاوی دەكاتەوە.

٣- لەكاتی پشوودانی ئەنجوومەن ئەگەر هەندێك كاری گرتن هاتە پێش بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی گشتی, یان پاڵدانی كارێكی خەتەرناك, یان خەرجكردنی پارەیەك كە لە میزانییە رێگا نەدراوە بەخەرج كردنی, یان یاسایەكی تایبەتی و یاخود هەستان بە ئەركی رێككەوتننامەكان، مەلیك بۆی هەیە بە دەركردنی مەرسومەكان بەرەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران, ئەم مەرسومانە هێز و توانایی یاسایی بنەڕەتی هەیە، و لە یەكەم كۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەبێ بخرێنە بەردەم ئەنجوومەن جگە لەو مەرسومانەی پەیوەستن بە هەستان بە ئەركی پەیمانەكان پەسندكراون لەلایەن ئەنجوومەن و یاخود ئەنجوومەنی دامەزراندن (تأسیسی)، ئەگەر ئەنجوومەن ئەو مەرسومانەی پەسند نەكرد دەبێ حكومەت كۆتایی بەحوكمەكەی بهێنێت و وادادەنرێن كە هەڵوەشێندراون لە رۆژی راگەیاندنی حكومەت بەكۆتایی هاتنی و ئەم مەرسومانەش دەبێ ئیمزا كرابن لەلایەن هەموو وەزیرەكان.
وشەی یاسا هەموو ئەو مەرسومانە دەگرێتەوە كە بەپێی ئەم بەندە دەرچوونە ئەگەر لە خودی مەرسومەكە (قەرینەیەك)ی تێدا بێت بەپێچەوانەی سەرەوە.

٤- مەلیك رێككەوتننامەكان دەبەستێت بەمەرجێك نابێ پەسندی بكات تا رەزامەندی ئەنجوومەنی پەرلەمان (الامه) لەسەری نەدرێت.

٥- مەلیك، سەرۆك وەزیران دەست نیشان دەكات و لەسەر پاڵاوتن سەرۆك وەزیرەكان دادەمەزرێنێت و وازهێنانیان قەبووڵ دەكات.

٦- مەلیك ئەندامەكانی ئەنجوومەنی ئەعیان دادەنێت و وازهێنانیان قەبووڵ دەكات.

٧- مەلیك لەسەر پێشنیاری وەزیری بەرپرس هەموو نوێنەرانی رامیاری و كارمەندانی مەلەكی و قازییەكان و حاكمەكان دادەمەزرێنێت و دەریان دەكات ئەگەر ئەم دەستەڵاتە نەدرابێتە لایەنێكی تری بەرپرس بەپێی سیستەمێكی تایبەت, بۆ مەلیك هەیە نیشانە و ئاست و هەموو ئەوانیتر كە نیشانەی شەرەفن ببەخشێت.

٨- مەلیك سەرۆكایەتی گشتی هەموو هێزە چەكدارەكان دەكات و جەنگ رادەگەیەنێت بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران, بۆی هەیە رێككەوتننامەی پێكهاتنەوە (صولح) ببەستێت،

بەڵام نابێت بەچەشنێکی کۆتایی پەسند بکات تا پاش ڕەزامەندی ئەنجوومەنی (امه) و بۆی هەیە بەپێی یاسا ئەحکامی عورفی ڕابگەیەنێت.

٩- پارە بەناوی مەلیك دروست دەکرێت.

١٠- حوکمی خنکاندن بەبێ پەسندکردنی مەلیك جێبەجێ ناکرێت و مەلیك بۆی هەیە حوکمەکە سوك بکات یان لای ببات بەلێبوردنێکی تایبەتی و بۆی هەیە بەرەزامەندی هەردوو ئەنجوومەن لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێت

## دەروازەی سێیەم - دەسەڵاتی تەشریعی

**بەندی بیست و هەفت:** مەلیك دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاردێنێت بە (ئیراداتی مەلەکی) لەسەر پێشنیاری وەزیرەکانی بەرپرس و بەرەزامەندی سەرۆك وەزیران و لەلایەن ئەوان ئیمزا دەکرێن.

**بەندی بیست و هەشت:** دەسەڵاتی تەشریعی (یاسادانان) بەدەست ئەنجوومەنی ئوممەیە لەگەڵ مەلیك و ئەنجوومەنی ئوممە لە هەردوو ئەنجوومەنی ماقوولا و نوێنەران پێك دێت و دەسەڵاتی تەشریعی مافی دانانی یاساکان و هەموارکردنیان و هەڵوەشاندنەوەیان بەرەچاوکردنی ئەم یاسایەی هەیە.

**بەندی بیست و نۆ:** خودی مەلیك ئەنجوومەنی ئوممە دەکاتەوە و بۆی هەیە سەرۆك وەزیران بەنوێنەرایەتی خۆی بنێرێت یان یەکێك لە وەزیرەکان بۆ کردنەوەی ئەنجوومەن وتەی عەرش بخوێنێتەوە.

**بەندی سی:** نابێتە ئەندام لە ئەنجوومەنی ماقوولا و نوێنەران:

١- یەکێك خۆی بە ڕەگەزنامە یان لە ژێر پاراستنی بێگانە دابنێت.

٢- تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر بێت بۆ نوێنەر و لە چل ساڵ کەمتر بێت بۆ عەین.

٣- یەکێك حوکم درابێت بە ئیفلاس و ئیعتبارەکەی بۆ نەگەڕاندبێتەوە.

٤- یەکێك حجزی لەسەر بێت و لەسەری هەڵنەستابێت.

٥- یەکێك مافەکانی شارستانی لێ سەندرابێ.

٦- یەکێك حوکمدرابێت بەبەندی لە ساڵێك کەمتر نەبێت لەسەر تاوانێکی غەیرە ڕامیاری و هەروەکو حوکم درابێت بە بەندکردنی لەسەر دزی و یاخود ریشوە وەرگرتن و یاخود خیانەتی



ئەمانەت کردبێت یا تەزویر و یاخود فێڵکردن و یاخود تاوانەکانیتر پەیوەندیی بە تێکدانی شەرەف بێت بەهەر شێوەیەك بێت.

٧- هەر یەکێك بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبێت دەرئەنجامی گرێ بەستێك لەگەڵ یەکێك لە دەزگاکانی گشتی میری عێراقی تەنها ئەگەر سوودمەندبێت لە ئەنجامی بەشداربوونی لە کۆمپانیایەك کە پێکهاتبێت لە زیاتر لە ٢٥ کەس، و ئەو کەسانە هەڵاوێر دەکرێن کە بەستراونەوە بە دە یەکی ١/١٠ کرێ گرتەکانی زەوی و زاری میری و موڵکەکانیان.

٨- ئەگەر یەکێك دواکەوتووی عەقڵی بێت و یاخود گێل بێت.

٩- لە خزمەکانی مەلیك بێت و پلەی خزمایەتی بە یاسایەکی تایبەتی دیار دەکرێت و بەهەرحاڵ نابێت یەك مرۆڤ لە هەردوو ئەنجوومەن ئەندام بێت لە یەك کاتدا.

**بەندی سی و یەك:** نابێت ژمارەی ئەنجوومەنی ئەعیان لە بیست ئەندام زیاتر بێت و مەلیك وایان دامەزرێنێت و دەبێ ئەوانە بڕوای جەماوەریان پێ هەبێت و کار و ڕەوشتیان باش بێت و رابردوویان چاك بێت لە ڕێگای خزمەتکردنی دەوڵەت و وڵات.

**بەندی سی و دوو:** ماوەی ئەندامێتی ئەنجوومەنی ماقوولان هەشت ساڵە بەمەرجێك نیوەیان هەرچوار ساڵ دەبێ بگۆڕدرێن و دەکرێت ئەندامەکانی پێشوو دووبارە ببنەوە ئەندام، و یەکەم نیوە بۆ یەکەم گرووپ دەبێ بە دەنگدان بێت

**بەندی سی و سێ:** سەرۆك و هەردوو جێگری دەبێ لەلایەن ئەنجوومەنەوە هەڵبژێردرێن بۆ ماوەی یەك ساڵ و پەسند بکرێت لەلایەن مەلیك و دەکرێت دووبارە هەڵیانبژێرنەوە.

**بەندی سی و چوار:** ئەندامی ئەنجوومەن ساڵانە دەرماڵەی بەرامبەر پێنج هەزار روپیە پێدەدرێت لەسەر تەنها ماوەکانی کۆبوونەوە و هەزار و دووسەدو پەنجا روپیە لە جیاتی هەر مانێگ زیادە لەسەر ماوەی کۆبوونەوە جگە لە دەرماڵەی هاتووچۆ.

**بەندی سی و پێنج:**

**بەندی سی و شەش:** ئەنجوومەنی نوێنەرەکان دەبێ بەهەڵبژاردن بێ بەرێژەی هەر نوێنەرێك لە جیاتی بیست هەزار مرۆڤ دەبێت.

**بەندی سی و هەفت:** چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بە یاسایەکی تایبەتی دیار دەکرێت و دەبێ

ڕەچاوی دەنگدانی نهێنی بکرێت و دەبێ ڕەچاوی بەشداری کردنی نوێنەرانی کەمایەتییە غیر مسولمانەکان بکرێت.

**بەندی سی و هەشت:** ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەرەکان چوار کۆبوونەوەی ئاسایین لەهەر ساڵێك ئەنجام دەدرێن و هەر کۆبوونەوەیەك لە ١١/١ لە هەر ساڵێك دەست پێدەکات کە لە پاش هەڵبژاردن دێت و ئەگەر وا ڕێککەوت ڕۆژی پشوودان بوو لە ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەکە دەبەسترێت، وە ڕەچاوکردنی بڕگە ٢ لە بەندی ٢٦ دەکرێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەن.

**بەندی سی و نۆ:** مەلیك داوای کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات لە پایتەخت لە ١١/١ی هەموو ساڵێك و ڕەچاوکردنی بەندی ٣٧ و ئەگەر داوای کۆبوونەوەی نەکرد بەپێی یاسا دەبێ کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت و بەو کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی ئاسایی کە بۆ چوار مانگ رادەکێشێت دەست پێدەکات، تەنها لەو حاڵەتە کە مەلیك ئەنجوومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە پێش تەواوبوونی ماوەی سەرەوە ئەوە کۆتایی پێ دێت ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر ئەگەر درێژەی ماوەی کۆبوونەوەی کرد بەمەبەستی تەواوکردنی هەندێك کاری بەپەلە و ئەگەر لەم حاڵەتە ماوەی کۆبوونەوەی درێژە پێدا نابێ زیاتر لە شەش مانگ بێت.

بۆ ئەنجوومەن هەیە کۆبوونەوەکانی بەین نا بەین دوابخات بەپێی (نیزامی ناوخۆی ئەنجوومەن) و ئەگەر مەلیك فەرمانی دا بەدواخستنی  کۆبوونەوە دەبێ ئەنجوومەن کۆبوونەوەکە دوابخات بەڵام لە سێ جار زیاتر نەبێت لەهەر کۆبوونەیەك و لە دوو مانگ تێنەپەڕێت. و لەکاتی ژماردنی ماوەی کۆبوونەوە ماوەی دواخستنەوەی کۆبوونەوەکان ناژمێردرێت.

**بەندی چل:** ئەگەر ئەنجوومەن هەڵوەشایەوە دەبێ یەکسەر هەڵبژاردنی نوێ دەستپێبکات و دەبێ یەکسەر ئەنجوومەنی نوێ بانگ بکرێت بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بەمەرجێ چوار مانگ تێنەپەرێت لەسەر ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی و ئەم کۆبوونەوەیە پەیڕەوی خاڵەکانی بەندی ٣٨ دەکات، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە دواخستن و درێژەپێدان و بەهەرحاڵ دەبێ کۆبوونەوەکە کۆتایی پێبێت لە ١٠/٣١ بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی ئاسایی لە ١١/١ دەست پێ بکات لە سەرەتای تشرینی دووەم و ئەگەر وا ڕێکەوت کۆبوونەوەی نائاسایی لە تشرینی دووەم و کانونی یەکەم بوو، بە یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی بۆ دەورەکە دەژمێردرێت، ئەگەر ئەنجوومەن هەڵوەشێندرایەوە بۆ کارێك نابێت دووبارە ئەنجوومەنی نوێ هەڵبوەشێنێتەوە  بۆ هەمان کار.

**بەندی چل و یەك:** دەکرێ نوێنەری پێشوو دووبارە هەڵبژێردرێتەوە.



**بەندی چل و دوو:** هەر عێراقییەك سی ساڵ تەمەنی تەواو کردبێت و یەکێك لەو بەربەستانەی کە لە بەندی ٢٩دا هاتوون بۆی هەیە هەڵبژێردرێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرەکان بەڵام تەنها لەسەریەك ناوچەیێك بۆی هەیە ئەوەی کە دیارکراوە بەپێی یاسا و ئەگەر یەك لەسەر زیاتر لە یەك ناوچە خۆی بۆی هەیە یەکێك لەو ناوچانە بۆخۆی دیار بکات لە ماوەی هەشت ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنی و ئەو مووچەخۆرانەی کە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەنجوومەن، بۆیان هەیە یەکێك لەم دووانە بۆ خۆیان دیار بکەن چونکە دە ببێتە ئەندامی ئەنجوومەن و بۆی هەیە ڕەفزی بکات و لە وەزیفەی خۆی بمێنێتەوە، و ئەوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن قەبووڵ بکات دەبێ دەست لە وەزیفەکە هەڵگرێت.

**بەندی چل وسێ:** ئەنجوومەنی نوێنەرەکان خۆی بڕیار دەدەن لەسەر مەرجەکانی کە پێویستن بۆ نوێنەر و رادەرکردن لەسەر ئەو خەڵکانەی کەوا تێدەگەن کە هەڵبژاردنەکە دژیانە و هەروەها خاوەن بڕیارە لەسەر پێشنیاری وازهێنانی ئەندامان و ئەوەی پەیوەندی بە ئەندامەکانی هەیە.

**بەندی چل و چوار:** ئەنجوومەن بۆی هەیە سەرۆك و دوو جێگر و دوو نووسەر لەناو ئەندامەکان هەڵبژێریت و بۆ ماوەی یەك ساڵ و دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ مەلیك و پەسندی دەکات، و لەکاتێ سەرۆك ئامادە نەبێت لە ئەنجوومەن یەکێك لە جێگرەکان جێگایەکەی پڕ دەکاتەوە تا دەگەڕێتەوە.

**بەندی چل و پێنج:** هەریەکێك لە ئەندامەکانی پەرلەمان بۆی هەیە ڕەش نووسی یاسایەك پێشنیار بکات جگە لەوەی پەیوەندی بەداراییەوە هەیە و دێینە سەر ئەوە، بەمەرجێك دە لە ئەندامەکان پشتگیری بکەن و ئەگەر پێشنیارەکەی لەلایەن ئەنجوومەن پەسند کرا ئەوە دەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ڕەشنووسی یاسا بنووسن و هەر پێشنیارێك ئەنجوومەن ڕەتی کردەوە ناکرێت دووبارە لە هەمان کۆبوونەوەدا پێشنیار بکرێتەوە.

**بەندی چل و شەش:** ئەندام بۆی هەیە وازهێنانی خۆی پێشکەش بکات بە نووسین بۆ سەرۆك و وازهێنانەکەی کاری پێ ناکرێت هەتا ئەنجوومەنی نوێنەرەکان ڕەزامەندی خۆی لەسەر نەدات.

**بەندی چل و حەفت:** لەکاتی کۆتایی هاتن بە ئەندامێتی یەکێك لە ئەندامەکان بەهۆی مردنەوە یاخود وازهێنان و یاخود کەم بوونەوەی یەکێك لە مەرجەکانی پێویست و یاخۆت ئامادە نەبوون بۆ ئەنجوومەن دەبێ لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی یەکسەر هەڵبژاردنی نوێ بکرێت.

**بەندی چل و هەشت:** ئەندامی ئەنجوومەن بەنوێنەری هەموو وڵاتی عێراق دەژمێردرێت نەك هەر ناوچەی خۆ کەڵەسەری هەڵبژێردراوە.

**بەندی چل و نۆ:** ئەگەر ئەندامی ئەنجوومەن ئامادە نەبوو تا ماوەی یەك مانگ بەبێ ڕێگا پێدان و بەبێ هۆیەکی ڕەوا بە وازهێنەر دەژمێردرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەندی (٤٥).

**بەندی پەنجا:** نوێنەر چوار هەزار ڕوپیە دەدرێتێ بەرامبەر هەر کۆبوونەوەیەك جگە لە پارەی هاتووچۆو ئەگەر ماوەی کۆبوونەوەکە زیاتر لە چوار مانگی خایاند بڕی هەزار ڕوپیە دەرێتە نوێنەر لە جیاتی هەر مانگێکی زیاد.

**بەندی پەنجاو یەك:** نوێنەرەکان و ماقووڵان لە پێش دەست بەکاربوونیان دەبێ سوێندی یاسایی بخۆن لەبەردەم ئەنجوومەنەکە کە دڵسۆزی مەلیك و یاسایی بنەڕەتی دەپارێزن و خزمەتی ئاسایش و نیشتیمان دەکەن و بەڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

**بەندی پەنجاو دوو:** هەریەك لەو دوو ئەنجوومەنە دەست بەکارەکانی خۆیان ناکەن ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامەکان و بەکەمی یەکێك ئامادە نەبن.

**بەندی پەنجاو سێ:** بڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگەکانی ئامادەبووان دەردەچن ئەگەر لە یاسا بەپێچەوانەی سەرەوە نەهاتبێت و ئەگەر دەنگەکان بەرامبەر بەیەك بوون ئەو لایە بەسەر دەکەوێت ئەوەی دەنگی سەرۆکی ئەنجوومەنی لەگەڵ بێت و زۆرینە دروست نابێت ئەگەر نیوەی ئامادەبووان دەنگ نەدەن و هەریەکێك لە ئەندامەکان ڕای خودی خۆی دەدات و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی ناوخۆ ڕێگای دەنگدان دیاردەکات.

**بەندی پەنجاو چوار:** هەر ئەندامێك بۆی هەیە پرسیار و ڕونکردنەوە ئاراستەی وەزیرەکان بکات و تاوتۆ لەسەری دەکرێت و لەسەر وەلامەکانیش بەو چەشنەی کە لە (نیزامی ناوخۆ)ی هەر ئەنجوومەنێك دیاری کردووە لە پاش هەشت ڕۆژ لە پاش ئاراستەکردنی پرسیارەکان لەکاتێك کە: پەلە نەبێت وە یاخود بە ڕەزامەندی وەزیر بێت.

**بەندی پەنجاو پێنج:** ئەنجوومەن دەبێ بڕیاری خۆی لەسەر ڕەشنووسی یاساییەکان بەند بەبەند بدات و یاخود بەتێکڕایی.

**بەندی پەنجاو شەش:** نابێت هیچ هێزێکی چەکدار بچێتە ناو ئەنجوومەن و تا لە نزیك دەرگایەکان نیشتەجێ بێت تەنها لەسەر داوای سەرۆك دەبێت.



**بەندی پەنجاو حەفت:** هەموو دانیشتنەکانی هەردوو ئەنجوومەن بە ئاشکرایی دەبن تەنها لەو حاڵەتە کە یەکێك لە وەزیرەکان داوا بکات و یاخود چوار عەین و یاخود دە نوێنەر و گفتوگۆ و تاوتۆ لەسەر ئەو کارەی کە قسە لێوە دەکرێت دەبێ نهێنی بێت.

**بەندی پەنجاو هەشت:** بۆ هیچ کەسێك نییە بچێتە ناو هەردوو ئەنجوومەن و قسەی تێیدا بکات تەنها بۆ ئەندامەکان و وەزیرەکان هەیە و هەروەها بۆ گەورە فەرمانبەران کە وەزیرەکان لە جیاتی خۆیان دەنێرن ئەگەر خۆیان ئامادە نەبوون و یاخود ئەنجوومەن داوایان دەکات.

**بەندی پەنجاو نۆ:** بۆ ئەنجوومەنی عەینەکان و ئەندامانی پەرلەمان هەیە (پێڕەو) و ڕێنماییەکان دەربکەن ئەوەی کە پەیوەندی بەکاروباری خوارەوە هەیە:

١- چۆنێتی بەکارهێنانی دەستەڵات و ئیمتیازات و ئەو (چماناتەی) درایتە ئەنجوومەن بەپێی یاسا و ڕێگای پاراستنی.

٢- ڕێکخستنی کاروباری ئەنجوومەنەکان: و چۆنێتی بەڕێوەبردنی تاوتۆیان چ بەتاك چ بەکۆمەڵ.

**بەندی شەست:** ئەندامەکانی ئەنجوومەنی (امە) نوێنەرەکان و عەینەکان ناگیرێن و دادگایی ناکرێن لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنا ئەگەر لە ئەنجوومەنەکە بڕیاری ڕەزامەندی دەرنەچێت بە زۆرینە کە هۆی تەواو هەیە بەوەی تۆمەت بخرێتە پاڵی، و هەر ئەندامێك سەربەستی تەواوی هەیە لە قسەکردن و ڕادەربڕین لە چوارچێوەی نیزامی ئەنجوومەنی کە خۆی ئەندامێتی و هیچ ئیجرائاتی یاسایی دەرهەقی وەرناگیرێت لەسەر دەنگدان و یاخود بیروڕای خۆی و یاخود وتەگوتن لەکاتی تاوتوێی ئەنجوومەن و گفتوگۆیەکانی، و ئەگەر نوێنەر گیرا لەکاتی پشوودانی ئەنجوومەن دەبێ میری ئاگاداری ئەنجوومەن بکات یەکسەر لەکاتی دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە و ڕونکردنەوەی تەواو پێشکەش بکات لەگەڵ هۆیەکانی گرتنی ئەندامەکە.

**بەندی شەست و یەك:** هەر وەزیرێك بۆی هەیە ئەندام بێت لە یەکێك لە دوو ئەنجوومەن و مافی دەنگدانی هەیە لەم ئەنجوومەنە و هەروەها قسەکردن بەڵام ئەو وەزیرانەی ئەندام نین لە یەکێك لە هەردوو ئەنجوومەن بۆیان هەیە لە هەردوو ئەنجوومەن قسە بکەن بەڵام مافی دەنگدانیان نییە، و بۆ وەزیرەکان و ئەوانەی بە نوێنەرایەتییان ئامادە دەبن مافی پێشینەیان لە قسەکردن هەیە لە هەردوو ئەنجوومەن لە پێش هەموو ئەندامەکان.

**بەندی شەست و دوو:**

١- هەموو گەلاڵای یاسایی (لائیحەی یاسایی) دەبێ بەرز بکرێنەوە بۆ هەریەك لەو دوو ئەنجوومەنە و ئەگەر رازی بوو بەرز دەکرێنەوە بۆ ئەنجوومەنی تر و نابنە یاسا ئەگەر هەردوو ئەنجوومەن رەزای خۆیان لەسەر دەرنەبڕن و مەلیك پەسندی نەکات.

٢- هەردوو ئەنجوومەن بڕیاری رەزامەندی لەسەر ئەو (گەلاڵانە) دەدەن کە لەلایەن حکومەتەوە بەرزکرابنەوە و پاش رەزامەندی لەسەریان بەرزدەکرێنەوە بۆ مەلیك بۆ پەسندکردنیان و یاخود گێڕانەوەیان لەگەڵ دیارکردنی هۆیەکانی گێڕاندنەوە لە ماوەی سێ مانگ تەنها لە حاڵەتێك ئەگەر یەکێك لە هەردوو ئەنجوومەن داوای پەلەکردنی کرد ئەوە دەبێ پەسندیان بکات و یاخود بیانگەڕێنەوە لە ماوەی پانزە رۆژ بۆ پێداچوونەوە لەگەڵ دیارکردنی هۆیەکانی پێویست.

٣- ئەگەر هەردوو ئەنجوومەن (لائحەکەیان) رەت کردووە، ناکرێت دووبارە بەرزبکرێتەوە بۆ یەکێك لە هەردوو ئەنجوومەن لە ماوەی کۆبوونەوەدا.

٤- بەندی شێست و سێ: ئەگەر یەکێك لە هەردوو ئەنجوومەن لائحەکەی رەتکردەوە دووجار و ئەویتر رەزامەندی لەسەردا، دەبێ لیژنەیەکی هاوبەش پێك بهێنرێت لە ئەندامانی ئەنجوومەنی عەینەکان و ئەنجوومەنی نوێنەرەکان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان بوو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بەندانەی کە ناکۆکییان لەسەر هەیە و ئەگەر لائحەکە رەزامەندی لەسەر درا لەلایەن دوو لەسەر سێی لیژنەی هاوبەش چ هەموارکرابێت و یاخود بەبێ هەموارکردن ئەوە دەژمێردرێت پەسندکراو لەلایەن هەردوو ئەنجوومەن بەڵام سیفەتی یاسایی وەرناگرێت تا پاش پەسندکردنی مەلیك و ئەگەر بەم چەشنە رازی بوون لەسەری نەدرا ناکرێت دووبارە بەرزبکرێتەوە بۆ هەریەکێك لەو دوو ئەنجوومەنە لە هەمان کۆبوونەوە.

## دەروازەی چوارەم — وەزارەت

**بەندی شەست و چوار:** نابێ ژمارەی وەزیرەکانی دەوڵەت لە نۆ وەزیر زیاتربن و لە شەش وەزیر کەمتربن, یەکێك نابێتە وەزیر ئەگەر یەکێك لە رێگرەکانی لە بەندی **٢٩**ی سەرەوە هاتووە تێدابێت، ئەو وەزیرەی ئەگەر ئەندام نەبێت لە یەکێك لەو دوو ئەنجوومەنە لە وەزیرایەتی نامێنێت زیاتر لە شەش مانگ ئەگەر دانەمەزرێت بەئەندام لە ئەنجوومەنی ماقوڵان و یاخود



هەڵنەبژێردرێت وەکو ئەندام لە پێش تەواوبوونی ماوەی سەرەوە، و ئەو وەزیرەی موچەی وەزارەت وەردەگرێت بۆی نییە ئەو دەرماڵەی دەدرێتە ئەندامی یەکێك لەو دوو ئەنجوومەنە وەربگرێت لە هەمان کاتدا، و وەزیر بۆی نییە موڵك و ماڵ و کەلوپەلی دەوڵەت بکڕێت و یاخود بەکرێ بگرێت.

**بەندی شەست و پێنج:** ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت پیادەدەکات و بەسەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەکی کە پەیوەندی بە زیاتر لە یەك وەزارەت هەیە دەبەسترێتنەوە، و تاوتۆکردنی هەموو ئەو کارە گرنگانەی کە وەزارەتەکان پێ هەڵدەستن و هەر کارێك ئەنجوومەنی وەزیران وەهای بە پێویست زانی کە بخرێتە بەردەم مەلیك دەبێ سەرۆك وەزیران بیخاتە بەردەم مەلیك بۆ وەرگرتنی فەرمانەکانی.

**بەندی شەست و شەش:** وەزیرەکانی دەوڵەت بەتێکڕایی لە پێش ئەنجوومەنی نوێنەرەکان لەو کارانەی کە وەزارەتەکان پێ هەڵدەستن و بەرپرسیارن هەر وەزیرێك بەتاك بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو کارانەی کە وەزارەتەکەی پێ هەڵدەستێت بە زۆرینەی دەنگدەرانی ئامادەبوو، و دەبێ وەزارەت وازهێنانی خۆی پێشکەش بکات، و ئەگەر پەیوەندی بە وەزیرێك بێت دەبێ ئەم وەزیرە دەست لەکار بکێشیتەوە، و دەبێ ئەنجوومەنیش دەنگدان لەسەر بێ بڕوایی بەوازهێنان دوا بخات بۆ یەك جار و لە هەشت رۆژ زیاتر نەبێت ئەگەر سەرۆك وەزیران داوای کرد، و یاخود وەزیری تایبەتمەند داوای کرد و لەو حاڵەتە ئەنجوومەن لە ماوەی سەرەوە هەڵناوەشێتەوە.

**بەندی شەست و حەفت:** وەزیر بەپێی یاسا کارەکانی وەزارەتی خۆی و ئەم فەرمانگانەی کە سەر بە وەزارەتەکەیتی بەڕێوە دەبات.

## دەروازەی پێنجەم: دەسەڵاتی قەزایی

**بەندی شەست و هەشت:** حاکمەکان بە فەرمانی مەلیك دادەمەزرێن وە لانادرێن تەنهابە و رێگایانەی کە لە یاسای تایبەت دیارکراون و هەروەها مەرجەکانی دامەزراندنیان و پلەوپایەیان و چۆنێتی لابردنیان.

**بەندی شەست و نۆ:** دادگایەکان دابەش دەکرێنەسەر سێ سنف ١ـ دادگایەکانی شارستانی ٢ـ دادگایەکانی ئایینی ٣ـ دادگایەکانی تایبەت.

**بەندی حەفتا:** بەپێی یاسایەکانی تایبەت و ڕەچاوکردنی ئەم یاسایە چۆنێتی دامەزراندنی دادگایەکانی سەرەوە و شوێنی کارەکانیان و پلەکانیان و بەشەکانیان و کارەکانیان و چۆنێتی چاودێری کردنیان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان پەیڕەو دەکرێن.

**بەندی حەفتا و یەك:** بەهیچ شێوەیەك نابێت دەست لە کاروباری دادگاکان لەلایەن هیچ کەسێکەوە بدرێت.

**بەندی حەفتا و دوو:** دانیشتنەکانی دادگاکردن بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێن و ئەگەر دادگا دیتی هۆیەك هەیە کە لە یاسا دیارکراوە دەکرێت دانیشتنەکان نهێنی بن و دەکرێت بڕیارەکانی دادگایەکان و ئەو گوتراوە لە دانیشتنەکان بلاوبکرێتەوە جگە لەو دانیشتنانەی کە بەنهێنی ئەنجام دەدرێن و هەموو بڕیارەکان بە ناوی مەلیك دەردەچن.

**بەندی حەفتا و سێ:** دادگای شارستانی مافی دادگاکردنی هەموو کەسێکی هەیە لە عێراق و لە هەموو جۆرە داوایەك، مەدەنی بێت و یاخود سزایی ئەو کە لە حکومەتی عێراق تۆمار دەکات و یاخود لەسەری تۆمار دەکرێت جگە لەو داوایانەی کە تایبەتمەندن بە دادگایەکانی ئایینی و یاخود تایبەت هەروەکو لە داهاتوودا لەم یاسایە دیاردەکرێت و یاخود لە یاسایەکانی تری کارپێکراو.

**بەندی حەفتا و چوار:** دادگایەکانی شارستانی (مدنی) هەموو جۆرە داوایەکی کە پەیوەندی بە مافەکان و ئابووری و سزایی هەبێت لە کارەکانێتی بەپێی یاسایە کارپێکراوەکان، جگە لەو داوایانەی کە پەیوەندی بە باری تاکی بێگانەکان هەیە و یاخود داوایەکانی تری بازرگانی کە وەها لێ ڕاهاتوون و یاخود بوویتە عادەت کە بەندەکانی یاسایی دەولەتی بێگانە پەیڕەو بکەن، لەم حالەتە بۆ جێبەجێکردنی یاسای سەرەوەی باسکرا و دەبێ بە یاسایەکی تایبەت تێیدا دیاربکرێت چۆنێتی یاسای سەرەوە دەسەپێندرێت.

**بەندی حەفتا و پێنج:** دادگایەکانی ئایینی دابەشدەکرێنە سەر دوو بەش:

١- دادگایەکانی شەرعی. ٢- ئەنجوومەنەکانی ڕوحانی تاییفی.

**بەندی حەفتا و شەش:** دادگایەکانی شەرعی تەنها ئەو داوایانە دەبینن کە پەیوەندی بەیاریی تاکی موسلمانەکانەوە هەیە، و ئەو داواکاریانەی کە پەیوەندیان بەبەڕێوەبردنی ئەوقافەوە هەیە.



**بەندی حەفتا و حەفت:** دادگاکردن لە دادگاییەکانی شەرعی بەپێی ئەحکامی هەر مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی موسلمانان دەبێ بەپێی ئەحکامی یاسایەکی تایبەت و قازیش دەبێ لە زۆرینەی مەزهەبی کە لەو شوێنە دادەمەزرێت لەگەلّ بەجێهێشتنی دووقازی سنی و دوو قازی جەعفەری لە شارەکانی بەغداو بەسرا.

**بەندی حەفتا و هەشت:** ئەو ئەنجوومەنە ڕوحانییەی تاییفی ئەمانەن ئەنجوومەنەکانی ڕوحانی موسەوی و ئەنجوومەنەکانی ڕوحانی مەسیحی و ئەو ئەنجوومەنانە پێك دێنن و بەپێی یاسایەکی تایبەت دەستەلاتی قەزاییان پێ دەدرێت.

**بەندی حەفتا و نۆ:** ئەو ئەنجوومەنە ڕوحانییانە ئەم کارانەی خوارەوە پیادەدەکەن:

١- لە کارەکانی مارەکردن و لێك جودابوونەوە و نفقەی ژنان و پەسندکردنی وەسیەتەکان ئەگەر پەسند نەکرابن لەلایەن دادنووس جگە لەو کارانەی کە دادگایەکانی شارستانی دەبینن بەنیسبەت تاکەکانی تاییفەکە، جگە لە بێگانەکان لەوان.

٢- جگە لەو کارانەی کە پەیوەندیان بە کارەکانی مافی تاك و پەیوەندی بە تاکەکانی تاییفەکەوە هەیە لە حالەتێکدا کە هەردوو لا، داواخواز و داوالێکراو ڕازی بن.

**بەندی هەشتا:** چۆنێتی دادگاکردن لە ئەنجوومەنەکانی ڕوحانی تاییفی و چۆنێتی وەرگرتنی باجەکان بە یاسایەکی تایبەت دیاردەکرێن و هەروەها دیاردەکرێت بە یاسای میراتگری و ئازادی وەسیەت و شتی تر کە پەیوەندی بەباری تاکی ئەوەی کە لە دەرەوەی دەستەلاتەکانی ئەنجوومەنە ڕوحانیەکانی تاییفین هەیە.

**بەندی هەشتا و یەك:** دادگایەکی بەرز بۆ دادگاکردنی وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی (امە) دادەنرێت لەکاتی تۆمەتکردنیان بە تاوانەکانی ڕامیاریی و یاخود پەیوەندی هەبوون بە بەڕێوەبردنی کارەکانیان و هەروەها دادگاکردنی دادوەرەکانی دادگایی تەمییز لەسەر ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدەن لەکاتی کارکردنیان و هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە شرۆڤەکردنی (تفسیر) یاساییەکان و تێککردنەوەیان لەگەلّ ئەم یاسایەدا هەیە.

**بەندی هەشتا و دوو:** دادگای بەرز بە فەرمانی مەلیك کۆدەبێتەوە ئەگەر پێویست بوو بە دادگاییکردن هەروەکو لە بەندی سەرەوە هاتووە لەسەر بڕیاری ئاراستەکردنی تۆمەت کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرەکان دەرچووە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی ئامادەبووان لەهەر کێشەیەکی سەربەخۆ و دادگایەکە پێك دێت لە هەشت ئەندام جگە

لەسەرۆك چواریان ئەنجوومەنی ئەعیان هەڵیان دەبژێرێت لەناوخۆیان و چوار ئەندامی تر لە گەورە دادوەرەکان و دادگایەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان دەبەسترێتەوە.

**بەندی هەشتاو سێ:** ئەگەر پێویست بوو بەیەك لاکردنەوەی رونکردنەوە هەندێك لە بەندەکانی ئەم یاسایە، و یاخود یەکێك لە یاسایەکان و یاخود کۆدەبێتەوە سیستەمە پەیڕەوکراوەکان بەکاردێت بەپێچەوانەی ئەو یاسایە بێت دادگای بەرز بە فەرمانی مەلیك و وەزارەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەندی هەشتا و چوار:** ئەگەر پێویست بوو بەروونکردنەوەی یاسایەکان یان سیستەمەکان بێجگە لەو حاڵەتانەی کە لە بەندی سەرەوە هاتوون لەسەر داوای وەزیری تایبەتمەند، دیوانێکی تایبەت بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمییزی (تێهەڵچوونەوەی) شارستانی پێك دێت و سێ ئەندام لە دادوەرەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە و سێ ئەندام لە گەورە فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی بەپێی یاسایەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێن.

**بەندی هەشتا و پێنج:** ئەو پێویستە ئەو دوایانەی کە دادگای بەرز بە پێی یاسا سەیریان دەکات دەبێ بڕیارەکان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ ئەندامەکان دەربچن و بڕیارەکانی قابیلی پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوە نین و ئەو کەسانەی کە ئەنجوومەنی نوێنەرەکان تۆمەت دەخاتە پاڵیان دەبێ یەکسەر دەست لەکار رابگیرێت، و هەتا کە وازهێنانەکەی لە کارەکەی پێشکەشی کرد دەبێ ئیجرائاتی یاسایی لە دژیان بەردەوام بێت.

**بەندی هەشتا و شەش:** هەر بڕیارێك لە دادگای بەرز دەربچێت لەسەر یاسایەك کە بەپێچەوانەی ئەم یاسایەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ لە دەنگەکانی ئەندامەکان ئەو یاسایەی کە بەپێچەوانەی ئەم یاسایەیە و یاخود بەشێکی بەپێچەوانەی ئەم یاسایە یەکسەر لە بنەڕەتدا هەڵدەوەشێتەوە.

**بەندی هەشتا و حەفت:** ئەو بڕیارانەی کە لە دادگای بەرز دەردەچن لەو بارانەی کە لە بەندی ٨٢ جگە لەوانەی کە لە بەندی ٨٦ هاتوون و لەلایەن دیوانی تایبەتی دەرچووینە و پەیوەندی بەو کارانەی کە لە بەندی ٨٤ هاتوون هەیە بەزۆرینەی دەنگەکان دادگا و دیوان کۆتایین و دەبێ لە هەموو دادگاکان و دامودەزگای میری جێبەجێ بکرێن.

**بەندی هەشتا و هەشت:** دادگایەکان و لیژنەکانی تایبەتی پێك دەهێنرێن ئەگەر پێویست بوو، بەکارەکانی لە خوارەوە هاتوون:



١- بۆ دادگاکردنی ئەندامەکانی سوپای عێراق لەسەر ئەو تاوانەی ئەنجامیان داوە کە لە یاسای سزای سەربازیدا هاتوون.
٢- بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سزایی عەشیرەتەکانی و شارستانی بەپێی ئەو داب و نەریتانەی کە لە نێوانیان هەیە بە یاسایەکی تایبەت.
٣- بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیانەی کە دەکەوێتە نێوان میری و کارمەندەکانی لە بارەی خزمەتیان.
٤- بۆ سەیرکردنی کێشەکان لەسەر ئەو ناکۆکیانەی کە پەیوەندیان بە چۆنێتی کارکردن بە زەویەکان و سنوورەکانیان هەیە.

**بەندی هەشتا و نۆ:** بنچینەکانی دادگایی لە دادگا تایبەتییەکان و چۆنێتی وەرگرتنی باجەکان و چۆنێتی پێداچوونەوەی بڕیارەکانیان و پەسندکردنیان و هەڵوەشاندنەوەیان هەموویان بە یاسای تایبەتی دادەنرێن.

## دەروازەی شەشەم / کاروباری دارایی

**بەندی نەوەت:** هەموو باجەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە لە کاتی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە تا بە یاسایەکی تر دەگۆڕدرێن.

**بەندی نەوەت و یەك:** نابێ هیچ باجێك دابندرێت بەبێ یاسا و ئە یاسایە دەبێ لە مەلیکەوە پەسند بکرێت لە پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی (امە) لەسەری بەڵام ئەو برە بارانە ناگرێتەوە کە فەرمانگەکانی میری وەردەگرن بەرامبەر بەخزمەت گوزارییەکان و یاخود بەرامبەر سوود وەرگرتن لە سامانی دەوڵەت.

**بەندی نەوەت و دوو:** باجەکان لە هەموو هاوولاتیان کە بەبەر دەکەون بەبێ جیاوازی لێیان وەردەگرن و هیچ کەسێك لێ نابوردرێت تەنها بە یاسا نەبێت.

**بەندی نەوەت و سێ:** ناکرێت سامانی دەوڵەت بفرۆشرێت ویاخود بەکرێ بدرێت و یاخود هەر جۆرە کارێك تێیدا بکرێت بەبێ یاسا .

**بەندی نەوەت و چوار:** نابێت بەهیچ چەشنێك جیاوك بەکەس بدرێت بۆ بەکارهێنانی داهاتەکانی دەوڵەتی ئاسایی و یاخود هەر بەرژەوەندییەك لە بەرژەوەندییەکانی گشتی تەنها

دەبێ بە یاسا بێت و ماوەکەی لەسێ ساڵ زیاتر نەبێت و هەر کێشەیەك دەبێ بە یاسایەکی تایبەتی بێت.

**بەندی نەوەت و پێنج:** نابێ حکومەت گرێبەستی قەرزدان مۆر بکات و یاخود بەڵێن بدات بە دانی پارەوە یاخود دراوی میری بەبێ یاسایەکی تایبەت بەمەرجێك دەبێ یاسای بودجە ڕێگا بدات و هاوکاربێت.

**بەندی نەوەت و شەش:** ئەو پارە و پولەی فەرمانبەرانی میری لە هاووڵاتیان وەردەگرن دەبێ بچێتە ناو گەنجینەی گشتی یەکبوو دەبێ ژمێریاری تەواو وەك پێویست و یاسایی پێ بدرێت.

**بەندی نەوەت و حەفت:** دەبێ ئەو پارەی تەرخان کراوە ساڵانە پەسند بکرێت بەپێی یاسای گەنجینە و ئەوەش دەبێ داهات و خەرجکردن بەخەملاندن تێیدا دیاربکرێت.

**بەندی نەوەت و هەشت:** دەبێ ئەنجوومەنی (امە) بودجە پەسند بکات لە کۆبوونەوەی پێشتر لە پێش دەستپێکردنی سالی مالی کە بەپێی یاسا دەگەڕێنەوە سەری.

**بەندی نەوەت و نۆ:** دەبێ وەزیری دارایی هەموو ئەو لائحەکانی یاسایی بۆ دابینکردنی پارە بخاتە بەردەمی ئەنجوومەنی نوێنەرەکان و یاخود زیادکردنی ئەو پارانەی کە پەسندکراون و یاخود هەڵوەشاندنەوەیان بەپێی یاسای بودجە و هەروەها هەموو ئەو لائحە تایبەتمەندییانە کە تایبەتن بە قەزدەکانی میری کە دەبەستێت.

**بەندی سەد:** گفتوگۆ لەسەر یاسای بودجە دەکرێت و بەند بەدوای بەند دەنگ لەسەر دەدرێت و بۆ جاری دووەم بە تێکڕایی دەنگی لەسەری دەدرێت بەلام بودجەکە فەسڵ فەسڵ دەنگ لەسەری دەدرێت.

**بەندی سەد و یەك:** ئەگەر وەها پێویستی کرد لەکاتی پشوودانی ئەنجوومەن هەندێك پارە بەپەلە سەرف بکرێت و لە بودجە ڕێگای نەدراوە بەسەرفێ و یاخود بە یاسایەکی تایبەتی، مەلیك بۆی هەیە مەرسومی مەلەکی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران دەربکات بۆ هەڵسان بە تەدابیری مالی هەروەکو لە بڕگە (٣) لە بەندی بیست و شەش هاتووە.

**بەندی سەد و دوو:** ئەنجوومەنی نەتەوە بۆی هەیە یاسایەك دەربکات بۆ دانانی پارەیەکی دیاریکراو تا خەرج بکرێت بۆ چەند ساڵ.



**بەندی سەد و سێ:** دەبێ یاسایەك دابندرێت بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی وردبینی هەموو خەرجیەکان راپۆرتێك پێ بەرز بکاتەوە بەردەم ئەنجوومەنی (امە)هیچ نەبێ یەك جار لە ساڵێکدا و تێیدا دیار بکرێت ئایا خەرجییەکان خەرج کراون هەروەکو ئەنجوومەن پەسندی کردوون و خەرج کراون هەروەکو یاسا دیاری کردوون.

**بەندی سەد و چوار:** نابێ لائحەی یاسایی و یاخود پێشنیار بکرێتە سەر یەکێك لە هەردوو ئەنجوومەن بەخەرجکرنی پارە و پول لە داهاتەکانی گشتی تەنها لە یەکێك لە وەزیرەکان نەبێت.

**بەندی سەد و پێنج:** بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرەکان نییە بڕیارێك بدات و یاخود پێشنیار بکات بەراستکردنەوەی لائحە کە یەك بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان دەرئەنجامی پەیمانەکان، ئەوانەی کە ئەنجومەنی امە پەسندی کردووە و یاخود ئەنجوومەنی دامەزراندن (تاسیس) بەبێ ڕەزامەندی مەلیك.

**بەندی سەد و شەش:** ئەگەر سالی مالی نوێ هات و دەست پێکرا لە پێش دەرچوونی یاسای بودجە و ئەگەر ئەنجوومەنی (امە) لە کۆبونەوەدا بوو دەبێ وەزیری دارایی لائحەیەکی یاسایی پێشکەش بکات و تێیدا هاتبێت بەدابینکردنی پارەیەکی کاتی بۆ ماوەی لە دوو مانگ زیاتر نەبێت و ئەگەر ماوەی خصیصات تەواوبوو بۆ وەزیری دارایی هەیە دووبارە لائحەیەکی نوێ پێشکەش بکات بە هەمان جۆر و هەروەها بەبەردەوام بەپێی پێویست و ئەگەر ئەنجوومەنی سەرەوە لە کۆبوونەوەدا نەبوو بودجەی سالی پێشتر ڕەچاو دەکرێت، بەمەرجێك پێشێل کردنی مافی دەرکردنی مەرسومەکانی کە لە بەندی (١٠٠) هاتووە نەکرێت.

**بەندی سەد و هەفت:** بە یاسایەکی تایبەت بڕیاری چۆنێتی دەرکردنی پارەی دەوڵەت دەدات.

## دەروازەی هەفت: بەڕێوەبردنی هەرێمەکان

**بەندی سەد و هەشت:** ناوچە بەڕێوەبردنەکان دیاردەکرێن و هەروەها جۆریان و ناوەکانیان و چۆنێتی دامەزراندنیان و کارەکان کارمەندەکانیان و ناسناویان لە عێراق بەپێی یاسایەکی تایبەت.

**بەندی سەدونۆ:** دەبێ لە یاسای دیاریکراو لەسەرەوەدا تێیدا دیاریبکرێت ئەو کارانەی پێویستە لەو ناوچە بەڕێوەبردنانە ئەنجام بدرێت و هەروەها چۆنێتی جێبەجێکردنیان بۆ مسۆگەرکردنی ئەو کارانەی کە پێویستە لە ئەنجامی ئەو پەیمانانەی کەمەلیك بەستێتی بە پەسەندکردنی ئەنجوومەن (امە) و یاخود بەپەسندکردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن.

**بەندی سەد و دە:** کارەکانی شارەوانی لە عێراق بەهۆی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی بەپێی یاسایەکی تایبەت بەڕێوەدەبرێت و لەو ناوچانەی بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی بەو کارانە هەڵدەستن کە بەپێی یاسا پێیان دەسپێردرێت.

**بەندی سەد و یانزە:** هەر تایبەفەیەك بۆی هەیە ئەنجوومەنەکان پێك بهێنن لەو ناوچە ئیدارییە گرنگانەی کە تایبەتمەندن بەبەڕێوەبردنی (مسقفات) و یاخود سوود وەرگرتن لە مولکەکانی پاشماوە بۆ کارەکانی خێر و کۆکردنەوەی داهاتەکان و سەرفکردنی بەپێی حەزی ئەو کەسەی کە مولکەکەی بەخشیوە و یاخود بەپێی دابونەریتی تایبەفەکە و هەروەها چاودێری کردنی ماڵی هەتیوەکان بەپێی یاسا و ئەنجوومەنەکانی ناوبراو دەبێ لەژێر چاودێریی میری بن.

## دەروازەی هەشتەم – پەسندکردنی یاسایەکان و حوکمەکان

**بەندی سەد و دوازدە:** ئەو یاسایە عوسمانیانەی کە بڵاوکرابوونەوە لە پێش ٥/ت٢/ ١٩١٤ و هەروەها ئەو یاسایانەی لە هەمان مێژووەوە یاخود لە پاش ئەو بەروارە پەیڕەوکراون لە عێراق تا بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لەسەر پەیڕەوکردنیان بەردەوام دەبن بەپێی بارودۆخی کە دەکرێ پەیڕەو بکرێن بەرەچاوکردنی ئەو هەموارکردنەی کە تێیداکراون و یاخود سڕاونەتەوە بەپێی بەیانات و نیزامەکان، و ئەو یاسانەی کە لە بەندی دادێ هەتا دەگۆڕدرێن و یاخود هەڵدەوەشێنەوە لەلایەن دەستەڵاتی تەشریعی و یاخود هەتا بڕیارێك بە هەڵوەشانەوەیان لەلایەن دادگای بەرز بەپێی بەندی(٨٤)دەردەچێت.

**بەندی سەد و سێزدە:** هەموو ئەو یاسایانە و بەیانات و نیزامەکانی کە سەرکردەی گشتی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق و هەروەها حاکمی مەلەکی گشت و مەندوبی سامی و هەروەها ئەوانەی حکومەتی مەلیك فەیسەڵ لە ماوەی نێوان ٥/ت٢/ ١٩١٤ بەراست دەژمێردرێن ڕۆژی جێبەجێ ئەم یاسایە دەرچووینە لە ڕۆژی جێبەجێکردنیان ئەوانەی کە



هەڵنەوەشاونەتەوە، پێ دەکرێت هەتا دەگۆڕدرێن و یاخود هەڵیاندەوەشێننەوە کاریان لەلایەن دەستەڵاتی تەشریعی و یاخود دادگای بەرز بڕیاری هەڵوەشاندنیان بەپێی بەندی (٨٦) نەوەیان.

**بەندی سەد و چواردە:** هەر مرۆڤێك بێ تاوانە و پارێزراوە لەهەر تۆمەتێك کە ئاراستەی دەکرێت کە بەهزرێکی پاك ئەنجامی داوە بەپێی ڕێنماییەکانی کە لەسەرکردەی گشتی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق جێبەجێکردبێت و یاخود حاکمی مەلەکەی گشتی و مەندوبی سامی و یاخود حکومەتی مەلیك فەیسەڵ و یاخود کارمەندبێت و یاخود سیفەتی سەربازی یا مەلەکی هەبێت بۆ سەرکوتکردنی جموجۆڵی دوژمنداری لەگەڵ میری و یاخود بۆ دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و پاراستنیان و یاخود جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە دەرچووینە بەپێی ئەحکامی عورفی لە نێوان ٥/ت٢/ ١٩١٤ تا بەرواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و هەموو ئەو کارانەی سەرەوە کە لەم بەندە هاتوون دەژمێردرێن بەکارەکانی ڕاست کە ئەنجام درابن بەهزرێکی بێ غەرەز، ئەگەر شکایەت نەکرا لەلایەن کەسێك بەپێچەوانەی سەرەوە و هەموو داوایەك و یاخود کارێکی قەزایی ئەگەر شکایەت کرا، ڕەت دەکرێتەوە و بەبێ بنەما و پوچ دەژمێردرێت ئەگەر دادخواز نەیتوانی ئیسبات بکات.

**بەندی سەد و پازدە:** هەموو ئەو بڕیارانەی کە دەرچووینە لە کێشەکانی شارستانی و شەرعی لە دادگایەکانی عوسمانی لە پێش داگیرکردنی هێزەکانی بەریتانی و هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لە هەمان داوایەکان لەو دادگایانە دەرچووینە لە پاش داگیرکردن دامەزراون و یاخود لە حاکمە ڕامیارییەکان و هاوکارەکانیان کە لە خودی دەستەڵاتەکانیانە دەژمێرێن کە لە دادگایەکانی دامەزراو لە عێراق بەشێوەیەکی ئاسایی دەرچووینە.

**بەندی سەد و شازدە:** هەموو حوکمەکان و بڕیارەکانی سزایی کە دەرچووینە لەو دادگایانەی کە دامەزراون لە پاش داگیرکردنی هێزەکانی بەریتانیا و یاخود سەربازی و یاخود لە حاکمە سەربارزییەکان و یاخود لە سیاسییەکان و هاوکارەکانیان و لە غەیری ئەوان لە کارمەندەکان ئەوانەی کە ڕێگا پێدراون کە ئەم جۆرە کێشانە ببینن و هەروەها ئەو سزایانەی کە بە هەموو ئەو خەڵکانە لە دادگایەکانی ناوبراو سزادراون و یاخود لەلایەن ئەو خەڵکانەی سەرەوە ناویان هاتوون هەموویان دەژمێردرێن کە لە دادگایەکانی عێراق دەرچووینە کە بە ئاسایی دامەزراون.

## دەروازەی نۆیەم - گۆڕینی بڕیارەکانی لەم یاسایە (دەستوور)

**بەندی سەد و هەڤدە:** ئەنجوومەنی (امـە) بـۆی هەیـە لـە مـاوەی یـەك سـاڵ لـە ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هەر کارێك لابەلای ئەم یاسایە هەموار بکـات و یـاخود زیـادەی بخاتە سەری بۆ جێبەجێکردنی بەمەرجێ ڕەزامەندی دوو لەسـەر سـێی دەنگـەکانی هـەردوو ئەنجوومەنی لەسەر بێت.

**بەندی سەد و هەژدە:** جگە لەوەی کە لە بەندی سەرەوە هاتووە نابێ بەهیچ چەشنێك هەر ڕاست کردنەوەیەك لە یاسای بنەڕەتی بکرێـت تـا مـاوەی پێـنج سـاڵ لـە بـەرواری دەست پێکردنی جێبەجێکردنی و تا پاش ماوەی سەرەوەش تەنها بەو چەشنەی خوارەوە نەبێت:

هەر هەمواركردنێك دەبێ بەرەزامەندی لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومـەنی نوێنـەران و ماقوڵـەکان بێـت، و لـە پـاش ڕەزامەنـدی ئەنجوومـەنی نوێنـەران دەبـێ هەڵبوەشـێتەوە و ئەنجوومەنێکی نوێ هەڵبژێردرێت و دەخرێتە بەردەمی و هەروەها ئەم هەمواركردنە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەنی ئەعیان و ئەگەر هەردوو ئەنجوومەن بـە دوو لەسـەر سـێ ئەندامـەکان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی دەخرێتە بەردەم مەلیك بە پەسندکردنی و بڵاودەکرێت.

## دەروازەی دەیەم - بەندە گشتییەکان

**بەندی سەد و نۆزدە:** لەکاتی ڕوودانی ئاژاوە و جموجۆڵی دژی حکومەت لەهەر شـوێنێك لە عێراق و ئەگەر کارێکی خەتەرناك دروست بوو بەهێرش هاتنە سەر عێراق لەهـەر لایـەك لەلایەکانی عێراق، مەلیك بۆی هەیە لە پاش ئەنجوومەنی وەزیران ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی بەشێوەیەکی کاتی لە هەموو عێراق کە ئەو شوێنانەی خراپەکاری و یـاخود هێـرش هێنانـە سەر عێراق ڕووبـدات و دەکـرێ ڕاگـرتنی جێبـەجێکردنی یاسـایەکانی و ڕێنماییـەکان بـەو بەیانەی کە تێیدا ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی ڕادەگەیەنرێت بەو پێیـەی کـە لـە بەیانەکـەدا دیاردەکرێت و هەروەها لەو شوێنانەی کە تێیـدا ڕادەگەیـەنرێت بـەڵام ئـەو خەڵکانـەی کـە هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی، لەسەر ئەو کارانەی کە پـێ هەڵدەسـتن بەرپرسـیار دەبـن هـەتا یاسـایەك دەردەچـێت کـە ئەنجوومـەنی (امـە) بـەلێبوردنیان، بـەڵام ئـەو شـوێنانەی کـە بەڕێوەدەبردرێن و کە حوکمی عورفی لێـی جێبـەجێ دەکـرێن ئـەوە فـەرمانی مەلـەکی پـێ دەردەچێت.



**بەندی سەد و بیست:** ئەگەر پێویست بوو شیکردنەوەی یەکێك لە حوکمەکانی یاسایی،

**بەندی سەد و بیست و یەك:** دەزگاکانی ئەوقافی ئیسلامی بـە دائرەکـانی ڕەسمـی مـیری دەژمێردرێن و کاروباری ئابوورییان بەپێی یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێن.

**بەندی سەد و بیست و دوو:** ئەم یاسایە لە ڕۆژی پەسندکردنی مەلیك جێبەجێ دەکرێت.

لە ڕۆژی ٢١ی ئاداری ١٩٢٥ کە دەکاتە ڕۆژی بیست و پێنجی شەعبان ساڵی ١٣٤٢ لە بەغدا نووسراوە.

| | | |
|---|---|---|
| وەزیری دارایی | وەزیری پەروەردە | وەزیری ناوخۆ |
| ساسون عبدالحسین | عبدالحسین | یاسین الهاشی |

سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە وەزیری بەرگری

| | | |
|---|---|---|
| وەزیری کاروبار و هاتووچۆ | وەزیری داد بەوەکالەت | وەزیری ئەوقاف |
| مزاحم الامین الپاچچی | | ابراهیم الحیدری |

## پێنجەم یاسای هەموارکردنی یاسای بنەڕەتی (اساسی)

ئێمە کە مەلیکی عێراقین لەسەر ئەو بڕیارەی کە ئەنجوومەنی نوێنەران و ماقولآن و یاسای خوارەوەمان پەسند کرد:

**بەندی یەکەم:** ئەم یاسایە بە یاسای هەموارکردنی یاسای بنەڕەتی ساڵی ٩١٢٥ ناوزەد دەکرێت.

**بەندی دووەم:** بەندی ٢٣ بە برگەی دوو لە بەندی ٢٢ دەژمێردرێت.

**بەندی سێ:** ئەم بەندەی لە خوارەوە هاتووە بەبەندی ٢٣ دەژمێردرێت: ئەگەر مەلیك وەها پێویستی کرد کە لە دەرەوەی عێراق بێت دەبێ بلاوبکرێتەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران , دەبێ لە پێش بەجێ هێشتنی مەلیك بۆ عێراق جێگرێك یان دەستەیەکی نوێنەرەکان بۆ خۆی دابنێت, دەبێ ئەو مافانەش دیار بکات کە ئەوان دەتوانن بەکاربهێنن بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو جێگرە یاخود هەر ئەندامێك لە دەستەی نوێنەرەکان هەر مافێکی مەلیك بۆی نییە بەکاربهێنێت هەتا سوێند نەخوات کە لە بەندی ١٢ هاتووە لەم یاسایە.

ئەگەر ئەنجوومەنی (امە) لە کۆبوونەوەدا بێت دەبێ سوێندەکە لە پێش ئەنجوومەنەکە بخوات بەو چەشنەی کە لە بەندی ١٢ لە یاسا هاتووە و دیارکراوە ئەگەر ئەنجوومەنەکە لە کۆبوونەوەدا نەبێت دەبێ سوێندەکە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بخوات بە ئامادەبوونی سەرۆکی عەینەکان و نوێنەرەکان یان ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن.

نابێ وەزیر نوێنەر بێت یان ئەندام بێت لە دەستەی نیابی, ئەگەر لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی (امە) نوێنەر بێت و یاخود ئەندام بێت لە دەستەی نیابی نابێ بەشدار بێت لە ئەنجوومەن لە ماوەی نوێنەری و ئەگەر مەلیك زیاتر لە چوار مانگ لە دەرەوە ماوە و ئەنجوومەنی (امە) لە کۆبوونەوەدا نەبێت دەبێ بانگ هێشت بکرێت بۆ سەیرکردنی ئەم کارە ئەوەی ئەندام بێت لە دەستەی نیابی و یاخود نوێنەر بێت دەبێ عێراقی بێت و تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێت و دەکرێ یەکێك لەخزمەکانی مەلیك ئەوەی هەژدە ساڵی تەواو کردووە بکرێتە نوێنەر.



**بەندی چوارەم:** بەندی ٢٥ بەم چەشنەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

ماقوولٚ ساڵانە ٥٠٠٠ پێنج هەزار روپیە پێ دەدرێت جگە لەسەرفیاتی هاتووچۆ لەسەر ماوەی کۆبوونەوە و ١٢٥٠ روپیە پێ دەدرێت بۆ هەر مانگێك لەسەر ماوەی کۆبوونەوەی زیاد و یاخود بۆ هەر مانگێك کۆبوونەوەی نائاسایی.

**بەندی پێنجەم:** بەندی ٢٩ بەم چەشنەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

مەلیك داوای ئەنجوومەن بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی لە پایتخت لە ١/ت٢ لە هەموو ساڵێك بەرەچاوکردنی بەندی (٣٨) دەکات و ئەگەر داوا نەکرا بۆ کۆبوونەوە لە رۆژی سەرەوە بەپێ حوکمی یاسا دەبێ کۆببێتەوە و بەو کۆبوونەوەیە ماوەی کۆبوونەوەی ئاسایی دەست پێ دەکات بۆ چوار مانگ بەپێچەوانەی ئەوەی کە مەلیك بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنیدا لە پێش تەواو بوونی ماوەکە کە چوار ساڵە و یاخود درێژەپێدان بە ماوەی کۆبوونەوە بۆ تەواوکردنی کارە بەپەلەکان و ئەگەر بەچەشنی سەرەوە درێژە بە ماوەی کۆبوونەوە درا نابێ ماوەکەی بەهەمووی لە شەش مانگ زیاتر بێت.

**بەندی شەشەم:** بەندی (٤٠) بەم چەشنەی خوارەوە هەموار دەکرێت، وەك برگە دوو بەزیاد کردنی ئەوەی لە خوارەوە هاتووە:

مەلیك بۆی هەیە داوای ئەنجوومەنی (امە) بکات بۆ کۆبوونەوە بە چەشنێکی نا ئاسایی لە دەرەوەی ماوەی کۆبوونەوەی ئاسایی بۆ بڕیاردانی لەو کارانەی کە دیارکرابوون لەکاتی داواکردن و کۆبوونەوە بە فەرمانی مەلەکی بلاوەی پێ دەکرێت.

**بەندی هەفتەم:** بەندی (٥٠) بەو چەشنەی کە لە خوارەوە هاتووە هەموار دەکرێت:

هەر ئەندامێکی پەرلەمان ساڵانە ٤٠٠٠ روپیەی پێ دەدرێت جگە لە سەرفیاتی هاتووچۆ بۆ ماوەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەن و ١٠٠٠ هەزار روپیەیی پێ دەدرێت لەبڕی هەر مانگێك زیاد لە ماوەی کۆبوونەوەکە و یاخود بەهەر مانگێك زیاتر لە ماوەی کۆبوونەوەی نائاسایی.

**بەندی هەشتەم:** بەندی ٨٢ بەو چەشنەی لە خوارەوە هاتووە هەموار دەکرێت بەزیادکردنی وشەکانی لە خوارەوە: ئەگەر سەرۆك نەیتوانی ئامادە بێت جێگرەکەی سەرۆکایەتی دانیشتنی دادگایەکە دەکات.

**بەندی نۆیەم:** بەندی ٨٣ بەم چەشنەی خوارەوە هەموار دەکرێت بە زیاد کردنی وشەکانی خوارەوە:

داداگا دادەمەزرێت و دادەنیشت هەروەکو لە بەندی پێش ئەم بەندە هاتووە بەڵام ئەگەر ئەنجوومەنی (امە) لە کۆبوونەوەدا نەبێت دانانی ئەندامەکانی ناوبراو کە لە بەندی پێشوو هاتوون بە فەرمانی مەلەکی کۆبوونەوەکە ئەنجام دەدرێت.

**بەندی دەیەم:** ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژی ١٩٢٥/٧/٢٩ و لە رۆژی٧/ محرم / ١٣٤٤ جێبەجێ دەکرێت.

لە بەغدا نووسراوە

| | | | |
|---|---|---|---|
| وەزیری پەروەردە | وەزیری دارایی | وەزیری ناوخۆ | سەرۆك وەزیران |
| عەبدالحسین چیلب | رۆوف چادرچی | حکمت سلێمان | عبدالمحسن |
| وەزیری داد | وەزیری ئەوقاف | وەزیری زێرەڤانی و کاروبارو هاتوچۆ | |
| ناجی السویدی | حمدی پاچەچی | صبیح نشأت | |



## یاسای بنەڕەتی عێراق و کێشەی کورد

لە پاش چاو پێخشاندن بە یاسای بنەڕەتی عێراقی کە لە ١٩٢٥/٣/٢١ دەرچووە کە دەستووری رژێمی مەلەکی بوو دەبینین لە نۆ دەرگا و سەد و بیست و دوو بەند پێك دێت, لە بەندی شانزدە دەرگای یەکەم مافەکانی میللەتی تێیدا هاتووە کە بۆ تاییفە جۆراوجۆرەکانی هەیە قوتابخانەی تایبەت بەزمانیان دابمەزرێنن بۆ فێرکردنی خەڵکەکانیان رەسەنەکەیان و پاراستنیان زمانە لەگەڵ بەرنامەکانی گشتی دەبێ تێك بکەنەوە کە بە یاسا دیاریدەکرێن و هیچ مافەکانی تری تێیدا نییە, هەتا ئەم بەندەش بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرا لە وەزارەتە یەك بەدوای یەکەمانی عێراقی لە رژێمی مەلەکی تەنها بەچەشنێکی زۆر بەر تەنگ و لە هەندێك ناوچەی دیارکراو لە سلێمانی و شوێنەکانیتر و پرۆگرامەکانیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی بەغدا دادەندران و لە ژێر چاودێری بوو کەچی ناوچەکانی بادینان و موسڵ بێ بەش بوون لەم خوێندنە بە زمانی دایك تا شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ بەرپابوو و دەستووری سەرەوەش هیچ مافەکانی گەلی کوردی تێیدا نەبوو هەرچەندە بەردەوام بوو لە شۆڕشەکانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا رووخانی رژێمی مەلەکی لە ساڵی ١٩٥٨ کێشەکەی لە ئارادابوو.

لە دەروازەی هەفتەم لە دەستووری سەرەوەدا ناوخنێك هاتووە بە (بەڕێوەبردنی هەرێمەکان) لە بەندی ١٠٩دا کە دەبێ ناوچەکانی بەڕێوەبردن دیاربکرێن و جۆرەکانیان و ناوەکانیان و چۆنێتی دامەزراندنیان و کارەکانی فەرمانبەرەکانیان و ناونیشانیان لە عێراق بە یاسایەکی تایبەت بەڵام رژێمی ناوبراو بەلای ئەم بابەتەوە نەچوو نە لە نزیك نە لە دوور بەنیسبەت کورد و خەڵکانیتر تەنها سەرکوت کردنی نەبێت بەهەموو جۆرە رێگایەك هەرچەندە شۆڕشەکانی کورد بەردەوام بوون و کێشەکە لە ئارادابوو و بەشداری کردنی بەرچاوی کورد لە شۆڕشی ١٩٢٠ بە بۆنەی ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە لێیدەکرا و سەپاندنی باجەکان بەسەر جوتیارەکان و هاووڵاتیانی کورد هەروەکو عەرەبەکان لە خوار و ناوەڕاست بە سەریان هات لە لایەن کارمەندەکانی ئینگلیز کەپشتی عێراقیان پێ شکاندبوو لە رووی ئابوورییەوە چونکە باجەکانیان لە کوردستان لەسەر چاندن و دار دانا بوون و هەروەها بەنیسبەت عەرەبیش هەتا باجی لەسەر مردویەکانیش لە نەجەف دانابوو [٤١] زیادە لەوەش سوکایەتی پێکردنیان

٤١- رۆڵی کورد لە شۆڕشی بیست بەزمانی عەرەبی د. کمال مظهر.

بەهاوولاّتیان و پیاوە بەرچاوەکانی کورد و هەروەها بەنیسبەت ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دەست پیسی لە داهاتی ناوچەکە دەکرا لەبەر ئەوە ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە بلاّوکردنەوەی بیروبۆچوونی چاك لەناو چینەکانی کۆمەلّگای کوردی و هەروەها پیاوە ئایینەکان بەهەمان ڕۆلّ هەستان لە ناو ڕای گشتی و هەولّدان بە بەشداریکردنی لە شۆڕشی سالّی ١٩٢٠ و هەروەها بڕوای کورد بە بەندەکانی ویلسنی کە چواردە بەندبوون کە لە ١٨/ کانونی دووەلی ١٩١٨ بلاّوکرابوونەوە و شێخ مەحموودی حەفید وەرگێڕانەکەی بەندی دوانزدەی لە بەندەکانی ویلسنی لەسەر دەستی خۆی قاییم کردبوو لەکاتی شەڕکردنی دژی ئینگلیز و لەکاتی دادگاکردنی لە بەغدا پێیانی گوتبوو کە بەناوی بەندەکانی سەرەوە شۆڕشی کردووە لەبەرئەوە بۆ کەس نییە و بۆ هیچ دادگایەکی سەربازی نییە دادگایی کردنی بکات[٤٢] و کورد ڕۆلّێکی بەرچاوی هەبوو لە شۆڕشی ١٩٢٠ و زۆر ناوچەکانیان ڕزگارکرد لە چەنگی ئینگلیز وەکو خانقین و لە دامودەزگایەکانی میری یاندا لە نەفتخانە کە سەر بەکۆمپانیای دەزگای کۆمپانیای نەفتی ئەنگلو- ئێران بوو وێستگەی قورەتویان سوتاند[٤٣] و هەروەها شارۆچکەی کوفری یان ڕزگارکرد و ناوچەکانی دەوروبەری و حکومەتێکیان پێك هێنا بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم خان و چەند پیاو ماقولّەکانی ناوچەکە[٤٤] و پێکدادان و شۆڕشەکان هەموو ناوچەکانی جۆراوجۆری کوردستانی گرتەوە وەکو کۆیە و هەولێر و باتاس و ڕواندز و ئاکرێ و کورد بەشدارییان لەگەلّ عەرەبەکان لە یەك ئاوات کرد ئەویش ڕاوەدونانی ئیستعمار بوو و دەکردنی لەولاّتی عێراق بەلاّم لە پاش دامەزراندنی دەولّەتی عێراق و دانانی یاسای بنەرەتی (دستوور) سالّی ١٩٢٥ دیسان کێشەی کوردیان جارێکی تر خستە پشتگوێ و چارەسەری کێشەکانیان نەکرد بە عەقلاّنییەت کە گەلی کورد پێ ڕازی بێت هەرچەندە حکومەتی عێراق بەلّێنیدا بە کۆمەلّی نەتەوەکان (عصبەالامم) لەکاتی وەدەست هێنانی سەربەخۆیی لە سالّی ١٩٣٢ وەرگرتنی بە ئەندام لە دەزگای سەرەوە و ئەمەش دەقی بەلّێنی حکومەتی عێراق سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی.

٤٢- هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

٤٣- ڕۆلّی کورد لە شۆڕشی بیست بە زمانی عەرەبی - د. کمال مڤهر، ل٧١١.

٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٢١.



## ڕاگەیاندنی ڕەسمی دەقی بەلّێنەکانی عێراق بۆ کۆمەلّەی نەتەوەکان (عصبة الامم) لە سالّی ١٩٣٢

**بەندی یەکەم:**

دان بەو مەرجانە دەنێت کە لەم فەسلّە هاتوون وەك یاسایەکانی بنەرەتیی لە عێراق و نابێ بەپێچەوانەی ئەم مەرجانە و یاخود بەرهەلّستکاری هەر یاسایەك و یاخود کارێکی ڕەسمی ئەنجام بدات هەروەها نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت بەپێچەوانەی یاسایەکانی کە تێیدا دێن و یاخود هەر کارێکی ڕەسمی نە ئێستا و یان نە لە دوارۆژدا بە سەریدا زالّ بێ.

**بەندی دووەم:**

١- هەموو عێراقیەکان مافی پاراستنی ژیانیان و ئازارییان بە تەواوەتی پێ دەدرێ هەروەها سەربەستییان بەبێ جیاوازی بە هۆی شوێنی لەدایکبوون و یاخود ڕەگەز و یاخود بەهۆی زمان و ئایین.

٢- بۆ هەموو عێراقییەکان هەیە لە شوێنە گشتییەکان و تایبەتەکان مافی ئەنجامدانی داب و نەریتی ئایینی و بیروبڕوا بدەن بەمەرجی دژی داب و نەریت نیزامی گشتی و ڕەوشت چاك نەبن.

**بەندی سێیەم:** هەموو ئەو خەلّکانەی کە عوسمانی بوون و نیشتەجێ عێراق بوون لە ٦ / ئابی/ ١٩٢٤ ئەدانە ڕەگەزنامەی عێراقییان وەرگرتووە بەبێ ڕەگەزنامەی عوسمانی بەپێی بەندی ٣٠ لە پەیمانی سولّح کە لە لۆزان بەسترایە و بەپێی مەرجەکانی ناو یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی کە لە ٩/١٠/١٩٢٤دا هاتوون.

**بەندی چوارەم:**

١- هەموو عێراقییەکان بەرامبەر بە یاسا یەك سانن و هەمان مافی شارستانی و ڕامیارییان هەیە بەبێ جیاوازی لە عونسور و زمان و ئایین.

٢- نیزامی (نظام)ی هەلّبژاردن دەبێ نوێنەرایەتی هەموو کەمایەتییەکان و ئایینی و زمانەوانی تێیدا بن.

٣- جیاوازی ڕەگەز و ئایین نابێتە هۆی سوود وەرنەگرتن لە مافەکانی شارستانی و رامیاری وەکو دامەزراندنیان لە فەرمان بەرایەتی گشتی و پلەوپایەی بەرز و یاخود هەر جۆرە کارکردنێك و کارەکانی تر.

٤- هیچ سانسۆرێك داناندرێتە سەر بەکارهێنانی هەریەك لە عێراقییەکان هەر زمانێك لە پەیوەندییەکانی تایبەتی و یاخود بازرگانی و یاخود لە بوارەکانی ئایینی و رۆژنامەگەری و بڵاوکراوەکان لە هەموو جۆرێك و هەروەها لە کۆبوونەوەکانی گشتی.

٥- هەرچەندە حکومەتی عێراق زمانی عەرەبی کوردییشی بەزمانی رەسمی و هەرچەندە هەموو هەنگاوێکی تایبەتیان رەچاو کردووە لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ بەکارهێنانی هەردوو زمانی کوردی و تورکی ئەو هەنگاوانەی کە لە بەندی نۆ هاتوون لەم راگەیاندنە، هەموو ئاسانکارییەك دەدرێت بەو عێراقییانەی کە زمانیان زمانی رەسمی نییە بۆ بەکارهێنانی زمانەکانیان و قسە پێکردن و بەنووسین لەبەردەم دادگایەکان.

**بەندی پێنجەم:** ئەو عێراقییانەی کە لە کەمایەتییەکانی نەتەوەیی و ئایین و زمانن هەموو مافەکانی یاساییان هەیە و بەیەکسانی تەماشا دەکرێن وەکو هەموو هاوولاتیانی عێراقی و بەچەشنێکی تایبەتی ئەو مافەیان هەیە کە ئەو دامودەزگا حیزبییەکان و ئایینییەکان و کۆمەڵایەتی و قوتابخانەکان بیان پارێزن و بەڕێوەیان ببەن و چاودێرییان بکەن لەسەر ئەرکی خۆیان و هەروەها دامودەزگایەکانی سەرەوە دابمەزرێنن و دەزگایەکانی تری چاکسازی و مافی زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و هەروەها بیروبۆچوونی ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن بەسەربەستی.

**بەندی شەشەم:** حکومەتی عێراق رازییە کە هەر کارێك ئەنجام بدرێت لە بارەی کەمایەتیەکان بۆ ئەو پەیوەندییانەی بە یاسای خانەوادەیی وباری کەسی هەیە و بەهەرکارێك بۆ رێکخستنی کارەکانی سەرەوە رێگا دەدات بەپێی دابونەریت و عورفی ئەو تاییفانەیە کە ئەو کەسانە سەر بەو تاییفانەن، حکومەتی عێراق هەمەجۆرە زانیارییەك بە (نەتەوە یەکگرتووەکان) دەدات لە چۆنێتی جێبەجێکردنی کارەکان و رێگا چارەسەرییەکان.

**بەندی هەفتەم:**

١- حکومەتی عێراق بەڵێن دەدات کە هەموو ئاسانکارییەك بدات بۆ پاراستن و ئاسانکاری و رێگادانی تەواو بەکڵێسەکان و پەرستگاکانی و جولەکە و گۆڕستانەکان و دامودەزگا



ئایینییەکانی تر و هەموو کارەخێرخوازەکان و ئەوقاف کە سەر بە کەمایەتییەکانی ئایینن لە عێراق.

٢- بۆ هەموو تاییفەکان هەیە کە ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردن لە ناوچە گرنگەکان بەڕێوەبردنی خۆیان و دەستەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەوقاف و داهاتەکانی خێرخوازی و ئەو ئەنجوومەنانە دەستەڵاتی چارەسەرکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکانی ئەوقاف و دیاری پێشکەشکردن و خەرج کردنیان بەپێی خواست و ویستی ئەو کەسانەی کە پارەکەیان پێشکەش کردووە یاخود بەپێی داب و نەریتی تاییفەکە و دەبێ ئەم تاییفانە چاودێری ماڵی هەتیوەکان بەپێی یاسا بکەن و ئەم ئەنجوومەنانە لەژێر چاودێری میریی دادەنرێن.

٣- حکومەتی عێراق بۆی نییە نەهێڵێت دامودەزگای ئایینی دروست بکرێن و هەروەها دەزگا حیزبییەکان و بۆی نییە ئاسانکاری گرنگ پێشکەش نەکات کە ئەو دەزگایانەی ئێستا هەن.

**بەندی هەشتەم:**

١- حکومەتی عێراق هەموو هاوکارییەك پێشکەش بەو شارانە و ناوچەکانی کە زۆرینەی عێراقییەکان تێیدا دەژین دەکات بۆ خۆ بنەما بەزمانی ئەو خەڵکانە کە زمانی رەسمی زمانیان نەبێت بۆ فێربوون لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ منداڵانی رەعایا عێراقیین بە زمانی تایبەتییان و ئەم مەرجە حکومەتی عێراق قەدەغە ناکات بە فێربوون بەزمانی عەرەبی لە قوتابخانەکانی سەرەوە زۆرەملێ.

٢- لەو شارانە و شوێنانە کە بەشێکی زۆری رەعایای عێراقین کە سەر بەکەمە نەتەوایەتییەکان و ئایینین و یاخود زمانیان جیایە بۆ ئەو خەڵکانە بەشێکی عادیلانە لە پارە لە سامانی گشتی دابین دەکرێت بە پێی بودجەی دەوڵەت و یاخود شارەوانییەکان و جگە لەوان لە بودجەکان بۆ کاریی خێرو مەبەستی پەروەدەکاری لەچۆنێتی بەکارهێنانی پارە و پوولی ناوبراو.

**بەندی نۆیەم:**

١- حکومەتی عێراق رازییە کە زمانی کوردی زمانی رەسمی بێت شان بەشانی زمانی عەرەبی لەو شار و شارۆچکانەی کە سەر بەلیوایەکانی موسڵ و هەولێر و کەرکوك و سلێمانین کە زۆرینەی دانیشتوانەکانی کوردن.

بەڵام لە قەزای کوفری لە لیوای (پارێزگا)ی کەرکوك چونکە زۆرینەی خەڵکی شارەکە تورکمانن، زمانی کوردی و یاخود تورکمانی زمانی ڕەسمی دەبێت شان بەشانی زمانی عەرەبی.

٢- حکومەتی عێراق رازییە کە فەرمانبەرەکان لە شارۆچکەکانی سەرەوە دەبێ زمانی کوردی و یاخود تورکمانی بزانن ئەگەر هۆیەکانی ماقوڵ نەبن بەپێی پێویست.

٣- مەرجی دەست نیشان کردنی فەرمانبەرەکان بۆ شارۆچکەکانی سەرەوە لێهاتووییە و زانینی زمانە لە پێش عونسور هەروەکو ئێستاوە هەتا بکرێت لە عێراقییەکان و خەڵکی شارۆچکەکان بن.

**بەندی دەیەم:** ئەو مەرجانەی لە بەندەکانی سەرەوە لەم ڕاگەیاندنەدا هاتوون ئەوەی کە پەیوەندی بەو خەڵکانەوە هەیە کە لە کەمایەتییەکانی نەتەوەیی و یاخود ئایینی یان زمان بەڵێنن لە ئاستی نێودەوڵەتین و لە ژێر مسۆگەرکردنی نەتەوە یەکگرتووەکانن (عصبە الامم) و هیچ هەموارکردنی تێیدا ناکرێن تەنها بەرەزامەندی زۆرینەی نەتەوە یەکگرتووەکان (عصبە الامم) نەبێت.

لەکاتی خوێندنەوە و وردبینی لەم ڕاگەیاندنە (تصریح) دەبینین بەڵگەیەکی ڕەسمی نێودەوڵەتییە و تێیدا حکومەتی عێراق بەڵێن دەدات بە پابەندبوونی بەجێبەجێکردنی مافەکانی نەتەوەیی کورد، بەڵام لەڕووی کردارییەوە هیچ لەم پابەندانەی جێبەجێ نەکرد لەو کاتەی کەشۆڕشی بارزانی یەکەم لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئارادابوو وا پێدەچێت کە بەریتانیا چاوپۆشی لە بەڵێنەکەی کرد بەرامبەر بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەبەرئەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر کردبوو بەپێی ڕێککەوتنامەکان کە لەگەڵ عێراق بەستبۆی لەبەرئەوە ئەم ڕاگەیاندنە بوو بەمەرەکەب لەگەڵ کاغەز و لەسەر (رفپتە) دان هەروەکو جارانی پێشوو بەنیسبەت بە بەڵێنەکانی، و کوردەکان بەردەوام بوون لە هەموو جۆرە درا خەباتێك، ئەمە لە خوارووی کوردستان بوو کەچی لەلایەکی ترەوە لە باکووری کوردستان کە ناوزەد دەکرێت بەکوردستانی تورکیا شۆڕشەکانی کورد بەردەوام بوون و حکومەتی تورکیای کەمالیش بەردەوام بوو لە سێدارەدانی سەرکردەکانیان بە دادگاکردنێکی بێ بنەما بەبێ ئەوەی کەسێك چاودێرییان و یاخود گوێیان ڕاکێشێت[٤٥] و سەرکردەی هیندی بەناوبانگ نەهرو لەسەر

---

٤٥- محمد ملا احمد- کۆمەڵەی خۆیبوون و پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن بەزمانی عەرەبی، ل٨٢.



تورکەکان گوتویەتی لەکتێبەکەی بەعەرەبی (لمحات من تاریخ العالم) کە تورکەکان شەڕیان دەکرد لە بۆ سەربەستی خۆیان کەچی کوردیان تەفروتونا کرد کە هەروەکو تورکەکان تێدەکۆشان بۆ هەمان سەربەستی و هەروەها گوتویەتی (دونیا سەیرە کە نەتەوەیێك بەرگری لە خۆی بکات و دوایی وەربگەڕێت و ببێتە سەرکوت کەری نەتەوەیەکی تر و تێکۆشان بۆ ئازادی ببێتە تێکۆشان بۆ لەناوبردنی خەڵکانی تر و گوتویەتی ئەمە حاڵی تورکەکانە لەگەڵ کوردەکان و هەروەها عەرەبەکان و مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بەرامبەر بەو نەتەوانە کە لە عێراق و تورکیا و ئێران دەژین، دەبینین عەرەبەکان شۆڕشیان ئەنجامدا بەسەرۆکایەتی شەریف حوسێن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاربوون لە چەنگی عوسمانییەکان و پاش ئەوەی کە سەرکەوتن و رزگاربوون و دەوڵەتەکانی عەرەبییان پێکهێنا دەستیان کرد بە لێدانی نەتەوەکانی غەیر عەرەب کە لە وڵاتەکانی عەرەبی دەژیان وەکو کورد و ئاشووری لە عێراق و سوریا و قبطیەکان لە میسر و بەربەر لە جەزائیر و ئەوانی تر.



**وێنەی شیخ ئەحمەد بارزانی لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٢٧-١٩٣٢**

## خەباتی کورد بەردەوامە

هەرچەندە بەندەکانی پەیمانی سیڤەر جێبەجێ نەکران کە پەیوەندی بە ئایندەی کوردەوە بوو بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی کوردستان و هەروەکو لورد (کرۆزۆن) فەرموویەتی: کە فەرەنسا رازی نەبوو بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و هەتا بەوەش رازی نەبوو کە لە کوردستانی تورکیاش دابمەزرێت چونکە بەشە خاکی کوردستان دەدۆراند کە بەپێی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بەبەری کەوتبوو لەبەرئەوە بەرهەڵستکاربوو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی[٤٦] و هەروەها (فلحیفسکی) دەڵێت هەر هەموویان ئەو گرنگییەیانە بەکوردەکان نەدا وەك پێویست[٤٧].

مستەفا کەمالی یەکبووی کۆن بەتەنیا بوو ئەوەبوو پەنای بردە بەر کوردەکان و بەقسە خۆشەکانی توانی کوردەکان هەڵخەڵەتێنێت چونکە مستەفا کەمال بەکوردەکانی گوتبوو (تورك و کورد پێکەوە دەژین وەك برا و یەکسان) و مافەکانیان دەست دەکەوێت و توانی کوردەکان راکێشێتە مەیدانی جەنگ دژی دوژمنەکانی لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان و خوێنی کوردەکانی رژاند بۆ ئامانجەکانی، و پاش تەواوبوونی مەرامەکان لە جیاتی مافەکانی کورد جێبەجێ بکات لێیان هەڵگەڕایەوە و لە سێدارەی دان دەرئەنجامی خزمەتی کوردەکان بەتورك، ئەگەر سەرکردایەتی کورد لەو بارودۆخەی گەیشتبا وەك پێویست و لە بارودۆخی تورکیا گەیشت و هەروەها بارودۆخی ناوچەکە و توانیبا بڕیاری سیاسی سەربەخۆیی بدات دەیتوانی زیاتر لە مستەفا کەمال جموجۆڵ بکات چونکە توانایی باشیان لەبەر دەست بوو لە دەوڵەتێکی تێك شکاو و دۆڕاو لە جەنگ و هێزەکانی پەرتووبڵاوببوو[٤٨] و ئیمڕۆش هەر لە دوێنێ دەچێت و هەمان رووداو لە کوردستانی عێراق روویدا لە پاش رزگارکردنی عێراق لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکان و رووخانی حوکمی بەعسی دیکتاتۆری و دەوڵەتی عێراق و بڵاوە پێکردنەوەی هێزەکان و دامودەزگا سیخورییەکانی سەرکوت کەرەوە, کورد دەیتوانی زۆر زیاتر لەوەی کراوە لە کوردستان بیکات کە ئێستا کردوێتی چونکە هەلێکی مێژوویی زێڕین بوو بەنیسبەت کورد

٤٦- جمعية خويبون بەعەرەبی - محمد ملا احمد، ل٣٤.

٤٧- جمعية خويبون بەعەرەبی - محمد ملا احمد، ل٣٤.

٤٨- جمعية خويبون بەعەرەبی - محمد ملا احمد، ل٥٣.



لە دەست چوو، ئەلێرەدا پرسیارێك لە مێشکی خەڵکێکی زۆر دێتەگۆڕێ و پرسیارەکەش ئەوەیە: ئایا بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەوەدانە کە هاوکاربن بۆ ئەوەی کورد داوای سەربەخۆیی بکات؟ و ئەو رۆژە دێت کە دەوڵەتەکانی هەرێمایەتی بگەنە ئەو قەناعەتە کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ هەیە لەسەر خاکەکەی کوردستان؟ بەقەناعەت و بیروبۆچوونی من ئەو رۆژە قەت نایەت و لە مێژوودا نییە کە دەوڵەتەکانی سەرەوە بگەنە ئەو قەناعەتە کە کورد مافی سەرەوەیان هەیە، چونکە ئەو مافە دەستێندرێت نەك دەدرێت لەلایەن هیچ کەسێکەوە و یاخود لەلایەنێك و دەمانتوانی دونیا بخەینە ئەمری واقیع هەروەکو روویدا کە یەکێتی سۆڤێتی پێشووی رووخاو و هەروەها یوغوسلافیا و لەت لەت بوون و دەوڵەتی نوێ لێ دروست بوون و ئێستاش کێشەی ئاو هاتەگۆڕێ لە ناوچەکە و کاریگەرییەکەی لە کاریگەریی نەوت کەمتر نییە لەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە و تائێستا ماوەتەوە بەبێ چارەسەرکردن و بەدبەختی کورد ئەوەیە کە ئاوی دیجلە و فورات کاریگەریەکی زۆر دەکەنە سەر پەیوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستان پێوەیان لکێندراون لەبەرئەوە دەبێ گەلی کورد بە ئاشکرا و چاونەترس بێت لە داواکردن بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ چونکە ئەمە چارەسەری کۆتاییە و راستە بۆ گەلی کوردی ستەم لێکراو.

## دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون

لە پاش ئەوەی میللەتی کورد تووشی لە سێدارەدان و بەندکردن و هەڵاتن بوون بۆ دەرەوەی تورکیا کوردەکان خۆیان رێکخستەوە لە کۆمەڵەیەکی بەرفراوان لە پاش ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی رێکخراوەکانی کوردی کە ئەمانە بوون کۆمەڵەی سەرخستنی (تعالی) کوردستان و کورد تەشکیلاتی جەمعیەتی و کورد میللەت میزکاسی و کومیتی دی لی اندیبانداتسی کورد و ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکان و ئەوانی تر لە کورد پەروەرەکان و ئەو کۆمەڵە بەرفراوانە لە ١٢ ئابی ١٩٢٧ دروست بوو لە ژێر ناوی خۆیبوون بە واتای سەربەخۆیی و ئەگەر رەچاوی ناوەکانی دامەزرێنەرەکان بکەین دەبینین خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستانن و کە کۆمەڵەکەیان دامەزراندوە بیریان لە پارچەیەکی بەرچاو نەکردۆتەوە بەڵکو بیروبۆچوونیان لە رزگارکردنی گەلی کوردبووە لە کوردستانی گەورە و کۆمەڵەی ناوبراو کۆنگرەی دامەزراندن لە لوبنانیان بەست کە پێنج رۆژی خایاند و لە کۆتایی کۆنگرەکە گەیشتە بڕیارەکانی خوارەوە:

١- هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆمەڵەکانی کوردی کە لە ئارادانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکی کوردی گەورە و هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەلانە بگرێتەخۆ و ئەندامانی نوێ وەربگرن.
٢- بەردەوام بوون لەسەر شۆڕش دژی تورکەکان تا دوایین سەربازی تورکی خاکی کوردستانی پیرۆز بەجێ دێڵێت.
٣- ڕەچاوکردنی ئەوەی لە خوارەوە هاتوون لە پێش دەستپێکردنی شۆڕش.
أ- دانانی سەرکردەیەکی گشتی بۆ هەموو هێزە نیشتمیانییە گشتییەکانی کوردی.
ب- ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی شۆڕشگێڕ لەسەر ڕێڕەوی سەربازی و جەنگی و چەککردنیان بەنوێترین چەك و تفاقی شەڕ.
ج- دانانی بنکەیەکی گشتی بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی بەرز بۆ هێزە نیشتمیانییەکان لە چیایەکی سەخت لە چیایەکانی کوردستان.
٤- دروستکردنی پەیوەندییەکانی دۆستانە لەگەڵ حکومەت و گەلی فارسی.
٥- دروستکردنی پەیوەندییەکانی دۆستانە و بەردەوام لەگەڵ حکومەتەکانی برا. عێراق و سوریا و رازی بوون بەو مافانەی کە لە سەکی (صك)ی ئینتداب و پەیمانەکانی نێودەوڵەتیدا هاتوون و کوردەکان لەم دوو وڵاتە و زیاتر لەم مافانەی رامیاری تر لێیان داوا نەکرێت[٤٩].

ئەگەر تێبینی ئەم برگانە و بڕیارەکانی کۆنگرەی ناوبراو بکەین دەبینین سەرکردایەتی خۆیبوون مێشکی رامیاریان پێگەیشتوو و ڕێکوپێك بووە و زۆربوونی کۆمەڵە ڕێکخراوەکانی کوردی بووینە هۆی پەرتوبلاوبوونەوەی هێزەکانی کوردی رامیاری و سەربازی ئەو سەردەمە، و کۆکردنەوەی ئەو هەموو هێزانە بۆ رزگارکردنی باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) بەبەردەوام بوون لە شۆڕش تا وەدەستهێنانی سەرکەوتن و ئەگەر خالی(١) لە برگە (٣) ڕەچاو لە بڕیارەکانی کۆنگرە دەبینین ژیرانە بیریان کردۆتەوە بەدەست نیشانکردنی سەرکردەیەکی گشتی بۆ هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردی بەواتای (پێشمەرگە) بۆ یەکخستنی هەموو کارەکانی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی دەستەڵات لەسەر هەموو یەکە شۆڕشگێڕەکانی چەکدار و هەروەها ئەگەر ڕەچاوی (ب) لە هەمان بەند بکەین دەبینین داوای ڕێکخستنی شۆڕشگێڕەکانی کردووە بەکۆمەڵ کۆمەڵ بەپێی بنەماکانی سەربازی بەواتایی لە شێوازی عەشایری

٤٩- جمعیه خویبون - محمد ملا احمد به زمانی عەرەبی، ل٤٥-٦٤.



لەسەرکردایەتی کردنی شۆڕشگێڕەکان دەرچووینە ئەوە لە ساڵی ١٩٢٧ کەچی ئێمە لە پاش نزیکەی هەشتا ساڵ هەر لەسەر شێوازی عەشایری بۆ سەرکردایەتی کردنی پێشمەرگە دەڕۆین کە شێخ و ئاغا وە دەستەڵات دارەکان هەریەکێك سەرکردایەتی جەماعەتی خۆی دەکات و ئەم اسلوبە کاردانەوەیەکی سەلبی دەبێت لەسەر کارەکانی سەربازی و لەسەر سەرکردایەتی شۆڕش مەترسی ئەوە لێدروست دەبێت بەهەڵگەڕانەوەی شێخ و ئاغا لە شۆڕش و کشانەوەی خۆی و چەکدارەکانی لە شۆڕش و ڕۆیشتن بە هێزەکەیەوە بۆ ناو دوژمن و رزگاربوونە لەبەندە و دەستەڵاتدار و هەروەها برگەی سەرەوە نیشانە بە ڕێگا سەربازییەکانی داوە وەك مەشق و چۆنێتی شەڕکردن و سەرکردایەتی و ئەم شتانە بەنیسبەت شۆڕشگێڕەکان زۆر گرنگن.

و بەپێی برگە (ج) لە هەمان بەند بە دامەزراندنی بنکەیەکی گشتی بوو شۆڕش لە چیا سەختەکان ئەمە بیروبۆچوونەکی زیرەکانەیە چونکە ئەگەر سەیری چۆنێتی ئەنجامدانی جموجۆڵی شەڕی گەریلای نوێی ئێستا بکەین دەبینین سەرکردەکانی شەڕەکانی گەریلا شوێنی سەختیان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش هەڵدەبژارد و لە خاکە بەرز و نزمەکان هەڵسوکەوتی لێدان و هەلاتن بەکاریان دەهێنا و لە دەشت گەریلایەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی لەهەر شوێنێك دوژمن ببینیت لە زەعیف ترین شوێن لێیبدات و بکشێتەوە و خۆی شوێن بزر بکات و هەمان شێوە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن هەر لە سەرەتای دەستپێکردن لە ١٩٦١/٩/١١ بەکارهێناوە لەڕووی دابینکردنی کەلوپەل و چەك بە شۆڕشگێڕەکان ئەمە لە هەموو کارەکانیتر گرنگتر و بەتایبەتی چەك و تفاق و فیشەك و جلوبەرگ چونکە پێشمەرگە دەبێ تفەنگ و فیشەك و جلوبەرگی باشی پێبێت ئەگەر نا پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە زۆر زەحمەت بوو چونکە ئەگەر لێقەومابا زۆر زەحمەت بوو هێزێك و یاخود کەسێك فریای بکەوێت و دەبوایە خۆی عیلاجی وەزعەکەی خۆی بکات و دەبوایە دەرمانێکی سوکیان پێبا.

لەڕووی پەیوەندییەکانی دەرەوەو بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە دەبێت سەرکردایەتی خۆیبوون نەخشەیان داناوە بۆ خۆیان ئەویش دەست تێوەرنەدان لەکارەکانی دەوڵەتەکانی ناوبراو و دۆستایەتی کردنیان بەپێی برگە (٤) لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سەرەوە و بەڕوون و ئاشکرا داوای دروستکردنی پەیوەندییەکانی برایانەو بەردەوام لەگەڵ حکومەت و میللەتی فارس کردی و بەمەزندەی من خۆیبوون مەبەستی لەم پەیوەندییانە ئەوەبووە کە حکومەتی ئێران دەست تێوەردان لە شۆڕشی کورد دەکات کە دژی

حکومەتی تورکیا ئەنجام دەدرێت و ئێرانیش دڵنیا بکات کە خۆیبوون و شۆڕش، کوردی کوردستانی ئێران هان نادات دژی ئێران و مەبەستەکەش تورکیا و کەسی تر نییە و بەنیسبەت هەردوو حکومەتەی عێراق و سوریا و رازی بوون بەو مانایەی کە لە (سەککی) ئینتداب و پەیمانەکانی تری نێودەوڵەتیدا هاتووە بۆ گەلی کورد لەو دوو دەوڵەتی ناوبراو چونکە عێراق خرایە ژێر ئینتدابی بەریتانی و سوریا و لوبنان خرانە ژێر ئینتدابی فەرەنسی و بۆ ئەوەی خۆیبوون ویستی هزرپاکی خۆی پشانی عێراق و سوریا بدات، بەڵام هەردوو دەوڵەت مونتەدەبی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر عێراق و سوریا هیچیان بۆ کورد نەکرد و پاپەندبوون بە ناوەڕۆکی سەککەکان و پەیمانەکانی نێودەوڵەتی و هەتا مافی رۆشنبیرییان بەکورد نەدا هەرچەندە گەلی کوردستان جموجۆڵی بەردەوام بوو لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و دزینی سامانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا و نەوتیش بەدەرکەوت و بەتایبەتی لە عێراق و تیشك خستنە سەر داگیرکردنی عێراق بە پەیمانەکان کە عێراقی پێ بەستنەوە و باری قورس کرد و هەمان شت ئەنجامدرا لە سوریا بەڵکو زیاتر لە عێراق.

## نەتەوە یەکگرتووەکان و کێشەی کوردی

لەو سەردەمەی کە کورد لە بارودۆخێکی نا ئارام دەژیا پیلانە نێو دەوڵەتییەکە دژی کورد بە بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزان کە ساڵی ١٩٢٣ مۆرکرا جێبەجێ کرا و بەپێی کۆنگرەی ناوبراو بەندەکانی تایبەتمەند بەکێشەی کورد ٦٢-٦٣-٦٤ لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەر هەڵوەشێنرانەوە کە لە ساڵی ١٩٢٠ بڕیارەکان دەرچووبوون و ئەو سەردەمە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەبوو بەناوی (عصبە الامم) و بەپێی ناوەکەی دەبوایە رەچاوی بەرژەوەندییەکانی میللەتانی زوڵم لێکراوان بکات و بەرگرییان لێ بکات و لەوانە میللەتی کوردبوو بەڵام رێکخراوی ناوبراو وەکو کورد گوتەنی دەست لە پێی درێژتر بوو و هەر گوێی نەدایە ئەو رووداوانەی کە لە کوردستان روویان دەدا لە پیلانەکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و لە سێدارەدان و کاولکردن و سوتاندنی گوندەکان و بەندکردنی هاووڵاتییان بەڵکو رێکخراوی ناوبراو دەست بەستی بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان بوو کە لە جەنگ بەسەرکەوتوویی دەرچووبوون و بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی مەبەست و پیلانەکانی ئەو دەوڵەتانە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە ژێر پەردەی شەرعی نێودەوڵەتی و سیفەتی یاسایی بخەنە سەرکارە



چەوتەکانیان هەرچەندە هەوڵێدا بوو چاککردنی باری مرۆڤ لە دونیا لەبەرئەو ئەشکەنجانەی کە بەسەری هاتبوو لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم ئەوەبوو رێکخراوی کاری نێودەوڵەتیان پێکهێنا کە ئەو سەردەمە رووسیای سۆشیالیست رۆڵی نەبوو لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لەبەر کێشەکانی ناوخۆیان و پشت تێکردنی نێودەوڵەتی بۆ رووسیا و بەتایبەتی دەوڵەتە گەورەکان بەهۆی رژێمی ئابووری نوێ کە بۆ یەکەم جار لە دونیا هاتە ئاراوە و یان خراپەی بۆ رژێمی سەرمایەداری بۆ عالەمی سەربەست (حر) و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی سەربەخۆیی بۆ میللەتە زوڵم لێکراوەکان و کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر شوێن داگیرکەرەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا.

## شۆڕشەکانی کورد بەردەوامن

لە پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بەچەند ساڵێك راپەڕینێك لە ماڵی گەنجەکان لە هەکاریا ساڵی ١٩١٤ بە سەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا و هاوەڵەکانی لە ئەفسەرەکان ئەنجامدرا و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و لە پاش ئەم راپەڕینە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا لە ساڵی ١٩٢٥[٥٠] و هەروەها ئەویش سەری نەگرت و زۆر لە سەرکردەکانیان لە سێدارە دران و ئیحسان پاشا و دوو لە هەڤاڵەکانی کە ناویان راسم و خورشید بوون رایان کرد و عێراقیان بەجێهێشت بەرەو ئێران و کە ویستیان لە سنووری ئێران دەربازبن راسم شەهید کرا و ئیحسان پاشا و هەڤاڵەکەی خورشید گەڕانەوە بۆ عێراق بەڵام دووبارە چووە ریزەکانی شۆڕشی ئاگری و لە پاییزی ساڵی ١٩٢٧ گەیشتە ناو ریزەکانی شۆڕش و دەست بەکاروباری رێکخستنی شۆڕشگێڕەکانی کرد و هێزێکی بەرگری تێگەیشتوو پێکهێنا ئەوە بوو کۆمەڵەی خۆیبوونی ناوبراوی دانا بە نوێنەری خۆی و هەموو دەستەڵاتەکانی پێدا لە پاش ئەوەی کە زانی لە ئاراراتە و کرا بەسەرکردەی هێزەکانی نیشتیمانی ئارارات و ئیحسان پاشاش حکومەتەکەی شارستانی پێك هێنا بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا حەسەکی و حکومەتەکەش دەستی کرد بە دانانی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستەڵات بوون لە پاش رزگارکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان لە ژووروی کوردستان[٥١].

٥٠- جمعیة خویبون- محمد ملا احمد بە عەرەبی، ل٥٠.

٥١- جمعیة خویبون- محمد ملا احمد بە عەرەبی، ل١٥.

له پاش بڵاوبوونەوەی جموجۆڵی شۆڕشگێڕەکان له ناوچەکانی ژووروی کوردستان که بوونه هۆی رزگارکردنی بەشێکی زۆری کوردستان شەڕی توندوتیژ روویدا له نێوان شۆڕشگێڕان و سوپای تورکی و که سوپای تورکیا نەیتوانی ئەنجامەکانی بەدی بهێنێت، حکومەتی تورکیا کەوته گفتوگۆکردن لەگەڵ ئیحسان پاشا له پاش پێکهێنانی لیژنەیەك له ١٢ نوێنەر له لایەن پەرلەمانی تورکی ئەوەبوو له ناوەندی ئایاری ١٩٢٨ چاویان کەوت به ئیحسان پاشا له گوندی شیخلی و شاندی تورکی لێبوردنی گشتی بۆ شۆڕشگێڕه کوردەکان پێشنیار کرد بەمەرجێك خۆیان بدەنه دەست هێزەکانی تورکیا و پلەوپایەکی بەرز له دەوڵەت بدا به ئیحسان پاشا بەڵام شاندی کوردی ئەم پێشنیارانەی رەت کردەوە و پێی لەسەر یەك مەرج داگرت ئەویش دان پێنانی تورکیا به مافه کورد نەتەوایەتییەکانی بەڵام تورکیا لێبوردنی گشتی دەرکرد له بۆ شۆڕشگێڕەکان و بەردانی گرتووەکان و گێڕاندنەوەی دوورخراوەکان بۆ جێ و رێی خۆیان و ئەم بڕیاره له بەرژەوەندی شۆڕشگێڕان هات و سەرکردەی شۆڕش ئیحسان پاشا سوودی لێوەرگرت و خەڵکێکی زۆر چوونه ناو شۆڕش و هێزەکانی بەهێزتربوون و جموجۆلیان زیاتر بوو، ئەوەبوو حکومەتی تورکیا هێزێکی سەربازی زۆری کۆکردەوە بۆ وەشاندنی گورزێکی گورچکبڕله شۆڕش، و هێرشەکانی سەربازی نەیتوانی بەو ئەرکه هەڵبستێت وەکو تورکیا دەیویست له ساڵانی ١٩٢٨-١٩٢٩ و له پاش ئەوەی تورکیا سوپایەکەی کۆکردەوە که شێست و شەش هەزار سەرباز و ئەفسەر بوون و بەپشتگیری فرۆکەی جەنگی و تانك و تۆپ له ١٩٣٠/٦/١١ هێرشێکی گەورەیان کرده سەر شۆڕشگێڕەکان و شەڕەکه بەردەوام بوو له ١٩٣٠/٦/٢٠ تا ١٩٣٠/٧/٢٧ که له ناوچەی پشت دۆڵی زیلات بوو[٥٢] و شۆڕشگێڕەکانی کورد زۆر دەسکەوتیان دەستکەوت وەکو تفەنگ و فیشەك و تفاقی سەربازی و سوپای تورکیا هیچی پێنەکرا لەڕووی سەربازییەوە، پەنای برده بەر خەڵکی بێ گوناه و تۆڵەیان له خەڵکه بێچەکەکان دەکردەوە و ١٣٠ گوندی کوردەکانیان له ناوچەی ئارارات سوتاند و وێرانیان کرد و ٢٠٠ گوند له ناوچەی زیلان و زیاتر له ٢٠ هەزار کوردی بێچەکی کوشت هەروەکو پیشەیان، ئەوەبوو ئیحسان پاشا فەرمانی دەرکرد بۆ شۆڕشگێڕەکان که هەستن به هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر سوپای تورکیا له زۆر شوێنەوە و هێرشەکه ئەنجامدرا له هەموو لایەك تا ١٩٣٠/٨/١٣ و شۆڕشگێڕه کوردەکان زۆر سەرکەوتنی گەورەیان لەسەر سوپای تورکیا بەدەست هێنا و ئەم سەرکەوتنانه لەسەر سوپای تورکیا

٥٢- جمعیة خویبون- محمد ملا احمد به عەرەبی، ل٥٥.



شاهی ئێران نارحەتی کرد چونکه له هەمان کاتدا جموجۆڵی سمکۆ شکاك له رۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستان ئێران) بەردەوام بوو، ئەوەبوو حکومەتی تورکیا داوای له حکومەتی ئێران کرد بۆ چارەسەر کردنی کێشه سنووریەکانیان و ئێرانیش زۆر پێ خۆشحاڵ بوو به داوای تورکیا و پاشگەزبووه لەو بەڵێنانەی که بەکوردەکانیان دابوو که نەهێڵێت سوپای تورکیا له شۆڕشی کورد بدات له خاکی ئێرانەوە و رێگای بەسوپای تورکیادا که بچێته ناو خاکی ئێران و له پشتەوە له شۆڕش بدات و هێزی تورکیا هێرشی برده سەر شۆڕشگێڕەکان له رۆژهەڵاتەوە لەکاتێك یەك فیرقەی سوپای سۆڤیێت له رووباری ئاراس پەڕیبۆوه بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ سوپای تورکیا و دەڤەرەکانی ژووری رۆژهەڵاتیان له چیای ئاکری گچکەیان داگیرکرد و هەروەها سوپای ئێران بەشداری سوپای تورکیای کرد بۆ هێرش بردنه سەر شۆڕشگێڕەکانی ئاکری له رۆژەکانی دیوایی شۆڕش[٥٣] و بەم چەشنه شۆڕشیان لەناوبرد له ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ و خێزانەکانی کورد رایان کرد بۆ ئێران و وەکو خەڵات کردنی ئێران لەسەر ئەم وەستانه دژی کورد، تورکیا و ئێران رێککەوتن و له ١٩٣٢/١/٢٢[٥٤] نامەیەکیان مۆرکرد و بەپێی ئەم رێککەوتننه تورکیا تەنازول له پانتایەکی زۆر کرد له نزیك شاری وان بەرامبەر به تەنازولی ئێران له پانتایەك له رۆژهەڵاتی ئارارات و خاکەکەی کوردستانیان ئاڵوگۆڕکرد بەپێی بەرژەوەندییەکانیان لەسەر حیسابی سەرکوت کردنی کورد، لێرەدا بۆمان دەرکەوت بەپێی پیلانی نێودەوڵەتی که ئێران و یەکێتی سۆڤیێت که ئیدعای پشتگیری میللەتان دەکات بۆ رزگاربوونیان بەشدارییان کرد لەگەڵ تورکیا بۆ پوچەڵکردنی شۆڕشی کورد که ناوچه بەرفراوانی زۆریان رزگارکردبوو له کوردستان و دیسان خەون و ئومێدەکانی کورد لەگەڵ هەوا رۆیشتن و ئەمڕۆش هەر به دوێنی (دەچیت) چونکه هەمان بارودۆخ بەسەر کورد هات له ساڵی ١٩٧٥ که حکومەتی سەددامی گۆڕبەگۆڕ نەیتوانی شۆڕشی کورد لەناوببات بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر پەنای برده بەرپیلانه شومەکەی دژی کورد و شۆڕشگێڕانی کوردستان به مۆرکردنی رێککەوتننامه خیانەت کارەکەی جەزائیر له ١٩٢٥/٣/٦ و بەپێی رێککەوتننامەی سەرەوه عێراق تەنازولی له زۆر له خاکی عێراق و ستراتیژی و گرنگ له کوردستانەوە هەتا خوارووی عێراق کرد بەرامبەر بەکێشانەوەی ئێران له پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی کوردستان و رێگادان به

٥٣- جمعیة خویبون - محمد ملا احمد ، بەزمانی عەرەبی، ل٦٠-٦١ .


٥٤- جمعیة خویبون - محمد ملا احمد ، بەزمانی عەرەبی، ل١٦.

سوپای عێراق بۆ بەکارهێنانی خاکی ئێران بۆ ئەوەی لە پشتەوە لە شۆڕش بدات و بەسەرپەرشتی و ڕەزامەندی دەوڵەتێکی گەورە و بەم چەشنە کۆتایی بەشۆڕشی ئەیلول هێنرا بە چەشنێکی کاتی لە ئاداری ١٩٧٥، و ئەمە کارێکی چەپەڵ بۆ بەناوچەوانی حکومەتی سەددام و حیزبەکەیەوە هەرچەندە سەرکەوتنێکی کاتی بەدەست هێنا لەسەر شۆرش بەڵام ڕێککەوتنەکەی سەرەوە زەرەر و زیانێکی ئابووری و رامیاری و سەربازی گەورەی بە عێراق گەیاند لە دواڕۆژ دیکتاتۆر سەددام ویستی پاشگەزبێتەوە لە ڕێککەوتننامەی سەرەوە لە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئێران و سەرکەوتنی لە شوباتی ١٩٧٩ بە سوودوەرگرتنی ئەوشڵۆانەی کە لە سوپای ئێرانی بڵاوبووەوە لەناوبردنی ژەنەراڵەکان سەددام وەها تێگەیشت کە دەتوانێت هەموو دوراوەکانی بگێڕێتەوە کە بەپێی ڕێککەوتنی شەرعی سەرەوە دوراندبووی بەڵام بۆچوونەکانی ڕاست نەبوون و دەستی بەجەنگ کرد دژی ئێران لە ١٩٨٠/٢/٢٢ و بووە مایەی زەرەر و زیانێکی زۆر چ لە مرۆڤ وەیاخود لە پارە و پووڵ بەنیسبەت عێراق و لە ئەنجامیشدا بووە هۆی لەناوچوونی دەستەڵاتەکەی و پارتە شۆڤێنییەکەی. لە پێش هەرەسهاتن بەشۆڕش ئیسحان پاشا هانای بردە بەر سەرکردایەتی خۆیبوون بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆرش لە خوارووی تورکیا لەسەر سنووری تورکیا سوریا و سەرکردایەتی خۆیبوون بەپێز هانایەکەی ئیحسان پاشا چوو و لەکۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاریدا کە دەست بەهێرش بکەن لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە پاش هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فەرەنسا کە گەفی لە خۆیبوون کرد و پێیان گوت لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی خۆیبوون حکومەتی فەرەنسا دەستگیریان دەکات و دەیان نێریت بو سوریا و سەرکردایەتی خۆیبوون ڕازی بوو بەمەرجی فەرەنسا و خۆی ئامادەکرد بۆ شۆڕش کە لە سوریاوە دەست پێ بکات بەرەو تورکیا و شەوی ١٩٣٠/٨/٤/٣/ دەستی پێکرد و ئەو هێزانەی کە لە هەموو لایەکەوە بەرەو تورکیا ڕۆیشتن نەیانتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و سەرنەکەوتن و شۆڕش هەرەسی هێنا و کۆتایی پێ هات هەروەکو ئاماژەمان پێکرد[٥٥] و حکومەتی تورکیا دەستی کرد بەکوشتنی ژن و منداڵ و پیر و بێ چەك لە پیاوەکان و نیشتەجێکردنیان لەو شوێنانەی کە پێیان ناخۆش بوو و سەپاندنی سیاسەتی بەتورك کردنی کورد و قەدەغەکردنی قسەکردن بەزمانی کوردی و ئەو کەسانەی کارەکانی چەوتی سەرەوەیان ئەنجامدابوو ڕزگاری کردن بە یاسای چەوت و بەدناو ژمارە ١٨٥٠ لە ١٩٣٠/٨/٢٩ و ژمارە کوردەکانی ڕاگوێزراو بۆ ئەنادۆڵ گەیشتە

٥٥- جمعیە خویبون - محمد ملا احمد، ل٦٧، بەزمانی عەرەبی.



(٧٠٠,٠٠٠) هەفت سەد هەزار کورد ئەوەبوو کۆمەڵەی خویبون بانگەوازێکی دەرکرد بۆ گەلی کورد لە ١٩٣٢/٦/١٦ کە بەرهەڵستکاری تورکەکان و سیاسەتە چەوتەکەی بکەن بەڵام شۆڕش سەرنەکەوت و دەستەڵاتدارەکانی فەرەنسا سەرکردەکانی خۆیبوونی دەستگیرکرد و دوورخرانەوە بۆ ناو سوریا و لە بەندیخانەکانی دیمەشق زیندانی کران و لە پاش ساڵێك ئازادکران[٥٦] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (عصبە الامم) بێدەنگ بوو لەم هەموو کارە دروندانەی کە حکومەتی تورکیا ئەنجامیدا دژی گەلی کورد هەروەکو هیچ پەیوەندییەکی بەم بارودخە نەبێت نا لە نزیك و نا لە دوور.



**وێنەی یادگاری سەرکردەکانی ئارارات لە بەینی لاپەڕە/ ٩٣-٩٤ دەستنووس.**

بارودۆخ لە خوارووی کوردستان (کوردستانی عێراق) لەم کاتەی کە کوردەکان لە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) لە جموجۆڵانەوە دابوون بەتوندوتیژی دەبینن هەمان حاڵەت لە باشووری کوردستان بەردەوام بوو چونکە لە پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە بەریتانییەکان شێخ مەحمودی حەفیدیان کردە حاکمی ئەو ناوچەی کە دەکەوێتە نێوان زابی

٥٦- جمعیة خویبون - محمد ملا احمد، ل٧٣ بە زمانی عەرەبی.

گەورە و دیالا لە ١٩١٨/١٢/١ و شێخی نەمر زۆر هەوڵێدا کـە دان بنـێن کـە خـۆی بکرێتـە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی گەورە(٥٧) و لەم بارەیەوە ئەدمۆنز: لە کتێبەکەیـدا«کـورد و تـورك و عەرەب وەرگێرانی پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا لە بەغدا ساڵی ١٩٧١ لەلاپـەڕە (٢٧٥) ئـەمۆنز دەڵێت» وەها پێدەچێت کە بەریتانییەکان نەیان دەویست شێخ مەحموودی حەفید دەستەڵاتەکەی فراوان بکات بۆ دەرەوەی ناوچەی سلێمانی ئەگەر هەڕەشە و گەف لە بەرژەوەندییەکانی بکرێـت بەڵام پەیوەندییەکانی شێخی ناوبراو بەسەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان وای لێکرد ساردی دروسـت ببێت لە نێوان شێخ و ئینگلیز و نیشانەکانی شۆڕش بەدەرکەوتن لە خـوارووی کوردسـتان دژی بەریتانییەکان و لە سەرەتای نیسان کابتن بیرسن یاریدەدەری حاکمی رامیاری لە زاخۆ کـوژرا و لە ٢٠ مایسی ١٩١٩ خەڵکی سـلێمانی بەسـەرکردایەتی شـێخ مـەحموود راپـەڕین و زوو زوو ئاگری شۆڕش هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە ئـەوەبوو بـەریتانیا لـە ١٩١٩/١٦/١٨ لـە شۆڕشیدا و شێخ مەحموود بەدیلگیرا و رەوانەی ( ) هیند کرا(٥٨) بـەڵام لـە پـاش مـۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە نێـوان تورکیـا و هاوپەیمانـەکان و لەوانـە بـەریتانیا و پرۆژەی دەوڵەتی کوردی هاتـە ئـاراوە لـە بەنـدەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ لـە کوردسـتانی تورکیـا، بەریتانیا کەوتە بارودۆخێکی نوێ کە ناچاربوو بە پابەندبوون بەبەندەکانی پـەیمانی سـیڤەر کـە پەیوەندی هەیە بەکێشەی کورد و پەیوەندی لە نێوان دەوڵـەتی عێـراق و کوردەکـان دەبـێ لـە چوارچێوەی پابەندە پەیوەندییە بەریتانییەکان نێودەوڵەتی بێت وەکو لە سەرەوە هـاتووە، و لـە حوزەیرانی ١٩٢١ راپرسی لە عێراق ئەنجامدرا بەهەڵبـژاردنی ئـەمیر فەیـسەڵ کـوڕی حوسـێن بەمەلیك لەسەر عێراق دانیـشتووەکانی لیـوا (پارێزگـای) سـلێمانی بەشـدارییان نـەکرد لـەم راپرسینە، و ٤٪ لە خەڵکی کەرکوك بەشدارییان کرد و پشتگیری ئەمیر فەیـسەڵیان نـەکرد و کوردی کەرکوك داوای بەڕێوەبردنی سەربەخۆی کوردی کرد.(٥٩)

٥٧- جمعیة خویبون - محمد ملا احمد، ل٧٣، بەزمانی عەرەبی.

٥٨- ثورات بارزان، زبیر بلال، ل٧٦، بەزمانی عەرەبی.

٥٩- ادمونز- کورد و تورك وعرب بەعەربی، ل٩٠١.



## سەککی (بڕیاری) ئینتداب و کورد

بیروبۆچوونی کێشەی کورد لەو سەردەمەی لەناو کاروباری نێودەوڵـەتی لـە یـاد نەچـووبوو ئەوەبوو نەتەوە یەکگرتووەکان (عصبە الامم) بەریتانیای تەکلیف کرد ئەگەر بکرێت حکومەتی کوردی لە عێراق دابمەزرێنێت بەمەرجێ سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی کورد لە عێراق بەپێی بەنـدی ١٦ لەگەڵاڵەی ئینتدابی بەریتانی بۆ سەر عێراق لـە سـاڵی ١٩٢٢ و بـەم چەشـنە (کـە هـیچ لارییێك لەم ئینتدابە نییە کەوا بکات رێگا بگریت لـە بـەریتانیا بـۆ دامەزرانـدنی حکومـەتی سەربەخۆی بـەڕێوەبردن بـۆ ناوچـە کوردییـەکان) هـەروەکو عەبـدولرەزاق ئەلحسنی ئامـاژەی پێکردووە لە مێژووی وەزاراتی لە بەر داواکردنـی تورکیـا بـۆ ویلایـەتی موسـڵ بـارودۆخێکی نائارام و شلۆاو دروست بۆ لە باشووری کوردسـتان، ئـەوە بـۆ حکومـەتی بـەریتانیا ناچـاربوو سلێمانیەی بەجێ هێشت لـە ٥ ئـەیلولی ١٩٢٢ لەبـەر داگیرکردنـی روانـدز لەلایـەن سـوپای تورکیا(٦٠)، ئەوبوو حکومـەتی بـەریتانیا لـە ١٢ی ئـەیلولی ١٩٢٢ شـێخ مـەحمودی نـەمری هێنایەوە بۆ حوکم کردی سلێمانی بەمەزندیان کە شێخی ناوبراو دەتوانێـت هێزەکـانی کـوردی کۆبکاتەوە بەلاّم دەستهەلاتەکەی شێخ تەنها بۆ سلێمانی و چەند قەزایەکی لیـوای (پارێزگـای) کەرکووك دراوسێ بەلاّم شێخ لە ٢٢/ ١١/١٩٢٢ خۆی کردە مـەلیکی کوردسـتان و وەزارەتـی پێکهێنا و داوا لە هەموو کوردەکانی کرد کـە بێنـەناو حوکمەکـەی و هاوکـاری بکـەن و لـەو سەردەمەی پڕوپاگەندە و جوڵانەوەی سەربازی تورکی پەرەی سەند لە باشووری کوردستان و بەم حاڵەتە هەردوو حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیای ناڕەحەت کرد.(٦١)

٦٠- زبیر بلال - ثورات بارزان، ل٧٧ بەزمانی کوردی.

٦١- زبیر بلال - حرکات، ل٧٧، بەزمانی کوردی.

## راگەیاندنی (تصریح کانونی یەکەم / ١٩٢٢
## لەسەر دامەزراندنی حکومەتی کوردی

لە ١٩٢٢/١١/٢٠ کۆنگرەی لۆزان کرایەوە و لەگەڵ پێشکەوتنی گفتوگـۆ لـە نێـوان بـەریتانیا و هاوپەیمانان لەلایەك و لەگەڵ تورکیا لەلایـەکی تـر و گەیـشتنی لایەنـەکانی سـەرەوە بەیـەك لەسـەر بەرژەوەندییەکانیان رویەکانی کێشەی کورد بەلایەکی تریـان بـوو و بـەریتانیا وەهـای بـینی کـەدەبێ گۆڕانکاری لە هەرێمە کوردییەکانی عێراق بکرێت بەرەو یەکبوون لەگەڵ عێراق، و بـۆ جێبـەجێکردنی سیاسەتی بەریتانیای نوێ بەریتانیا وەهای بینی دەبێ سنوورێك دابنێت بۆ ویستەکانی شێخ مـەحمود ئەوەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراق راگەیاندنێکی هاوبەشیان ئاراستەی ئەو کوردانە کرد کە هاوکارییـان دەکردن لە ١٩٢٢/١٦/٢٤ و لەو راگەیاندنە دانیاننـا بـە مافـەکانی کـورد لـە چوارچێوەی عێـراق بەپێکهێنانی حکومەتی کوردی لەو چوارچێوەی[٦٢] و مەبەستی بەریتانیا لەم راگەیاندنە ئـەوەبوو کـە دووپات بکاتەوە بۆ کوردە میانرەوەکان کە مافەکانیان رەوایە و پشتگێ نەخراون و هـەروەها ویـستی کوردەکان پەرتە پێ کات و دووریان بخاتەوە لە شێخ مەحمود بەواتای ئەو بەتـەنیا داوای مـافی کـورد ناکات و خەڵکانی تر هەن هەوڵ دەدەن بـۆ جێبـەجێکردنی ئاواتـەکانی گـەلی کـورد[٦٣] و هـەروەها بەریتانیا ویستی وڕەی کورد کە راپەڕی بوون لەو ساڵەی دابەزێنێت، ئەوەبوو هەندێك لـە کوردەکـانی ناوچەی سلێمانی بروایان کرد بە راگەیاندنی سەرەوە بەڵام شـێخ مـەحمود ویـستی هەڵوێـستی خـۆی بەهێزتر بکات بەزیادکردنی هاوکارییەکەی لەگەڵ تورکیا (لەگەڵ جولانەوەی ئوزدەمیر کـە تورکـەکان ناردبوویانە کوردستان بۆ گۆڕینی بارودۆخ بۆ لای تورکەکان لەکاتی هەستانی لیژنەی نێودەوڵـەتی کـە نەتەوە یەکگرتووەکان (عصبة الامم) ناردبووی بۆ کۆکردنەوەی راستییەکان.

تایبەتمەندبوون بەکێشەی موسڵ و شێخ مەحمود رەتی رۆیشتنی کرد بۆ بەغدا ئەوەبوو حکومەتی بەریتانیا هەڵوێستێکی توند و ئیجرائاتێکی توندی وەرگرت دژی شێخ مەحمود و فڕۆکەکانی بەریتانیا لە ١٩٢٣/٣/٣هێرشێکی بەر بادیان بردە سەر سلێمانی و شێخ ناچار بوو بـەرەو ناچاوچـەی سـورداش بڕوات لەوێوە بەرەو ئێران، و بۆ خەڵکەکە زوو دەرکەوت کە حکومەتی بەریتانیا راسـتو و رەوان نییـە لەسەر بەیان (راگەیاندنی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ و دوای ئەمە پرۆتۆکۆڵی پەیمانی عێراقی – بەریتانی

٦٢- حرکات بارزان – زبیر بلال، ل٧٧، بە زمانی عەرەبی.

٦٣- القضیة الکردیة، ط٣، بیروت ١٩٦٦، ل١٤٨- محمود الدرة بە زمانی عەرەبی.



بەستراو موورکرا لە ١٩٢٣/٤/٣٠و بۆ بڕیار کە سلێمانی دەلکێنـدرێت بـەعێراق و لـە سـاڵی ١٩٢٣ بەریتانیا پاشگەزبووە لە راگەیاندنەکەی ١٩٢٢/١٢/٢٤و مافەکانی کوردیش بوونە مەرەکەب لەسـەر کاغەز لە پاش لەناوبردنی شۆڕشی شێخ مەحمود بەڵام شێخی ناوبراو لە تـەمموزی ١٩٢٣ گەڕایـەوە سلێمانی و بۆ ماوەی یەك ساڵ حووکمەکەی گێڕا لە شار بەلام هێزەکانی بەریتانیا لـە /١٩ تـەمموزی/ ١٩٢٤ سلێمانی دووبارە داگیری کردەوە بەهاوکاری هێزە ئاسمانییەکانی.

### پەیمانی لۆزان

بەهۆی یەکبوونی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و تورکیا و بەرژەوەندی ئیـستعمار و نارەحـەتبوونی ئینگلیز لە شێخ مەحموودی حەفیـد و سـەرکەوتنەکانی تورکیـا بەسـەرکردایەتی مـستەفا کـەمال و ئەتاتورك لەسەر یۆنانییەکان و کشانەوەی هاوپەیمانان لە ئیستەنبۆڵ و دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێـوان هاوپەیمانان رێککەوتنی هۆزان بەسترا و مۆرکرا لە ٢٤/تەمموزی١٩٢٣ کە جێگای پـەیمانی سـیڤەری گرتـەوە و بـەم موعاهـەدە ئەگـەری دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتان کرابـوو لەبـەر سـەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانان لەسەر بەرژەوەندی کورد و ئەو سەردەمە لیژنەیەکی سنووری پێکهـاتبوو لە پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق،[٦٤]

ئەم لیژنەیە پێشنیارەکانی پێـشکەش کردبـوو و تێیـدا هـاتبوو (دەبـێ خواسـتو ویـستی کوردەکان کە دەریان بڕیبوون رەچاو بکرێن بەدانانی کوردەکان لەسـەر کاروبـار و بـەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و دەبێ داد دابەشبکرێ و خوێندن بڵاوبکرێتەوە و زمـانی کـوردی بکرێتـە زمـانی فەرمی (رسمی) لە هەموو فەرمانگاکان و هەروەها زبیر بلال لە شۆڕشـەکانی بـارزان لەلاپـەڕە ٨٠ دەڵێت کە تەنها بەرهەمی خەباتی کورد لە عێراق ئەوەبوو کە خوێنـدن لـە قوتابخانـەکانی سەرەتایی بۆ بە زمانی کوردی بەپێی یاسای زمانەکانی ناوخۆ کە لە ١٩٣١/٥/٢٣ دەرچووبوو بەڵام لە راستیدا زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان نەبوو بە زمانی خوێندن بەڵکو لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر بەڵام خوێندن لـە قوتابخانـەکانی سـەرەتایی هـەر بەعـەرەبی مایەوە لە ئاکرێ و هەموو قەزا و ناحیەکانی ناوچـەی بادینـان کـە ئـەو سـەردەمەی لـەڕووی بەڕێوەبردنەوە سەر بەلیوای (پارێزگای) موسڵ بوون تا شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ .

٦٤- ثورات بارزان – زبیر بلال، ل٧٩، بە زمانی عەرەبی.

## شۆڕشەکانی بارزان

لەو سەردەمەی کە کوردەکان لە ناوچەکانی سلێمانی بەسەرکردەیی شێخ مەحموودی حەفید بەرهەڵستکاری داگیرکەرانیان دەکرد و هەوڵی دروست کردنی قەوارەی کوردی بوون دەبینین کوردەکان لە ناوچەکانی بادینان سەرقاڵی لێدانی دوژمنی داگیرکەر بوون و لە تشرینی دووەمی ١٩١٩ کە حاکمی بەریتانی موسڵ مستەر بیل و یاریدەدەری رامیاری حاکمی ئاکرێ لە رۆیشتندا بوون بۆ بلە بۆ سەردانی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەڵام شێخ نەمر پێشوازی لێنەکردن و هێزێکی چەکدار لە بارزانییەکانی نارده ئەوبەری زێی بلە و لەو ناوچەیەی بابەکر ئاغا و مەحموود ئاغای زێباری بەهێزیکی چەکدارەوە چاوەڕێیان دەکرد و بۆسەیەکیان دانا و هەردوو ئەفسەری ئینگلیزییان کوشت و دوای کوشتنی هێرشیان بردە سەر دامودەزگایەکانی میری لە شارۆچکەی ئاکرێ و لە پاش داگیرکردنیان دەستیان داگرت بەسەر خەزینەی ئاکرێ و (٤٠) چل هەزار روپیەی تێیدابوو بەڵام ناکۆکیان کەوتە نێوانیان لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی و لەسەر ئەمە شێخ ئەحمەدی بارزانی گلەیی لێکردن و خۆی لێیان تورە کرد (زوبیر بلال - ثورات بارزانی ل٩٤، بەزمانی عەرەبی).

لە ساڵی ١٩٢٢ چەکدارەکانی شێخ ئەحمەد بارزانی هێرشیان بردە سەر ئامێدی ئەوەبوو حکومەتی بەریتانیا تۆڵەیان لە بارزانییەکان کردەوە لە پاش هێرش بردنە سەر شارۆچکەی ئامێدی بەمانگێك بەبۆمب بارانکردنی بارزان و تەختکردنی لەلایەن هێزە هەواییەکانی بەریتانیا بەهاوکاری هێزە ئاشورییەکانی غەیرە نیزامی (لیڤی)[٦٥] و لەکاتی دەرکردنی هێزە تورکەکان لەرواندز ساڵی ١٩٢٣ شێخی ناوبراو هێرشی بردە سەر هێزەکانی تورك کە پاشەکشەیان دەکرد و رۆیشتە شارۆچکەی ئاکرێ بۆ ئەوەی سولح (پێکهاتنەوە) لەگەڵ دەستەڵاتی بەریتانی - عێراقی) بکات (زبیر بلال -ثورات بارزان بەزمانی عەرەبی) و ناوچەکە بەچەشنێکی کاتی ئارامبوو، لەبەرئەوە حکومەتی بەریتانیا بڕیاریدا بەنیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لەناوچە کوردییەکان، و ئەنجامیاندا لەناوچەکانی برادۆست و ئامێدی و بەرواری بالا و تاخوما لە دهۆك وئەم کارە شێخ ئەحمەدی نارەحەت کرد و گەیشتە رادەیەك بە هەستانی ئاغایەکانی هورەمارییەکان و هێرشەکانی زێبارییەکان بەناوچەی ئامێدی ساڵی

٦٥- دانەر.



١٩٢٣ لە پاش ئەوەی کە ئینگلیز بڕیاری دابوو بەنیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لەسەر خاکی کورد و شوێنی بەرازگر دەستنیشان کرابوو بۆ ئەم نیشتەجێکردنە لەناوچەی برادۆست کە سەر بەپارێزگای هەولێرە و شێخ ئەحمەد لەناوچەکانی خۆی کە هێشتا نەکەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی عێراق هەڕەشەی کرد بە دەستپێکردنی راپەڕینێکی نوێ (ثورات بارزان - زبیر بلال، ل٩٩ بە زمانی عەرەبی)، و عەلی سیدو گۆرانی دەڵێت: کە هویەکانی راستەوخۆ نەبوون، بۆ شۆڕشی بارزان هەروەکو لە رۆژنامەی فەلەستین لە ژمارەکەی لە ٢ کانوونی یەکەی ١٩٢٣ هاتبووە دەڵێت:

١- ئەو نارەحەتییەی کە شێخ مەحموود و کوڕەکەی تووش بووینە لە زیندانکردنیان.

٢- ناردنی شێخ مەحموود داوایەك بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی کە لێی داوا دەکات بەدەست پێکردنی جیهاد و جەنگ دژی حکومەتی عێراقی و کارکردن بەو بیروبۆچوونەی کە هەوڵ دەدرێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لە عێراق و ئێران و تورکیا پێك دێت (لە عەممان تا ئامێدی (چاپخانەی سەعادەی میسری ١٩٣٩ ل١٧٦-١٧٨ بەزمانی عەرەبی) هەرچەندە عەبدولرەزاق حوسێن دەڵێت: هۆی راستەوخۆ هەبوون بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش و لەوان هەبوونی ناکۆکی لە نێوان شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر چۆنێتی وەرگرتنی باجی مەڕ و ماڵات و نەهێشتنی شێخی ناوبراو بە دروستکردنی بازگەکانی پۆلیس لەناوچەی بارزان چونکە تورك و ئینگلیز بیریان لەوە نەکردبووە کە ئەم کارە جێبەجێ بکەن و حکومەتی عێراق وەلامەکەی شێخی وا لە قەڵەمدا لە یاخی بوونە و دەبێ هێزێکی سەرکوتکەر بنێرن بۆ ناوچەکە (عبدالرزاق الحسین تاریخ الوزارات ٣/ ١٨٠-١٨١ بە زمانی عەرەبی) ئەوەبوو لە تەمووزی ١٩٣١ هێزێکی گەورەی عێراقی لەگەڵ هێزی ئاسمانی بەریتانیا بەرەو بارزان رۆیشت و شۆڕشگێڕەکان توانییان یەکێتییەکی سوپای عێراق لەناو ببەن ئەوەبوو هێزی هەوایی بەریتانیا زۆر بەتوندی لە کوردەکانیاندا و ناوچەی شۆڕشگێڕی شێخ ئەحمەدی بارزانی تووشی بۆمبارانێکی گەورەبوو لەگەڵ بەکارهێنانی بۆمبەکانی بەتەوقیت کراو هەتا وای لێهات مەڕ و ماڵاتیش نەجاتیان نەبوو هەروەکو رۆژهەڵاتناسی رووسی منتشا شڤیلی دەڵێت: شێخ ئەحمەد توانی خۆی و لایەنگرەکانی خۆیان راگرن و دەست بەسەرداگرتنی هەموو ناوچەکانی بارزان و دەوروبەر تا تشرینی دووەم بگرن و لە کانوونی یەکەمی ١٩٣١ هێزێکی تری سوپای عێراق بەهاوکاری فڕۆکەکانی بەریتانیا ناردرانە ناوچەکە و لەبەر یەکسان نەبوونی

هێزەکان شێخ ناچاربوو هێزەکانی خۆی بکێشتەوە بۆ چیاکانی بارزان و لەو سەردەمەش شۆڕشی ئارارات (ئاکری داغ) لە ململانێکی گەورەدابوو لەگەڵ تورکەکان و لەم بارەیەوە حەسرەتیان دەڵێت: (الحركة الكردية في العصر الحديث ص١٦٧ نقلا عن صحيفة حاكمتي ميللي في ١٩٣٠/٧/٨ بە زمانی عەرەبی) و شێخ ئەو سەردەمە داوای ئارارات و ئاکری داغی جێبەجێکرد و هێرشی بردە سەر ناوچەکانی تورکیا لەلای هورەمار و حکومەتی تورکیا زۆر نارەحەت بوو دەربارەی بەربڵاوبوونە بزاڤی رزگاری کوری و زۆر بە توندی داوای کرد لە حکومەتی بەغدا بۆ لێدانی کورد و سەرکوت کردنی لە پێش هاتنی بەهار، و ئاشکراش بوو کە عێراق لە ژێر فشاری تورکیا دەیویست کاری توندوتیژی وەربگرێت بۆ چەك کردنی کوردەکان لە چیایەکانی موسڵ و لوتکەکانی (ثورات بارزان زبير بلال، ل١١١ بە زمانی عەرەبی) و لە سەرەتای نیسان/ ١٩٣٢ حکومەتی عێراق هێزێکی گەورەی ئامادەکرد و بەهاوکاری هێزە هەواییەکانی بەریتانیا و تاکە پۆلی فڕۆکەکانی عێراقیێ لە سێ لایەوە ناردیانە سەر بارزان و شەڕێکی یەکجار گەورە روویدا لە نێوان هێزەکانی عێراقی و بارزانییەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشگێڕەکانی زیانێکی زۆر گەورەیان گەیاندە هێزی عێراقییەکان لە شەڕی (دۆلا ڤاژێ) و چەکێکی زۆریان دەستکەوت لەگەڵ تفاق و ئازوقە و بەم سەرکەوتنە وورەی بارزانییەکانیان بەرزبوو و مەلا مستەفا بارزانی رۆڵێکی بەرزی هەبوو لەم سەرکەوتنە بە سەرکردایەتی شەڕەکە و بەڕێوەبردنی و سەرخستنی و هەروەها شەڕەکان روویدان لەبەرەی ئاکرێ لە نێوان چیای پیرس و سەرێ ئاکرێ لە نێوان هێزەکانی میری و شۆڕشگێڕەکانی بارزانی هەرچەندە چەند چلکاو خۆرێکی کورد وەکو زێباری و هەندێك لە شێخەکانی سورچی هاوکاری هێزەکانی حکومەتیان کرد بەڵام هێزەکانی میری شکان و سەرنەکەوتن و لەبەرەی باڵندە- ئامێدی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکان لە مەترسیدا بوو لەبەر هاوکاریکردنی کە لێ رێکانی سەرۆك عەشیرەتی رێکانی بێ سنوور لەگەڵ هێزەکانی میری بەڵام هاوکاری کردنیان بێ سوودبوو (ثورات بارزان زبير بلال، ل١٢٢ بە زمانی عەرەبی) و لەبەر ئەوە دوو فڕۆکەوانی بەریتانی بریندابوون شێخ ئەحمەد ئاگاداری حکومەتی کرد بۆ ناردنی پزیشکێك و وەرگێڕێك بۆ چارەسەرکردنی هەردوو فڕۆکەوان ئەوەبوو کاپتن وولت ئامادەبوو لەگەڵ پزیشك و وەرگێڕ لە ١٩٣٢/٥/٣ و چاویان بەشێخ ئەحمەد کەوت و شێخ بارودۆخی بۆیان شیکردەوە لەسەر نەهامەتی تووشبوونی بارزان و دوایی رازی بوو بەبەردانی هەردوو فڕۆکەوان بەرامبەر بەوەی



کە هولت بەڵێنیدا بەناوی حکومەتی بەریتانیا بەبەردانی ٢٥ بارزانی کە سەدیق ئاغای هورەماری تەسلیم بەحکومەتی کردبوون بەرێگای چەوت و هولتیش بەڵێنەکەی هێنایە دێ بەگەیشتن بەهەولێر و بارزانییەکانی بەردا و بەدڵنیایی ناردنییەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد.

## راگرتنی شەڕ بەچەشنێکی کاتی

هەروەکو باسمان کرد لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی شێخ ئەحمەد لەگەڵ هولت شەڕ راگیرا و گفتوگۆ دەستپێکرا بەمەبەستی گەڕانەوەی بارودۆخی ئارامی بۆ ناوچەکە و کشانەوەی سوپا بۆ شوێنە ئاساییەکانی خۆی و ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە و بنکەکانی پۆلیس دروست بکرێت و گەڕانەوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ ناوچەکە و دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ شۆڕشگێڕەکان و بەڕاستی شەڕەکە راگیرا بۆ ماوەی دوو هەفتە بەڵام حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بەبەڵێنەکانی هولت و زیادە لەوەی حکومەت سوربوو بەتەسلیم بوونی شێخ ئەحمەد و هەموو بارزانییەکانیش بەبێ مەرج و هەل و لە پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتە فڕۆکەکانی جەنگی بەریتانیا دەستی بەبۆمب بارانکردنی ناوچەکە لە جاران توندوتیژتر مەسعود البارزانی (البارزاني و الحركه التحرريه الكرديه-ج٣، ل٣٨-٣٩) بە زمانی عەرەبی).

## قۆناغی دوای شۆڕش

شێخ ئەحمەد بارودۆخی ناوچەکە تاوتووی کرد لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بارزانییەکان وبویان دەرکەوت کە بەردەوام بوون لە بەرگری کردن زەحمەتە چونکە ئیمکانیەتیان کەم بوو و هی ئەوەی نەبوو بتوانن بەردەوام لە لێدانی ئیستعماری بەریتانی و هێزەکانی عێراقی بەیەکەوە و لە هەمان کاتدا بوویە بڕیاردرا بە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئێران و تورکیا بۆ رازی بوون بەچۆنی بارزانییەکان بۆ ناو خاکیان، ئەوەبوو وەلامەکە گەڕایەوە بەرازی بوون بەمەرجی دانانی چەکەکەیان لە سنوور هەر لەکاتی چوونیان بۆ ناو خاکەکەیان و هەروەها بڕیاردرا کە هێڵی بەرگری کردن دابنێن بۆ پشت گرتنی بارزانییەکان لەکاتی کشانەوەی خێزانەکانیان بۆ سنووری تورکیا و لەکاتی کشانەوەیان هێزە هەوائیەکانی بەریتانیا بەردەوام بوون لە لێدانیان هەتا بە شەویش و زەرەر و زیانێکی زۆریان گەیاندە خێزانەکانیان و لە ١٩٣٢/٦/٢٢ شێخ ئەحمەد و برایەکانی مەلا مستەفا و شێخ محەمەد سەددیق لەگەڵ ١٠٠ سەد کەس لە پیاوەکانیان چوونە ناو خاکی تورکیا لە رێگای

گوندی گرانایی تورکی و بەمە کۆتایی هات بە شۆڕشی یەکەمی بارزانی (البارزانیون ل٤٦-٤٧) بە زمانی عەرەبی زبیر بلال بەڵام ناوبراو گەڕایەوە و گوتی لە ١٩٣٢/٧/٦ کۆتایی بەشۆڕش هات بەڵام خەڵکانێك هەر مابوون تا ماوەی یەك ساڵ، نارەحەتی و ئاڵۆزی بەردەوام بوون لە ناوچەکە چونکە هەندێك لە شۆڕشگێڕەکان هەر مابوون لە باشووری کوردستان و نەڕۆیشتبۆنە ناو خاکی تورکیا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و خەڵکانی تر و هەروەها گوتی مەلا مستەفا و شێخ سەددیق و ئولوبەگ و خەلیل خۆشەوی نزیك سنوور مابوونەوە و جارجار دزەیان دەکرد بۆ ناو عێراق (البارزانیون لە٤٧-٤٨).

و شێخ ئەحمەد نیشتەجێ کرا لەگەڵ پیاوەکانی لە ئەدرنە لەسەر سنووری نێوان تورکیا و بولغاریا و لە پاش یەك ساڵ بۆ تورکیا دەرکەوت کە ئینگلیز دەیەوێت ئاشورییەکان نیشتەجێ بکات لەسەر خاکی بارزانییەکان و بەم کارە نیگەران بوو ئەوجا هەڵسا بۆ گواستنەوەی بارزانییەکان لە ئەدرنە بۆ ئاکۆیان لەسەر سنووری خاکی بارزان کە ئینگلیز زانی کە کارە چەوتەکەیان ئاشکرا بوو، دیبلۆماسیەتی ئینگلیز و تورکیا گەیشتنە ڕێککەوتن بەگێڕانەوەی شێخ ئەحمەد و جەماعەتەکەی بۆ عێراق و لە موسڵ نیشتەجێ کران و دوایێ گواستنیانەوە بۆ ناسریە و حیلە و دیوانییە لە خوارووی عێراق و دوایێ گواسترانەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە مەلا مستەفا توانی لە سلێمانی رابکات و بگەڕێتەوە بۆ بارزان و شۆڕشی ١٩٤٣ بەرپا بکات (تاریخ الوزارات العراقیە ١٨٤/٣ عبدالرزاق الحسنی) بە زمانی عەرەبی.

## بەردەوام بوونی خەباتی کورد

لەکاتی پێداچوونەوەی خێرا و بەکورتی بەنیسبەت ڕووداوەکان کە لە کوردستان ڕوویانداون و شۆڕشەکانی کورد چ لە باکوور و باشووری کوردستان و یاخود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ شکاك) دەبینین کوردەکان سەریان شۆڕ نەکرد بۆ دوژمنان کە حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستان بوون لە پاش لکاندنی پارچەکانی کوردستان پێیان و پاش گەزبوونەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ لە پاش دانانی ڕێککەوتننامەی لۆزان لە جێگای ڕێککەوتننامەی سیڤەر و بەردەوامبوون لە ئازاردانی گەلی کورد بەبێ ڕەحمی لە سێدارەدان و وێرانکردنی گوندەکان و راگواستن و دەرکردن لەسەر خاکەکەیان دەبینین لە پاش لەناوبردنی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی بارزان



بەسەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی و لە پاش دوورخستنەوەی شێخی نەمر و خاو خێزانەکەی و برایەکانی بۆ شارەکانی خوارووی عێراق هەتا گەیشتنەوە شاری سلێمانی لە ڕۆژهەڵاتی سەرووی کوردستانی عێراق دەبینین مەلا مستەفا بارزانی هەڵ دەقۆستەوە و هەڵدێت لە سلێمانی لەگەڵ دووکەس لە یاوەرەکانی لە ڕێگای ئێران و جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ بارزان لە ناوەندی ساڵی ١٩٤٣ و دەست بەشۆڕش دەکات لە پاش کۆبوونەوەی پیاوە دڵسۆزەکانی لە خێڵی بارزان و لە بەر هەستانی بەشۆڕش حکومەتی عێراق کەوتە گواستنەوە و دوورخستنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی و یاوەرەکانی بۆ شاری حیللە (زبیر بلال ثورات بارزان) بە زمانی عەرەبی، ل٦٤١.

لە پاش بەردەوام بوونی شۆڕش و بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن، حکومەتی نوری سەعید ناچاربوو لە ساڵی ١٩٤٤ دەست بەگفتوگۆ بکات لەگەڵ مەلا مستەفا و یەکێك لە داواکارییەکانی مەلا مستەفا گێڕاندنەوەی شێخ ئەحمەد و هەڤاڵەکانی بۆ بارزان، ئەوەبوو لە ١٩٤٤/١٢/١٢ حکومەتی عێراق ڕێگایدا بە شێخ ئەحمەد بارزانی و هەڤاڵەکانی و خێزانەکانیان بەگەڕانەوەیان بۆ بارزان (هەمان سەرچاوە، ل١١٦) و حکومەتی نوری سەعید ناچاربوو ڕێککەوتننامە مۆر بکات لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لەڕێگای نوێنەرەکەی ماجد مستەفا وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی نوری سەعید کە بەپێی ڕێککەوتننامەی سەرەوە مەلا مستەفا داوای کردبوو کە دەبێ هەرێمێك پێك بهێندرێت بەناوی هەرێمی کوردستان لە کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و قەزایەکانی کوردی کە سەر بەلیوا (پارێزگای) موسڵ و دیالا و شوێنەکانی تربوون و داواکاری تر، بەمە ئینگلیزەکان نیگەران بوون و پێیان ناخۆش بوو بەم ڕێککەوتنە، ئەوەبوو نوری سەعید دەستی کێشایەوە لەسەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنی سەرەوە خۆی رزگاربکات و پابەند نەبێت و لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ شەڕەکە دەستی پێکردەوە لە نێوان حکومەتی عێراق و مەلا مستەفا بەدەست پێکردنی سوپای عێراق بەهێرش بردنە سەر شۆڕشگێڕەکان بەهاوکاری هێزی ئاسمانی بەریتانیا و هێرشێکی بەربادیان بردە سەر شۆڕشگێڕکان لە ناوچەی بارزان و شەڕەکان بەردەوام بوون بۆ ماوەی سێ مانگ و لەبەر ئەوە هێزەکانی شەڕکەر یەکسان نەبوون لەڕووی ژمارە و چەك سوپای عێراق بەهاوکاریی فڕۆکە ئاسمانییەکانی بەریتانیا هێزەکانی شۆڕشگێڕ ناچارکران بە بەجێ هێشتنی کوردستانی عێراق و ڕۆیشتن بەرەو کوردستانی ئێران و هەرچەندە شۆڕش هەرەسی هێنا بەڵام رق و کینەی کورد زیاتر بوو دژی حکومەتی عێراق.



وێنەی پێشەوا مستەفا بارزانی (مهاباد ١٩٤٦)



## کاریگەری جەنگەکان لەسەر بارودۆخی نێودەوڵەتی

چۆن جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری هەبوو لەسەر بارودۆخی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی لەسەر زۆر لە وڵاتی دونیا و لەوانە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، وە بوونە هۆی لەتکردنی و پێکهێنان و دروست بوونی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و لەوان عێراق و بەهەمان شێوە جەنگی دووەمی جیهانی کە بەلای هاوپەیمانان بوو کە لە رووسیای سۆشیالیستی ئەو سەردەمە بوو و ئەمەریکا و بەریتانیا و روسیا ئێرانی داگیرکردبوو و عێراقیش لە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیا دابوو و لەبەرئەوە سوپای سوری رووسی ئێرانی داگیرکردبوو و کەش و هەوای دیموکراسیەت گەیشتبووە ناوچەکە ئەوەبوو بۆ کۆماری ئەزەربێجانی دروستبوو و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ئێران پەرەی سەندبوو و بەدەست و بازی دڵسۆزەکان پارتی دیموکراتی کوردی لە ئێران دامەزرا لە ساڵی ١٩٤٥ و شەهید قازی محەمەد رۆڵی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی پارتی سەرەوە و سەرکردایەتی کردنی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و لەبەر ئەوە شۆڕشی بارزان شکستی هێنابوو لەبەر یەکسان نەبوونی هێزی شۆڕش بەرامبەر هێزی عێراق، سەرکردایەتی شۆڕش و شێخ ئەحمەد بارزانی بڕیاریاندا کەپەنا ببەنە ئێران و بەرەو ئێران رۆیشتن و لە ١٩٤٥/١٠/١١ چوونە ناو خاکی ئێران لە ڕێگای (کێلەشین- مەرگەڤەر) و شێخ ئەحمەدی بارزانی لە مەهاباد نیشتەجێ بوو (مسعود البارزانی - البارزانی والحركە التحرریە القومیە الكردیە المصدر السابق ٣/٩١-٩٢) بە زمانی عەرەبی، جارێکیتر بارزانیەکان ناچاربوون گوندەکان و ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و ببنە پەناهەندە لە کوردستانی ئێران.


## دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لە ١٩٤٦/١/٢٢ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەسەرۆکایەتی قازی محەمەدراگەیاندرا کە کەمتر لەساڵێك دەوامی کرد بەبۆنەی مۆرکردنی رێککەوتنی نەفت لە نێوان قیوام ئەلسەلتەنە سەرۆك وەزیرانی ئێرانی ئەو سەردەمە لەگەڵ رووسیا و دابەشکردنی دەست کەوتە کانی جەنگ لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی و بەکشانەوەی سوپای رووسی لە ئێران هەردوو کۆماری ئەزەربێجان و کوردستان لە مەهاباد رووخان و کۆماری


مەهاباد لە ١٩٤٦/١٢/١٧ رووخا بەهۆی هێرشی سوپای ئێران بۆ پایتەختی کۆماری کوردستان و هەرچەند بارزانی نەمر هەوڵیدا لەگەڵ قازی محەمەد کە لەگەڵی بڕوات بۆ رووسیا و نەمێنێتەوە لە مەهاباد بەڵام قازی محەمەد بڕیاریدا کە لە مەهاباد بمێنێتەوە و مایەوە هەتا دەستگیرکرا لەلایەن هێز و دەسەڵاتی ئێران و حوکم درا بە لەسێدارەدانی و لە ١٩٤٧/٣/٣١ لە سێدارەدرا لە گۆڕەپانی چوارچرا کە هەمان گۆڕەپان بوو شەهید قازی محەمەد کۆماری مەهابادی راگەیاندبوو و بارزانی نەمر خۆی بەدەستەوە نەدا بۆ ئێرانی دوژمن و لەگەڵ شێخ ئەحمەد رێککەوت کە شێخی نەمر لەگەڵ خاو خێزان و پەککەوتە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بارزانی نەمر رێگای رۆیشتن بۆ رووسیای سۆشیالیستی هەڵبژارد، ئەوەبوو لەگەڵ زیاتر لە (٥٠٠) پێنج سەد چەکدار لە بارزانییەکان و شۆڕشگێڕەکانی تری کورد کە لەگەڵی بوون و لە پاش چەندین شەڕی توندوتیژ لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر و سوپای سێ دەوڵەتی دوژمن کە عێراق و تورکیا و ئێران بوون، بارزانی نەمر و چەکدارەکانی توانییان بگەنە رووباری ئاراس کە دەبێتە سنوور لە نێوان ئێران و رووسیای شورەوی لە ١٩٤٧/٦/١٩لە پاش بەرەنگاربوونەوەیەکی چاك لەگەڵ سوپای سێ دەوڵەتی دوژمن کە نەیانتوانی بگەنە بارزانی و هێزەکانی وەیاخود لە ناویان ببەن و بەم چەشنە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەناوچوو هەروەکو گوتمان و کوردیش هەلێکی تری مێژوویی لە دەست چوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی کوردستان لەبەر تەماع کاری رووسیا لە ئێران و رێککەوتنەکانی نێودەوڵەتی، و ئەو بارزانییانەی کە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی گەڕانەوە بۆ عێراق دەست بەسەرکران لەناو تێل دڕەکان لە دیاناو لەوێوە بۆ بەندیخانەکانی خوارووی ناوەڕاستی عێراق هەروەکو پێشەیان هەرچەند زۆر میللەت لە دونیا رزگاریان بوو و رژێمی نوێ هاتنەکایەوە بەڵام میللەتی کورد ئەمجارەش بێبەش بوو و هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو بەڵکو دۆڕاندنی کۆمارەکەیان بوو بێجگە لە سێدارەدان و بەندیخانە و دەرکردن لەسەر خاکیان و دورخستنەوە لە ماڵ و سەر و سامانیان و خاکیان.

لە سێبەری کۆماری مەهاباد بارزانی نەمر بیری لەوە کردەوە کە رێکخراوێکی رامیاری رێك بخات بۆ سەرکردایەتی کردنی بزاڤی رزگاری خوازی کوردی لە عێراق و بەهاوکاری نیشتیمانپەروەران لە کوردەکانی کوردستانی عێراق پەیڕەو و پرۆگرامێك داندران بۆ پارتی دیموکراتی کوردی لە عێراق و ئەوەبوو لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردی لە عێراق لە دایك بوو و دوایێ ناوەکەی گۆڕا و بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە باسێکیترە.





وێنەی راگەیاندنی کۆماری مەهاباد لە مەیدانی (چوارچرا) ساڵی ١٩٤٦/١٢/٢٢
لە ناویاندا لە ریزی پێشەوە پێشەوا مستەفا بارزانی دیارە



وێنەی قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستانی ئێران لە مهاباد

## دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی کە بەرەی دیموکراسی لەسەر نازییەت و فاشیەت لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٥ سەرکەوت بە نەمانی نازییەت لە ئەڵمانیا و فاشیەت لە ئیتاڵیا، دەوڵەتە سەرکەوتووەکان کە بە سەرکەوتوویی لە جەنگ دەرچووبوون بیریان لەوە کردەوە کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کاریگەرتر لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) پێك بهێنێن و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە پاراستنی مافی مرۆڤ و شارستانی چونکە میللەتانی دونیا زۆر ئەزیەتیان دیت و مافەکانی میللەتان زۆر پێ شێل کران لە نەهامەتەکانی جەنگ و کاولکردنی شارەکان بەتێکڕایی و کوشتنی ئافرەت و منداڵ و پیر و بێ چەك لە جەنگی دووەمی جیهانی و ئەم کارە ناڕەوایانە کوردستانیشی گرتەوە لەبەر بەشداربوونی ئەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێندراوە لەم جەنگە، لەبەر ئەوە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆیان لە ساڵی ١٩٤٥ بەسترا بۆ دانانی پرۆگرامێك و گرێ بەستێك بوو نەتەوە یەکگرتووەکان و پێشنیارێك پێشکەشکرا بۆ مافەکانی مرۆڤی سەرەکی ئەوەبوو کۆنگرەی ئامادەکاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش کۆتایی هاتنی دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ داوای کرد کە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە یەکەم دانیشتنی لیژنەیەك دابنێت بۆ پشتگیری کردنی مافەکانی مرۆڤ و لەسەر ئەم داواکارییە لیژنەی سەرەوە، لیژنەی مافەکانی مرۆڤی پێکهێنا لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەکەم خولی لە ساڵی ١٩٤٦ تاوتوێی پرۆژەی جاردانی ماف و سەربەستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کرد و ناردی بۆ لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بنێریتە لیژنەی مافی مرۆڤ و لە پاش دیراسەتکردنێکی چاك پەسەند کرا و بەفەرمی ڕاگەیاندرا و ا لە ١٩١٨/١٢/١٠ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کارپێکرو بەم چەشنە هەیئەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پاشماوەی (عصبة الامم) دامەزرا کە نەیتوانیوە هیچ کارێك ئەنجام بدات بەڵکو دیلی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە گەورەکان بوو کە زاڵ بوون لەسەری هەروەکو لە پێشەوە گوتمان.

و ناونانی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوزەدکرا بەڕای من ئەم ناسنامە هەڵەیە چونکە لە ڕاستیدا خۆی هەیئەی دەوڵەتە یەکبووەکانە نەك نەتەوە یەکگرتووەکان چونکە هەموو میللەتانی دونیا نوێنەریان نییە لەناو ئە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە و لەوانە میللەتی کوردە و میللەتانی تر و تەنها دەوڵەتەکان نوێنەریان لەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەیە.



بەشەکان و دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشەکانی بەپێی بەندی هەفت لە (پەیمانی) نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەم دەزگایە پ لە شەش دەزگای سەرەکی پێکدێت ئەوانیش کۆمەڵەی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش. ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی, ئەنجوومەنی سەروەسی (الوصایە) دادگا نێودەوڵەتی داد و ئەمانەی گشتی و دەزگای سکرتاریەت.

### ١- کۆمەڵەی گشتی:

بە دەزگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێت و لە نوێنەرانی هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێك دێت و لە ساڵێك یەکجار بەڕێکوپێکی کۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەموو کێشەیەك و کارێك تاوتوێ بکات و دەرکردنی ڕاسپاردەکان لە هەموو ئەو کارانەی کە لەناو بازنەی میثاقن (پەیمانن) و هەروەها بۆی هەیە دەستەڵاتەکان و کارەکانی دەزگایەکانی تر سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێ بکات و لێکۆڵینەوەکان ئامادە بکات و هەموو ڕاسپاردەکان پێشکەش بەم دەوڵەتانە و ئەندامەکان و دەزگاکانی تری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ پشتگیری کردن و هاوکاری نێودەوڵەتی لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابووریی و کۆمەڵایەتی بکات, و بۆ کۆمەڵەی گشتی هەیە سەیری بیروبۆچوونی هاوکاری بکات.

بۆ پاراستنی ئاشتی و لەوانە بۆ نەهێشتنی چەك و ڕێکخستنی چەکپۆشین و هەروەها بۆی هەیە تاوتوی هەرکارێك بکات کە پەیوەندی بە پاراستنی ئاشتی هەبێت کە خستبێتە بەردەم کۆمەڵە لە یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە ئەندامن و یاخود بەهۆی ئەنجوومەنی ئاشتی و یاخود بەهۆی یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە ئەندام نین لەبەر چەند مەرجێکی دیارکراو.

بەڵام لێرەدا یەك هەڵاوێردن هەیە ئەویش ئەوە لەکاتی دەستپێکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش بەکارەکانی خۆی کۆمەڵەی گشتی بۆی نییە هیچ (ڕاسپاردێك) پێشکەش بکات لە بارەی هەر کێشەیەك و یاخود ڕاوەستانێك تەنها لە یەك حاڵەتدا بۆی هەیە ئەویش لەکاتی داواکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕایەك لە بارەی هەر کێشەیەك.

کارەکانی کۆمەڵەی گشتی ئەمانەن کە لە خوارەوە هاتوون:

أ- هەڵبژاردنی دە ئەندامی غەیرە بەردەوام بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش.

ب- هەڵبژاردنی هەر (٢٧) بیست و هەفت ئەندامی لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ج- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەروەسی (وصایە).

د- هەڵبژاردنی دادوەرەکانی دادگای نێودەوڵەتی داد هەریەك بەجودا لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایش.
هـ- لەسەر راسپاردەیی ئەنجوومەنی ئاسایش وەرگرتنی ئەندامانی نوێ و دامەزراندنی ئەمینی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
و- تاوتوێکردنی بودجەی خەرجیەکان و بۆی هەیە داوا لە حکومەتەکان بکات بۆ بەشداربوونی ئارەزوومەندانە و لە رێگای ئەم بەشداربووانە دەتوانن زۆر هاوکاری پێشکەش بەکارەکانی هاوکاریی جۆراوجۆر کە ناسراون بەبەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان.
ز- پشتگیری کردنی هەموو وەکالاتی مرۆڤایەتی وەکو سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ منداڵێتی.
ح- هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەك دەنگی هەیە هەرچەندە بۆ هەریەکێك لەو دەوڵەتانە پێنج نوێنەر بنێریت بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن.
ط- بڕیارەکانی کۆمەڵە بۆ کارە ئاساییەکان بە زۆرینەی بچووك کە دەنگەکانی ئەندامەکانی ئامادەبوو لە دەنگدان دەردەچن بەڵام بڕیارەکانی لە کارە گرنگەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئامادەبووان و لەو کارە گرنگانە وەکو لە خوارەوە هاتوون:
ك- راسپاردەکانی پەیوەست بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.
ل- ئەو راسپاردانەی کە کۆمەڵەی گشتی دەری دەکات دەربارەی پاڵێوراوکردنی بەئەندامێتی غەیرە بەردەوام بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و هەروەها پاڵێوراوکردن بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەندامێتی ئەنجوەنی سەروەسی (الوصایە).
م- راسپاردەکانی تایبەتمەندییە وەرگرتنی دەوڵەتەکانی نوێ لە نەتەوەیەکگرتووەکان.
ن- راگرتنی مافەکان و ئیمتیازەکانی پەیوەست بەئەندامێتی دەوڵەتەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان.
س- دەرکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە سەرپێچی میثاق (پرۆگرامی) نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن و پێشێلی مەرجەکانی رێکخراوەکە دەکەن.
ع- هەموو ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە ئەنجوومەنی سەروەسی (الوصایە) و هەروەها کارەکانی پەیوەستن بەبودجە.

**٢- ئەنجوومەنی ئاسایش:**

ئەنجوومەنی ئاسایش کە کاری پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی پێ سپێردرا لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەندام لە جیاتی ئەم دەوڵەتانە کە هەموویان رازین بەبڕیارەکانی و لەسەر



جێبەجێکردنی و بەپێی بەندەکانی بنەڕەتی پەیمان (میثاق) ئەنجوومەنی ئاسایش پێکدەهات لە یانزە ئەندام، پێنجیان بەردەوام بوون ئەوانیش یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و چین و شەشیان کاتی بوون هەڵدەبژێردران لەلایەن کۆمەڵەی گشتی بۆماوەی دوو ساڵ و نەدەکرا دووبارە هەمان ئەندام هەڵبژێردرێنەوە بۆ جاری دووەم یەك لە دوای یەك و لە هەڵبژاردنیان دەبێ رەچاوی چالاکییەکانیان لە پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتی لەکاتی هەڵبژاردنیاندا بکرێت.
هەروەها میساقەکە مەرجی رەچاوکردنی بیروبۆچوونی دادی دابەشکردنی جوگرافی بکرێت لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی کورسییەکانی کاتی، و لە ساڵی **١٩٦٥** گۆڕانکاری لە چۆنیەتی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ژمارەی ئەندامەکان کرا و کران بە پانزە ئەندام و بەمە ئەندامەکانی کاتی لە شەش ئەندام بۆ دە ئەندام زیادبوو.

بەندی بیست و هەفت لە میساقەکە (میثاق) دیاری کردووە کە پەیڕەوی دەنگدان ئەنجوومەنی ئاسایش و جیاوازیی کردووە لە دەنگدان بۆ کارەکانی ئیجرائی لەگەڵدەنگدان بۆ کارەکانی بابەتی, و بوکارەکانی ئیجرائی بڕیارەکان دەردەچن بەرەزامەندی نۆ دەوڵەت لە ئەندامەکانی ئەنجوومەن و مەرج نییە ئەم زۆرینە دەنگەکانی پێنج دەوڵەتی گەورە کە ئەندامێتی بەردەوامیان هەیە دەنگیان لەگەڵ ئەم زۆرینە دابێت، بەڵام لە کارەکانی مەوزوعی دەبێ بڕیارەکان دەربچێ بەزۆرینەی نۆ دەنگ بەمەرجێك دەبێ دەنگەکانی ئەندامەکانی بەردەوام لەگەڵی بێت لەبەرئەوە لە کارە مەوزوعییەکان هەریەك لەم دەوڵەتە گەورانە دەتوانێت هەر بڕیارێك راگرێت ئەگەر ویستی بەرامبەری رابوەستێت و ئەم مافە پێیدەڵێن مافی بەرەو راوەستان و یاخود ڤیتو.

لێرەدا جیاوازی کردن لە نێوان کارەکانی ئیجرائی و کارەکانی بابەتی گرنگییەکی تایبەتی دروست دەکات و بۆ رێگەگرتن لەبەردەمی هەوڵدانی دەوڵەتە گەورەکان بۆ ماف بەخودان بۆ بەکارهێنانی مافی هەڵوەشاندن، بە ئیدعاکردن گوایە ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەم ئەنجوومەن دەچنە ناو چوارچێوەی مەوزوعی نەك چوارچێوەی ئیجرائی و لێرەدا کاری ڤیتۆی بە دوو لایەن دێتەکایەوە، بۆ ئەوەی لەو تەنگوچەڵەمە دەربچن کە کارەکە ئاساییە کە دەنگدانەکە لەسەری لە راستیدا مەوزوعییە و یاخود ئیجرائییە بۆ ئەنجوومەن هەیە ئەم جۆرە کێشەیە رەوانەی دەزگایەك و یاخود لایەنەکی تر بکات و بەراییەکەی بکرێت کە کارەکە ئیجرائییەو یاخود

مەوزوعییە و چەند راستکردنەوەی سوك خراینە ناو چۆنیەتی بەکارهێنانی ڤیتۆ (پووچەڵکردنەوە) و لە ئەنجامی پێڕەوکردن (کارکردن) ئەم جۆرە راستکردنەوانە هاتنە ئاراوە نەك لە ئەنجامی راستکردنەوەیەکی فەردی لە میساقی سان فرانسیسکۆ و بۆ نموونە ئەم راستکردنەوانەن.

أ- دەنگ نەدانی یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی بەردەوامن لەسەر پرۆژەیەك بڕیارێکی دیاریکراو بەڤیتو ناژمێردرێت لەبەر ئەوەی کارناکاتە سەر دەرکردنی بڕیار ئەگەر دەولەتانی تری ئەندامی بەردەوام لە ئەنجوومەن رازی بوون.

ب- ئەنجوومەن دەتوانێت ئەو راسپاردانەی پێویستن تێپەڕکات بە ئامادە نەبوونی یەکێك لە دەوڵەتانی بەردەوام و بەواتایەکی تر ئامادەبوونی و دەنگدانی بەمەرجێکی گرنگ بۆ یاسای دەنگدان ناژمێردرێت لێرەدا بەربەستێکی تر هەیە لەبەردەم بەکارهێنانی مافی ڤیتو لە بەندی (٢٧)بیست و هەفت کە لەمیساق هاتووە و دەڵێت:

بۆ هەر یەکێك لە دەوڵەتە بەردەوامانە نییە مافی ڤیتۆ بەکاربهێنن ئەگەر خۆی لایەنێك بێت لە کێشەکە و خزابێتە بەردەم ئەنجوومەن و هەروەها لەو حاڵەتانەی کە کێشەکە خرابێتە بەردەم یەکێك لە رێکخراوە هەرێمییەکان بۆ دیتنی و یەك لاینکردنەوەی (ئەرکەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش.)

ئەنجوومەن بۆی هەیە تاوتۆو وتووێژ بکات لەهەر کێشەیەك و یاخود رووداوێك کە ببێتە هۆی ناکۆکی نێوان دوو دەوڵەت و یاخود زیاتر و ئەم کێشانە لە رێگای یەکێك لە ئەندامەکانی دەخرێنە بەردەمی و یاخود لە رێگای هەر ئەندامێك ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یاخود کۆمەڵەی گشتی و یاخود ئەمینداری گشتی و لە هەندێك بارودۆخی دیار لەرێگای هەر دەوڵەتێك کە ئەندامیش نەبێت لە رێکخراوی نێودەوڵەتیە و ئەنجوومەنی ئاسایش بۆی هەیە راسپارد دەربکات بۆ چارەسەرکردنی بەرێگای ئاشتیانە و رێگایەکانی، هەروەها بەمەرجەکانی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو، و لە حاڵەتی مەترسی و گەف لەسەر ئاشتی نێودەوڵەتی و یاخود شێواندنی و یاخود هەر کارێکی دەستدرێژ کردنە سەر ئەویتر ئەنجوومەن بۆی هەیە هەموو ئیجرائاتێك جێبەجێ بکات بۆ گێڕاندنەوەی ئاشتی و دەست بەسەر داگرتنی بارودۆخەکە و ئەم ئیجرائاتانەش ئەمانەی خوارەوەن:

راگرتنی پەیوەندییەکان. بڕینی پەیوەندییەکانی ئابووری و دیبلۆماسی. بەکارهێنانی هێزە



ئاسمانییەکان و سەر زەمین و دەریا ئەگەر بارودۆخ وەهای پێویست کرد، و بەپێی میساق هەموو دەوڵەتەکان دەبێ بەڵێن بدەن هەموو توانایەکی سەربازی لە هێزە چەکدارەکان و هاوکاری و ئاسانکاری بخەنە ژێر بەکارهێنانی (تصرف) ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر داوایەکەی و یاخود بەپێی رێککەوتننامەکانی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایش و هێمنایی نێودەوڵەتی.

لەبەرئەوە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێویستی بەئاگایەکی تەواو هەیە و جاری وەها هەیە دەبێ ئیجرائاتێکی بەپەلە وەربگیرێت لەبەر ئەوە ئەنجوومەنی ناوبراو لە کۆبوونەوەی بەردەوام دایە و بۆی هەیە کۆبوونەوەکانی خۆی لە دەرەوەی بارەگای سەرەکی خۆی ئەنجام بدات ئەگەر وەهای بەپێویست زانی جگە لە، هەموو بڕیارەکانی رامیاری گرنگ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەچێتە ناو تاوتوێکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش بەم چەشنە و یاخود بە چەشنێکی تر، لەسەر راسپاردەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش وەرگرتنی هەر دەوڵەتێك لە رێکخراوی نێودەوڵەتی و یاخود راگرتنی ئەندامەتییەکەی و یاخود کۆتایی هێنانی بڕیار لەسەری دەدرێت لە کۆمەڵەی گشتی لەسەر راسپاردەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە بارەیەوە، هەروەها ئەنجوومەن دەستەڵاتی گێڕانەوەی هەموو مافەکان و ئیمتیازات بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بڕیار دەردەچێت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکم بە راگرتنی ئەندامێتییان، هەمان ئەنجوومەن راسپاردەی تایبەت دەردەکات لە بارەی دامەزراندنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەمان ئەنجوومەن دەستەڵاتێکی گرنگی هەیە لەڕووی راستکردنەوەی میساق.

### ٣- ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی:

ئەم ئەنجوومەنە لە ژێر سەرپەرستی کۆمەڵەی گشتی کاردەکات بەمەبەستی دونیایەکی زیاتر گوزەران خۆشی و باشتر و هێمن تر و دادی زیاتر و ئەم دەزگایە کاری ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێوەدەبات و رێك دەخات و هەروەها کاری وەکالەتەکانی تایبەتمەند و ئەم ئەنجوومەنە گرنگی بەزۆر بابەتەکانی تر دەدات و لەوان نەخشەکێشان بۆ پێشڤەبردنی ئابووری و پێشکەشکردنی هاوکاری ماددی و هونەری بۆ دەوڵەتە دواکەوتووەکان کە پێشکەوتنیان کەمە و کێشەکانی نیشتەجێبوونیان هەیە و مافی مرۆڤ و هاوکاریکردنی منداڵانی دونیا و بەکارهێنانی داهاتەکانی ئاسایی و چاککردنی بارودۆخی ژیان بەگشتی، و بۆ ئەنجامدانی کارەکانی سەرەوە ئەنجوومەن سوود لەو راپۆرت و لێکۆڵینەوەکان و دیراسات

وەردەگرێت بۆ دەرکردنی راسپاردەکان و رێنماییەکان و ئامۆژگارییەکانی تر کە دەچنە ناو تایبەتمەندییە کارەکانی خۆی، و هەر خۆی بەدانان و ئامادەکردنی پرۆژەکانی رێککەوتن بۆ خستنە بەردەم کۆمەڵەی گشتی هەڵدەستێت و داوای بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی دەکات ئەگەر پێویست بوو.

هەروەها بەپێکهێنانی لیژنەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بەهاوکاری بۆ هەستان بەکارەکانیان هەڵدەستێت و ئەو لیژنە و هەیئەتەکانی تایبەت سەیری ئەو مەوزوعە تایبەتییانە دەکەن کە دەخرێنە بەردەمی بۆ پێشکەشکردنی رای هونەری بۆ ئەنجوومەن لەکاتی هەڵسانی بەکارەکانی.

هەروەها پێنج لیژنەی ئابووری هەرێمایەتی هەیە راپۆرتەکانیان بۆ ئەنجوومەن دەنێرن و ئەوانیش ئەمانەن: لیژنەی ئەوروپا و لیژنەی ئاسیا و لیژنەی رۆژهەڵاتی دوور و لیژنەی ئەمریکای لاتینی و لیژنەی ئەفریقیا. هەروەها نووسینگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە لە بەیروت، گرنگترین کاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروستکردنی پەیوەندییەکانە لە نێوان نەتەوەیەکگرتووەکان و وەکالاتی نێودەوڵەتی تایبەتمەندن بەپێی رێککەوتننامەکانی تایبەت و هەروەها رێکخستن لە نێوان جموجۆلیان، نوێنەرانی وەکالاتی تایبەتمەند و بەشداری لە ئیجرائاتی ئەنجوومەن دەکەن بەڵام بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت، هەروەها بۆ ئەنجوومەن هەیە هەماهەنگی و راپرسینی لەگەڵ چەند رێکخراوێکی ناحکوومی بکات کە لە هەمان باردا کاردەکەن، لەو وەکالاتانە وەکالەتەکانی هونەری تایبەتە کە ئەنجوومەن سەرپەرشتی دەکات ئەویش رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و رێکخراوی چاندن و خۆراك و رێکخراوی یونیسکۆ و تەندروستی نێودەوڵەتی و سندوقی پارەی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردن و گەشەپێدان... هتد.

## چۆنێتی پێکهێنانی ئەنجوومەن

لە سەرەتادا ئەنجوومەن لە (١٨) هەژدە ئەندام پێکدەهات دوایێ ئەندامەکان زیادکران و بوون بە (٢٧) بیست و هەفت ئەندام بەپێی ئەم هەمواركردنانەی کە لە میساق کران و لە ئابی/ ١٩٦٥ کارپێکرا و کۆمەڵەی گشتی ئەندامەکانیان بە چەشنێکی (دەوری) و بەم چەشنە هەڵدەبژێرێت:



لەهەر ساڵێك (٩) نۆ ئەندام هەڵدەبژێرێن و بۆ ماوەی سێ ساڵ و هەرکاتێ پێویست بوو ئەنجوومەن کۆبوونەوەی خۆی ساز دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی و بەچەشنێکی ئاسایی ساڵی ئەنجوومەن دووجار کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات و بڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگی بەشداربووەکان دەردەچن.

## ئەنجوومەنی (الوصایە) راسپاردن

لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە کە دەبێ رژێمی ویسایە دابندرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەی کە رژێمەکە دەیانگرێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کە هەمان رژێم دەیانگرێتەوە بەچەشنێکی راستەوخۆ بەڕێوەیان دەبەن، و کۆمەڵەی گشتی و یاخود ئەنجوومەنی ئاسایش حاڵەتی ئەو هەرێمانەی دەست نیشان دەکات کە دەژمێردرێن بەناوچە گرنگەکانی ستراتیژی.

لێرەدا ئەنجوومەنی ویسایە بەهاوکاری کۆمەڵەی گشتی هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبردنی هەرێمەکان کە بەبەر ویسایە کەوتن و هەمان ئەرك و کاری ئەنجوومەنی ئاسایش جێبەجێ دەکەن بەنیسبەت ناوچەکانی ستراتیژی.

ئەنجوومەنی (ویسایە) بەپێی بەندەکانی میساق پێك دێت لە:

١- ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە سەرپەرشتی ناوچەکانی ژێر ویسایەن.

٢- ئەندامەکان بەردەوام لە ئەنجوومەنی ئاسایش کە ناوچەکانی ژێر ویسایە بەڕێوە نابەن.

٣- هەر ژمارەیەك لە ئەندامەکان کە کۆمەڵەی گشتی هەڵیاندەبژێرێت بۆ ماوەی سێ ساڵ بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت لە نێوان ئەندامەکانی ویسایەی بەڕێوە دەبەن و ئەوانەی پێ هەڵناستن و ئەو دەستەڵاتانەی ئەنجوومەنی ویسایە کە بەکاردەهێنێت لە ژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گشتی بەکورتی ئەمانەن:

١- تاوتوێکردنی راپۆرتەکانی ساڵانە کە پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکرێن لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بەرپرسێتی ویسایە لەسەر هەرێمەکان کە بەپێی ئەو رژێمە بەبەر دەکەون.

٢- وەرگرتنی داواکارییەکان و پێشنیارەکان لەو هەرێمانەی کە لە ژێر ویسایەن و دیراسەتکردنیان و تاوتوێکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بەکاری ویسایە هەڵدەستن و هیچ مەرجێك نییە بۆ ئەوانەی کە پێشنیار دەکەن کە خراونەتە ژێر رژێمی ویسایە و بۆ ئەمانە هەیە کە بەزمانیش پێشنیار پێشکەش بکەنە ئەنجوومەنەکە.

٣- هەڵسان بەرێکخستنی سەردانەکانی بەردەوام (دەوری) بۆ ئەم هەرێمانە بەرێککەوتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی سەروەسی.

٤- وەرگرتنی ئیجرائات و کارەکانی پەیوەست بە بارودۆخی ناوچەکە بەپێی ئەو رێککەوتننامەی کە پەیوەندییەکان رێکدەخەن لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە بەویسایە هەڵدەستن و لە نێوان ئەو دەستەڵاتانەی بەکاری بەڕێوەبردن هەڵدەستن.

لەسەر ئەم دیارکراوانەی سەرەوە ئەنجوومەنی ویسایە هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی راپۆرتەکان، ساڵانە بۆ کۆمەڵەی گشتی و تێیدا دیاردەکات ئایا ئەم ناوچانە، بارودۆخیان گەیشتیتە ئەم راددانە کە بتوانن سەربەخۆیی رامیاریی تەواو وەربگرن.

٥- **دادگای نێودەوڵەتیداد:** دادگای دادی نێودەوڵەتی بە دەزگایەکی سەرەکی قەزایی نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێت و ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە کارە تایبەتییەکانی خۆی بەپێی پەیڕەوێکی بنەڕەتی کە دەژمێردرێت بەبەشێك لە میساق، و بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە پەنا بباتە ئەم دادگایە راستەوخۆ، هەر دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانەی ئەندام دەبێ ملکەچی بڕیارەکانی ئەم دادگایە بن لەهەر کێشەیەك لایەنێك بن و دەستەڵاتی ئەم دادگایە بۆ سەر هەموو ئەو کێشانەی کە دەخرێنە بەردەمی لەلایەن پەیوەنددارەکان و هەموو ئەو کارانەی کە بەتایبەتی بە چەشنێکی تایبەتی لە میساقدا هاتوون و یاخود لە پەیمانەکان و رێککەوتنەکان کار پێدەکرێن.

جگە لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە دەخرێنە بەردەمی ئەو دادگایە بەکارێکی تری گشتی هەڵدەستێت ئەویش پێشنیارکردنی راوێژکارییە لە بوارەکانی یاسایی کە لێی داوا دەکرێت لە کۆمەڵەی گشتی و یاخود لە ئەنجوومەنی ئاسایش و یاخود لە دامودەزگا و وەکالاتی تایبەتمەندی تر کە کۆمەڵەی گشتی رێگایان پێ دەدات. دادگای نێودەوڵەتی پێك دێت لە پانزدە قازی و بە نیسبەت چۆنێتی دامەزراندنیان بەم چەشنە دەبێت حکومەتەکان ناوەکانیان پێشنیار ناکەن بەڵکو کۆمەڵەکانی نیشتیمانی لە وڵاتەکانی وەکو لایەنەکانی یاسایی و قەزایی و زانکۆکان و بنکەکانی و کۆمەڵەکانی ئەکادیمی ناوەکان پێشنیار دەکەن و ئەمینداری نەتەوەیەکگرتووەکان لیستێك بەناوی پاڵێوراوەکان پێشکەش بەکۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات بۆ دەنگدان لەسەریان و کامیان زۆرینەی دەنگیان پێویستی هێنا، بۆ ئەندامێتی



دادگایەکە هەڵدەبژێردرێت و ماوەی ئەندامێتی دادگا نۆ ساڵە و سێ یەکی ئەندامەکان یەك جار هەڵدەبژێردرێن هەر سێ ساڵ جارێك.

٦- **ئەمانەی گشتی:** دەزگای سەرەکی کۆتایی (دوایی) لە دەزگایەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەزگای ئەمانەتی گشتییە کە هەڵدەستێت بە هەڵسوڕاندنی کاروباری بەڕێوەبردنی رێکخراوی نێودەوڵەتی و ئەمینی گشتی هەڵدەستێت بەسەرۆکایەتی ئەم دەزگایە کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی دادەمەزرێت لەسەر راسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر ئەوە بەبەڕێوەبەری یەکەمی ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتییە دەژمێردرێت.

سەبارەت بەکارەکانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکەکانی زۆرن و لەوانە رێکخستنی راپۆرتی ساڵانە و پێشکەشکردنی بەکۆمەڵەی گشتی و تێیدا دیارکردنی هەموو ئەو رووداوانە و کارەکانی پەیوەستن بەم رێکخراوە نێودەوڵەتییە لە ماوەی یەك ساڵ و هەروەها ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بەو رووداوانەی کە دەکرێ گەف و مەترسی لە ئاستی نێودەوڵەتی بکەن و ئەمینی گشتی لەکاتی دەستپێکردنی بەکارەکانی بۆی نییە هیچ فەرمانێك وەیاخود رێنمایی لە هیچ حکومەتێك و یاخود دەوڵەتێك و یاخود دەزگایەك وەربگرێت کە لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەروەها کارمەندەکانی ئەمانەی گشتیش، لەسەر دەوڵەتەکانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بەڵێن بدەن بەڕێز لێنانی ئەم سیفەتە نێودەوڵەتییەی ئەمینی گشتی و ئەم دەزگایە کە هاوکاری دەکات و لەگەڵی کاردەکات، و رێگا لەخۆی بگرێت بەهەر هەوڵدانێك کە بکاتە سەریان لەکاتی بەکارهێنانی بەرپرسێتی خۆیان بەرامبەر بەم رێکخراوە نێودەوڵەتییە.

لەکاتی سەیرکردنی ئەم هەموو ئەرك و کارانەی ئەم دامودەزگایانە دەبینین کە هەموویان کار دەکەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی و رێزلێنانی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ و مافەکانی لێدانی کون و قژبنەکانی شەڕ و نەهێشتنی و کارکردنە بۆ جێبەجێکردن و سەروەری یاسا و بەدی هێنانی دادی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەچاو پێخشاندنی ئەرکەکانی ئەنجوومەنی ویسایە دەبینین کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە بە مانای رژێمی ویسایە لەسەر ئەو هەرێمانەی کە بەبەری دەکەون و سەرپەرشتی کردنیان و رێککەوتنێکی تایبەتی بەهەر هەرێمێك هەیە و ئەم دەقەش بەفراوانی و بێ بەستن هاتووە و هیچ هەرێمێکی لەم دەقە بەدەر نەخستووە لەبەرئەوە ئەو سەردەمەی کارێکی یاسایی بوو کە هەرێمی کوردستانیش خرابایە ژێر رژێمی

ویسایە چونکە کوردستان دەژمێردرێت بەو ناوچانەی کە ستراتیژییەتێکی گرنگی هەیە و لە توانای ئەنجوومەنی ویسایە دا بوو بەهاوکاری کۆمەڵەی گشتی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کوردستان بکات هەرچەندە وەکو هەرێمەکانی کە لکێندراون بەو دەوڵەتانە وەکو تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق و دەیانتوانی راپۆرتەکانی سالانە ئامادە بکەن لەسەر بارودۆخی هەرێمەکان و وەرگرتنی سکالایەکان و پێشنیازەکانی خەڵکی کوردستان لەو هەرێمانە و هەڵسان بەو کاروبار و رێکخستنانە کە پەیوەستن بەبارودۆخی کوردستان لەسەر ئەم رێککەوتنانەی کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان هەڵدەستن بەویسایە لەگەڵ ئەو دەستەلاتدارانە کە هەڵدەستن بەبەڕێوەبردن رێك دەخات و لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجوومەنی ویسایە بە پێشکەشکردنی راپۆرتەکانی سالانە هەڵدەستێت بۆ کۆمەڵەی گشتی بۆ زانینی بارودۆخی کوردستان و ئایا بارودۆخی ناوچەکە هەڵدەگرێت و دەشێ کە سەربەخۆیی سیاسی بدرێتێ چونکە لێرەدا بنەمایەکی چاك هەبوو بۆ کوردستان ئەویش بەندەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ بوون لە رێککەوتننامەی سیڤەر و ئەرکەکانی ئەنجوومەنی ویسایە هەمان کاربوون کە لەهەر سێ بەندەکانی سەرەوە هاتبوون و کێشەی کوردیش لە ئارادابوو و کۆماری کوردستان لە مەهابادی کوردستانی ئێران (رۆژهەلاتی کوردستان) هەبوو ئێرانیش بەردەوام بوو لە دانانی پیلان دژی کۆمارەکە بەلام بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە گەورەکان وایان لێکردن کە پشت لە دۆزی کورد بکەن و بەم چەشنە ئێرانی شا توانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ١٢/١٧/ ١٩٤٦ بڕوخێنێت و سەرکردەکانی کۆمارەکە دەستگیر بکات و بیانداتە دادگای بێ بنەما و حوکمی لە سێدارەدان دەرحەقیان بدات و جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدان دەرحەق سەرۆکی کۆمار قازی محەمەد و برایەکەی سەدری لقازی و سەیفی قازی لە گۆڕەپانی چوارچرا جێبەجێ بکات لە شاری مەهابادی پایتەختی کوردستان کە لە هەمان گۆڕەپان دامەزراندی کۆماری لە ١٩٤٦/١/٢٢[٦٦] راگەیاندرا و ئەم کارە نارەوا و نایاساییەی حکومەتی ئێران ئەنجامیدا لە بەرچاو گێڕ و بە زانینی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە جەنگ و ئیدعایان دەکرد بەسەربەستی و ئازادی میللەتەکان و هەروەها ئیدعای دیموکراسییان دەکرد و بەم چەشنە میللەتی کورد هەلێکی دیکەی لە دەستدا کە هەلێکی مێژوویی گەورە بوو.

٦٦- عبدالله پشدری (مذکراتي في جمهورية مهاباد، ص٨٨) بەزمانی عەرەبی.



## جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

بەشێوەیەکی فەرمی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ١٩٤٨/١٢/١٠ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕوا و کاری پێکرا سالانە لە زۆربەی ولاتانی دونیا ئاهەنگ دەگێڕدرێن و بەتایبەتی میللەتە چەوساوە و زولم لێکراوەکان چونکە مافەکانی بنەڕەتی مرۆڤی تێدایە کە لە پێشەکییەك و تێیدا دیاردەکات هۆیەکانی پێویست بۆ راگەیاندنی ئەم جاڕنامەیە و ئەویش لەبەرئەوەی کە داننانەبە کەرامەتی مرۆڤ کە لەهەر ئەندامەکانی خەڵکانی دونیادا هەیە و یەکسانی مافەکانیانە و دەبنە بەردی بناغەی سەربەستی و ئازادی و ئاشتی و داد لە دونیا و, لە بیر بردنەوەی مافەکانی مرۆڤ پێشێلکردنەکانی و گوێپێنەدانی بوونە هۆی ئەنجامدانی کارەکانی نارەوا و دژی مرۆڤایەتی و هەژاندنی دەروونی نێودەوڵەتی، خەڵکی گشتی لە هەوڵ و تێکۆشیدان مەبەستیان گەیشتنە بەدونیاییێك کە تێیدا سەربەست بن و ئازاد بن لە قسەکردن و رادەربڕین و بیروبۆچوون و بیرکردنەوە و ئایین و مەزهەب و رزگاریان بێت لە برسی و تەنگ و چەڵەمە و بچنە ناو دونیاییێك و ژیانێك کەرامەتی مرۆڤ تێیدا بپارێزرێت و مافەکانی مرۆڤ رەچاو بکرێت و رێزلێنان لەسەربەستییەکانی، ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکان رێز لەو پەیمانە بگرن کە واژویان کردووە.

لە سەیرکردنی ئەم پێشەکییە دەبینین هەموو شتێکی تێدایە کە ئازادییەکانی مرۆڤ و کەرامەتی دەپارێزرێت و ژیانێکی سەربەرزانە بۆی دابین دەکات، هەرچەندە عێراق و دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە کوردستان بەسەریان دابەشکراوە و لێکێندراون بەو دەوڵەتانەی کە ئەم جارنامەیان پەسند و واژویان کردووە بەلام دەبینین زۆربەی هەرە زۆری بەندەکانیان پێشێلکردون ئەگەر نەڵێین هەموو بەندەکانیان پێ شێلکردون بەهەر سی بەندەکانییەوە، هەرچەندە هەموو بەندەکانی سەرەوە تێکدەکەنەوە لەگەڵ هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و لەگەڵ داب و نەریتی میللەتان یەکدەگرنەوە و هەروەها لەگەڵ هەموو یاسایەکانی داندراون بەپێچەوانەیان نین کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن، و ئەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندون دەوڵەتی موسڵمانن و ئیدعا دەکەن کە ئایینی ئیسلام پەیڕەو و جێبەجێ دەکەن بەلام بەپێچەوانەوە بەچەشنێکی ئەوتۆ هەموو بیروبۆچوونی ئیسلامیان پێشێلکردووە و هەروەها بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، تا نووسینی ئەم دێڕانە.

هەرچەندە یەکێك لە بەندەکانی ئەم جاڕنامەیە ئەو دەوڵەتانەی واژۆ پەسندیان کردووە دەبێ پابەندبن بەبەندەکانی جاڕنامەی سەرەوە کەچی ئەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێندراون و ئەم جاڕنامەیە واژۆ پەسندکردووە دەبینین پابەند نەبووینە بەبەندەکانی جاڕنامەی سەرەوە بەرامبەر کەمە نەتەوایەتییەکانی غەیری تورك و فارس و عەرەب و بەتایبەتی گەلی کورد.

بۆ ئەوەی خوێندەواری بەڕێز زیاتر شارەزایی وەرگرتنی لەم جاڕنامەیە هەبێ و بۆ ئەوەی سوود بەخش بێت لە خوارەوە دەقی جاڕنامەکە دەنووسین کە پێك دێت لە (٣٠) سی بەند و تێیدا بەکۆیلە کردنی مرۆڤ و بازرگانی پێکردن قەدەغەی کردووە بەهەموو چەشنێك و باسی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ و سەلامەتییەکەی و هەروەها تێیدا هاتووە نابێ مرۆڤ ئازار و ئەشکەنجە بدرێت و سزابدرێت و یاخود کاری توندوتیژ بەرامبەری ئەنجام بدرێت و نابێ کەرامەتی بشکێندرێت و تێیدا هاتووە کە دەبێ دان بەکەسایەتی یاسایی بدرێت و یەکسانی بەرامبەر یاسا و پەنابردنە بەر دادگاکانی نیشتیمانی بۆ وەرگرتنی مافەکانی و سەندنیان، و نابێ هیچ مرۆڤێك دەستگیر بکرێت و یاخود دەست بەسەر بکرێت و حجز بکرێت و یاخود دووربخرێتەوە لە شوێنە ئاساییەکەی خۆی بەبێ هۆ و نابێ فەرق و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیان بەهۆی ئایینی و یاخود رەگەز و نەتەوە یان مەزهەب، بکرێت مافی موڵك و سەرمایەداری هەیە و بۆ هەموو کەسە بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆ بکات و بۆ هەر شوێنێك بێت بەبێ سانسۆر بۆ هەموو مرۆڤێك هەیە هەر شوێنێك هەڵبژێرێت و نیشتەجێ بێت لەناو سنووری هەر دەوڵەتێك.

ئەمەش دەقی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤە:



## پاشکۆی
## پێڕەوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ
## جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ(٦٧)

**پێشەکی:**

- لەبەرئەوەی دان پێدانانی شکۆی ریشەداکوتاو لە هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتیدا و مافە یەکسانە چەسپاوەکانیان، بنەمای ئازادی و داد و ئاشتین لە جیهاندا.

- لەبەرئەوەی لەبیر خۆ بردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و بەسوك سەیرکردنی، بوونە هۆی کاری دڕندانە و ئازاری دەروونی مرۆڤایەتیی دا و، ئەوپەڕی ئاواتەکانی مرۆڤ بوو بەوەی کە جیهانێك هەڵقولێت هەموو کەسێك تێیدا خاوەنی ئازادیی ئاخاوتن و باوەڕ بێ و لە ترس و برسێتی بەدووربێ.

- لەبەر ئەوەی پێویستە یاسا، مافەکانی مرۆڤ بپارێزێ بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئەنجامدا ناچار نەکرێت لە بێدادی و ستەم هەڵبگەڕێتەوە.

- لەبەرئەوەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیماننامەکەدا سەر لەنوێ جەختیان لەسەر باوەڕ بە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و رێز و شکۆی تاکەکەس و یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو کردەوە و بڕیاریاندا گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو پێش ببەن و ئاستی ژیان لە کەشێکی بەرین و ئازاددا بەرز بکەنەوە.

- لەبەرئەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان بڕیاریاندا کە بەهاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەکبینە چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن و رێزیان بگرن.

- لەبەرئەوەی هەست پێکردنی گشتی ئەم ماف و ئازادییانە، بایەخێکی زۆری هەیە لە ئەمەکداریی تەواوی ئەم بەڵێنەدا.

٦٧- بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢١٧ ئەلف (د-٣)ی ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، متمانەی پێدراوە.

**ئەوا کۆمەڵەی گشتی**

**بانگی ئەم جارە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ دەدات**

– کە ئەو ئاستە هاوبەشەی پێویستە ببێتە ئامانجی هەموو گەل و نەتەوەیەك، بۆ ئەوەی هەموو تاکەکەس و دەزگا و دامەزراوێکی کۆمەڵەی هەوڵ بدەن و یەکبینە ئەم جارەیان لەبەر چاوبێ، بۆ چەسپاندنی ڕێزگرتنی ئەم ماف و ئازادییانە، لەڕێی پەروەردە و فێرکردنەوە و کۆششی بەردەوامی نەتەوەیی و جیهانیی بکەن بۆ دەستەبەرکردنی دان پیانان و چاودێری کردنێکی جیهانیی کاریگەر لە نێوان خودی دەوڵەتە ئەندامەکان و گەلانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیاندا.

**ماددە (١)**

– هەموو مرۆڤ، ئازا و شکۆ و ماف یەکسان لە دایك دەبن، هۆش و دەروونیان پێ بەخشراوە، پێویستە وەك برا ڕەفتار بکەن.

**ماددە (٢)**

– هەموو مرۆڤێك مافی بەخاوەنبوونی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەیە کە لەم جارەدا هەن، بەبێ جیاوازی وەك جیاکاری بەهۆی توخم و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئایین و بیروڕای سیای یان هەر ڕایەکی ترەوە یان بنچینەی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سامان و لە دایکبوون و هەر بارێکی تر بەبێ هیچ جیاوازییەکی نێوان ژن و پیاو.

– سەربارى ئەوانەی پێشەوە، نابێ هیچ جیاکارییەك هەبێت لەسەر بنچینەی باری سیاسی یان یاسایی یان نێودەوڵەتیی وڵات، یان ئەو ناوچەیەی کەسەکە، سائیتر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەربەخۆ بێت یان لە ژێر چاودێریدا بێت یان مافی خۆ بەڕێوەبردنی نەبێت، یان سەروەرییەکەی ملکەچی هەر پابەندییەك بێت.

**ماددە (٣)**

– هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی و بێوەیی هەیە.

**ماددە (٤)**

– نابێ هیچ کەسێك بکرێتە کۆیلە و بەندە و کۆیلەکردن و کۆیلەکڕین و فرۆشتن بەهەموو بارەکانییەوە قەدەغەیە.



**ماددە (٥)**

– نابێ هیچ کەسێك ئازار بدرێت و بخرێتە بەر سزا و ڕەفتاری سەخت و دڕندانە و شکۆشکێن.

**ماددە (٦)**

– هەموو مرۆڤێك لەهەر کوێ بوو مافی هەیە بەکەسایەتی یاسایی دابنرێت.

**ماددە (٧)**

– هەموو مرۆڤ لەبەردەم یاسادا یەکسانن و، مافیان هەیە بە یەکسانی و بێ هیچ جیاوازییەك بپارێزرێن و هەموویان وەکو یەك مافی ئەوەیان هەیە دژی هەر جیاکارییەك بپارێزرێن کە لەم جارە لابدات و دژی هەر هاندانێکیش بۆ جیاکاریی لەو بابەتە.

**ماددە (٨)**

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە پەنا بباتە بەر دادگا نیشتیمانییەکان، بۆ ئەوەی مافی خۆی بداتێ لە کاروبارێکدا دەستدرێژی کردنە سەر ئەو مافە بنچینەییانەی تێیدابێت کە یاسا داونی.

**ماددە (٩)**

– نابێ هیچ مرۆڤێك بە ناڕەوا بگیرێت یان دەستگیر بکرێت یان دووربخرێتەوە.

**ماددە (١٠)**

– هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە کە بە یەکسانیی تەواو لەگەڵ خەڵکی تردا سەیر بکرێت لەوەدا کە لەبەردەم دادگایەکی سەربەخۆی خاوێندا دادوەرانە و بەئاشکرا سەیری کێشەکەی بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ماف و پابەندییەکانی و هەر تۆمەتێکی گوناهبار کە دەدرێتە پاڵی.

**ماددە (١١)**

– هەر کەسێك بەتاوانێك گوناهبار بکرێت، بەبێ گوناه دادەنرێت تا بەپێی یاسا گوناهەکەی بەسەردا ساغ دەکرێتەوە، بە دادگاییکردنێکی ئاشکرا کە متمانەی پێویستی بەرگری لێکردنی بۆ دەستەبەر بکرێت.

– هیچ کەسێك لە پێناوی کردنی ئیشێك یان نەکردنی ئیشێکدا قەرزبار ناکرێت تا ئەو کارە لەکاتی کردنیدا بەپێی یاسای نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی بەتاوان دادەنرێت هەروەها سزایەکی لەوە توندتری بەسەردا نادرێت کە دەشێ لەکاتی تاوانکردنەکەدا بدرێ بەسەریدا.

**مادده (١٢)**

– نابێ هیچ کەسێك بخرێتە بەر دەستێوەردانی ژیانی تایبەتی خۆی یان خێزانی یان ماڵی یان نامە گۆڕینەوەی یان هێرش بکرێتە سەر شکۆ و ناوبانگی و، هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە یاسا لەو دەستێوەردان و هێرشانە بیپارێزێت.

**مادده (١٣)**

– هەموو کەسێك ئازادە لە هاتووچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتنی لە سنووری هەموو دەوڵەتێکدا.

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێك (بە وڵاتەکەی خۆیشییەوە) بەجێ بهێڵێت و مافی ئەوەیشی هەیە کە بگەڕێتەوە بۆی.

**مادده (١٤)**

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە پەنا بباتە بەر وڵاتێکی تر یان هەوڵی پەنابەری بدات لەناو چەوساندنەوە.

– ئەو کەسەی بەتاوانی نا سیاسی یان کارێك کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەگونجێ، درابێ بە دادگا سوود لەم مافە وەرناگرێت.

**مادده (١٥)**

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی رەگەزنامەیەك کە بیەوێ.

– نابێ بە زۆر رەگەزنامە لە هیچ کەسێك بسێنرێتەوە یان مافی ئەوەی نەدرێتێ کە بیگۆڕێت.



**مادده (١٦)**

– ژن و پیاو کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەرگرتن، مافی شوکردن و ژنهێنان و خێزان پێکەوەنانیان هەیە بەبێ هیچ رێگرێك بەهۆی رەگەز و ئایینەوە و لەکاتی خێزان پێکەوەنان و بەردەوامی و هەڵوەشاندنەوەشیدا مافەکانیان یەکسانە.

– مارەبڕین بەبێ رەزامەندییەکی تەواوی دوور لە زۆرە ملێی هەر دوولای مارە بڕینەکە نابێ بکرێت.

– خێزان بنەمای سروشتی و بنچینەیی کۆمەڵە و مافی ئەوەی هەیە کۆمەڵ و دەوڵەت بیپارێزن.

**مادده (١٧)**

– هەموو کەسێك مافی بە خاوەنبوونی هەیە، هەر خۆی یان لەگەڵ خەڵکی تردا.

– نابێ بەزۆر ماڵ لەهیچ کەسێك بسەندرێت.

**مادده (١٨)**

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە بیرکردنەوە و دەروون و ئاییندا ئازادبێت ئەم مافەیش مافی گۆڕینی ئایین و باوەڕیش دەگرێتەوە و، ئازادیی دەربڕینیان بەفێرکردن یان کارپێکردن و جێبەجێکردنی داب و نەریتەکانی و چاودێریی بەنهێنی یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا.

**مادده (١٩)**

– هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی هەیە، ئەم مافە ئازادیی پێڕەویی بێ دەستێوەردانی بیروڕا و هەواڵ و هزر وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی بەهەر رێگەیەك بێت دەگرێتەوە، بێ پابەندبوون بەسنووری جوگرافیاییەوە.

**مادده (٢٠)**

– هەموو کەسێك، مافی ئازادی بەشداریی کۆبوونەوە و کۆمەڵە و گرۆ ئاشتیخوازەکانی هەیە.

– نابێ هیچ کەسێك بەزۆرەملێ بخرێتە هیچ کۆمەڵەیەکەوە.

**ماددە (٢١)**

– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەیدا یان راستەوخۆ، یان بەهۆی ئەو نوێنەرانەوە کە ئازادانە هەڵدەبژێردرێن.

– هەموو کەسێك هەمان مافی خەڵکی تری هەیە کە کاروبارە گشتییەکانی وڵات بگرێتە ئەستۆ.

– ویستی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە و، ئەو ویستە بەهەڵبژاردنێکی پاکی ناو بەناو بەردەوام دەردەبڕدرێت کە لەسەر بنچینەی دەنگدانی نهێنی و بەیەکسانی بۆ هەمووان یان بەپێی هەر کردەوەیەکی لەو بابەتە کە ئازادیی دەنگدان دەستەبەر بکات.

**ماددە (٢٢)**

– هەموو کەسێك وەك ئەمدامێکی کۆمەڵ، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە و، هی ئەوەیش کە بەهۆی کۆششی نەتەوەیی و هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە دەیهێنێتەدی بەجۆرێك کە لەگەڵ رەوتی هەر دەوڵەتێك و داهاتەکانی و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کە بۆ شکۆ و گەشەی ئازادی کەسایەتیی پێویست بگونجێ.

**ماددە (٢٣)**

– هەموو کەسێك مافی کارکردنی هەیە و لە هەڵبژاردنیدا ئازادە بەمەرجێ دادوەرانەی قایلکەر، هەروەك مافی پاراستنی هەیە لە بێکاری.

– هەموو کەسێك، بێ هیچ جیاوازییەك، مافی کرێ ئیشێکی یەکسانی هەیە.

– هەموو کەسێك، کە ئیشێك دەکات، مافی کرێیەکی دادوەرانەی قایلکەری هەیە کە ژیانێکی شیاوی شکۆی مرۆڤ، بۆ خۆی و خێزانەکەی دەستەبەر بکات کە لەکاتی پێویستیدا شێوازەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتیشی بچێتە سەر.

– هەموو کەسێك، مافی دروستکردنی و چوونەتە ناو سەندیکای هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی.



**ماددە (٢٤)**

– هەموو کەسێك، مافی پشوودانی هەیە و لەکاتی حەوانەوەدا بەتایبەتی لە دیاریکردنێکی پەسەندی کاتەکانی کارکردن و پشووی بەردەوامی بکرێدا.

**ماددە (٢٥)**

– هەموو کەسێك مافی ئاستێکی ژیانی هەیە کە بۆ پارێزگاریی تەندروستی و خۆشگوزەرانیی خۆی و خێزانەکەی پێویستە و ئەوانەیش خۆراك و پۆشاك و خانو و چاودێرییە پزیشکی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانیش دەگرێتەوە و مافی ئەوەی هەیە کە ژیانی خۆی دەستەبەر بکات لە باری بێکاری و نەخۆشی و کەنەفتی و بێ هاوسەری و پیری و هی تریش وەك بێ دەرەتانی بەهۆی بارودۆخێکی لە دەست خۆدا نەبووە.

– دایکایەتی و منداڵی مافی یارمەتی و چاودێریی. تایبەتییان هەیە و، هەموو منداڵان هەمان پارێزگاریی کۆمەڵایەتییان هەیە ئەگەر بەرێگەیەکی رەوا یان ناڕەوا لە دایك بووبن.

**ماددە (٢٦)**

– هەموو کەسێك مافی فێربوونی هەیە و پێویستە فێرکردن لە قۆناغە سەرەتایی و بنچینەییەکانیدا بەلایەنی کەمەوە بەخۆڕایی بێت و فێرکردنی سەرەتایی تەوزیمی بێت و پێویستە فێرکردنی هونەری و پیشەیی بکشتێنرێت و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا ئاسان بکرێت بەیەکسانی بۆ هەمووان و بەپێی لێهاتن بێت.

– پێویستە ئامانجی پەروەردە، تەواو گەشەپێکردنی کەسێتیی مرۆڤ بێت و ببێتە هۆی زۆرتر رێزگرتنی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی و گەشە پێکردنی لێکتر گەیشتن و چاوپۆشی و هاوڕێیەتی لە نێوان هەموو گەلان و گرۆڕە گەزی و ئاینییەکان و زۆرکردنی کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی.

– باوکان یەکەم مافی هەڵبژاردنی جۆری پەروەردەی رۆڵەکانیان هەیە.

**مادده (٢٧)**

هەموو کەسێك، مافی ئەوەی هەیە کە ئازادانە بەشداری لە ژیانی کولتووریی کۆمەڵدا بکات و چێژ لە هونەرەکان وەربگرێت و بەشداری بکات لە پێشکەوتنی زانست و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی.

- هەموو کەسێك، مافی ئەوەی هەیە بەرژەوەندییە ئەدەبی و ماددییەکان کە بەستراون بەبەرهەمی زانستی و ئەدەبی و هونەرییەوە بپارێزێت.

**مادده (٢٨)**

- هەموو کەسێك، مافی خاوەندارێی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتیی هەیە، کە بەپێی ئەو سیستمە ئەو ماف و ئازادییانە بەتەواوی دێتەدی کە لەم جاڕەدا نووسراون.

**مادده (٢٩)**

- هەموو کەسێك پێویستی کۆمەڵی لە ئەستۆدایە، کەتەنها لەودا ئەو بوارە دەڕەخسێ کەسێتی ئازاد و تەواو گەشە بکات.

- تاکەکەس لە کارپێکردنی ماف و ئازادییەکانیدا، تەنها ملکەچی ئەو پێوەندانە دەبێت کە یاسا بڕیاری دەدات بۆ دەستەبەرکردنی دانیان بەمافەکانی خەڵکی و ئازادییەکانی و ڕێگرتنیاندا و بۆ هێنانەدی داخوازییە دادوەرییەکانی سیستمی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی و ڕەوشت لە کۆمەڵێکی دیموکراسیدا.

- بەهیچ جۆرێك نابێ ئەم مافانە بەجۆرێك کاریان پێ بکرێت کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەگونجێ.

**مادده (٣٠)**

هیچ دەقێك لەم جاڕەدا نییە بەجۆرێك لێکبدرێتەوە کە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵ و تاکێك بۆی هەیە چالاکی و کارێك بەجێ بهێنێت کە ئەو ماف و ئازادییانەی تێیدان بڕوخێنێت.

ئەگەر ڕەچاوی بەندەکانی جاڕنامەی سەرەوە بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ بارودۆخی یاسایی مرۆڤی کورد دەبینین کوردەکان بەسترابوونەوە و بۆیان نەبوو هەر شوێنێك بۆ خۆیان



هەڵبژێرن و لەم شوێنە نیشتەجێیە لەناو عێراق و بۆی نەبوو زەوی و زار و خانووبەرە بە ئارەزووی خۆی بکڕیت و هەبێت و لەهەر شوێنێك هەروەکو لە بەندی (١٧) هەقدەی سەرەوە داهاتووە و تائێستاش و زەوی و زارەکان و خانووبەرەی لێ دەستێندرا بەخورتی و بەبێ هۆ تەنها لەبەر ئەوە کوردە بەپێچەوانەی بەندی سەرەوە و مرۆڤی کورد بۆی نەبوو سوود لە ماف و سەربەستی و ئازادییەکان وەربگرێت کە لەم جاڕنامەدا هاتوون. لەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە بەپێچەوانەی بەندی (٢) لە جاڕنامەی سەرەوە و زیاتر لە (١٥٠) سەدو پەنجا هەزار کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کە ناو لێندراوە بەکوردستانی سوریا (بێ بەشن) لە ڕەگەزنامەی سوری بەپێچەوانەی بەندی (١٥) پانزدە لە جاڕنامەی سەرەوە و بۆیان نییە بیروبۆچوونی خۆیان هەبێت و خوێندن بەزمانی دایك قەدەغەیە و هەروەها قەدەغەکراون لە بەشداربوون لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان کە پەیوەستن بەگەلەکەیان و دەژمێردرێن بەهاووڵاتی پلە دوو بۆ بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی گشتی و هەتا کارکردن بەنیسبەت کوردەکان دەخرێتە ژێر مەرجەکانی دیاریکراو چونکە بۆیان نییە لە شوێن و کارە گرنگەکان کار بکەن و بۆیان نییە بگەنە پلەوپایەی بەرز لە حکومەت و هەروەها بۆیان نییە بخوێنن لە کۆلێژ و قوتابخانە سەربازییەکان و هەروەها لە کۆلێژەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، و پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤی کورد بەردەوام بووە و بەردەوامە لەلایەن دەوڵەتەکانی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە و گرنگترین بەند کە لە جاڕنامەی سەرەوە هاتووە ئەویش بەندی (٣٠) سییە کە تێیدا هاتووە و دەڵێت هیچ بەندێك لەم جاڕنامە هاتووە بۆ هیچ دەوڵەتێك نییە بەکەیفی خۆی شی بکاتەوە و یاخود لێکی بداتەوە و هیچ دەوڵەتێك و یاخود کۆمەڵێك یان تاکێك مافی نییە هەر جموجۆڵێك بکات بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوە و پێشێل کردنی ئەو ئازادی و سەربەستیانەی لەم جاڕنامەدا هاتوون، بەواتایی کە هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە کە ئازادی و سەربەستی هاوڵاتییەکانی خۆی بسێنێتەوە و ئەزیەت و ئەشکەنجەیان بدات و بەکارهێنانی ڕێگای نایاسایی و سەرکوت کەر بۆ لێسەندنەوەی را و بیروبۆچوون کەچی دەبین جاڕنامەی جیهانی هیچ ئاسەوار و کاردانەوەیەکی نییە لە هەر چوار هەرێمەکانی کوردستانی لکێندراو بە دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەپێچەوانەوە پێشێل کردنی هەموو بەندەکانی جاڕنامەکە بەردەوامە و بەئاشکرا و ئەنقەست و بەبێ گوێدان بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەم چوار دەوڵەتەی کە کوردیان تێیدایە لەسەر هیچ کێشەیەك و شتێك ڕێك نەکەوتوون تەنها

ڕێککەوتوون لەسەر دژایەتی کورد و هەر جولانەوەیەکی نەتەوەیی کوردی کە هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی مافی نەتەوایەتی خۆی هەرچەندە ناکۆکی و کێشە زۆر زۆرن لە نێوان چوار دەوڵەتی سەرەوە و تەنها هەروەکو گوتمان بۆ لێدانی کورد ڕێکن و ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە (جاڕنامەی جیهانی) بەڵگەیەکی فەرمییە کە هەموو مافەکانی بەمیللەتەکان داوە و لەوانە میللەتی کوردە کە بۆی هەیە هەموو مافەکانی سوودیان لێوەرگرێت و لەو مافانە سەربەخۆییە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆیە لەسەر خاکەکەی کوردستان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ عێراق دەبینین لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و لەناو بردنی نازییەت کە ئەڵمانیا و فاشیەت لە ئیتاڵیا جۆرە کرانەوەیەکی بچوك کراوە بەرەو سەربەستی و ئازادی و دیموکراسیەت بەچەشنێکی کاتی و مۆڵەتی کارکردن بەچەند پارتێکی رامیاری درا بەڵام مۆڵەت بەهیچ پارتێك و یاخود گروی رامیاری کوردیی نەدرا، ماوە بەپێچەوانەوە کۆمەڵێك بڕیار لە سێدارەدانی سەرکردە کوردەکان دەرکرد دەرهەق هەرچوار ئەفسەرەکان ئەوانیش عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحموود قودسی کە بەشداربوون لە کۆماری کوردستانی ئێران لە مەهاباد و گەڕابوونەوە بۆ عێراق لە پاش رووخانی و سزای لە سێدارەدانیان لە ١٩جێبەجێکرد /١٩٤٧/٦لەوکاتەی کە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە جەنگی دووەمی جهانی ئیدیعای بڵاوبوونەوەی ئازادی و سەربەستی و دیموکراسیەتیان دەکرد و بەتایبەتی سۆشیالیستەکان کە لەگەڵ مافی سەربەخۆیی میللەتان بوون و یاخود وەها پڕوپاگەندەیان بلاودەکردەوە بەڵام دیسان کورد تووشی سەرکوت کردنێکی تربوو و سوودی لەو گۆڕانکارییانەی وەرنەگرت کە لە پاش جەنگ روویاندا و دووبارە عێراق گەڕایەوە بۆ دواوە و بەرەو دیکتاتۆریەت رۆیشت و سزای لە سێدارەدانی سەرکردەکانی شۆڕشی مایسی ١٩٤١ یەکیان جێبەجێ کرد، و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕێککەوتننامەی پورت سمۆیان مۆرکرد لە ساڵی ١٩٤٨ کە بوو بەهۆی نیگەرانی خەڵکی عێراق و بەرهەڵستکاری کردن و هەڵسانی میللەتانی عێراق بە خۆپیشاندانی دژ بەم ڕێککەوتننامەکە کە سەرتاسەری عێراقی گرتەوە و کوردیش رۆڵی بەرچاوی خۆی لەم خۆپیشاندانانە لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی خۆی و نیشتیمان پەروەران بینی هەرچەندە ئەو سەردەمە پارتی دیموکراتی کوردی عێراق نوێ دامەزرابوو دوایی ناوەکەی گۆڕا



بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامەکانی ئەم پارتە خەباتکەرە دوا نەکەوتن لەم ئەرکە نیشتمیانییە و رۆڵی بەرچاویان بینی.

بۆ ئەوەی عێراق زیاتر بەریتانیا دڵنیا بکاتەوە لە سیاسەتی خۆی دیکتاتۆری هەڵسا بە سێدارەدانی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و لە ساڵی ١٩٤٨ کێشەی فەلەستین هاتە ئاراوە و دەوڵەتە عەرەبەکان بەناو دەستیان کرد بە جەنگ دژی ئیسرائیل بەڵام سوڕ نەبوون لەم جەنگە و کوردەکانیش بە ئەفسەر و پلەداران و سەربازەکان لەم جەنگە بەهێزێکی پاك و جیددی رۆڵی بەرچاویان بینی و شەڕیان لەرێگای سوپای عێراق و یەکەکانی کرد بەڵام کورد هەر کوردە و دوژمنانمان هەرچی بۆی بکەی بێ سوودە بیروبۆچوونیان بەرامبەر دژایەتی ئێمەی کورد ناگۆڕێ و هەر لە خراپەکردنن بەرامبەر ئێمە.

## کاریگەری شۆڕشی میسر لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی لەناوچەکەدا

لەم هەڵومەرجانە و تێکشکانی عەرەب لە فەلەستین چەند ئەفسەرە گەنجەکانی میسری بەسەرکردایەتی موقەددەم جەمال عەبدولناسر شۆڕشی ٢٣ی تەمموزی ١٩٥٢یان ئەنجامدا و هەرچەندە لە سەرەتاوە ئەو شۆڕشە مەبەستی نەهێشتنی رژێمی پاشایەتی نەبوو بەڵام رەتکردنەوەی تێکشکانی عەرەب بوو لە فەلەستین و هۆشیارکردنەوەیەکی گەورەبوو بۆ بزاڤی رزگاریخوازی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو بزاڤانە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردبوو لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە خوارووی کوردستان کە ناوزەد کراوە بەکوردستانی عێراق بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تاکە پارتی نەژاد بوو لەسەر گۆڕەپانی رامیاریی کوردستان و عێراق و دەوڵەتەکانی هەرێم هەزار حیسابیان بۆ دەکرد چونکە سەرۆکی پارتەکەش لە رووسیای سۆڤێتی بوو، و بارودۆخی رامیاری عێراقیش هێور نەبوو، ئەوەبوو خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٢ دەستپیکرد و کوردیش بەشداری لەم خۆپیشاندانە کرد چونکە هەرگیز دژی سیاسەتی حکومەتی عێراق بوون لەبەر هەڵوێستی خراپی بەرامبەر بەکورد، و زۆر شەهیدیانا شانبەشانی عەرەبەکان و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر، ئەوەبوو رژێمی پاشایەتی پەنای بردە بەر سوپا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربازی بەسەرۆکایەتی نورەدین مەحموود بۆ سەرکوت کردنی راپەڕینەکە، لە پاش قوربانێکی زۆر لەلایەن پارتە سیاسیەکانی عێراق و کورد و میللەتی عێراق حکومەتی نورەدین مەحموود توانی دەست بەسەر راپەڕینەکە دابگرێت

و بەهێزی ئاگر و ئاسن سەرکوتی بکات و بەندیخانەکانی عێراق پڕ بکات لە خەباتکەران و تێکۆشەران و دڵسۆزەکان گۆڕەکانی عێراق و لەوانە کوردەکان، و لە هەمانکاتدا ئیمپریالیزم بەردەوام بوو لە پیلانەکانی بە بەستنەوەی میللەتەکانی ناوچەکە و سەرکوت کردنیان و بەتایبەتی میللەتی کورد ئەوەبوو پەیمانی (حلفی) بەغدایان لە ساڵی ١٩٥٥ بەست و ئەو دەوڵەتانەی کە تیدا بەشداربون جگە لە عێراق هەریەك لە ئێران و تورکیا و پاکستان و بەریتانیا بوون و نوری سەعید کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو ئەو سەردەمە هەوڵیدا دەوڵەتی میسر رابکێشێت بۆ ئەم پەیمانە بەڵام میسر داوای نوری سەعیدی رەتیکردەوە کە ئەم حیلفە لە بنەڕەتدا بۆ ئابلۆقەدانی رووسیای سۆڤێتی پێشوو بەسترابوو و هەروەها قۆڵبەستکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی میللەتانی ناوچەکە و بەتایبەتی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی گەلی کورد چونکە بزاڤەکانی سەرەوە گەشەیان کردبوو و بەرەو پێشەوە دەچوون لە جیهانی سێیەم و بزاڤی بێلایەن دامەزرابوو و هەروەها بێلایەنی پۆزەتیڤ و کۆنگرەی باندۆنگ بەسترا و جەمال عەبدولناسر و نەهرۆ و سۆکارنۆ سەرکردەکانی دەوڵەتە بێلایەنەکان کە لە ساڵی ١٩٥٥ بەسترابوو ئامادەبوون و ئەم رووداو و چاوپێکەوتنانە کاریگەرییێکی پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی لە دونیا و لەوانە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان رەگەکانی خۆی لەناوچەکانی کوردستان بەهەموو چین و توێژەوە و لەناو هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستان داکوتا و کاریگەرییێکی چاکی هەبوو لە ناوچەکانی تری کوردستان، لەم کاتەدا جەمال عەبدولناسر (کەنداوی) لسوێسی خۆماڵی کرد و لە ئەنجامی ئەم خۆماڵیکردنە کە زیان بە بەریتانیا و فەرەنسا کەوت هێرشێکی سەربازی بەربادیان بردە سەر میسر بەبەشداری ئیسرائیل و بەسێ قۆڵی لە میسریاندا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شڵەژا و جەماوەری ناوچەکە دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و لەوانەش خەڵکی عێراق بوون بۆ پشتگیری میللەتی میسر و سەرکردەکانیان و بەتایبەتی جەمال عەبدولناسر و خۆپیشاندەرەکان داوایان کرد لە حکومەتەکانی عەرەبی کە پشتگیری میسر بکەن و ئەم بارودۆخە ناوچەکەی گرتەوە لە ساڵی ١٩٥٦ و جەماوەری عێراق بەکورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و هەموو پارێزگا و شار و شارۆچکەی عێراقی گرتەوە و هەروەها شار و شارۆچەکانی کوردستان بێ بەش نەبوون لەم هەڵوێستە و داوای پشتگیری میسریان کردو داوای دیموکراسی و مافە نەتەوایەتی و نیشتمیانییانکرد و ئەوەبوو حکومەتی سەعید پەنای



بردە بەر توندوتیژی و سەرکوتکردنی جەماوەر لە جیاتی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی وەربگرێت و پشتگیری میسر بکات و خەڵکێکی زۆریان گرت لە خۆپیشاندەرەکان و سەرکردەکانیان و رامیارییەکان و بەندیخانەکانی عێراقیان پڕکرد لە هاووڵاتیان و کولیژەکان و قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی خوێندنیان تیدا راوەستا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ، و لە بەر هەموو کاتێك کورد و کێشەکەی و سەرکردەکانی لە مێشکی بەرپرسانی عێراقدا بوون و مەترسییان لێدەکرد و هەزار هەزار حیسابیان بۆ دەکرد، نوری سەعید کە ئەو سەردەمە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو لە ئێستگەی بەغدا وتارێکی خوێندەوە و داوای کرد لە خۆپیشاندەرەکان کە هێورببنەوە چونکە مەترسییەك هەیە لەسەر عێراق بەهزری خۆی ئەویش مەلا مستەفا بارزانی کە لە رووسیا سوپای خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق و وێرانی بکات و ئەم وتارە بەناوبانگەی ئەو سەردەمە لە زستانی ١٩٥٦ بوو و نوری سەعید لە وتەی خۆیدا بەعێراقییەکانی وت ئێوە ئەمە قبوڵ دەکەن کە مەلا مستەفا بەتەمایە عێراق وێران بکات؟

لە راستیدا کە ئەم وتەیەم گوێ لێبوو هەموو لەشم لەرزی و موەکانی لەشم راوەستان چونکە منیش یەکێك بوم لە خۆپیشاندەرەکان و لە قوتابخانەی ناوەندی حدیان دەمخوێند لە موسڵ و بۆیەش لەشم لەرزی چونکە بۆ یەکەم جاربوو لێپرسراوێکی فەرمی گەورەی عێراق ناوی مەلا مستتەفا بارزانی هێنا لە وتەکەی و لە دەزگاکانی میری فەرمی و لەوکاتەبوو کە چووبوومە ناو رێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی خوێندن ١٩٥٥-١٩٥٦، وتەی نوری سەعید ئومێدێکی بۆ کورد پەیداکرد بەهێنانی ناوی مەلا مستەفا خەڵکی کوردستان بوژانەوە و جموجۆڵیان زیاتر بوو لەرێگای خەبات و بۆ ئێمە دووپات بۆوە کە سەرکردەیەك هەیە بۆ بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد و لە پاش ئەوە چەند کادر و سەرکردەی گەورەی کورد کە شیوعی بوون هاتنە ناو رێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و خۆماڵی کردنی کەناڵی سوێس سەرکەوت لە میسر وئێستگەی (صوت العرب) لە قاهیرە بۆ بەهاندەر و رێ پیشاندەر بۆ عێراقییەکان کە بەشۆڕش هەڵبستن و هەروەها جەمال عەبدولناسر ئێستگەیەکی دانا لە میسر بەزمانی کوردی بۆ هەمان مەبەست بۆ هاندانی کورد دژی حکومەتی نوری سەعید و رژێمی پاشایەتی لە عێراق و بە مەزەندەم بۆ پشتگیری کردنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان و رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان

گەشەی کرد و هزری نەتەوایەتی بڵاوبووە لەناوچە وتوێژەکانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لەناو مامۆستایان و قوتابیان و سەرباز و کرێکاران و جوتیاران و ئافرەتان و بەتایبەتی لە پاش دەرچوونی بڕیاری پارتی لە کۆنگرەی سێیەمی بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی پیشەیی و بەتایبەتی لەناو ئافرەتان و قوتابیان.

## ڕاگەیاندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ میسر و سوریا ڕێککەوتن کە ببنە یەك کۆمار و ا بەناوی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ڕاگەیاندر و سوریا بوو بەهەرێمی باکووری کۆماری ناوبراو بەهۆی جۆشدانی هزری شۆڕشگێڕانە لە عێراق و دامو دەزگای ئاسایشی سیخوری عێراق نەیانتوانی بەرامبەر بە پتەوبوونی بزاڤی ڕزگاریخوازی عێراقی ڕاوەستن و ئەم یەکگرتنەی نێوان سوریا و عێراق بۆ بەکاریگەریك بۆ پەلەکردنی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق.

## یەکێتی هاشمی لە نێوان عێراق و ئەردەن

هەروەکو ڕەتکردنەوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە شوباتی ١٩٥٨ یەکێتی هاشمی لە نێوان عێراق و ئوردن ڕاگەیاندرا وەکو سەرەتایەك بۆ زیندوکردنەوەی پرۆژەی (الهلال الخصيب) و ناوزەدکرا بە یەکێتی هاشمی چونکە مەلیك فەیسەڵی دووەم مەلیکی عێراق بوو و شا حوسێن کوڕی طلال مەلیکی ئوردن بوو و هەردووکیان لە بنەماڵەی هاشمی قورەیشین و ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتییەکە پێك هێنرا جگە لەوەی کە هەر دەوڵەتێك ئەنجوومەنی وەزیرانی خۆی هەبوو کە لەناو ئەم یەکێتییە بوون، بەڵام لە پێش ڕاگەیاندنی ئەم یەکێتییە بەرەی نیشتمیانی عێراق پێکهاتبوو لە نێوان چەند پارتێکی ڕامیاری عێراقی بەڵام ڕازی نەبوون کە پارتی دیموکراتی یەکبووی کوردستان بچێتە ناو ئەم بەرەیە لەبەر تایبەتمەندی نەتەوەی خوی چونکە هەندێك لە پارتە ڕەگەز عەرەبەکان حەساسیەتیان بەرامبەر بەکێشەکەمان هەبوو لەبەرئەوە شۆڤێنی بوون هەروەکو ئێستا هەمان بیروبۆچوونیان هەیە بەرامبەر بەکێشەکەمان لە پاش تێپەڕینی نیوسەدە ئەوەبوو پەیوەندییەکی تایبەتی دروست بوو لە نێوان پارتی دیموکراتی یەکبووی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ئەم پەیوەندییە دوو بەدوویە لە نێوان هەردوو پارتی سەرەوە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر ڕێکخراوی ئەفسەرە



نیشتیمانپەروەرەکانی عێراق[٦٨] و هەروەها شۆڕشی میسر هەمان کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێکخراوی سەرەوەو ەوەهای کرد کە ڕێکخراوەکە پەرە بسێنێت و جموجۆڵی هاوبەش ئەنجام بدەن لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانی.

هەروەها لە ڕێگای پەیوەندییەکانی تایبەتی پارتە ڕامیارییەکان هەریەك بەجیاواز لەگەڵ بزاڤی ئەفسەرە نیشتیمانپەروەرەکان و لەگەڵ سەرۆکی بزاڤەکە عەبدولکەریم قاسم کەناوبراو بەئاشکرا ڕایگەیاند کە دەیەوێ تەنیسق بکات لەگەڵ بەرەی نیشتیمانی و لەکۆبوونەوەی ١٠/٧ /١٩٥٨لە نێوان لیژنەی جێبەجێکردنی بەرە لەگەڵ بزاڤی ئەفسەرە نیشتیمانپەروەرەکان ڕێککەوتن کە پشتگیری پێشکەش بکرێت بۆ جولانەوەی شۆڕشگێڕی بۆ بزاڤی ئەفسەرەکان و ئەوەبوو شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرپابوو[٦٩].

## شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و کورد

بەرەبەیانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ گەلی عێراق هەستایەوە لە خەو لەسەر دەنگی بەیانی یەکەمی ڕاگەیاندنی شۆڕش و بەم چەشنە: تێیدا هاتبوو سوپا لە ئێوەیە و بۆ ئێوەیە و بەهاوکاری دڵسۆزەکان لەڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە سوپای ئێوە هەنگاوی نا بۆ ڕزگارکردنتان تا ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لەو باند و خۆسەپێنە لەبەرئەوە لەسەر ئێوەیە پشتگیری سوپایەکە بکەن و بزانن کە سەرکەوتنەکە بەدەست دەکەوێت بەهاوکاری ئێوە و پشتگیریتان. بەرەی نیشتمانی پشتگیری خۆی بۆ شۆڕش ڕاگەیاند و خۆپیشاندان هەموو شار و شارۆچکەکانی گرتەوە بۆ پشتگیری شۆڕش و زۆر دڵخۆشبوون بە سەرکەوتنی شۆڕش و کۆتایی هێنان بەرژێمی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری و زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو بەسەرۆك وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری و عەقید عەبدولسەلام عارف بوو بەجێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ و ئەنجوومەنی سیادە پێك هات لە سەرۆك و دوو ئەندام لە جیاتی سەرۆك کۆمار و یەکێك لە ئەندامەکان کوردبوو و ئەنجوومەنی وەزیران

٦٨- د. شیرکو فتتح اللة/ الحزب الديمقراطي الكردستاني ص١٢٦، بەزمانی عەرەبی.
٦٩- د. شیرکو فتتح اللة/ الحزب الديمقراطي الكردستاني ص١٢٨، بەزمانی عەرەبی.

پێکهێنرا لە هەموو پارتە رامیارییەکانی نەژادی عەرەبی و سەربەخۆ و پارتی دیموکرات خوازان جگە لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پێکهێنرا بەڵام پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان کە تاکە پارتی نەتەوەیی کورد بوو لەسەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراق بەهەموو هێز و توانایەکەوە لەگەڵ شۆڕش راوەستا و جەماوەری کوردستان پشتگیری خۆی راگەیاند بۆ شۆڕش بەناردنی بروسکە و دەرچوون بەخۆپیشاندان و رێپێوان لە کوردستان، و لە ١٩٥٨/٧/٢٧ دەستووری کاتی عێراقی دەرچوو و ئەمەش دەقەکەیەتی.

## دەستووری کاتی عێراق کە لە ١٩٥٨ دەرچوو

لەبەر ئەوە ئەم جولانەوەی نیشتیمانی کە سوپای عێراق پێ هەڵسا بەهاوکاری و پشتگیری میللەت لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ مەبەستی سەروەری میللەت بوو، وەکارکردن بۆ ئەوەی سامانی لێ نەسەندرێت و مسۆگەرکردن و پاراستنی مافەکانی هاوولاّتیان، لەبەرئەوە رژێمی پێشوو لە ولاّت ئەوەی کە لێی نەجاتتان بوو دروستکرابوو لەسەر بناغەی پڕوپوچی رامیاری و بە دەستپێکردنی چەند کەسێك دەستیان خستبووە سەر دەستەلاّت و حوکمرانی ولاّتیان دەکرد بەپێچەوانەی بیروبۆچوونی زۆرینەی خەڵکی عێراق و دژی بەرژەوەندییەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و جێبەجێکردنی مەبەستەکانی هەروەکو لە بەیانی یەکەم داهاتووە بەراگەیاندنی شۆڕش لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بزاڤی نیشتمانی رووخاندنی رژێمی پاشایەتی و هێنانی رژێمی کۆماری بە خۆوە گرتووە, لەبەر ئەوە ئێمە بەناوی میللەت نەهێشتنی قانونی ئەساسی (بنەمەکی) عێراقی و هەموو هەموارکردنەکانی لە ١٤ی تەموزەوە ١٩٥٨ رادەگەیەنین و ئارەزووکردن بە چەسپاندنی حوکمڕانی ئەرك و مافەکانی هەموو هاوولاّتیان لەسەر بنەماکانی دەستووری کاتی رادەگەیەنێین و لە قۆناغی گواستنەوە تا دەستوورێکی بەردەوام تەشریع دەکرێت رێکخستنی کاری پێ دەکرێت



## دەروازەی یەکەم
## کۆماری عێراق

**بەندی یەکەم:** دەوڵەتی عێراق کۆمارییە و سەربەخۆیە و خاوەن سەروەری تەواوە.

**بەندی دووەم:** عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

**بەندی سێیەم:** قەوارەیی عێراق لەسەر بناغەی هاوزاریکردن لە نێوان هەموو هاوولاّتیان پێکدێت کە رێزلێنان مافەکانیان و پاراستنی ئازادی و سەربەستییان و عەرەب و کورد وەها ئیعتبار دەکرێن کە هاوبەشن لەم نیشتیمانە و دەستوور و دان بەمافە نەتەوایەتییەکانیان دەنێت لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقدا.

**بەندی چوارەم:** ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە.

**بەندی پێنجەم:** بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە.

**بەندی شەشەم:** ئاڵا و شیعاری کۆماری عێراق و خالە پەیوەندییەکانی تایبەت بەیاسا دادەنرێن.

**بەندی حەوتەم:** میللەت سەرچاوەی دەستەلاّتە.

**بەندی هەشتەم:** رەگەزنامەی عیراقی یاسا دیاری دەکات.

**بەندی نۆیەم:** هاوولاّتیان بەرامبەر بە یاسا لە مافەکان و ئەرکەکانی گشتی یەك ساتن و نابێ جیاوازی بکرێت لە نێوان هاوولاّتیان بەهۆی رەگەز و یاخود ئەسڵ یان زمان یان ئایین و یاخود بیروبۆچوون و بڕوا.

**بەندی دەیەم:** ئازادی بیروڕاوبۆچوون و چۆنێتی بەدیارخستنی پارێزراون و بەپێی یاسا رێکدەخرێن.

**بەندی یازدەم:** سەربەستی تاك و رێزی شوێن دانیشتن پارێزراون و بەهیچ شێوەیەك نابێ پێشێل بکرێن، تەنها ئەگەر بەرژەوەندی لە ئاستی گشتی پێویست بکات.

**بەندی دوازدەم:** سەربەستی و ئازادی ئایینیەکان پارێزراون و دەبێ رێز لە داب و نەریتی ئایینی بگیرێت بەمەرجێك سەرپێچی نیزامی گشتی نەکات و پێچەوانەی ئادابی گشتی نەبێت.

**بەندی سێزدەم:** موڵكیەتی تایبەتی پارێزراوە و یاسا رێكدەخات چۆنێتی كارەكانی خۆی كۆمەڵایەتی جێبەجێ دەكات و نابێ حوكمی هیچ كەسێك لێ بسێندرێت تەنها بۆ سوودی گشتی بێت و بەرامبەر بە قەرەبوویێكی عادیلانە و بەپێی یاساكان.

**بەندی چواردەم:**

أ: موڵكییەتی چاندن بەپێی یاسا دیاردەكرێت رێكدەخرێت.

ب: مافەكانی موڵكییەتی چاندن بەپارێزراو بەپێی یاسایەكانی كارپێكراو دەمێنێتەوە هەتا یاسایەكانیتر دەردەچن و هەنگاوەكانی پێویست بۆ جێبەجێ كردنیان دەهاوێژرێن.

**بەندی پازدەم:** نابێ هیچ باجێك و یاخود پارە وەرگرتنێك وەكو رەسم و یاخود هەمواركردنیان و یاخود هەڵوەشاندنیان بسەپێندرێت بەبێ یاسا، هەموو ئەو كارانەی سەرەوە دەبێ بە یاسابن.

**بەندی شازدەم:** بەرگری نیشتیمان ئەركێكی پیرۆزە و خزمەتكردن لە سوپا شەرەفێكە بۆ هەموو هاوولاتیان و رێكدەخرێت بەیاسا.

**بەندی حەڤدەم:** هێزە چەكدارەكانی كۆماری عێراق سەر و سامانی میللەتە و ئەركەكەشی پاراستنی سەروەری وڵات و ساغ و سەلامەتی خاكەكەیەتی.

**بەندی هەژدەم:** تەنها دەوڵەت بۆی هەیە سوپای چەكدار دروست بكات و بۆ هیچ دەستەیەك و یاخود كۆمەڵێك یان گروپێك نییە سوپا و یاخود رێكخراوەكانی سەربازی و بەچەشنی سەربازی دروست بكات.

**بەندی نۆزدەم:** نابێ پەنابەری رامیاری بدرێتەوە.

## دەروازەی دووەم

## چۆنێتی حوكمرانی

**بەندی بیستەم:** سەرۆكایەتی كۆماری ئەنجوومەنێك بەرێوە دەبات بە ناوی (ئەنجوومەنی سەروەرین) لە سەرۆك و دوو ئەندام و پێك دێت.

**بەندی بیست و یەكەم:** ئەنجوومەنی وەزیران بەكاری دەستەلاتی تەشریعی (پەرلەمان) بە پەسەندكردنی ئەنجوومەنی سیادە هەڵدەستێت.



**بەندی بیست و دوو:** سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و هەریەك لە وەزیرەكان هەڵدەستن بەكاری دەستەلاتی جێبەجێكردن.

**بەندی بیست و سێ:** دادوەرەكان سەربەستن و هیچ دەستەلاتێك بەسەریانەوە نییە تەنها دەستەلاتی یاسا نەبێت و نابێت بەهیچ شێوەیەك دەست تێوەردان بكرێت لە كاروباری قەزا و یاخود دادپەروەری و یاسا كاروباری قەزا رێكدەخات.

**بەندی بیست و چوار:** دانیشتنەكانی دادگایەكان بەئاشكرایی دەبن تەنها ئەگەر دادگا بڕیاردەدا كە دانیشتنەكە بكرێتە نهێنی بە رەچاوكردنی نیزامی گشتی و دابونەریت و ئاداب.

**بەندی بیست و پێنج:** بڕیارەكانی سزادان و جێبەجێكردنیان بەناوی میللەت دەردەچن.

**بەندی بیست و شەش:** هەموو یاسایەكان بڵاودەكرێنەوە لە رۆژنامەی فەرمی و لە رۆژی بڵاوكردنەوەی كار پێدەكرێت تەنها ئەگەر دەقەك (نص) هەبێت بەپێچەوانەوە، و ئەگەر نەنووسرابێت لە یاسایەكە رۆژی جێبەجێكردنی لەم حاڵەتە لە پاش دە رۆژ تێپەڕبوون لەسەر بڵاوكردنەوەی لە رۆژی دواتر جێبەجێ دەكرێت.

## دەروازەی سێیەم

## بڕیارەكانی (احكام) گواستنەوە

**بەندی بیست و حەفتەم:** بڕیارەكان و فەرمانەكان و راگەیاندنەكان و مەرسومەكانی لە سەركردەی گشتی هێزە چەكدارەكان و یاخود لەسەرۆك وەزیران و یاخود ئەنجوومەنی سیادە لەو ماوەی نێوان ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا رۆژی جێبەجێ كردنی ئەم دەستوورە كاتییە، دەردەچن و هێزی یاساییان هەیە و هەموار دەكرێن ئەگەر هەندێكیان بەرەنگاری (معارض) هەبێت لەگەڵ دەقەكانی یاسایەكان لە پێش دەرچوونیان هەبێت.

**بەندی بیست و هەشتەم:** هەموو ئەو یاسایانەی كە جێبەجێ دەكرێن لە پێش ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەردەوام دەبن لە پەیڕەوكردنیان وەدەشێ هەندێك لەم یاسایانە هەڵبوەشێندرێتەوە و یاخود هەموار بكرێن هەروەكو لەم دەستورە دیاریكراوە.

**بەندی بیست و نۆیەم:** ئەم دەستوورە كاتییە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی پەیڕەو دەكرێت.

**بەندی سێیەم:** لەسەر وەزیرەکانی دەوڵەت پێویستە ئەم دەستوورە جێبەجێ بکەن لە ٩ی محرمی ساڵی ١٣٧٨ کە دەکاتە ١٩٥٨/٧/٢٧ زایینی لە بەغدا نووسراوە.

ئەنجوومەنی سیادە

| | | |
|---|---|---|
| خالد نەقشبەندی | محمد نجیب ئەلروبیعی | محەمەد مەهدی کبە |
| ئەندام | سەرۆکی ئەنجوومەنی سیادە (سەروەری) | ئەندام |

| | |
|---|---|
| عقید رکن عبدالسلام محمد عارف | زعیم رکن ناجی تالب |
| جێگریی سەرۆك وەزیران و وەزیری ناخۆ | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی |
| زعیم رکن عبدالکریم قاسم | سەرۆك وەزیران و وکیل وەزیری بەرگری |
| محمد حدید | وەزیری دارایی |
| د. محمد صالح مەحموود | وەزیری تەندروستی |
| د. عبدالجبار الجومرد | وەزیری دەرەوە |
| مستەفا عەلی | وەزیری داد |
| د. جابر عمر | وەزیری مەعاریف |
| بابا علی شێخ مەحموود | وەزیری هاتو چۆ |
| فۆاد رکابی | وەزیری ئاوەدانکردنەوە |
| د. ابراهیم کبە | وەزیری ئابووری |
| محمد صدیق شنشل | وەزیری راگەیاندن |
| هدیب حاج حموود | وەزیری کشتوکاڵ. |

لەکاتی پێداچوونەوەی دەستوری کاتی دەبینین کە بەندی سێ ئاماژە بە بەشداربوونی کورد و عەرەب لە عێراق دەکات و دەستوور دانی ناوە بەمافەکانی نەتەوەیی گەلی کورد، و دەستوورەکە دەستەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی تێکەڵاوی کردووە لەوە زیاتر یاسادانان و تەشریع خستوویەتە دەست ئەنجوومەنی وەزیران بەپەسندکردنی ئەنجوومەنی سەروەری (مجلس سیادە) هەروەکو لە بەندی ٢١ لە دەستوورەکە هاتووە. بەم بیروبۆچوونانەی کە لەناو دەستوور هاتبوون گەلی کورد دڵخۆش بوو بەرووخانی رژێمی پاشا و دامەزراندنی رژێمی کۆماری و نوێنەرایەتی



کورد لە ئەنجوومەنی سەروەریی و یەکسانی بەرامبەر بە یاسا و رازیبوونی سەرکردایەتی شۆڕش بەگەڕانەوەی سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کە پەناهەندە بوو لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لە ١٩٤٧/٦/١٩ و، ئەوەبوو لە ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ باوەشی نیشتمانەکەی و سەرکردایەتی شۆڕش رێزلێنانێکی گەورەی لێنا و هەروەها لێبوردنی گشتی دەرکرا بە نیسبەت هەموو بەندە سیاسییەکان لە عێراق و هەروەها بەندە سیاسییەکانی کورد و لەسەرووی سەروویانەوە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی و گێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆیان، و جەماوەری کورد و عێراقی رێکخران لەناو رێکخراوەکانی سیاسی و پیشەیی بەچەشنێکی ئاشکرا بۆ یەکەم جار لە پاش سەرکوت کردنەکەی ساڵی ١٩٤٧ هەرچەندە هیچ یاسایەك نەبوو ئەو سەردەمە بەناوی یاسایی پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی جەماوەری، کورد وەها تێگەیشت کە سەردەمی زوڵم و زۆرداری نەما و رژێمی نوێ پابەندە بەپێی دەستووری کاتی بەرامبەر بەکورد و مافەکانی جێبەجێ دەکات و بەندی سێ لە دەستووری کاتی پەیڕەو دەکات و ئەوەی لەسەر کاغەزە بەدی دێنیت و کورد بەتاروکەوە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی دوارۆژ بوو، بەڵام زووبەزوو دوو بەرەکی کەوتە نێوان شەقامی عێراقی بەشێکیان قەومی عەرەبی و لە سەروویانەوە بەعسییەکان و نەتەوایەتییەکان کە داوای یەکبووی راستەوخۆ و بەبێ دواکەوتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەکرد و کۆبوونەوەی بە دەوروبەری عەقید رکن عەبدولسەلام محەمەد عارف کە ئەو سەردەمە جێگری سەرۆك وەزیران و جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان و وەزیری ناوخۆی عێراق بوو بەشێتر پێکهاتبوون لە کۆمۆنیستەکان و چەپ رەوەکان و دیموکرات خوازانی سەربەخۆ و و دروشمی فیدرالیەتیان بەرزیان کردەوە و دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلای خۆیەوە داوای کرد ئەگەر عێراق وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو رێککەوت ئەوە دەبێ ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردستانی عێراق بەڵام ئەگەر عێراق بڕیاریدا بچێتە ناو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەم حاڵەتەدا دەبێ دان بندرێت بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراق و کوردستانی عێراق وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لەناو دەوڵەتی نوێ دابێت.

رۆژ بەرۆژ ناکۆکی لەناو جەماوەری عێراقدا زۆر و زیاتر بوو هەرچەندە بەرەی نیشتمانی لە ئارادابوو و بەفەرمی هەڵنەوەشابوو هەتا کار لە کار ترازا و بارودۆخ گەیشتە رادەیەك کە پارتەکانی لەسەر گۆڕەپان لە یەکتر بدەن و بەرەنگاربوونەوەی میری رووبدات هەروەکو مەحموود الدرە لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت: کە سوریا هەرێمی ژووروی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پشتگیری

یاخیبوونەکەی عەقید رکن عبدالشواف بکات ئەوەی لە موسڵ و ئەو سەردەمەی فەرماندەی هێزی موسڵ و پشتگیرییەکەش بەچەك و دراو ئێستگەبوو لە ٧ ئاداری ١٩٥٩ لە موسڵ ئەنجامدرا و پوچەڵ بۆوە، لەبەر ئەوە چەپڕەوەکان و کۆمۆنیستەکان و دیموکراتخوازەکان و کوردەکان و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی عێراق دژی چوونە ناو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بوون، هەروەها عەقید رکن عەبدولسەلام محمد عارف دەست بەکار و تصرفاتی ناشرینی کرد و کابرایەکی رۆشنبیر نەبوو بەڵکو لەکارەکانی سەربازی زیاتر هیچی نەدەزانی و هیچ ئەو پلەپایەی بەرز نەبوو و ناکۆکی کەوتە نێوان ناوبرا و سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم ئەوەبوو عەبدولسەلام لە پلەوپایەکانی دەرکرا و کرا بە سەفیری عێراق بۆن لە ئەڵمانیای رۆژئاوای ئەو سەردەمە پێش ئەوەی هەردوو ئەڵمانیای رۆژهەلات و رۆژئاوایەکبگرنەوە یەك، و عەبدولسەلامی ناوبراو بە نهێنی گەڕایەوە بۆ عێراق لە ١٩٥٨/١١/٥ و درایە دادگای سەربازی بەرزی تایبەت (دادگای گەل) و حوکمدرا بە لەسێدارەدانی و دەرئەنجامی وەزیرەکانی قەومی وازهێنانی خۆیان شوباتی ١٩٥٩دا پێشکەش بە سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم کرد و هەرچەندە ململانێ بەردەوام بوو لە نێوان هێزەکانی نەژاد و عەبدولکەریم قاسم و لەناو ئەو هەموو رووداوانە کوردەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی بەردەوام بوون لە پشتگیری کردنی سەرکردایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم و بەرگری کردن لە رژێمی کۆماری کە عێراق تا ئەو سەردەمە هەرمابووە وەك ئەندام لە پەیمانی بەغدا و لە پاش پوچەڵ کردنەوەی پیلانی عەقید عەبدولەهاب شواف لە موسڵ کە عێراق لە ٢٤ی ٣ی ١٩٥٩ لە پەیمانی سەرەوە دەرچوو بەچەشنێکی فەرمیی و بەم خۆکێشانەوە لە پەیمانی بەغدا عێراق رزگاری بوو لە دەست تێوەردانی دەوڵەتەکانی ئەندام لە پەیمانی بەغدا بەکاروباری ناوخۆ بەڵام دەوڵەتە دراوسێیەکان زۆر ناڕەحەت بوون بەرامبەر ئەو رێبازە دیموکراسییەی کە عێراق گرتبوویە خۆ و لەسەری دەڕۆیشت، دەستی کرد بەهاندانی نۆکەرەکانیان لە رۆژهەلاتی باکووری کوردستانی عێراق و دەست درێژکردنە سەر گوندەکانی سنووری و لێدانی هاوولاتییەکان لەناوچەی سیدەکان و برادۆست، ئەوەبوو کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری حکومەتی عێراقی کرد بۆ دەرکردنی یاخیبووەکان بۆ دەرەوەی سنوور و گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە.

لە پاش ماوەیەکی کورت کۆمەڵێك لە تورانییەکان لە کەرکوك هەڵسان بەلێدانی رێپێوانی جەماوەری لە بیرەوەری یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە بەیانی ١٤ی تەمموز ی١٩٥٩، ئەوە جەماوەر ناچاربوون بەرپەرچی پیلانگێڕەکان بدەنەوە کە ئاهەنگیان دەگێڕا، بەڵام عەبدولکەریم



قاسم لە جیاتی پشتگیری جەماوەر بکات کە ئاهەنگیان دەگێڕا و هەڵگەڕایەوە لە هێزە دیموکراسییەکان و چەپڕەوەکان ئەوانەی کە بەرگرییان لەحوکمی خودی عەبدلکەریم قاسمیان دەکرد بەبەهانەی ئەنجامدانی کارە ناڕەوا و چەوت و بەربەری وەکو خۆی گوتی بەڵام مەبەستەکەی لەو هەڵگەڕانەوەیە لە هێزە دیموکراتخوازەکان بەهێز بوون و زیادبوونی جەماوەرەکانیان بوو و مەترسییەکەی بوو لەو هێزانە بەبۆنەی دورخستنەوەی هێزە نەژادییەکان بوون بەپەنا بردنیان بۆ چەك بۆ لادانی عەبدولکەریم قاسم لەسەر حوکم و لێدانی ئەو هێزە نەتەوەییانە لەلایەن قاسم و بەم حالە گۆڕەپان مایەوە بۆ پارتە چەپ رەوەکان و دیموکرات خوازان و بۆنە هۆی مەترسی قاسم لەم هێزانە و دەستی کرد بە لێدانیان چونکە لە بنەڕەتدا عەبدولکەریم قاسم بڕوای بەحزبیەت نەبوو لەبەر ئەوە دەستی پێکرد بەلێدانیان راست و چەپ و ویستی هەموو پارتە سیاسییەکان لەژێر دەستەڵاتی بن و لەژێر فەرمانەکانی بن هەروەکو هێزەکانی سەربازی هەتا دەستەڵاتی بەسەر هەموویانەوە هەبێت، ئەوەبوو دەستی کرد بەناکۆکی خستنە ناو پارتی نیشتمانی دیموکراتی بەسەرکردایەتی کامڵ جادرچی و لە کارەکەی سەرکەوت و پارتەکەی کردە دوولەت و ئەویتریان بوو بە پارتی نیشتمانی پێشکەوتوو بە سەرکردایەتی محەمەد حەدید و نیشتمانی دیموکراتی بە سەرکردایەتی کامل جادرچی و هەروەها عەبدولکەریم قاسم سەرکەوت لە خستنە دووبەرەکی لەناو پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەدروستیکردنی کۆمەڵەی داوود صائغ بەناوی (المبدأ) و دەستی کرد بەلێدانی رێکخراوە پیشەییەکان کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق یەکێتی گەلی زاڵ بوو بەسەر رێکخراوەکانی سەرەوە کە سەرکردایەتی ئەم رێکخراوانە بەرێگای هەڵبژاردنی دیموکراسی هاتبوونە سەر کار و سەرپەرشتی ئەم رێکخراوە جەماوەرییەکان دەکرد، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر بزاڤی رزگاری گەلی کورد گەشەی کرد و پەرەی سەند لە پاش گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق و سەرکردایەتی کردنەکەی راستەوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرئەوە کەسایەتییەکی مێژوویی ناونراو و خاوەن رابردوێکی خەباتکەرانەی دیاربوو لەبەرئەوە خۆیشی وەکو سەرۆك هۆزێکی گەورە و دیاربوو لەناو عەشایرەکانی کورد و هەروەها لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوبوو لە کوردستان، لەبەرئەوە عەبدولکەریم قاسم بەجیدی بیری لەوە کردەوە کە چۆن چارەسەری ئەم گەشە پێدانەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بکات.

## کاردانەوەی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بەکورد

لە سەرەوە باسمان کرد کە تورانییەکان لە کەرکووك تەقەیان کرد لە ڕێپێوانەکەی جەماوەریی گەورە بەبۆنەی یادی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکانیاتر بەشدارییان تێیدا کردبوو و تورانییەکان پێیان ناخۆش بوو لەبەر ئەوە ئەم کارە بەد ڕەوشتەیان ئەنجامدا بەتەقەکردن لە ئاهەنگ گێڕەکان و جەماوەریش ناچاربوو وەڵامیان بداتەوە و بەر بەرچ دانەوەیان لە دژی تورانییە تەقەکەرەکان و لە ئەنجامدا چەند کەسانێك کوژران و بریندار بوون لە هەردوولا و (د. شێرکۆ فتح الله- الحزب لدیمقراطي الكردستاني و حرکه الفکر القومی الکردی في (العراق ١٩٤٦-١٩٧٥)زمانی عەرەبی) ئەوەبوو عەبدولکەریم قاسم ئەو ڕووداوە بەبەهانەی وەرگرت بۆ ڕێگاگرتن لەبەردەمی جەماوەری شۆڕشگێڕ و دامودەزگایەکانی دەستی کرد بەگرتنی دڵسۆزەکانی کوردی عێراق لە هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەندیخانەکانی عێراقی پڕکرد لە دڵسۆزەکانی میللەت و خودی خۆیی. لەبەرئەوە بناغەی پارتی دیموکراتی کوردستان فراوان بوو و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەشەی کردبوو کوردەکان لە دەوروبەری سەرۆکی حیزبەکە کۆبوونەوە و هەرچەندە مۆڵەتی سایی بەپارتی دیموکراتی کوردستان درا بەپێی یاسایی پارتەکان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٦٠ کە جموجۆڵی خۆی بەئاشکرا و یاسایی ئەنجام دەدا بەڵام عەبدولکەریم قاسم هەستی بەهێزی کورد کرد و ویستی سنوورێك بۆ ئەم بزاڤە دابنێت و کزی بکات و لە پارتی و سەرۆکەکەی بدات، ئەوە بوو پەنای بردە بەر خێلەکانی دەوروبەری خێلی بارزان کە دوژمنایەتی کۆنیان هەبوو لەبەرئەوە کە بارزانییەکان هەستی نەتەوایەتییان هەبوو و بەچەند شۆڕشێك هەستابوون و ئەو خێلانەی دەوروبەری بارزان دژی نەتەوەییە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و کوردستان بوون و دژی شۆڕشەکانی بارزان یەك بەدوای یەك راوەستابوون عەبدولکەریم قاسم ئەو خێلانەی نزیك خۆی کردەوە و چەکی پێدان بۆ بەربەرەکانی عەشیرەتی بارزان و هاوسەنگێك دروست بکات لە نێوانیان هەروەکو لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەمان سیاسەتی ئەنجامدا بەرێگادان بە پارتەکان و تەوژمەکانی دژی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، و عەبدولکەریم قاسم دەستی کرد بەگرتنی هەندێك لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دوورخستنەوەی هێندێکی تریان بۆ خوارووی عێراق و بەم کارە ناڕەوایانەی عەبدولکەریم قاسم گرژی دروست بوو لە نێوان



پارتی دیموکراتی کوردستان و عەبدولکەریم، لە ئەنجامدا لە ١٩٦١/٧/٣١ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان یادداشتێکی پێشکەش بەعەبدولکەریم قاسمی کرد و تێیدا داوای کرد بەهێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و بەبەردانی گیراوەکان و گێڕاندنەوەی دوورخراوەکان لە کوردستان و کارکردن بەبەندی سێ و دەستووری کاتی بە زامن کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و جێبەجێکردنی پاکسازی و گێڕاندنەوەی کارمەندانی کورد بۆ شوێنەکانیان و لە هەمان کاتیشدا پ.د.ك بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو پارتە سیاسییەکانی عێراقی کرد و هەروەها هێزە نیشتیمانییەکانی دڵسۆز و پیاوە ناودارەکان و گەلی کوردی کرد بۆ ئەوەی جەخت بکەنە سەر حکومەتی عەبدولکەریم بۆ جێبەجێکردنی داوایەکانی گەلی کورد و هەروەها پارتی ئامرازەکانی ئەو خەڵکە یاخیبووەکانی کرد کە چەند دەرەبەگێکی کورد ئەو سەردەمە ئەنجامیان دابوو، بەڵام لە جیاتی عەبدولکەریم قاسم داوایەکانی کورد جێبەجێ بکات ڕەتی هەموو داوایەکانی پارتی کردەوە و هیچ گوێی نەدایە ئەو ئاگادارییانە و هۆشیارکردنەوەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق یەکێتی گەل (اتحاد الشعب) و حکومەتکەی قاسم ویستی خۆی بسەپێنێت بەهێزی چەك و جگە لەوەی خۆ پیشاندانێکی ساز کرد لەبەردەمی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و خۆپیشاندەرەکان ویستیان بارەگای حیزب داگیر بکەن بەڵام نەیانتوانی لەبەر بەرهەڵستکاری چەکدارانەی قارەمانانەی پاسەوانەکان و خەڵکانی ناو بارەگا (هەمان سەرچاوە).

## دەستپێکردنی شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١

لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە ناڕەوایانەی عەبدولکەریم قاسم ئەنجامیدا دژی گەلی کورد ئەوەبوو لە ١٩٦١/٩/٦ پارتی دیموکراتی کوردستانی داوای لە گەلی کورد کرد بە مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستان کە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە و هەموو کارەکان و جولانەوە راوەستان و لە جیاتی عەبدولکەریم قاسم ملکەچ بێت بۆ داوا ڕەواکانی گەلی کورد هەموو سۆپایەکانی لەشکری هێنایە گۆڕەپان دژی میللەتی کورد و لە ١٩٦١/٩/٩ سوپای عێراق هەڵسا بەهێرشێکی گەورە و بەرفراوان بۆ سەر کوردستان بەبەشداربوونی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بەڵام شێرانە کوڕانی میللەتی کورد بەرپەرچی ئەم هێزە زلانەیەوە داو جەماوەری کوردستان وەك شوورەیەکی پۆڵایی راوەستان دژی هێرشبەرەکان و بەم چەشنە

هەموو دەرگا داخستران بەرووی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی و لەسەری سەرویانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و کورد ناچاربوو بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف لە **١٩٦١/٩/١١** بۆ بەرگری کردن لە خۆی (هەمان سەرچاوە ل١٤٧ بەزمانی عەرەبی).

ئەو سەردەمە من قوتابی بووم لە پۆلی دووی کۆلیجی پۆلیس لە بەغدا و لە بنکەی پۆلیسی ئاکرێ دەوامم دەکرد بۆ لێڕاهاتن ئەوەبوو دەزگایەکانی پۆلیس و ئاسایش دەستیان کرد بەگرتنی هاووڵاتیان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی گرتەوەو بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە لە سەرەتا لەگەڵ شۆڕش نەبوون و ئەم دامودەزگا سەرکوتکەرانەی عەبدولکەریم قاسم کە هەمان دامودەزگای رژێمی پاشایەتی بوون جگە لەوانیش بەعسییەکان و قەومییەکانی عەرەب کە تازە دەرچووبوون لە کۆلیج و ناوەندی پۆلیس رۆڵێکی زۆر چەوتیان بەرامبەر بەمیللەت، هەبوو و لەسەردەمی قاسم هەموو سەربازگە ببوون بەگرتوخانە و لەوانە سەربازگەی هێزی گەڕۆکی پۆلیس لە پشت سەددە لە بەغدا و سەربازگەی رەشید کە ناسرابوو بەبەندیخانەی ژمارە (١) و بەهەزاران رۆڵەکانی بەشەرەفی کورد حەشاردران بۆ ناو زیندانەکانی عێراق لەکوردستانەوە تا خوارووی عێراق و لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا و ئەو سەردەمە کورد هیچ دۆستی نەبوو لە دونیا تەنها چیا نەبێت و بڕوای بەهێزی بەخۆی و کێشەکەی و پێشمەرگە قارەمانەکان رۆڵی قارەمانەیان دیت و قورس و سەختترین شەڕیان کرد دژی سوپای عێراق و جاشە خۆفرۆشەکانی کورد و جاشە عەرەبەکان کە سوپای عێراق چاکترین و نوێترین چەکی رووسی هەبوو پێشمەرگە قارەمانەکان سەرکەوتن بەسەر سوپای عێراق بەو چەکە کون و بێ کەڵکەی کە هەموو هەرچەندە جیاوازییەکی گەورە هەبوو لەڕووی ژمارە و جۆری چەك لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەکان و هەروەها بەشداربوونی هێزی ئاسمانی عێراقی جەنگی بەهەموو قورساییەکەی لە هەموو شەڕەکان کە روویاندا لە نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگەکان و نەبوونی دژە فڕۆکەکان و شۆڕش هەموو کوردستانی گرتەوە و لە هەموو بەرەکانی جەنگ شەڕەکان بەردەوام بوون.

ئەوەی شایانی باسە کە شۆڕشی ئەیلولی مەزن دەستی پێکرد بە رابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر ئەو سەردەمە تەمەنی (٥٨) پەنجاو هەشت ساڵ بوو، دەبوو مرۆڤێك بەو تەمەنە زۆر زەحمەت بوو سەرکردایەتی شۆڕش و شەڕی گەریلا



بکات، بەڵام بارزانی زۆر بەتوانا و چاك سەرکردایەتی شۆڕشی کرد و هەر بەرەیەکی بارزانی لێبوایە ورەی پێشمەرگە بەرز دەبوو و سەرکەوتنی لەم شەڕە بەدەست دەهێنا، و لە سەرەتای مانگی **٩**ی **١٩٦٣** لە پاش برینداربوونم لەشەڕی گەروایینێ بیا لە ناوچەی مێرگەسۆر لە **١٩٦٣/٩/١** و چابوونەوەم سەردانی بارزانیم کرد لە چیای لێرەبیر لە ناوچەی مێرگەسۆر، دیتم بارزانی لە ژێر بەردێك دانیشتووە زۆر بەهێمنی بەتەنیا و چاوبڕی شەڕی لای گۆرەتوو دەکات و فڕۆکەکانی جەنگی بەسەر سەریان دەڕۆیشتن و ناوچەکەیان بۆمب باران دەکرد، سەیری شەڕەکەی دەکرد بەبێ ئەوەی بشێوێت و یاخود خۆی تێکبدات هەروکو پانۆراما و یاخود فیلمێك هاتە بەرچاوم و سڵاوم کرد و لەلای دانیشتم و کەوتینە باس و خاسی شەڕ هەروەکو لە جێگایەکی زۆر ئاسایی دانیشتبێت و لەبەرەی شەڕ نەبێت و گفتوگۆیەکەشمان زۆر ئاسایی بوو و لە پاش ماوەیەك بەجێم هێشت بەسەرسوڕمایی لە بێ منەتیە کە تێیدا لە سەرکردایەتی شۆڕش و شەڕەکانی دەکرد. هەرچەندە عەبدولکەریم قاسم زۆر لە عەشایری کوردی بێ باوەڕ بەکێشەی میللەتەکەی و خۆفرۆشەکان چەکی پێدان و بەهاوکاری سوپای عێراق و هێزە ئاسمانییەکەی نەیاندەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەرامبەر بەپێشمەرگە قارەمانەکان کە ئەو سەردەمەی موچە نەبوو و چەك و پارە نەبوو و ژن و ماڵ و منداڵ بەجێ هێشتبوو لە ژێر رەحمەتی دوژمن کە حکومەتی عێراق بوو و بەبێ هاوکاری و بەجلوبەرگ و پێڵاوی دڕاییی بەڵام بەورەیەکی بەرز و بەبڕوای بەتێنی بەعەدالەت و رەوای کێشەکەی شەڕیان دەکرد و سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، بەبێ شك شەڕ لە کوردستان کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەبوو بەسەر هەموو عێراق، لەبەرئەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و خەڵکانیتری دیموکراتی داوایان کرد لە عەبدولکەریم قاسم کە کێشەی کورد بەرێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت بەڵام عەبدولکەریم قاسم بە پێشنیاریانی نەکرد و سواری سەری خۆی بوو هەتا گەیشتە رادەیەك کە شۆڕشی کوردستان یەکێك لە هۆیەکانی سەرەکی بوو، بۆ رووخانی عەبدولکەریم قاسم و لەناچوونی بەئەنجامی کودەتای خوێناوی ٨ی شوباتی **١٩٦٣** و ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە عێراق ئەندام بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەو دەوڵەتانەبوو کە جاڕنامەی جیهیانی مافی مرۆڤی پەسەند کردبوو بەڵام عەبدولکەریم قاسم گوێی نەدایە هەموو ئەو بەندانەی کە لە جاڕنامەکەدا هاتبوون و هەموو بەندەکانی بە تێکڕایی پێشێل کران لەلایەن دامودەزگا سەرکوت کەرەکانی ئاسایشی قاسم لە گرتن و لێدان و تێهەڵدان و تاڵان کردنی هاووڵاتیان و

جینۆساید و فەرق و جیاوازی و زك رەشی و كین كە لە لایەن ئەم دامودەزگا سەركوت كەرەكان بەكارهاتن دژی كوردەكان و سوكایەتی كردن بەغەیرە موسڵمانەكان وەكو برا ئێزدییەكان و كلد و ئاشوورییەكان مەسیحییەكان بە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهیانی مافی مرۆڤ و ئەم هەموو پێشێلكاریە ئەنجامدران لەبەرچاوی نەتەوە یەكگرتووەكان و دامودەزگا نێودەوڵەتییەكان و رای گشتی جیهان و لەبەرچاوی سەفارەتەكانی ئەو دەوڵەتانەی لە عێراق كە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان مۆر و پەسند كردبوو بەڵام هیچ دەنگ و بەنگیان نەبوو و هیچ جولانەوەیەكیان ئەنجام نەدا، ئەوەبوو كودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی خوێناوی روویدا بەسەركردایەتی عەقید ركن عەبدولسەلام محەمەد عارف بەهاوكاری پارتی بەعسی عێراقی و قەومیەكان و بەپیرۆزبایی و هاندانی سەرۆكی میسری ئەو سەردەمە جەمال عەبدولناسر.

## كورد و كودەتاچییەكانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی خوێناوی

كودەتاچییەكانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وەها بە ئاسانی حوكمیان وەرنەگرت چونكە خەڵكانی سەر بەعەبدولكەریم قاسم و شوعییەكانی عێراق زۆر بەتوندی بەرهەڵستكاری كودەتاچییەكان كرد و لە چوار رۆژی یەكەمی كودەتا ناوبراوەكە، شوعییەكان شەڕێكی مان و نەمانیان كرد لەبەر ئەوە كودەتاچییەكان بەیانی ژمارە ١٣یان دەركرد بە قەتل عامی شوعییەكان و بن بڕكردنیان و بەعسییەكان ئەم راگەیاندنەیان جێبەجێكرد و نزیكەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار مرۆڤی شیوعییان كوشت بەپێی ئەو ئامارەی كە حزبی ناوبراو بڵاوی كردەوە و هەروەها جگە لە ئەوانەی سەر بە عەبدولكەریم قاسم بوون و كوشتنان، هەزارەها لەرۆڵەكانی گەلی عێراقیان زیندانی كرد، ئەوەبوو شوعییەكان ئەوەی رزگاریان بۆ لە كوشتن و نەگیران پەنایان بردە كوردستانی رزگاركراو و چوونە ناوچەكانی شۆڕش لەبەر ئەوە كودەتاچییەكان لاوازبوون و خەڵكی عێراقیان لەگەڵ نەبوون پەنایان بردە بەر گفتوگۆ لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕش تا ماوەیەك بۆیان بڕەخسێت بۆ پاككردنەوەی سوپا لەو مرۆڤە چاكانە كە دژیان بوون، لەپێش كودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ جۆرە رێكەوتنێك هەبوو لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و بەعسییەكان بۆ رووخاندنی حوكمی عەبدولكەریم قاسم بەرامبەر بە بەعسییەكان بۆ رووخاندنی حوكمی عەبدولكەریم قاسم بەرامبەر بە دۆزینەوەی چارەسەرێكی عادیلانە بۆ كێشەی كورد لە پاش رووخاندنی حوكمی عەبدولكەریم قاسم، هەروەكو خوالێخۆشبوو شەهید ساڵح یوسفی



بۆمی گێڕایەوە لەو سەردەمە كە لە ئێستگەی دەنگی كوردستان پێكەوە كارمان دەكرد كە دەنگی شۆڕشی كوردستان بوو لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٦ و لەسەر ئەم جۆرە رێككەوتنە بوو شەهیدی ناوبراو بروسكەی پیرۆزبایی بۆ كودەتاچییەكان نارد و تییێدا پیرۆزبایی سەركەوتنی كودەتایەكەی كرد لەسەركردایەتییەكەی، بەڵام سەركردایەتی كودەتایەكە بیری لەوە دەكردەوە بچێتە ناو یەكێتی سێیانە لەگەڵ میسر و سوریا و بەتایبەتی لە پاش هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر حوكم لە سوریا لە كودەتای سەربازی لە ٨ی ئاداری ١٩٦٣ و هەروەها كودەتاچییەكانی عێراق خەریكی پاككردنەوەی سوپای عێراق بوون و دووبارە رێكخستنەوەی و بەچەك كردنی، ئەوەبوو لە ١٩٦٣/٤/١٧ یەكێتی سێیانە لە نێوان میسر و سوریا و عێراق راگەیاندرا و لەبەر بیر و هزری شۆڤێنی كودەتاچییەكان كە لە ساڵی ١٩٥٩ داوای تاوانەوەی نەتەوەی كوردیان دەكرد لەناو نەتەوەی عەرەبی و حوكمی نوێی كودەتاچییەكان داوایەكانی گەلی كوردیان جێبەجێ نەكرد بارودۆخی كوردستان بەرەو ئاڵۆزی چوو، وردە وردە شەڕەكان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەكان روویاندا ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تر گفتوگۆ نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك هەندێك لە ئەندامەكانی شاندی كوردی بۆ گفتوگۆ هەڵاتن بۆ دەرەوەی عێراق بە دزەكردن و ئەوانی تر گیران و لەوان شەهید ساڵح یوسفی و شەڕ دەستی پێكردەوە لەگەڵ كورد بەهێرشێكی زۆر بەرفراوان لەلایەن سوپای عێراق لە هەموو بەرەكانی شەڕ لە زاخۆ تا خانەقین و تا سەر سنووری ئێران لە ١٩٦٣/٦/١٠ و هێزەكانی ئاسمانی و فڕۆكەكانی جەنگ بە هەموو توانایەكەیەوە دژی پێشمەرگە قارەمانەكان و كوردستان بۆ یەك پارچە ئاگر چونكە حكومەتی بەعسی سیاسیەتی سوتاندنی خاكی كوردستانی بەكارهێنا و تەڕ و هیشكیان پێكەوە سوتاند و جیاوازییان نەكرد لە نێوان چەكدار و بێچەك و ژن و پیاو و منداڵ، هیچ رێككەوتنەكانی نێودەوڵەتی رەچاو نەكرد كە تایبەتمەندن بەجەنگ و هەروەها جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ هەرچەندبوو لەم لاو لەولا دەنگی نارەزایی بەرزدەبووە و بەتایبەتی ئاژانسی تاسی سۆڤێتی دەنگوباس، و داواكردنی بەراگرتنی كوشتنی بەكۆمەڵ، ئەوەبوو شاندی دبلۆماسی سۆفێتی لە ١٩٦٣/٧/٩ یادداشتێكی فەرمی پێشكەش بە لیژنەی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە نەتەوە یەكگرتووەكان كرد و تییێدا داوای تاوتوێی جەنگی كرد دژی كورد و راگەیاندنێكی نارەزایی دژی حكومەتی بەغدا راگەیاند و لە هەمان رۆژ غرومیكو وەزیری دەرەوەی یەكێتی سۆڤییێت یادداشتێكی پێشكەش بە هەریەك لە ئێران و سوریا و توركیای كرد و تێیدا دیاری كرد كە

هەر سێ دەوڵەت بەرەو دەست تێوەردانی رووداوەکانی باکووری عێراق دەدەن و هۆشیاری (تحزیری) کردن کە نابێ بەهیچ چەشنێك دەست تێوەردانی سەربازی راستەوخۆ دژی کورد ئەنجام بدەن، هەروەکو لە یادداشتەکە هاتووە بەم چەشنەی لە خوارەوە: (حکومەتی سۆڤییێت زانیاری بەدەستەوەیە کە هەندێك دەوڵەت و لەوانە ئێران و تورکیا و سوریا بەرێگای دەست تێوەردانی رووداوکانی باکوری عێراقن و لەو کارانەی کە ئەنجام دەدەن سیمای سەربازی بەخۆوە دیارە و ئەم سیاسەتەی کە حکومەتەکانی ئەندامن لە پەیمانی ناتۆ ئەنجام دەدەن کاردانەوەیەکی خراپە و ئەنجامەکانی خەتەرناکن).

بەڕای من ئەم هەڵوێستەی کە سۆڤییێت وەری گرت لەبەر لێدانی شوعییەکانی عێراق بوو لە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەدان و بەندکردن بوون ئەگەر لەبەر ئەم هۆیە نەبێت بۆ حکومەتی سۆڤییێت بێ دەنگ بوو لە زوڵم و زۆرداری عەبدولکەریم قاسم دژی کورد و جەنگەکەی دژی میللەتێکی بێ چەك کە شەڕەکانی لەڕووی توندوتیژی لە شەڕەکانی بەعسییەکان کەمتر نەبوون هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و بەچەکی سۆڤییێت؟.

بەڵام شایانی باسە لە پێش یادداشتنامەی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤییێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٦٣/٩/٧وەزیری دەرەوەی منغولیا لە ١٩٦٣/٧/١ داوای کرد لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کێشەی جینۆساید و قەتل و عامی کورد لە لایەن حکومەتی عێراق بخرێتە ناو لیستی کاری کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە ١٨ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرنامەیەکی وورد هەموو رووداوەکان و کارە ناڕەواکانی عێراقی تێیدا دیاری کردبوو و داوایەکەی خسترابووە ناو کاری ئەو کۆبوونەوەیە و راگەیاندنێك دەرچوو لە ١٩٦٣/٧/٤ بەواتای بەڵگەیەکی فەرمی نێو دەوڵەتییە و لەدەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە.[٧٠]

---

٧٠- د. شێرکۆ فتح الله، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزاڤی رزگاری نەتەوەیی لە عێراق، ل١٦٨، بە زمانی عەرەبی.



## بەشداربوونی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە جەنگ دژی کورد

لە هاوینی ١٩٦٣ ئەحمەد حەسەن بەکر کە سەرۆك وەزیران بوو ئەو سەردەمە رایگەیاند کە حکومەتەکەی پێویستی بە پارەیە و حەزی لە قەرزکردنی بڕی پارەی کە (١٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی دەکات، ئەوەبوو حکومەتی بەریتانیا دەوڵەتی کوێتی نەسیحەت کرد کە (٣٠) سێ ملیۆن دینار قەرد بداتە حکومەتی عێراق بەرامبەر بەدانانی حکومەتی عێراق بەکوێت و لەکاتی کۆبوونەوەی هەیئەی بەردەوامی پەیمانی سنتو لە شاری ئەزمیر لە تورکیا لە مانگی تەمووزی ١٩٦٣ و لەسەر داوای حکومەتی عێراق پلانەك داندرا کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر کورد لە تورکیا و ئێران و پیلان بوو دژی شۆڕشی کوردی لە کوردستانی عێراق و پلانەکە بەم چەشنە بوو: هێزە چەکدارەکانی تورکیا (سوپای تورکیا) بۆی هەیە بێتە ناو خاکی عێراق تا دەگاتە موسڵ و سوپای ئێران بۆی هەیە بێتە ناو خاکی عێراق تا سلێمانی و میشێل عفلق دامەزرێنەری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەردەوام لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو سەفارەتی ئەمریکا و بەریتانیا لە بەیروت بوو بەڕاستی تورکیا و ئێران دەست تێوەردانی خۆیان دەستی پێکرد و سوپایەکی گەورەیان بۆ سنوورەکانیان ناردو لەگەڵ عێراق هەماهەنگی و (رێکخستن) لەڕووی کارەکانی سەربازی هەبوو لە نێوانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەروەکو لە بروسکەی خوارەوە هاتووە و دیارە:

**لە بەڕێوەبردنی مانۆرەکانی سەربازی      ژمارە ٣٤٧٨/٧**
**بۆ / هەردوو فیرقەی یەك و دوو      بەراور ١٩٦٣/٧/٢**

گەیشتینە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیاو ئێران بەرێگادان بە هێزە ئاسمانییەکانیان بەدەربازبوونیان لە سنوورەکانی سەرزەوی لەسەر هێڵی سەرەکی کە تێپەڕ دەبێت لە سەرسەنگ بۆ ئاکرێ و رواندز بۆ چاودێری کردنی بارەگایەکانی جوداخوازەکان لەناو خاکی عێراق، تکایە ئاگاداری یەکە سەربازییەکان بکەن لە ناوچەکانی ئاژاوە و شەڕوشۆڕی تێیدایە بۆ ئەوە لێکدان دروست نەبێت لەگەڵ فڕۆکەکانی جەنگی تورکی و ئێرانی و بەم زووانە دوو ئەفسەری پەیوەندیدار یەکێکیان لە سوپای تورکیا و ئەویتر لە سوپای ئێران دەگەنە عێراق و یەکەمیان لە موسڵ نیشتەجێ دەبێت و ئەویتر لە کەرکوك و هەریەکێکیان ئامیرێکی بێتەل لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆ زامنکردنی پەیوەندییەکان و هاوکاری کردن لەگەڵ یەکەکانی سوپای

ئێمه[٧١] و بەم کاره نارەوایه کێشەی کورد له سنووری عێراق دەرچوو و بۆیه کێشەیەکی نێودەوڵەتی و عاملی نێودەوڵەتی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەم کێشەیه، لەبەرئەوه دەبوایه بەردەوام سەرکردەکانی شۆڕش و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد رێگای نەتەوه یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی تر بگرنەبەر، و هەروەها سەرێکی ئاشتیانه بۆ کێشەی رەوای گەلی کورد، ئەوەبوو له ١٩٦٣/٩/٢٤ پارتی دیموکراتی کوردستان که سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد یادداشتێکی پێشکەش بە رێکخراوەکانی سەرەوەی کرد و تێیدا بە تێروتەسەلی باسی بارودۆخی کوردستان و شەڕی جینۆسایدی کرد که حکومەتی بەعسییەکان له عێراق دژی کورد ئەنجامیان دەدا و هەروەها یادداشتەکه داوای کرد که جەخت بخەنه سەر حکومەتی عێراق بۆ راگرتنی جەنگی قڕکردنی کورد.

لەسەر ئەم یادداشته لیژنەی بەرگری کردن له مافی مرۆڤ یادداشتەکی بەرزکردەوه بۆ سکرتێری گشتی نەتەوه یەکگرتووەکان و تێیدا ئاگاداری کردەوه بەو نەهامەتەی که بەسەری کورد هاتووه و هەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانه بۆ ئەم کێشەیه، کردنەوەی ئێستگەی دەنگی کوردستان له ١٩٦٣/٨/٢[٧٢] پشتگیری گەورەبوو، بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردی که ئەم دەنگه زوڵاڵه له یەکێك له ناوچه رزگارکراوەکانی کوردستان دانـدرا بوو، و له ١٩٦٣/١/٧ بەڕێز ئەمیر کامەران بەدرخان به نوێنەری شۆڕش له دەرەوه دانـدرا و ناوبراو یادداشتێکی ن بۆ سکرتێری گشتی نەتەوه یەکگرتووەکان نارد و تێیدا بارودۆخی کوردستانی شیکردەوه و باسی هێرشی سوپای سوری - عێراقی کرد دژی کورد و داوای کرد که ئەم شەڕی بن بڕ کردنی کورد رابگرێت[٧٣]، چونکه بەڕاستی هێزێکی سوپای سوری بەسەرکردایەتی فەهد ئەلشاعیر بەشداری لەم جەنگە کرد دژی کورد شان بەشانی لەشکری عێراق له ناوچەکانی دهۆك و زاخۆ و نەیانتوانی ئامرازەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و خەیاڵیان پوچەڵ کرا و له پاش کشانەوەی سوپای سوریا، سوپای عێراق بەردەوام بوو له سوتاندن و وێرانکردنی گوندەکانی و دەڤەرەکه و شۆڕشگێڕەکان (پێشمەرگەکان) قارەمانانه بەرگرییان کرد

٧١- د. شێرکۆ فتح الله عمر هەمان سەرچاوه بەزمانی عەرەبی، ل٦٦١-٧٦١.

٧٢- ناکۆکی هەیه لەسەر مێژووی کردنەوەی ئێستگەی دەنگی کوردستان و ساڵانه یادی ئێستگه دەکەنەوه له ٢٨/٩ و من یەکێك بووم لەو بێژەرانه له ئایاری ١٩٦٥ کارم لێدەکرد.

٧٣- د. شێرکۆ فتح الله عمر، هەمان سەرچاوه.



تا سەرەتای وەرزی زستان هات و ئەوەبوو خەڵکی ئەم دێهاته وێران کراوانه دێهاتەکانی خۆیان بەجێ هێشت بەرەو سنووری تورکیا لەناوچەی بادینان رۆیشتن چونکه سوپای عێراق هەموو قورساییەکەی خۆی و شەڕەکانی خستبووه بەرەکانی جەنگ له بادینان و بەتایبەتی له سێ لاوه هێرشیان دەبرده سەر بارزان بۆیه خەڵکی ئەم ناوچانه ناچاربوون بەرەو سنوور بڕۆن و گەیشتنه سەر سنووری تورکیا و خەڵکانێك پەڕینەوه بۆ ناو خاکی تورکیا و بەم بارودۆخه کورد کەوته تەنگ و چەڵەمەیەك و دەبوایه سەرکردایەتی شۆڕش رێگا چارەیەك بدۆزێتەوه چونکه کوردستان و بەتایبەتی ناوچه رزگارکراوەکان ئابلۆقه خرابووه سەری و بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوه و ناوچەکانی شۆڕش له هەموو لایەکەوه ئابلۆقه درابوون له دەوڵەتەکانی دراوسێش و هاوکاریان هەبوو له نێوان تورکیا و عێراق و سوریا بۆ لەناوبردنی شۆڕش و پێشمەرگه و سەرما و برسییەتی و نەخۆشیی رۆڵی خراپیان دژی میللەتەکەمان بینی.

و هەرچەنده کێشەی کورد کەوته ناو کاری نێودەوڵەتی بەخۆوه بینی چ لەڕووی پشتگیری کردنی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی که کێشەکەیان خسته بەردەم نەتەوه یەکگرتووەکان و سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوه نێودەوڵەتییه و چ لەڕووی دژه وەستان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی که هاوکاری عێراقیان دەکرد و دەست تێوەردانیان بەردەوام بوو، بۆ نەهێشتنی شۆڕش و بەتایبەتی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی که پارچەکانی کوردستان پێوه لکاندووه وەك تورکیا و سوریا و ئێران بەڵام کومەڵگای نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەك دەنگی نەکرد و هیچ جموجۆڵێکی ئەنجام نەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و یاخود راگرتنی کوشتنی بەکۆمەڵ که حکومەتی عێراق دژی میللەتی کورد ئەنجامیدەدا.

## کورد و رێککەوتنەکەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤

لەبەرئەوه خەڵکانێکی تێکەڵاو له قەومییەکانی عەرەب و بەعسییەکان و ئەوانەی قینیان له شیوعییەکان و دیموکرات خوازەکان و پیاو چاکەکانی عێراق هەبوو، بەشدارییان کردبوو له کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و رێککەوتنەکەیان لەسەر کاری خراپ بوو لەبەر ئەوه زوو ئەم گرێبەسته ناموبارەکەیان هەڵوەشاندەوه لەبەر تێك نەکردنەوەی بەرژەوەندییەکانیان و ناکۆکی کەوته نێوانیان لەسەر چۆنێتی ئازار و ئەشکەنجەدانی خەڵکی عێراق و هێزه نیشتمیان پەروەر و دیموکراتخوازان چونکه خەڵکی عێراق چارەیان نەدەویست لەبەر ئەوه بەعسییەکان پەنایان بردە

بەر دامەزراندنی (حرس قومی) بەدناو و بەدامەزراندنی ئەم دەزگایە سەرکوت کەرە. دەستەڵاتیان گرتە دەستیان بەسەر کارەکانی عێراق و بوونە حکومەت لەناو حکومەت و چ کاری خراپ بوو ئەنجامیاندا لە هەموو بستێك لە خاکی عێراق، و تەعەددایان دەکرد لە هاووڵاتیان و هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەدانیان بەکارهێنا و رۆڵی یاسایان نەهێشت و هیچ حورمەتێکیان نەهێشت بۆ بنکەکانی پۆلیس و نرخیان نەهێشت بۆ دەزگا ئاسایشەکان و سوپا و باڵادەست بوون بەسەر هەموو دامودەزگا میرییەکان و بوونە حکومەت لەناو حکومەت بۆیە ناکۆکی کەوتە نێوان قەومییەکان بەسەرکردایەتی سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارف و لایەنگرەکانی لەلایەك و بەعسییەکان و حرس قەومییەکان لەلایەکیتری و بارودۆخی عێراق وەهای لێهات کە تحمل نەکرێت و کارەکان لە دامودەزگای میری راوەستان و ئیفلیج بوون وە کار لەکار ترازا و بوون بەدوو مەعسکەر بەچەشنێکی ئاشکرا و لە حوکمیش دابوون و بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵی **١٩٦٣** لەبەر ئەوە شەڕەکان لە کوردستان بەرەو کزبوون رۆیشتن چونکە خەریکی ناوخۆیان بوون، ئەو سەردەمە من پێشمەرگەبووم لەناو ریزەکانی شۆڕش، و بارودۆخی عێراق لە نێوانیان گەیشتە راددەیەك کە دامودەزگای دەوڵەت لەکارکردن بەتەواوەتی ئیفلیجی کرد لە **١٣ی ١٩٦٣/١١تا ١٩٦٣/١١/١٨** ئەوەبوو لەبەرە بەیانی **١٨**ی تشرینی یەکەمی **١٩٦٣** سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام عارف و لایەنگرەکانی کودەتایەکی سەربازی ئەنجامیاندا دژی بەعسییەکان و حەرەس قەومی و بە ئاسانی توانی لەناویان ببات و دەستەڵات بەسەر بەغدای پایتەخت بگریت و حەرەس قەومییەکان چەکەکانیان لەرێگای ئافرەتان گەیاندە بنکەکانی پۆلیس و لەم حاڵەتە حکومەتی نوێ پێویستی بە پاك کردنەوە بوو  بەدورخستنەوەی و دوژمنەکانیان لە هەموو دامودەزگایەکانی میری و بەتایبەتی لە سوپا و دامودەزگا ئاسایشەکان کە تا دوێنێ دۆستی یەکتربوون و بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ بتوانێت ئەم پاکسازییە بکات پێویستی بەوە هەبوو کە شەڕ راگرێت لە کوردستان بۆ بە پەنای بردە بەر گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و شۆڕش و پێشمەرگە و ناوچەکانی شۆڕش پێویستیان بە پشوودان هەبوو و هەڵگرتنی ئابلۆقە بەهەموو چەشنێك لەسەر کوردستان و بەتایبەتی ئابلۆقەی ئابووری چونکە شۆڕش تووشی دڕوندەترین شەڕ ببوو و حکومەتی عێراق هەموو جۆرە چەکی بەکارهێنابوو دژی میللەتی کورد و پاکستانیش هاوکاری عێراقی کردبوو بەدانی عێراق هەزاران بۆمب و هەروەها حکومەتی عێراق هەموو جۆرە بۆمبی سوتێنەری



بەکارهێنابوو کە قەدەغە کرابوون د و ئەوەی ئەو سەردەمە لەناو شۆڕش نەبووبێت ناتوانێت بخەملێنێت ئەو هێز و سوپا و فڕۆکەکانی جەنگ چەند بوون کە حکومەتی عێراق بەکاری هێنابوون، لەبەرئەوە شۆڕش و پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە رزگارکراوەکان پێویستیان بەهەناسە وەرگرتن و پشوییێك هەبوو و سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی زۆر بەچاکی ئەم بارودۆخەی هەڵسەنگاندبوو، لەبەرئەوە گفتوگۆ دەستی پێکرد لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و میری عەبدولسەلام محەمەد عارف کە ئەو سەردەمە سەرۆك کۆماربوو و تاهیر یەحیا سەرۆك وەزیران بوو  و لە ئەنجامدا رێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی **١٩٦٤** مۆرکرا.

## رێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤

دەقی رێککەوتنەکە بەڕاستی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان پێویستییەکی زۆریان هەبوو بە پشوودان و هەناسە وەرگرتنێك لە پاش دەرچوونیان لە توندوتیژترین شەڕەکان کە روویاندا، لە ١٩٦٣/٦/١٠ تا کۆتایی ساڵی **١٩٦٣** و گفتوگۆ دەستپێکرا لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و میری و جگە لە سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی نەمر چەند ئەندامێك لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدارییان کرد لەم گفتوگۆیە و هەروەها پیاوە ناودارەکانی تری کورد و لەناوچەی سلێمانی هەندێك کێشە بەبێ چارەسەرکردن وەکو بەژێر ئاوکەوتنی ئەرزێکی زۆر لە ناوچەی رانیە و قەلادزێ و دەربەندیخان بەهۆی دروسکردنی بەستی دوکان و دەربەندیخان و دروستبوونی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و حکومەتی بەغدا قەرەبووی خاوەن ئەرزەکان نەدابوو ئەوانەی کە ئەرزیان کەوتبوە ژێر ئاو و هەروەها بەروبوومی چاندنی زۆر بوو لەوێ کەوتبوو و لەم حاڵەتە خاوەن بەروبوومەکە زۆر زەرەیان پێگەیشتبوو و بەتایبەتی توتن، چونکە ناوچەکانی رانیە و قەلادزێ ناسراون بەچاندنی توتن و هیچ بازارێك نەبوو کە تێیدا سەرف بکەن و بەکاری بهێنن بەهۆی ئابلۆقەدانی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق و کەمبوونی خواردەمەنی بەچەشنێکی زۆر و بەندکردنی هەزاران کورد لە بەندیخانەکانی عێراق، لەوانە ئەندامەکانی شاندی گفتوگۆ لە ساڵی **١٩٦٣** لەپاش سەرکەوتنی کودەتای ٨ی شوباتی **١٩٦٣** کە حکومەتی عێراق دەستگیری کردبوون لەپاش سەرنەکەوتنی گفتوگۆ بەپێچەوانەی هەموو یاساکان و پەیمانەکانی نێودەوڵەتی و بەپێچەوانەی هەموو دابونەریتی ئیسلامی، عەشایری، لەبەر ئەم هەموو هۆیانەی سەرەوە

ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ زۆر گرنگ بوو بەنیسبەت کورد و لە بەرواری سەرەوە سەرەك کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارف ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕاگەیاند وەکو لە خوارەوە هاتووە:

## دەقی بەیاننامەی حکومەتی عێراق

### بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەپیرهاتنی کوردەکان بۆ بانگەوازی مەلا مستەفای بارزانی و حەزکردنمان بەگەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ژووروی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان و دانانی سنوورێك بۆ هەوڵەکانی ئیستعمار و کلکەکانی و ڕێگاگرتن لەو کەسانەی کە ڕاو لە ئاوی شێلو و دەکەن و بۆئەوەی چیتر خوێنی بێ گوناهەکان نەڕژێت و بەرژەوەندی گشتی وەها پێویست دەکات لە بڕیاری خوارەوەماندا:

١- داننان بەمافە نەتەوەییەکان بۆ برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی میللەتی عێراق و لەناو یەکبوونی یەك نیشتمان و ئەم مافە لە ناو دەستووری کاتی تۆمار بکرێت.

٢- ئازادکردنی هەموو گیراوەکان و حوکمدراو و مەحجوزەکان بەهۆی ڕووداوەکانی ژووروو و لێبووردنی گشتی و لابردنی دەست بەسەرداگرتنی سەروسامانی ئەو خەڵکانەی کە سەروسامانیان پێشتر دەستی بەسەرداگیرابوو.

٣- گەڕانەوەی یەکەکانی بەڕێوەبردن بۆ ناوچەکانی ژووروو.

٤- گێڕانەوەی فەرمانبەرەکان و مووچەخۆرەکان بۆ سەر کاریان.

٥- هەڵگرتنی هەموو بەربەستێك لەسەر ڕێگای ناردنی هەموو جۆرە خواردەمەنییەك بۆ ناوچەکە.

٦- دەستپێکردنی ئاوەدان کردنەوەی ناوچەی ژووروو بەبێ دواکەوتن و پێکهێنانی لێژنەکانی جۆراوجۆر بۆ لابردنی کۆسپەکان و پابەندنەبوون بەڕۆتین و قەربووکردنی زەرەرمەندەکان.

٧- قەرەبووکردنی ئەو خەڵکانەی کە زەوییەکانیان ژێر ئاو کەوتووە بەهۆی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان قەرەبوویەکی عادیلانە.

٨- هەموو ئەو کارانە جێبەجێ بکرێن بۆ گەڕاندنەوەی هێمنی و ئاسایش بۆ ناوچەی ژووروو، و داوا لە برا کوردەکان دەکەین کە بگەڕێنەوە ژیانی ئاسایی هەتا سوودوەرگرتن لە خێروبێری



ئەم وڵاتەو پێکخستنەوەی ڕیزەکانی نیشتمانی بەرامبەر بە پیلانەکانی ئیستعمار و کلکەکانی، با برا کوردەکان بزانن کە ئێمە کارێکی وەها دەکەین بۆ زامنکردنی مافە ڕەواکانیان وەکو هەموو هاووڵاتییەك لە کۆماری عێراق و خودا لەپشت مەبەستمانە.

٩- لەسەر هەموو وەزارەتەکانی پەیوەندار فەرمان و ڕێنمایەکان دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەیە.

**ئیمزا**

**عەبدولسەلام محەمەد عارف**

**سەرەك کۆمار**

هەروەها سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی بەیانی خوارەوەی دەرکرد وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ بەیانی سەرەك کۆمار و لە خوارەوە دەقەکەیتی:

*لەسەر ویستی بەڕێز سەرەك کۆمار موشیر روکن عەبدولسەلام محەمەد عارف بۆ پاراستنی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی و بۆئەوەی زیاتر خوێنی بێ گوناح نەڕژێت و کۆتایی هێنان بەشەڕی ناو برایان و لەبەر ئیسپاتبوونی نیازپاکی حکومەت بڕیارماندا بەڕاگرتنی شەڕ و داوا دەکەم لە برایەکانم بەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێیی خۆیان و دەستکردن بەکار و کاسبی خۆیان و بەم کارە هەل دەرخسێت بۆ حکومەتی نیشتمانی بۆ هەنگاونان بەرەو ئاسایی کردنەوەو ژیانی هاووڵاتیان و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش و هێمنی بۆ ناوچەکەو بە ئەنجامدانی ئەم کارانە هەل دەرخسێت بۆ دان پێنان بەمافە نەتەوایەتییەکانی هاوولاتیانی کورد لە چوارچێوەی میللەتی عێراق لە پێکێشەکی نیشتمانی یەکبوو و پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب لەسەر بناغەیەکی پتەو کە دەپارێزێت لە پیلانەکانی ئیستعمارییەکان ئەوانەی ڕاودەکەن لەناو ئاوی شێلو و تەماحکاران، با هەموو لایەك بزانن کە سەروەری یاساو ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکە زامنن بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك چەند قورس و زەحمەت بێت و خودا پشتیوانی دڵسۆزەکان بێت و هاوکاریان بێت بۆ سەرکەوتن لەڕێگای خزمەتکردنی ویستەکانی گەل و نیشتمان لە یەکێتی و سەرکەوتن، خودای گەورە لەپشت نیازمانە.*

**واژۆ**

**مستەفا بارزانی**

بەڕاستی ئەگەر چاو بە بەیانەکەی سەرۆك کۆماردا بخشێنین دەبینین لە ئاستی ویست و خواستەکانی گەلی کوردا نەبوو، چونکە لە سەرەتاوە ناوی نەمر مستەفا بارزانی دەبات بەبێ حورمەتی و ناڵێ سەرکردەی شۆڕشە، یاخوت رابەری میللەتە، بەڵکو بەبێ هیچ ڕێزلێنانێك ناوی هێناوە بەواتای دانی نەناوە بە هەبوونی شۆڕشی کوردی هەتا بارزانی نەمر سەرکردە و یاخود رابەربێت بۆ ئەم شۆڕشە و لەهەر نۆ بەندەکانی بەیانەکە هیچی تێدا نییە تەنها هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکەو ئاسایی کردنی و لابردنی ئابلوقەیە کە گرنگترین هەنگاوبوو بەنیسبەت شۆڕشی ئەو سەردەمە، چونکە بووژانەوەی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بوو و قەرەبووکردنی زەرەرمەندان و ئازادکردنی گیراوەکان و بەندەکان، هەر بەیانەکە باسی چەسپاندنی مافەکانی کوردی کرد لە دەستووری کاتی، موحسین دزەیی لە لاپەڕە ٥ تا ٧٤ لە بەشی دووەم لە یاداشتەکانی بە ناونیشانی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژیم دەڵێت: هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنە سنووری خواروی مافە نەتەوەکانی گەلی کوردی تێدا نەبوو، بەڵام کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ ئەو سەردەمە، چونکە هەموو لایەك هیلاك ببوون و هەنگاوێکی ژیرانەو باش بوو، بۆ گەیشتن بەماوەییێکی شەڕ ڕاگرتن و پشوودانێك بوو و کۆتایی بەهەموو شتێك نەهاتبوو، بەڵکو تەکێك بوو بەڕاستی بەم هودنەیە ناوچەکانی رزگارکراوی کوردستان بووژانەوە، چونکە ئابلوقەی ئابووری لەسەری هەڵگیرا و زەرەرمەندەکان قەرەبووکران لەجیاتی ئەو خەڵکانەی زەویان کەوتبووە ژێر ئاو بەهۆی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و هەروەها جوتیارەکان لە ناوچەکانی رانیەو قەلادزەو کوێ و ناوچەکانی تر توتنیان تەسلیم بەلایەنەکانی میری کرد. بەرامبەر بەپارە، هەروەها زۆربەی هەرەزۆری گیراوەکان ئازادکران، لەوانە ئەندامەکانی شاندی گفتوگۆی ساڵی ١٩٦٣ کە گیران لەئەنجامی نەگەیشتنیان بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد و شۆڕشگێڕەکان دڵخۆش بوون بەئومێدی گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد، بەڵام لەپاش دەستووری کاتی لە ١٩٦٤/٥/٤ دەرکەوت کە زۆر دووربوو لە مافەکانی کورد و ئومێدەکانی، بەڵگەك بوو کە حکومەت جیددی (سوور) نەبوو بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد[٧٤]، بەڕاستی ئەم ماوەیەبوو بەهودنەی کاتی و حکومەت دەستی کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی نوێ لەگەڵ کورد و

٧٤- البارزاني والحركة التحررية الكوردية ج٣ مسعود بارزاني، ل١٣٠ بەزمانی عەرەبی.



بەرامبەر بەمە سەرکردایەتی شۆڕش ناچاربوو خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕی نوێ و لەناوەندی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٥ شەڕەکە دەستییپێکردەوە لە لایەن حکومەتەوە، پێشمەرگە ناچاربوو بەرگری لە کورد بکات و توندترین و گەرمترین شەڕ ڕوویدا لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە، چونکە حکومەت بەهەموو توانایەك هەموو هێزەکانی سەرزەوی و ئاسمانی هێنایە مەیدانی شەڕ و هەر چەندە سوپای عێراق لە هەموو ڕوویێکەوە لە ژمارەو چەك لە پێشمەرگەزۆرتربوو بەڵام بەفەخرەوە پێشمەرگە قارەمانەکان زاڵبوون و سەرکەوتووبوون لە بەرەکانی جەنگ لەسەر سوپای عێراق، ئەوەبوو سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارف پەنای بردە بەر دەوڵەتی هیند بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ عێراق و هیندیش بەبێ شەرمانە هەزاران بۆمبای دایە عێراق بۆ لێدانی میللەتی کورد هەرچەندە هیند ئەو سەردەمە لە دەوڵەتە هەرە بەرزەکانی عالەمی سێیەم بوو، هەرچەندە حکومەتی عێراق توونڕدو تیژی و کوشتن و بڕین و سوتاندنی بەکاری دەهێنا، بەڵام خۆشبەختانە ئەنجامی ئەوتۆیان نەهێنا، ئەوەی شایانی باسە سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارف روشنبیرو شارەزا نەبوو و دەتوانین بڵێین نیوە خوێندەواربوو زۆر سادە و قەومی و خۆ ویست بوو دووربین نەبوو لەبەر ئەوە جێگای ئومێد نەبوو کە بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، بەتایبەتی کێشەی کوردی.

لە گەشتێکی ناوخۆ بۆ پارێزگای بەسرە لە ١٩٦٦/٤/١٤دا فرۆکەی هیلۆکۆپتەری عەبدولسەلام محەمەد عارف کەوتە خوارەوە بەهۆی تۆزوبای زۆر(عاصفە) هەروەکو گوترا گیانی لەدەستداو ئەو سەردەمەی دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز سەرەك وەزیران بوو بەلەناوچوونی عەبدولسەلام محەمەد عارف بۆشاییەکی دەستووری لە عێراق دروست بوو دەبوایە سەرۆك کۆمارێکی نوێ هەڵبژێردرێت و لەم کاتەدا شەڕەکان لە بەرەکانی جەنگ بەردەوام بوون لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی شۆڕشی کوردستان.

فەریق عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بوو بەسەرۆك کۆماری عێراق و کۆبوونەوەیەکی تایبەت ئەنجامدرا کە پێکهات لە چەند ئەفسەرێکی گەورەی سوپا و سویلەکان، فەریق عەبدولڕەحمان محەمەد عارف برای عەبولسەلام بەسەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرا.

ڕێکەوتەیەکی سەیر لە بەهاری ساڵی ١٩٦٩ من گیرابووم لە(قەسر ئەلنیهایەی) بەناوبانگ ، دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلبەزازیان هێنا بۆ هەمان شوێن کە لە ساڵی ١٩٦٦ سەرەك وەزیرانی عێراق بوو خاوەنی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بوو پێکەوە لە ژورێك بەندکرابووین

هەروەها لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری و عەمید روکن فازیل محەمەد عەلی و عەمید صعب الحردان و ئەوانیتر لەگەڵمان بەندبوون لەهەمان ژوور و لەبەرئەوە خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدولڕحمان بەزاز پرۆفیسۆر بوو لە یاساوە سیاسییێکی چاك بوو، لەبەرئەوە لێمپرسی چۆن عەبدولڕەحمان محەمەد عارف. بوو بەسەرۆك کۆمار و ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی:

ئێمە (٢٥) کەس کۆبووینەوە، لەوانە (١٣) ئەفسەری گەورەبوون و لەوان عەبدولڕەحمان محەمەد عارف و عەبدولعەزیز عوقەیلی بوون و سێ کەس خۆیان کاندیدکرد بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، عەبدولڕەحمان محەمەد عارف وەمن و عەبدولعەزیز عوقەیلی و گەورە ئەفسەرانی سوپا بەڵێنیان دابوو بە عەبدولعەزیز کە ئەوسەردەمە وەزیری بەرگری عێراق بوو، بەڵێنیان پێدابوو کە دەنگەکانیان بدەنێ، بەڵام لەکاتی فەرزکردنی دەنگەکان دەرکەوت عەبدولڕەحمان محەمەد عارف (١٢) دەنگی هێنابوو و منیش (١٢) دەنگ و عەبدولعەزیز عوقەیلی تەنها دەنگەکەی خۆی وەرگرتبوو لەبەرئەوە توڕەبوو و هۆڵی کۆبوونەوەی بەجێهێشت، لێرەدا سەرکردەکانی سوپای عێراق هەڕەشەیان کرد ئەگەر(سویل)، یاخوت سەرۆکی کۆمار شارستانی(مدنی)بێت خوێن دەڕژێت و دەبێ سەرەك کۆمار عەسکەری بێت، بەزاز گوتی بۆئەوەی خوێن نەڕژێت و لەبەر بەرژەوەندی گشتی تەنازلی کرد بۆ عەبدولڕەحمان محەمەد عارف و ناوبراو بوو بە سەرۆك کۆمار و دکتۆر بەزاز کابراییێکی لەسەرەخۆبوو و حەزی لە کێشەی نەدەکرد و لایەنگری ئاشتی دەگرت، ئەوەبوو دەستیکرد بەگفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان شایانی باسە دکتۆر بەزاز هەموو چوارشەممە کۆڕی هەبوو، ئەوەبوو لە **٢٩**ی حوزەیرانی **١٩٦٦** بەیانەکەی راگەیاند بەڕاگرتنی شەڕ لە کوردستان و سەرکردایەتی شۆڕشیش بە بەیانێك پشتگیری دەرکرد و لەسەر ئەم بەیانە شەڕەکان لە هەموو بەرەکانی جەنگ راوەستان و ئەوەی خوارەوە دەقی بەیانی **٢٩**ی حوزەیرانی **١٩٦٦**بوو.

١- حکومەت دانی نا بەنەتەوەی کورد بەبێ پەناوپێچ لە دەستووری کاتی لە کاتی هەموارکردنی و ئامادە بەدووپاتی بکاتەوە لە کاتی دانانی دەستووری بەردەوام بەم چەشنە کە عێراق وەکو نیشتمانێکی یەکگرتوو دوو نەتەوەی سەرەکییە ئەوانیش کورد و عەرەبن و دەبێ کوردو عەرەب یەکسان بن لە ئەرك و مافەکان.

٢- حکومەت ئامادەیە کە ئەم راستییە بەتەواوەتی بچەسپێنێت لە یاسای پارێزگاکان کە ئەم یاسایە بەڕێگاوەیە بۆ تەشریعکردنی لەسەر بناغەی لامەرکەزی بەچەشنێك هەر لیوایەك وەیا قەزایەك یا ناحیەیەك شەخسییەتی مەعنەوی خۆی هەبێت و ئیحترامی پێ بکرێت و هەر یەکێك لەو یەکە بەڕێوەبردنانە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی خۆیان هەبێت و دەسەڵاتی بەرفراوانیان دەبێت بۆیە بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوخۆ و لەوانە پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و هەر کارێکی تر کە پەیوەندی بەکاروباری ناوخۆ هەبێت هەروەکو لە یاسای سەرەوە هاتووە، هەروەها یاسا باسی لێدەکرێت رێگا دەدات بەڕاست کردنەوە و گۆڕینی سنوورەکانی پێگەیەکانی بەڕێوەبردن، هەروەها رێگا دەدات بەدروستکردنی پێگەییەکانی نوێ ئەگەر پێویست بێت و بەرژەوەندییەکانی گشتی بخوازێت.

٣- شتێکی ئاساییە کە حکومەت دان بەزمانی کوردی دەنێت کە زمانێکی فەرمییە لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچەیەی کە زۆرینەی خەڵکەکە کوردن، هەروەها زمانی خوێندنیش دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو دەستوورانە کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات، هەروەها ئەنجوومەنەکانی ناوچەگەری سنوورەکانی دیار دەکەن.

٤- ئەم حکومەتە بڕیاری داوە کە هەڵبژاردنەکانی بەرلەمانی ئەنجامبدات لەو کاتەی کە دەستووری کاتی دیاری کردووە، هەروەها بەرنامەی وەزاری بەچەشنێکی ئاشکرا دیاری کردووە و کوردەکان دێنە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانی داهاتوو بەژمارەیەك بەپێی ئەو نیسبەتەی بەرامبەر بەهەموو خەڵکی عێراق و بەپێی ئەو رێگایەی کە یاسای هەڵبژاردن شیکردۆتەوە.

٥- ئاساییە کە کوردەکان بەشداری لە هەموو فەرمانڕەوایی گشتی دەکەن، شانبەشانی برا عەرەبەکانیان بەپێی نیسبەتی نفوسیان و لەو وەزیفانەش وەزارەتەکان و وەزیفەکانی گشتی و دادگەری و دیبلۆماسی و سەربازی، بەڵام بەبێ پێشێلکردنی بنچینەیی لێهاتویی(کفاءە).

٦- ژمارەیەك لە قوتابیانی کورد دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن لە زەمالەو بەخشینی خوێندن و لە هەموو جۆرە خوێندنێك بەرەچاوکردنی لێهاتوویی.

٧- کارمەندەکانی میری لە لیوا و قەزا و ناحیەکانی کوردی لە کوردەکان دەبن و ئەگەر ئەو ژمارە کارمەندە کوردە بەشی نەکرد لە خەڵکانی تر دادەندرێن بەپێی بەرژەوەندییەکانی ناوچەکانی سەرەوە.

٨- لەگەڵ ژیانی بەرلەمانی چەند ڕێکخراوێکی سیاسیی دادەمەدزرێن و ڕێگا بە ڕۆژنامەگەری دەدرێت کە لەگەڵ بیروڕای هاووڵاتیان بگونجێت و حکومەت ڕێگا بە کورد دەدات بۆ ڕۆژنامەگەری ئازاد بەپێی ئەو سنوورانەی کە یاسای نەخشی بۆ دەکێشێت و ڕۆژنامەگەری رامیاری و ئەدەبی لەناوچە کوردییەکان بە زمانی کوردی یاخوت بە زمانی عەرەبی یاخوت بە هەردووکیان دەبیت بە پێکەوە بەپێی داواکاری ئەوکەسانەی کە پێوەندییان پێوەیە.

٩- أ- کە شەڕوشوڕ تەواوبوون، لێبوردنی گشتی دەردەچێت بۆ ئەو هەموو خەڵکانەی کە بەشدارییان کردووە لەکارە توند و تیژییەکان کە لە ژوورووی وڵات ئەنجامدرابوون یاخود پێوەندیان پێوە هەبووە و هەتا ئەوانەش دەگرێتەوە کە سزا دراینە بە هۆی کارەکانی سەرەوە یاخوت پەیوەندیان پێوە هەبووە و ئەو خەڵکانەی کە حیجزکراون.

ب- هەموو کارمەندەکانی کورد دەگەرێنەوە سەر کارەکانیان و دەبێ میلاکبوویان بۆ دابین بکرێت و مەغدووریەتیان ڕەچاو بکرێت.

ج- حکومەت هەوڵدەدات بە هەموو توانایی خۆیی بۆ گێڕاندنەوەی هەموو کرێکارەکانی کوردە دەرکراوەکان بۆ سەر کارە پێشوویەکانیان.

١٠- لەسەر هەموو ئەفسەر و دەرەجەدار لە سوپاو پۆلیس، هەروەها کارمەندەکان دەبێ بگەرێنەوە پێگەکانیان لەگەڵ دەرچوونی ئەم بەیانە و دەبێ ئەم کارانە لەماوەی دوو مانگ تێنەپەڕێت جێبەجێ بکرێت و دەبێ ڕێزیان لێ بنێن و لێبوردن یان بۆ دەربچێت.

أ- ئەوەی لە سوپایە دەگەڕێتەوە بۆ سوپاو بەچەکەوە.

ب- ئەوەی پۆلیسە لە سوپایە دەگەڕێتەوە بۆ سوپای پۆلیسی بەچەکەوە.

ج- ئەوانەی تر کە چەکیان هەڵگرتبوو دەبنە هەیئەتێك سەر بەحکومەت دەبن و دەبێ حکومەت کاربکات بۆ گێڕاندنەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی و دەبێ حکومەت بەخێویان بکات و ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ژیانی ئاسایی دەبێ چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی جەنگ بداتەوە حکومەت بەبێ نەخشەیەکی داڕێژراو لەگەڵ هەموو پەیوەندارەکان.

د- ئاساییە دەبێ فورسانەکان(جاشەکان) بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لەپاش گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش چەکەکانیان لێوەردەگیرێتەوە بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو.[٧٥]

٧٥- دانەر.



١١- پێویستی ئەوەی ناکات بیڵێین کە ئەو پارەوپوولە خەرج دەکرا لە بەرهەڵستکاری توندوتیژی لەمەودوا خەرج دەکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەوەی ژووروو دەستەیەکی تایبەتی پێکدێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکانی کوردی لە عێراق و ئەو پارەوپوولەی پێویست دابین دەکرێت لە پلانی ئابووری بۆ هەڵسان بەئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی پرۆژەکانی بووژاندنەوەی ئابووری لە ناوچەکە، پەیوەندییەکەی لەگەڵ وەزیرێکی بەرپرس دەبێت، هەروەها ئاوەدان کردنەوەی هاوینەهەوارەکانی کوردستان (ژووروو) کاروباری دارستانەکان و توتن لە ژووروو بەودەبەسترێت، هەروەها سەرپەرشتی کاروباری پێگەکانی بەڕێوەبردن کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکانیان کوردن دەکات وەکو گرنگیدان بە رۆشنبیری کوردی و پرۆگرامەکانی خوێندن بەزمانی کوردی، حکومەت بەهەموو توانای خۆی هەوڵدەدات بۆ قەرەبووکردنی زەرەرمەندەکانی قەرەبوویێکی عادیلانە کە بتوانن بەو قەرەبووە بگەڕێنەوە بۆ ژیانێکی سوودبەخش بۆ بەشداری کردن لە پێشخستنی ئابووری لە وڵات و پێشکەوتن و ژیانێکی ئاسودەیی بەسەرببەن، هەروەها حکومەت لەبەر ئیعتباراتی مرۆڤایەتی نیشتمانی بایەخ بە بێوەژنەکان و هەتیوەکان و کەم ئەندامان دەدات کە قوربانییەکانی کاری توندوتیژی بوون لە ژووررووی نیشتمان، و حەشارگەو پەیمانگای پێگەیاندنی پێویست بەزووترین کات دروستدەکرێت بەهاوکاری لەگەڵ دەستەکانی تایبەتمەند.

١٢- حکومەت هەوڵدەدات بە نیشتەجێ کردنی هەموو هاووڵاتییەك و کۆمەڵەکان ئەوانەی شوێنی خۆیان بەجێهێشتووە، یاخود دەرکراون لەسەر شوێنەکانیان و بناغەی ئەم گێڕاندنەوە بۆ باری ئاسایی پێشوو بۆ ئەوەیە کە دەوڵەت دەسەڵاتی لەسەر هەبێت بەمەرجێ سوودی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێت لەگەڵ قەرەبووکردنیان قەرەبوویەکی عادلانە بەپەلە بەپێی یاسا.

بەڵام لەڕاستیدا ئەم بەیانە لەوە دەرنەچوو کە تەنها بەرنامەی کاری حکومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز بوو زۆر بەڵێنی تێدابوون[٧٦]، بەڵام بەیانی(راگەیاندنی) سەرەوە لە بەیانی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ باشتربوو، بەڵام بەچەشنێکی جیدی جێبەجێ نەکرا بەهۆی وازهێنانی د. عەبدولڕەحمان بەزار لەسەرۆکایەتی وەزارەت و وەرگرتنی عەمید روکن ناجی تالیب پۆستی

٧٦- د، محەمەد عومەر مەلود/ الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، ل١٦٥ -١٦٧ بەزمانی عەرەبی.

سەرۆکایەتی وەزارەت ئەوەبوو حکومەت دەستی کرد بەسیاسەتی هاوسەنگی لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و هەندێك لەو کوردانەی کە لەنوێ چووبوونەتە پاڵ حکومەتی بەغدا لە بەهاری ١٩٦٦، لەبەرئەوە بەبیروبۆچوونی حکومەت کە دەتوانێت شۆڕشی کوردی لاواز بکات و لەناوی ببات، بەڵام خەیاڵی خاوبوو، بارودۆخ رۆژبەرۆژ خراپتر بوو لەپاش هاتنی ئەفسەرێکی سەربازی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت لە جیاتی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز.

لەڕاستیدا ئەو سەردەمە سەرکردەکانی عێراق زۆربەی هەرەزۆری ئەفسەرە گەورەکان بوون لە سوپای عێراق. هەڵنەدەگرت کە دان بەمافە رەواکانی گەلی کورد بنێن و لە کوردستان بەشدار بوونیان لەگەڵ جاشە چلکاوخۆرەکان لە تالانکردنی سامانی عێراق و سامانی هاوولاتیانی کورد و تالانکردنی گوندەکانی کوردستان، و بیروبۆچوونیان خاوێن نەبوو مێشکیان بۆگەن بوو، بڕوایان بەچارەسەری ئاشتیانە نەبوو بۆ کێشەی کورد، هەر ئەو هندەی پێ نەچوو هەتا ئەفسەرە گەورەکانی تر نەخشەیەکیان دانا بۆ کودەتاییێکی تر، لەوان عەبدولرەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان ئەلداود بوون.

ئەوەی شایانی باسە لەپاش دەرچوونی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ هەردوو عەهدی نێودەوڵەتی راگەیەندرا ئەویش عەهدی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە مافەکانی شارستانی و رامیاری کە پێکدێت لە پێشەکییەك کە لە٥٣ بەند پێکهاتبوو، تێدا داوای رەچاوکردنی مرۆڤایەتی ئازاد دەکات وەکو ئازادی رامیاری و شارستانی بەبێ ترس و لەرز دووپاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد دەکات و دامەزراندنی پەرلەمانێکی دیموکراسی کە بیروڕاو سەربەستییەکانی تر تێدا ئازاد بن.

پەیمانی نێواندەوڵەتی تایبەتمەند بەمافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکدێت لە ٣١ بەند لەبەر گرنگی ئەم عەهدە ئەمەش لە خوارەوە دەقەکەیەتی.



## پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بەمافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری[٧٧]

**پێشەکی:**

**ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لە پەیمانی(پەیمان) ئێستا:**

داننان بە کەرامەتی بنەڕەتی هەموو ئەندامەکانی نێودەوڵەتی یەکسانیان لە هەموو مافەکان کە ناکرێت دەستیان تێوەربدرێت دەبنە بناغەیەك بۆ بیروباوەڕی راگەیاندراو لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بناغەی ئازادی و داد و ئاشتی لە دنیادا. داننان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەهاتنە کایەوی ئەم مافانە لەسەر کەرامەتی مرۆڤ، دانیان بەمرۆڤایەتی کە مافی خۆیەتی لە ترس و پرسی رزگاربببێت دیتە کایەوە بەپاڵپشتی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، ئەگەر بارودۆخ رەخسان کە تاك دەتوانێت مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، هەروەها مافەکانی شارستانی و رامیاری بەکار بێنێت. لەبەرئەوە کە هەموو دەوڵەتەکان پابەندن بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێزلێنان و بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییەکانی، بەرز نرخاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرپرسیارێتی تاك لە ئەرك بەرامبەر بەتاکەکانی ترو ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت، خەباتکردن بۆ پێشڤەبردنی مافەکانی دانپێنراو لەم پەیمانەی ئێستا و رەچاوکردنی، رازین لەسەر بەندەکانی خوارەوە:

٧٧- بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٢٠٠(دا) لە ١٦/١٢/١٩٦٦ پەسندکراوە.

## بەشی یەکەم

**بەندی یەکەم:**

١- بۆ هەموو میللەتان هەیە مافی چارەنووسی و هەروەها بەپێی ئەم مافە ئازادانە بڕیاری قەوارەی سیاسی خۆی بدات و بەردەوام بێت لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی خۆی.

٢- بۆ هەموو میللەتێك هەیە بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی بۆی هەیە ئازادانە سوود لە سەروسامان و داهاتی ئاسایی خۆی وەربگرێت بەبێ پێشێلکردنی ئیلتیزاماتی دروست بۆ هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی، بەهەرحاڵ نابێت هیچ میللەتێك قەدەغە بکرێت لە رێگا ژیانەکەی تایبەتی.

٣- لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانەی ئێستا، هەتا ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی حوکم لەخۆ ناکەن و دانراون لەژێر ویسایە، دەبێ بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووسی کاربکەن و دەبێ رێز لەم مافە بگیرێت کە تێکدەکاتەوە لەگەڵ بەندەکانی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان.بەشی دووەم.

## بەشی دووەم

**بەندی دووەم:**

١- هەر دەوڵەتێك کە لایەنە لەم پەیمانە بەڵێن دەدات کە دەبێ لەلای خۆیەوە و بەتەنیا لە رێگای هاوکاری و کۆمەکی نێودەوڵەتی، هەنگاو بنێت بەتایبەتی هەنگاوی ئابووری و هونەری کە داهاتەکانی رێگا دەدەن بۆ وردە وردە گەیشتن بەجێبەجێکردنی تەواو بۆ ئەو مافانەی کە لەم پەیمانەدانی، پێنراوە بەهەموو رێگایەکی گونجاو و بەتایبەتی رێگای دانانی یاسایەکان.

٢- هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دەبێ بەڵێن بدەن بەمسۆگەرکردن و بەکارهێنانی ئەم مافانەی کە لەم پەیمانەدا هاتوون بەبێ جیاوازی بەهۆی رەگەز یاخود رەنگ یان جینس یان زمان یان ئایین وەیاخود بەهۆی بیروڕا وەیان نەژاد یان کۆمەڵایەتی یان هەبوویی وەیاخود سیفەتی پەیدابوونی ئەوانیتر.



٣- ئەو دەوڵەتانەی نوێ پێگەیشتوو(الدول النامیە) بۆیان هەیە لەگەڵ رەچاوکردنی تەواو بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئابوورییان بڕیار بدەن تا چ رادەیەك مافە ئابوورییەکانیان مسۆگەر بکەن کە لەم پەیمانەدا دان پێنراوە بەنیسبەت خەڵکانێکی ناهاووڵاتی.

**بەندی سێیەم:**

هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دەبێ بەڵێن بدەن بەدابینکردنی یەکسانی لە مافەکان نێوان ئافرەت و پیاو بە سوود وەرگرتن لە هەموو مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کە لەم پەیمانە هاتوون.

**بەندی چوارەم:**

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان پێدەنێن کە بۆ دەوڵەت هەیە لە بواری سوودوەرگرتن(التمتع) بەو مافانەی کە دابیندەکات و تێکدەکاتەوە لەگەڵ ئەم پەیمانە، بۆی هەیە کە ئەم مافانە بخاتە ژێر(قەیدەکانی) دان پێنراون لە یاسا تەنها، و تا چ رادەیەك دەگونجێن لەگەڵ تەنها ئەم مافانە و بۆ بەرزکردنی ئاستی ئابووری گشتی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی.

**بەندی پێنجەم:**

١- هیچ شتێك لەم پەیمانەدا نییە کە رێگا بدات هەر دەوڵەتێك یا خۆت گرووپێك یا تاکێك بۆخۆی شیبکاتەوە کە بتوانێت هەر کارێك ئەنجامبدات بۆ لەناوبردنی هەر یەکێك لەو ماف و ئازادیانەی لەم رێککەوتنە دان پێنراون یاخود سنوورداری بکات بەچەشنێکی گەورەترو فراوانتر کە لەم پەیمانە هاتووە.

٢- نابێ بەهیچ چەشنێك مافەکانی مرۆڤی دان پێنراو سنووردار بکرێن یاخود هەبوو لەهەر وڵاتێك بەپێی یاسا وەیاخود رێککەوتنەکان یان لائیحەکان و دابونەریت یاخود بڵێیت من رێزلێنانێم بە بەهانەی دان پێنەنانی لە پەیمانی ئێستا بەم مافانە یاخود بەکەمتر دانی پێناوە.

## بەشی سێیەم

**بەندی شەشەم:**

١- ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان پێدەنێن کە دەبێ کار بکەن بۆ دابینکردنی هەل بۆ هەر تاکێك بۆ بەدەستهێنانی ژیانەکەی لەڕێگای کارکردن کە خۆی هەڵدەبژێرێت یاخود پێی ڕازی دەبێت و دەبێ دەوڵەتانی سەرەوە هەنگاو بنێن بۆ دابینکردنی ئەم مافە.

٢- ئەم هەنگاوانەی دەوڵەتەکانی سەرەوە دەهاوێژن ئەو هەنگاوانەش دەگەڕێتەوە کە بەرەو جێبەجێ کردنی تەواوی ئەم مافە، پرۆگرامەکان و نەخشەکێشان وەهۆکارەکانی ڕێنیشاندەرو ڕاهێنانی هونەری و پیشەیی بۆ بەدیهێنان و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەردەوام، دابینکردنی کرێکارێکی تەواو و بەرهەمهێنەر بەپێی ئەو مەرجانە کە بۆ تاك ئازادی و سەربەستییەکانی سیاسی و ئابووری دابین دەکات.

**بەندی حەوتەم:**

ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان بەمافی هەر تاکێك لە کۆمەڵگا دەڵنێن بەمەرجەکانی کاری چاك و عادیلانە ئەمانەی خوارەوە دابینبکات.

(أ) ڕێزلێنانەکان بۆ کرێکارەکان خەرجبکرێن وەك سنوورێکی خوار و یەکسانی نرخ بەبێ جیاوازی، و دابینکردنی مەرجەکانی کار بۆ ئافرەتان کەمتر نەبن لەو دەسکەوتانەی کە بەر پیاوان دەکەون لە کەرتی رۆژانە لەسەر کارەکانی یەکسان.

٢- ژیانێکی سەربڵند بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بەپێی بەندەکانی ئەم پەیمانە.

(ب) بارودۆخی کارکردنی چاك و تەندروستی:

(ج) دابینکردنی کار بەیەکسانی بۆ هەموو تاکێك لەڕووی پلە بەرزکردنەوە لەسەر بناغەی زیرەکی و لێهاتوو بێ .

د- دابینکردنی کاتی پشوودان و دیارکردنی کاتەکانی ئیش و مۆڵەتدانی ڕێکوپێك وەپێشکەشکردنی ڕێزلێنان لە جیاتی رۆژەکانی پشوودانی گشتی.



**بەندی هەشتەم:**

١- ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە بەڵێن دەدەن بەدەستەبەرکردنی.

(أ) بۆ هەرکەسێك هەیە سەندیکاکان دروستبکات و لەناوی کاربکات و بەئارەزووی خۆی سەندیکاکە هەڵبژێرێت بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نابێ بەربەست بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەم مافە تەنها یاسا نەبێت ئەویش کە زۆر گرنگە لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی وەیاخود نیزامی گشتی بۆ پاراستنی مافی خەڵکانیتر و ئازادی و سەربەستییەکانیان.

(ب) پێکهێنانی یەکگرتووەکانی نیشتمانی یاخود پەیمانەکان مافی هەموو سەندیکاکانە، ئەو پەیمانانە(معاهدات) مافی پێکهێنانی سەندیکاکانی نێودەوڵەتی و رۆیشتنە ناویان هەیە.

(ج) سەندیکاکان مافی کارکردنیان هەیە ئازادانە بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێك بخرێتە سەری تەنها ئەوەی لە یاسا هاتوون کە ئەویش پێویست بێت لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی یاخود نیزامی گشتی یان بۆ پاراستنی خەڵکانیتر و ئازادی و سەربەستییەکانیان.

(د) ئەم بەندە ڕێگای دانانی بەربەستەکانی یاسایی بۆ بەکارهێنانی ئەم مافانە لە لایەن هێزە چەکدارەکان و یاخود پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ناگرێت.

٣- ئەم بەندە هیچی وەهای تێدا نییە بۆ دەوڵەتانی لایەن ئەو لە ڕێککەوتنی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٨ کە تایبەتمەندە بە سەربەستی بەشداربوون و پاراستنی ماف لە ڕێکخستن، وەرگرتنی کاری تەشریعی کە زیان بە زەمانەت بدات کە لەناو ڕێککەوتنەکەیە یاخود جێبەجێکردنی یاسا بەچەشنێك زیان بەو زەماناتە بگەیێنێت.

**بەندی نۆیەم:**

دەوڵەتەکانی لایەن لەم پەیمانە دان بەمافی هەر تاکێك دەنێن بۆ زامینکردنی کۆمەڵایەتی.

**بەندی دەیەم:**

ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان دەنێن بە:

١- خانەوادە دەبێ فراوانترین و هاوکاری پێکراوی پێبدرێت، چونکە بەردی بناغەی ئاسایی و بنەڕەتییە لە کۆمەڵگا، چونکە بە بەخێوکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ، هەڵدەستێت دەبێ ژنهێنان ئازادبێت و بەڕازیبوونی هەردوولا.

٢- دەبێ هاوکاری تەواوی ژنان بکرێت بۆ ماوەیەکی گونجاو، بەتایبەتی لەپێش منداڵ پەیدابوون و لەپاش منداڵ پەیدابوون دەبێ موڵەتی بەمووچەی پێبدرێت لە(دابینکردنی) کۆمەڵایەتی.

٣- دەبێ کاری تایبەتی بۆ پاراستنی و کارکردنی هەموو منداڵەکان ئەنجام بدرێت و مرۆڤی گچکە بپارێزێن لەڕووی ئیستغلالکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەبێ سزای یاسایی بسەپێنرێت لەسەر ئەو خەڵکانەی کە ئەو منداڵ و مرۆڤی گچکە بەکاردێنن بۆ کاری بێ ئەخلاقی یاخود زیان بەتەندروستییەکانیان دەگەیەنێت یاخود ژیانیان دەخاتە مەترسی وەیاخود دەبنە ڕێگر لە پێشکەوتنییان و لەسەر دەوڵەتەکانە سنوور دابنێن بۆ تەمەنی کە نابێ بەئیش بخەن وەك کرێکار لە منداڵەکان بەکرێ و سزا بدرێن ئەگەر خەڵکانێك بەئیشیان خست کە تەمەنیان لە خوار سنوورەکە بێت.

**بەندی یازدەم:**

١- دەوڵەتەکانی لایەن لەم پەیمانە دان بەمافی هەر تاکێکدا بنێن کە دەبێ لە ژیانێکی گونجاو بژیت، خۆی و خێزانەکەی و لەوان خواردنی گونجاو و جلوبەرگ و شوێنی خەوتن هەروەها پێشخستنی باری ژیان بە بەردەوام و دەبێ دەوڵەتەکانی لایەن هەنگاوی گونجاو بنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە لەگەڵ داننان بەگرنگی هاوکاری نێودەوڵەتی بنیاتنەرو لەسەر ڕەزامەندی ئازاد لەم بوارەوە

٢- لەبەر ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دانیان ناوە بە مافی هەر تاکێك کە رزگار بوویێت لە برسی، دەبێ هەنگاو بنێت و کاربکات بەمەبەستی نەهێشتنی برسی چ بەتەنیاو چ لەڕێگای هاوکاری نێودەڵەتی، لەوان پڕۆگرامەکانی دیارکراو و ئەوانەی بەگرنگ دەژمێردرێن:

أ) بۆ چاککردنی بەرهەمهێنان و پاراستن و دابەشکردنی خۆراك وەهەروەها سوود وەرگرتن لە زانست و بڵاوکردنەوەی شارەزایی لەسەر خواردن وەپێشخستنی ڕێگاکانی چاندن و چاککردنیان بۆ ئەوەی چاکترین بەرهەم بهێنێت و چاك ترین سوود لە داهاتەکانی سروشتی وەرگرێت.



ب) بۆ دابینکردنی دابەشکردنی عادیلانە بۆ خۆراك بەپێی پێویست، بەڵام دەبێ ڕەچاوکردنی کێشەکانی ئەو دەوڵەتانە بخرێنە بەرچاو چ ئەوانەی خۆراك دەنێرنە دەرەوە یاخود داوای خۆراك لە دەرەوە دەکەن.

**بەندی دوازدەم:**

١- ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان دەنێن بەمافی هەر تاکێك کە لە چاکترین ئاستی تەندروستی و عەقڵی بژیت.

٢- بۆئەوەی دەوڵەتەکانی سەرەوە بگەنە ئەو ئامانجە دەبێ ئەم هەنگاوانە بنێن وەك پێویست بۆ:

أ) کارکردن بەکەمکردنەی ڕێژەی مردن لە پەیدابووەکان و بەتایبەتی مردنی منداڵەکان بۆ دابیکردنی تەندروستی چاك بۆ منداڵەکان.

ب) چاککردنی هەموو بوارەکانی ژینگە و پیشەسازی:

ج) پاراستن لە نەخۆشییەکانی کە دەگوازرێنەوە و بڵاودەبنەوە وەهەروەها نەخۆشییەکانی پیشەیی و چارەسەرکردنیان وەگەمارۆدانیان.

د) دروسکردنی بارودۆخی چاك بۆ دابیکردنی خزمەتگوزاری پزیشك و چاودێری پزیشك لە کاتی نەخۆشی گرتندا

**بەندی سێزدەم:**

١- ئەو دەولەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان بەمافی هەرتاکێك دەنێن بۆ فێربوون و خوێندن، و ڕێك دەکەون لەسەر چۆنییەتی پێشڤەبردنی کەسایەتی مرۆڤ و هەستکردن بەکەرامەتی ژ زیادکردن و بەهێزکردنی ڕێزلێنان لە مافەکانی مرۆڤ و سەربەستی و ئازادییەکانی وەهەروەها ڕێك دەکەون کە خوێندن ڕێگا بەهەموو مرۆڤێك بدات بە بەشداریکردن بەچەشنێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگای ئازاد وەباشکردنی باری تێکگەیشتن و گیانی لێبوردن لە ناو هەموو میللەتەکان و کۆمەڵانی نژادی و ئایینی وەهاوکاری جموجۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لەڕووی پاراستنی ئاشتی.

٢- لەسەر خواست و ویستی دەوڵەتانی سەرەوە بەگەیشتن بۆ مافەکانی سەرەوە داندەنێن بە:

أ) دەبێ فێرکردنی سەرەتایی بەخورتی و بەلاش بێت بۆ هەموو کەسێك.

ب) دەبێ فێرکردنی ناوەندی و دواناوەندی بەهەموو چەشنێك و لەوان فێرکردنی دواناوەندی هونەری و پیشەیی بۆ هەموو کەس بێت و ئاسان کاری بخرێتە بەردەم هەموو کەسێك بەهەموو رێگاچارەیەك و بەتایبەتی وەها بکرێت کە خوێندن وردەوردە بەرەو خۆڕایی بڕوات.

ج) دەبێ خوێندنی باڵا دابین بکرێت بۆ هەموو کەسێك لەسەر بناغەی لێهاتویی بەهەموو رێگا چارەیەك وەبەتایبەتی وەها بکرێت کە خوێندن وردەوردە بەرەو خۆڕایی بڕوات.

د) بەنیسبەت ئەو خەڵکانەی کە نەیانتوانی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکەن و یاخود هەر نەیان خوێندووە دەبێ هان بدرێن بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان.

و) دەبێ بەردەوام بن لە بەدواداچوونی پێشڤەبردنی نیزامی خوێندن لەسەر هەموو ئاستێك نیزامێکی گونجاو دابندرێت بۆ چاککردنی باری ئابووری بۆ مامۆستایەکان و دەستە(هیندی) فێرکردن بە بەردەوامی.

٣- دەوڵەتانی لایەنن لەم پەیمانە بەڵێن دەدەن بەرێزلێنانی باوکان و سەر وەسییەکانی یاسایی، ئەگەر بکرێت جێبەجێ بکرێت، دەستنیشانکردنی قوتابخانەکان بۆ منداڵەکانیان جگە لە قوتابخانەکانی دروستکراو لە لایەن دەوڵەت، بەڵام دەبێ لەگەڵ سنووری خواروی ئاستەکانی خوێندن کە لە لایەن دەوڵەت دانراوە بگونجێت و یاخود لەسەری رازی دەبێت و دەبێ فێرکردنی ئایینی و ئەخلاقی کە لەگەڵ دابوونەریتیان دەگونجێت تێدا بخوێنن.

٤- هیچ شتێك لەناو ئەم بەندە نییە کە بکرێت شیبکرێتەوە بەدەستتێوەردان لە ئازادی مرۆڤ و دامووەدەزگاکان لە دامەزراندنی دەزگایەکانی خوێندن و بەڕێوەبردنیان لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەکانی کە لە (١) یەك لەسەرەوە هاتوون وەدەبێ ئەم پەیمانانە ئاستی خوێندن لەناویان لە سنووری خوارووی ئەو ئاستە نەبێت کە دەوڵەت دیاریکردووە.

**بەندی چواردە:**

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە هەرچەندە پێشان لایەن نەبووینە و دوایی بوونە لایەن، دەتوانێت خوێندنی سەرەتایی بەخۆڕایی لەناو هەرێمەکەی وەیاخود هەرێمەکانی تر کە لەژێر وەلایەکەیەتی دابینیکەن دەبێ لەماوەی دووساڵ پلانێکی ورد و روون دابنێت بۆ وردە وردە جێبەجێکردن و فێرکردنی بەخورتی و خۆڕایی هەموو خەڵکانێك و لەماوەی چەند ساڵێك کە دیار بکرێت لە پلانەکە.



**بەندی پانزدەم:**

١- دەوڵەتەکانی لایەن لەم پەیمانە دان بەمافی هەرتاکێك دەنێن بە:

أ) بەشداریکردن بەژیانی رۆشنبیری.

ب) سوودوەرگرتن لە هەموو چاکەکانی پێشکەوتنی زانستی و جێبەجێکردنی.

ج) سوودوەرگرتن لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مەعنەوی و مادی لە ئەنجامی(انتاجی) ئەدەبی و هونەری کە خۆی پێهەڵدەستێت و دادەنێت.

٢- بۆ گەیشتن و جێبەجێکردنی ئەم مافە دەبێ دەوڵەتەکانی کە لایەنن لەم پەیمانە هەنگاوی کە دەژمێردرێن بەگرنگ بنێن بۆ پاراستنی و پەرەپێدانی و بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیری.

٣- دەوڵەتەکانی لایەنن لەم پەیمانە دان دەنێن بەریزگرتنی ئازادی کە ناکرێت لێی دەست بەرداربین.

٤- دەوڵەتەکانی لایەنن لەم پەیمانە دان بەدەسکەوتەکان بنێن و دەبنە هاندەر و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و هاوکاری نێودەوڵەتی لە بوارەکانی زانست و رۆشنبیریدا.

## بەشی چوارەم

**بەندی شازدەم:**

١- دەوڵەتەکانی لایەنن لەم پەیمانە بەڵێندەدەن کە راپۆرتەکان بخەنە بەردەست بەو هەنگاوانەی هاوێشتوویانە بەو پێشکەوتنانە بۆ جێبەجێکردنی چاولێکردنی ئەو مافانەی کە لەناو ئەو رێککەوتنەدا هاتوون و دان پێنراون.

٢- أ) هەموو ئەو راپۆڕتانە دەخرێنە بەردەم ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە فۆتۆکۆپییەکەیان دەنێردرێنە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ بینینیان و چارەسەریان بەپێی بەندەکانی ئەم پەیمانە.

ب) لەسەر ئەمینی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە وێنەی راپۆرتەکان بنرێت بۆ(وەکالاتی) تایبەتمەند وەیاخود بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی پەیوەندار کە دەوڵەتە لایەنەکان لەم رێککەوتنە دایان دەنێن هەروەها کە ئەندامن لە ناو ئەندامانی وەکالاتەکانی تایبەتمەند مادام ئەم راپۆڕتانە یاخود بەشێك لەو کارانەی کە لە راپۆرتەکاندا هاتووە دەچێتە ناو بەرپرسیارێتی وەکالەتەکانی سەرەوە بەپێی بەڵگەنامەکانی دەستووری.

**بەندی حەڤدەم:**

١- دەبێ دەوڵەتە لایەنەکان لەم پەیمانە راپۆرتەکان بەقۆناغ پێشکەش بکەن بەپێی ئەو بەرنامەی لە لایەن ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە داندراوە لەماوەی یەك ساڵ لە رۆژی دەستبەکاربوونی ئەم رێککەوتننامەوە لەپاش راوێژکاری لەگەڵ دەوڵەتە پەیوەندارەکان و وکالەتەکانی تایبەتمەندی پەیوەندار.

٢- دەکرێ ئەم راپۆرتانە هەموو بەربەست و ئاستەوارەکانیان تێدا بنووسرێت کە کار لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی دەکات هەروەکو لە پەیمانی ئێستادا هاتووە.

٣- هیچ پێویست ناکات کە دووبارە ئەو زانیارییانە کە دەوڵەتە پەیوەندارەکان لەم پەیمانە پێشکەشیان کردبێ بەنەتەوە یەکگرتووەکان یاخود بۆ هەر یەکێك لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند بینووسنەوە و تەنها ئەوە بەسە کە ئیشارەت بەکورتەیەك لەو زانیارانە بدەن کە پێشان پێشکەش کراون.

**بەندی هەژدەم:**

دەکرێ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جگە لە کارەکانی کە ئەنجامدەدات بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی بنەڕەتی بۆی هەیە کە لەگەڵ وەکالەتەکانی تایبەتمەند رێك بکەوێت و دەبێ لە راپۆرتەکانیان بنووسرێت تا چ رادەیەك پێشکەوتوو بوونە لە رێگای رەچاوکردن و جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ئێستا کە دەکەوێتە ناو بازنەکەی جموجولیان، هەروەها دەکرێت ئەم راپۆرتانە هەموو بڕیارەکان و راسپاردەکان بەوردی تێدا بنووسرێت کە داموو دەزگا تایبەتمەندەکان بڕیاریان لەسەر داوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی سەرەوە.

**بەندی نۆزدەم:**

بۆ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤ بکات کە دیراسات و وتوویژ پێشکەش بکات، هەروەها راسپاردەکانی دابێت بۆ زانین بەپێی دیدەنی خۆی کە دەبینێت راستن، هەروەها راپۆرتەکانی دەوڵەتەکانی تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ هەروەکو لە بەندەکانی ١٦و ١٧دا هاتوون، هەروەها ئەو مافانەی کە تایبەتمەندن بە مافەکانی مرۆڤ پێشکەشکراون لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند بەپێی بەندی/ ١٨.



**بەندی بیستەم:**

بۆ دەوڵەتەکانی کە لایەنن لەم پەیمانە و پەیوەندیان هەیە، هەروەها بۆ وەکالەتەکانی تایبەتمەند کە هەرچی تۆیژینەوە و لێکۆڵینەوەیان هەیە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکەن لەسەرهەر راسپاردەیەکی یان ئاماژە بە و راسپاردە گشتییە بە پێی بەندی(١٩) لە هەر راپۆرتێکی لیژنەی مافی مرۆڤ وەیاخود لە هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە ئیشارەتی پێدراوە.

**بەندی بیست ویەکەم:**

بۆ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە ناوەناوە راپۆرتەکان پێشکەش بەکۆمەڵەی گشتی بکات لەگەڵ راسپاردەکانی گشتی و کورتە زانیارییەکان کە بۆی هاتوون لە دەوڵەتەکانی لایەن لەم رێککەوتنە و لەوەکالەتەکانی تایبەتمەند سەبارەت بەکاروکاردانەوەکانی ئەنجامدەران و ئەو پێشکەوتنەی کە بووە، هۆی گەیشتن بەچاودێری کردنی ئەو مافانە کە دان پێنەدراون لەم پەیمانەدا.

**بەندی بیست و دووەم:**

ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆی هەیە ئاگاداری داموودەزگایەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و لقەکانی بکاتەوە، هەروەها وەکالەتەکانی تایبەتمەندی پەیوەندار، بەپێشکەش کردنی هاوکاری هونەری، و هەر کارێکی تر کە لە راپۆرتەکان ئیشارەت پێدراوە دروستبووبن لەم بەشەی ئەم پەیمانە کە دەکرێ هاوکاری دەزگایەکانی سەرەوە بکات بۆ دەرکردنی بڕیارەکانی هەر یەك لەم دەزگایانە لە بواری خۆی لەسەر چاکترین رێگا چارەی نێودەوڵەتی هۆکار کە هاوکار دەبێت بۆ جێبەجێکردنی وردەوردە و کاریگەری ئەم پەیمانە.

**بەندی بیست و سێیەم:**

دەوڵەتە لایەنەکانی ئەم پەیمانە رازین بە بەستنی رێککەوتنەکان و دانانی راسپاردەکان و پێشکەشکردنی هاوکارییە هونەرییەکان و رێکخستنی کۆبوونەوەکانی هەرێمی و هونەری بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی پەیوەندار بەمەبەستی ئالوگۆڕکردنی بیروڕا بەمەرجێ گرتنەوەی کاری نێودەوڵەتی بەمەبەستی جێبەجێکردنی مافەکانی دان پێنراو لەم پەیمانەدا.

بەندی بیست و چوارەم:

هیچ شتێك لەم پەیمانە نییە شیبکرێتەوە کە بتوانێت دەقی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستورەکان و وەکالەتەکانی تایبەتمەند رابگرێت ئەوەی کە بەرپرسیارەتی تایبەتی دەزگا نەتەوە یەکگرتووەکانی جۆراوجۆر و وەکالەتەکانی تایبەتمەند سنووردار بکات ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەو کارانەی ئەم پەیمانە چارەسەری دەکات.

بەندی بیست و پێنجەم:

هیچ شتێك لەم پەیمانە نییە کە بتوانرێت شیبکرێتەوە کە ئەم مافە بنەڕەتەی هەموو میللەتان رابگرێت یاخود بەرپەرچی بداتەوە کە هەموو میللەتان بۆیان هەیە سوود لە داهاتەکانی سروشتی خۆیان وەربگرن بەتەواوەتی و ئازادانە.

## بەشی پێنجەم

بەندی بیست و شەشەم:

١- بۆ هەریەك لە دەوڵەتەکانی ئەندام لە نەتەوە یکگرتووەکان یاخود هەریەك لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند بۆیان هەیە ئەم پەیمانە ئیمزا بکەن، هەروەها بۆ هەر یەکێك کە لایەنی بنەڕەتی بێت لە دادگای دادی نێودەوڵەتی وەبۆ هەر دەوڵەتێکی تر کە کۆمەڵەی گشتی داوای بکات دەبێتە لایەنێك لەم پەیمانە.

٢- ئەم پەیمانە پێویستی بە ئەنجامدانی کارەکانی پەسندکردنیتی و ئەم بەڵگەنامە پەسندکراوە کە لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت.

٣- بۆ هەر دەوڵەتیك کە لە برگەی(١) ئیشارەتمان پێداوە لەم بەندە بۆی هەیە بێتە ناو ئەم پەیمانە.

٤- هاتنە ناو ئەم پەیمانە لە رۆژی دانی دانەیەك بەئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێدەکات.

٥- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە ئەم پەیمانەیان ئیمزا کردووە و هاتوونەتە ناوی لە کاتی دانانی هەر (بەڵگەنامەیەك) لە بەڵگەنامەکانی پەسندکراو وەیاخود هاتنە ناوی.



بەندی بیست و حەوتەم:

١- ئەم پەیمانە کاری پێدەکرێت لەپاش سێ مانگ لەبەرواری دانانی وەسیقە پەسندکراوەکە لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- ئەم پەیمانە کاری پێدەکرێت بەرامبەر هەر دەوڵەتێك پەسندی کردبێت وەیاخود لەپاشان هاتبێتە ناوی لەپاش سێ مانگ لە بەرواری دانانی وەسیقەی پەسندکراوەکە یاخود هاتنە ناوی.

بەندی بیست و هەشتەم:

بەندەکانی ئەم پەیمانە لەسەر هەموو پارچەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەبێ بەربەست لە سەریان جێبەجێ دەکرێت و لە سەریان دەڕوات.

بەندی بیست و نۆیەم:

١- هەر دەوڵەتێك کە لایەنە لەم پەیمانە بۆی هەیە پێشنیاری هەموارکردنی پێشکەش بەئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و ئەمینداری گشتیش دەبێ ئاگاداری هەموو دەوڵەتەکانی لایەن لەم پەیمانە بکات بەپێشنیارەکانی هەموارکردن و داوا بکات کە ئاگاداری بکەنەوە ئەگەر دەوڵەتەکانی وەها بە بەرژەوەند زانی کە کۆنگرە ببەسترێت بۆ سەیرکردن و تێبینی پێشنیارەکان و دەنگدان لەسەری، ئەگەر سێیەکی ئەم دەوڵەتانە ویستیان کۆنگرە ببەسترێت ئەوە دەبێ ئەمینداری گشتی داوای بەستنی کۆنگرە بکات لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر هەموارکردنێك بەشی زۆرینەی دەوڵەتە لایەنەکانی بەشداربوو لە کۆنگرە پەسندی کرد و دەنگی لەسەردا دەبێ بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەربڕینی رەزامەندی لەسەری.

٢- هەر هەرموارکردنێك کاری پێدەکرێت لە پاش رەزامەندیی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری، وە قبوڵکردنی دوو لەسەر سێ دەولەتە یەنەکان لەم پەیمانە لەسەر هەموارکردنی بەپێی ئیجرائاتی دەستووری تایبەتمەند.

٣- هەر هەموار کردنێك لە پاش دەستپێکردنی جێبەجێکردنی دەبێ هەموو دەلەتەکانی لایەن پابەندبن بەم هەموارکردنە هەروەها دەولەتەکانی لایەنەکانی تر دەبێ پابەندبن بە دەقەکانی ئەم پەیمانە و هەموارکراوەکان کە پێشان لەسەریی کراون.

**بەندی سییەم:**

لەسەر ئەمین داریی گشت نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە ئاگادارکردنەوەکان کە لە برگـە ٥ لە بەندی ٦٢دا هاتووە پێویستە ئاگاداری هەموو ئەو دەولەتانە بکات کە لەبرگە/١ لە هەمان بەند کەواتە لە بەندی ٦٢دا هاتوون بەم وردەکاریانەی لە خوارەوە هاتوون:

أ- ئیمزاکردن و پەسندکردن و هاتنە ناو ئەم پەیمانە بە پێی بەندی/٦٢ دەکرێن.

ب- رۆژی کارپێکردنی ئەم پەیمانە کارپێدەکرێت بەپێی بەندی ٧٢، هـەروەها رۆژیـی کـار پێکردنی هەموارکراوەکان بەپێی بەندی ٩٢.

**بەندی سی و یەکەم:**

١- ئەم پەیمانە کە بەندەکانی بەچینی و ئینگلیزی و فرنـسی و روسـی و ئیـسپانین لەیـەك ئاستن لەرەسەنایەتیان لە لە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەندرێت.

٢- لەسەر ئەمینداری گشتییە، وێنەیەکی پەسندکراوی ئەم پەیمانە بنێرێت بۆ هەموو ئـەو دەوڵەتانەی کە لە بەندی ٢٦دا هاتوون.

لەکاتی ڕەچاوکردن و چاوپێداخشاندنی پێشەکی (دیباجـە) دەبیـنین کـە ئـەو دەوڵەتانـەی لایەنن لەم پەیمانە دان بەوە دەنێین کە داننان بە کەرامەتی راستەقینە لەناو هـەموو ئەنـدامانی خانوادەی نێودەوڵەتی و یەکسانی مافەکانیان کە نابێـت بـە هـیچ شـێوەیەك تەسـەروفی تێـدا بکرێت بەپێی ئەو بیروبۆچوونانەی هاتوون لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بـەردی بناغـەی ئـازادی و داد و ئاشـتین لـە دونیـا، بـەڵام دەبیـنین کـە دەولەتـە هەرێمییـەکانی پارچـەکانی کوردستانیان پێوە لکاندون و ئەوانیش ئەنـدامن لـە خـانوادە نێودەوڵەتییـە کـە بریتییـە لـە نەتەوەیەکگرتووەکان دەیان بینین هیچ گێ نادەنە ئەو بەندانەی کە لە پەیمانی سـەرەوە هـاتوون لە هەموو روییێکەوە چ ئابووری یاخوت کۆمەلایەتی و یان ڕۆشنبیری بیت و هەمان بۆچـوونیان هەیە بەرامبەر بەمافەکانی شارستانی و رامیاری و مرۆڤایـەتی گـەلی کـورد لەگـەڵ ئەمـەش نەتەوە یەکگرتووەکان بەردێکی نەجوولاند بەبێ دەنگ راوەستا لەگەڵ ئەم دەوڵەتە هەرێمیانـە، لەسەدەی بیستەم هەرچەندە کورد تووشی هەموو ئازار و ئەشکەنجە بوو لە هـەموو بوارێکـەوە لە جینوساید و گۆڕینی واقیعی ناسنامە و دەرکردن لەسەر زێدی باب و باپیران و دوورخستنەوە لەسەر زەوی خۆیان بە بەهانەی کە ئەو کارانەی ئەنجامـدەدرێن کارەکـانی ناوخۆییـنە و بۆیـان



نییە دەست لەکاروباری ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە بدەن، لە راستیدا ئەم هۆیەی لەسەرەوە هاتووە، راست نەبوو بەڵکو ململانێ نێوان بلۆکی ڕۆژهەلات کە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم رووخا و بلۆکی رۆژئاوا کە لەکۆتاییدا بەسەرکردایەتی ئەمریکا بالادەست بـوو بەسـەر دونیـا، هەروەها ململانێی بەرژەوەندییەکان لەنێوان هەردوو ئوردوگا کە بووە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی کورد و زولمی لێکرا.

ئەگەر رەچاوی برگەی یەکەم لە بەندی یەکەم بکەین دەبینین، کە دانی نـاوە بەسـەربەخۆیی بوون هەموو میللەتانی دونیا و لەم برگەیە هیچ میللەتێك وەلانەدراوە و لەوانە میللەتی کورد، و ئەگەر بێین پێناسەی کۆمەڵی نەژاد بکەین کە جارجار پێیدەلێن (ئومە) دەبینین پێکـدێت لـە کۆمەلە خەڵکێك پێکەوە دەژین وییێك فرمانیان هەیە و هەندێك پەیوەندی تایبەتی لـەنێوانیان هەیە و هاوبەشن لە دابونەرێت، و ژیـانی کۆمەلایـەتییان پێکدەچـێت و رۆشـنبیریان پێکـەوە یاخوت پێکدەچـێت و پێکهاتـەی دەروونیـان هاوبەشـە و یـەك مێـژوویان هەیـە و بـارودۆخی ئابووریان یەکە هەروەها خاکیان پێکەوەیـە و لەسـەری دەژیـن، لەبـەر ئـەم هـەموو هویانـەی سەرەوە یەکدی دەگرن لە کۆمەکی دیار لە خـەڵکانی تـر و ئەگـەر ئـەم کۆمەڵـە خەڵکـە ئـەم هۆیانەی سەرەوە هەبوو بۆیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێنن یاخوت هەر ژیانێکی تـر کـە پێیان خۆشە تێدا بژین لەناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی.

أ- لێرەدا دەمەوێ بلێم چەند بیروبووچونی جیاجیا هەیە لەسەر (مفهومی) نەتـەوە، لـەوان بیروبۆچوونی (بابەتییە)تە کە لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا و پێکـدێت لەسـەر چـەند ئیعتباراتێـك وەکو رەگەز و زمان و ئایین و ڕۆشنبیری و هەرێم و دابونەریت، بەڵام نازییەکان رەگـەزیان دانـا بە مەرجی دروستبوونی نەژادی و لەدوای ئەو نەتەوە (أمە).

ب- بیروبۆچـوونی خـودی: ئـەم نەزەریـە لـە فرنـسا و ئیتالیـا سـەری هەڵـدا و بـەپێی بیروبۆچوونیان کە نەتەوەیەك لەسەر بناغەی پێکەوە ژیان دروستدەبێت بە واتـای حـەز و تێـك گەیشتن و هزری هاوبەش و هاوکاری یەکتر لەنێوان خەڵك هەست بە پێکەوە ژیان بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکانی هاوبەش و، ئامادەبوون بۆ قوربانیـدان لـەپێناوی لـەکاتی پێویـستدا، فەیلـسووفی فرنسی (Renaw) دەڵێت نەتەوە ئامـانجی هاوبەشـی هەیـە و کـار بـۆ بـەدیهێنانی دەکـات لەبەرئەوە ئەمە تەنها رووداوێکی ئیرادی و دەروونی نییە، بەڵکو مێژووییە، چـونکە وردە وردە تەعبیر لە ویژدانی دەکات لە قۆناغەکانی مێژوودا هەروەها فەیلەسووفی فەرەنـسی برجیـستۆن

دەڵێت: کە نەتەوایەتی ئەرکێکە و شارەزای ئیتالی ماتسینی لە موحازەرەی خۆی کە لە ١٨٥١/١١/٢٢ لە تۆریۆیدا گوتی نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکی ئاساین و یەك هەرێم و یەك زمان و دابونەریت کۆیان دەکاتەوە کە جۆرە ژیانێکی تایبەت بژین و هزرێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش هزربکەنەوە.

بەبێ ئەم دوو بیروبۆچوونانە فەرەنسی - ئیتالی بۆ نەتەوە دەبێ دان بنرێت بەمافی هەموو میللەتان بەسەربەخۆیی و ویستی خۆیان.

شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ ئەم مافەی پەسند کردووە، هەروەها سەرۆکی ئەمریکی ویلسۆن لە چواردە بەندەکەی کە راگەیاندن لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی دانی ناوە بەمافی سەربەخۆیی میللەتان و بەپێی بەندەکانی سەرەوە ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا هەن لەسەر راگەیاندنەکەی سەرەوە پێکهاتوون و ئەو بیروبۆچوونە یاخود بیرورایە ئەم شتانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١- مافی میللەتانە بە هەڵبژاردنی جۆری حوکم کە دەبینن بۆخۆیان دەگونجێت.

٢- ئەو میللەتانەی حوکمی ئۆتۆنۆمیان نییە بۆیان هەیە ئازادبن و فەرمانڕەوایی خۆیان بەخۆیان بکەن.

٣- ناکرێت هیچ پارچەیەك بلکێندرێت و یاخود لە دەوڵەتێك بکرێتەوە بەهیچ جۆرێك تەنها لەپاش راپرسین ئەو میللەتانەی پەیڕەو نەکرا، بەنیسبەت کورد و کوردستان.

و مافی چارەنووس جێگایەکی گرنگی گرتەوە لە پەیمانەکانی پێکهاتن(سولح) کە ئیمزاکران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٩، بەڵام سیفەتی(الزامیە)تی وەرنەگرت ئەوسەردەمە، بەڵام پاش ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورە روویدا لە رژێمی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە، چونکە ئەو پەیمانەی کە بەسترا لەنێوان هەردوو حکومەتی ئەمریکاو بەریتانیا ئەم دەقەی تێدا نوسرا کەلە ١٤ی ئابی دا١٩٤١ ئیمزایان کرد و دوایی روسیای شوورەوی لە ئەیلوولی هەمان ساڵ چووە ناو پەیمانی سەرەوە، هەروەها ئەم(مبدأە) مافە لە راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٢/١٢/١ دووپات کرایەوە هەروەها لە راگەیاندنی یالتا کەلە ١١ی شوباتی ١٩٤٥ دەرچوو.

لە برگەی دوو لەبەندی یەکدا لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و دەڵێ لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشخستنی پەیوەندییەکانی دۆستایەتییە لەنێو میللەتان



لەسەر بناغەی رێزلێنانی ئەم(مەبدەئەیە)کە داوای یەکسانی لە مافەکان دەکات لەنێوان میللەتاندا هەریەکێك لەو میللەتانە مافی چارەنووسی خۆیان هەیە و لەسەر ئەم بناغەیە دەبینین نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بابەتە زۆر بڕیاری دەرکردوون، لەوانە:

١- بڕیاری ژمارە (١٥١٤) کە لەکۆمەڵەی گشتی دەرچووە لە ١٩٦٠/١٢/٤١ بو دانی سەربەخۆیی بۆ ئەم وڵاتانە و میللەتانی ژێردەست. ئەم بڕیارە ناسراوە بە بە بڕیاڕی لەناوبردنی ئیستعمار و بڕیاری سەرەوە تێدا هاتووە کە بەپەلە دەبێ سنورێك بێ مەرج دابنرێت بۆ ئیستعمار بەهەموو چەشنێك، هەروەها راگەیاندرا کە هەموو میللەتێك مافی سەربەخۆیی هەیە و چارەنوسی خۆی بەخۆی بکات و ئازادە لە دیاریکردنی مەڵبەندی رامیاری خۆی و هەوڵدانی جێ بەجێ کردنی لەهەموو بوارێك.

٢- بڕیاری ژمارە (١٨٠٣) کە لە ١٩٦٢/١٢/١٤ دەرچوو لە کۆمەڵەی گشتی بە مەبەستی دەسەڵاتی بەردەوامی دەوڵەتەکان بەسەر سەرچاوەکانی سروشتی بووە.

٣- بڕیاری ١٩٧٠/١٢/١٥ کە دووپاتی مافی میللەتان هەیە بۆ چارەنووسی خۆیان و پێویستە پەلە بکرێت بەدانی سەربەخۆیی بۆ میللەتانی ژێر دەستی ئیستعمار باوە و بۆیان هەیە دژی خەبات بکەن ئەو میللەتانەی کە دان بە مافە چارەنووسی خۆیان هەیە تاکە مافەکەی بگێڕێتەوە بەهەر رێگایەك بێت، هەروەها ئەم بڕیارە شەرعیەتی پەنا بردنی هەیە بە هەر رێگایەك بێ و لەوانە خەباتی چەکداری و شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، وەبڕیاری ژمارە(٢٩٥٥)کە لە ١٩٧٢/١٢/١٢ و بڕیاری لە ١٩٧٢/١٢/١٧ لە کۆمەڵەی گشتی دەرچوون دووپاتی مافی سەرەوەیان کردووە،و لەوە بەدەردەکەوێت و هەروەکو لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە دەبینین کە مەبدەئی مافی چارەنووسی میللەتان بویتە یەکێك لە مەبدەئەکانی دانپێنانی نێودەوڵەتی و رۆحی بەرزی هەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەگەر سەیری واقیعی میللەتی کورد بکەین و چۆن مەرجەکانی(امە) لەسەری دەسەپێت، دەبێنین میللەتی کورد هەموو مەرجەکانی(امە)ی تێدایە، لەبەرئەوە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە لەسەر خاکەکەی کوردستان وەکو هەموو میللەتانی دنیا، بۆی هەیە بەپێی بەشی دووەم لە برگەی یەك لەبەندی یەك لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەروەها بڕیارەکانی کە دەرچووینە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، و بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی تایبەتی خۆی بۆی هەیە دەستکاری ئازادانەی سەرومالی خۆی

بکات، هەروەها داهاتەکانی ئاسایی بەبێ پێشێلکردنی لەخۆ گرتنەکان کە لە ئەنجامی هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی دروستبووینە، بەهەرحاڵ نابێ میللەتێك لە سوودوەرگرتن لەرێگایەکانی ژیانی تایبەتی قەدەغە بکرێت، بەڵام هەرچەندە کورد داوای دەوڵەتی کوردی نەکردووە کە رووبداون داوای مافە رەواکانی نەتەوەیی کوردیان کردووە لە چوارچێوەی عێراق، بەڵام حکومەتەکانی عێراقی یەك لەدوای یەك کە هاتوونەتە سەر حوکم لە رۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تاکاتی نووسینی ئەم دێرانە، هیچ چارەسەرێکی ژیرانەیان پێشکەش نەکردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لەبەر زاڵبوونی عەقڵییەتی شۆڤێنی بەسەریان، هەرکاتێك دەنگی کورد بەرز بوویێتەوە لەم پارچەی کوردستانەوە یاخود لە پارچەکانی تری کوردستان وەزیرەکانی پێوە لکاندووە کۆ دەبنەوە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ کپکردنی ئەو دەنگە و دەوڵەتانی سەرەوە هیچ رۆژێك لە رۆژان لەسەر هیچ کێشەیەك رێکنەکەوتوونە تەنها بۆ دژایەتی میللەتی کورد و دۆزەکەی و چۆنێتی لەناوبردنی میللەتی کورد رێککەوتوونە نموونە لەسەر ئەمە زۆرن و دەبینین لە بەشی سێ برگە یەك لە بەندی یەك دەقی خوارەوە تێدا هاتووە و دەڵێت:

بۆی هەیە ئابوورییەکەی ئازادانە ببوژێنێتەوە، هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەلێرەیە کێشەی کورد، نەوت بۆتە بەرەڵا بەسەروگێلاکییەوە هەر لەو رۆژەی ویلایەتی موسڵ لکێندرا بەعێراق بەرامبەر بە ١٠٪ لە داهاتەکانی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ نەوت رۆڵی خراپی گەورەی بینی لە دابەشکردنی کوردستان، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە بەشەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە، هیچ پرۆژەی پیشەسازی و ئابووری گرنگ لە کوردستانیان دروستنەکرد هەتا لەدوا رۆژ ببێتە بناغەیەکی ئابووری بۆ کوردستان و گەلی کورد سوودی لێوەرگرێت و لەدوا رۆژدا بتوانێت ئیعتماد لەسەر خۆی بکات بۆ بەکارهێنانی پرۆژەکانی و سوود لێوەرگرتنی و ئەگەر سەردانی تورکیا و سوریا و ئێران بکەی دواکەوتن بەناوچەکانی کوردستان دیارە لەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندوون، کاتێ مرۆڤ لە خاکی کوردستان دەردەچێت و دەگاتە خاکی تورکەکان و فورسەکان و عەرەبەکان لە تورکیاو ئێران و سوریا، یەکسەر هەست بەگۆڕانکاری دەکات لە ئاوەدان کردنەوە و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارێك، بێجگە لەرووی رۆشنبیری ئەوە هەرباسی ناکرێت، چونکە ئێمە لەسەدەی بیستویەکین تا ئێستا دەوڵەتانی سەرەوە لایان قەدەغەیە بەزمانی کوردی قسە بکەین و پێی بخوێنین کە زمانی دایکە و عەقڵییەتیان



هەڵناگرێت خوێندن و رۆشنبیری بەزمانی کوردی بێت، هەتا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کورد لە کوردستانی رۆژئاوا(کوردستانی سوریا) مافی ئەوەیان نییە کە رەگەزنامەی(جنسیەی) سورییان پێ بدرێت هەر چەند لەسەر خاکی باب و باپیران و زێدیان دەژین، هەموو بەندەکانی تر باسی پتەوکردنی سەربەخۆیی میللەتان و پێشخستنی ئاستی ئابووری هاووڵاتیان هەروەها ئاستی تەندروستی و رۆشنبیری و هەروەها رێگەپێدان بەخۆ رێکخستن لەناو ریزەکانی پارتەکان و رێکخراوەکانی پیشەیی و ئەو رێکخراوانەی کە مەڵبەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤ پتەو دەکەن.

## کودەتای ١٧ی/ تەمموزی/ ١٩٦٨

دوایێ بۆمان دەرکەوت کە چەند گەورە ئەفسەرانی سەربازی عێراق پیلانیان دادەنا دژی حوکمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف، لەو ئەفسەرانە عەبدولڕەزاق نایف بوو کە لە شوێنێکی گرنگ بوو لە دەوڵەت، چونکە جێگری بەرێوەبەری دەزگای سیخوڕی سەربازی بوو برادەرەکەی ئیبراهیم عەبدولڕەحمان ئەلداود ئەمانە لە لایەك کاریان دەکرد و لە لایەکی دیکە بەعسییەکان پیلانیان دادەنا دژی حوکمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بۆ لادانی، دەرکەوت کە پیلانەکانی بەعسییەکان ئاشکرابوو، بۆ عەبدولڕەزاق نایف و هەردوولا رێککەوتن بۆ لادانی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ئەبوو کودەتای ١٧ی/ تەمموزی/ ١٩٦٨ روویداو لە کاتێ عێراقییەکان ناوەکانی کودەتاچییەکانیان زانی دەرچوو زۆربەیان بە بەدناوی و خراپەکاری هەر لە کودەتای ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ی خوێناوی، چونکە ئەوان هێندە تاوانیان ئەنجامدابوو دژی عێراقییەکان بەگشتی و دژی میللەتی کورد بەتایبەتی لەبەرئەوە عێراقییەکان تووشی شڵەژان ببوون و نارەحەت بوون لەم کودەتاچییانە و تەنها سێزدە رۆژی پێچوو دیسان بەعسییەکان هەڵگرانەوە لە دۆستانی دوێنێ و کودەتایەکی دیکەیان ئەنجامدا لە ١٩٦٨/٧/٣٠ دژی عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان ئەلداود و بەعسی بوو دەسەڵاتی تاك لە عێراق بۆیە خەڵکەکە هێربوون و نائومێدی لەسەر رووی هەموو عێراقییەکانەوە دیاربوو، چونکە هێشتا برینەکانی تاوانەکانی بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ سارێژ نەکرابوون بەتەواوەتی و خەڵکانێکی زۆر هێشتا لە بەندیخانەکانی عێراق بوون و ئاسەواری دەروونی لە عێراقییەکان دیاربوو لەبەر تاوانەکانی پاسەوانی نەتەوەیی(حرس قومی) کە سوپای بەعسییەکان بوو، هەر چەند بەعسییەکان هەوڵیاندا خۆیان پێشکەش بەمیللەتی عێراقی بەچەشنێکی نوێ و خاوێنی بکەن بەپێچەوانەی

چارەیانی ١٩٦٣، بەڵام نەیان توانی تاوانەکانیان لە مێشکی عێراقییەکان بسڕنەوە، ئەوەبوو پەنایان بردە بەر پشتگرتنی ئەو خەڵکانەی کە دژایەتی شۆڕشی کوردیان دەکرد بەچەك و ماڵ، بەڵام خۆشبەختانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەهێناو بەم کارە چەوتە زیاتر دوورکەوتنەوە لە سەرکردایەتی شۆڕش لە لایەك و لە لایەکی دیکە لەگەڵ ئەوپەڕی چەپڕەوی عێراق کە بریتی بوو لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق (القیادة المرکزیة) کەچی لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمەنیستی عێراق نزیك بوونەوە لە بەعسییەکان هەرچەندە پەل و لقی چەکداریان هەبوو لەناو شۆڕشی کوردستان و تاوانەکانی بەعسییەکان وەها زوو لەبیریان چووەوە، ئەمە حاڵەتێکی غەریب و راست نەبوو دوایی لە جێگایەکی دیکە بەتێروتەسەلی باسی لێوە دەکەین.

بۆئەوەی عەتفێکی چەپڕەوەکانی عێراق و نێودەوڵەتی بۆخۆیان دروستبکەن بەعسی(ئیعترافی) بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسی کرد و چەند بڕیارێکی دەرکرد لەبارەی چاندن و خۆماڵی کردن.

بەنیسبەت شۆڕشی کوردستان بەهاوکاری جاشەکان هێرشێکی سەربازی بەرفراوانیان کردە سەر پێشمەرگە قارەمانەکان، بەڵام خۆشبەختانە ئەم هێرشە گەورەیە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەهێنا جگە لە زەرەر و زیانێکی گەورە لە کوژراوەکان و سامان، بەعسییەکان ناچار بوون پەنایان بردە بەر گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش کە بریتی بوو لە خودی سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی و لەپاش چەند چاوپێکەوتنێکی زۆر و بەردەوام کە زیاتر لە دوو مانگی خایاند رێککەوتن ئیمزا کرا لەنێوان حکومەتی بەعسی و سەرکردایەتی شۆڕش کە ئەویش رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە میدیاکان راگەیەندرا لە هەمان رۆژ کە لە خوارەوە دەقی رێککەوتننامەکەیە.

## بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

١- زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی زۆریان لە کوردەکان بن، هەروەها زمانی کوردی زمانی خوێندن دەبێت لە ناوچەکانی سەرەوە و زمانی عەرەبیش دەخوێندرێت لە هەموو قوتابخانەکانی کە بەزمانی کوردی دەخوێنن شانبەشانی زمانی کوردی، هەروەها زمانی کوردیش دەخوێندرێت لە هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق وەك زمانی دووەم لەو چوارچێوەی کە یاسا دیاری کردووە.



٢- بەشداریکردنی برا کوردەکان و خەڵکانی دیکە لە فەرمانبەرێتی گشتی و لەگەڵ ئەوانیش پلەوپایە بەرزەکان و گرنگ لە دەوڵەت وەکو وەزارت و سوپا و ئەوانیتر یەکێك بووە لە پێشان و ئێستاش لە کارە گرنگەکان کە حکومەتی شۆڕش بۆی هەوڵدەدات بێتەدی و لەوکاتەی کە دان بەو (مەبدەئە) دەنێت دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستە کاری بۆ جێبەجێکردنی بکرێت بە نسبەتێکی عادیلانە لەگەڵ رەچاوکردنی لێهاتوویی و ژمارەی خەڵك، هەروەها رەچاوکردنی ئەو مەغدوریەتەی لە رۆژانی رابردوودا بەکورد گەیشتووە.

٣- لەبەر ئەو دواکەوتنەی کە نەتەوەی کورد لە رۆژانی رابردوو توشی هاتووە لەڕووی رۆشنبیری و پەروەردە دەبێ پلانەك دابندرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دواکەوتنە لە رێگای:

أ- پەلەکردن بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەڕووی زمان و مافە رۆشنبیرییەکانی گەلی کورد و بەستنی ئەو شوێنانەی تایبەتمەندن بەکاری نەتەوەی کورد لە ئێستگە و تەلەفزیۆن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی.

ب- گێڕاندنەوەی ئەو قوتابیانەی کە دەرکراون و یاخود ناچاربوینە بۆ بەجێهێشتنی خوێندنەکەیان بەهۆی بارودۆخی توندوتیژی لە ناوچەکە بۆ قوتابخانەکانیان بەبێ رەچاوکردنی تەمەنیان و چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ کێشەکانیان.

جـ- زۆرکردنی قوتابخانەکان بەکردنەوەیان لە ناوچەکانی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و وەرگرتنی قوتابی کورد بەنیسبەتێکی عادیلانە.

٤- فەرمانبەرەکان پێگەیەکانی بەڕێوەبردن لەو شوێنانەی کە زۆرینەیان کوردن دەبێ کوردبن و یاخود زمانی کوردی بزانن بەپێی پێویست و دامەزراندنی بەرپرسەکانی ئەساسی(پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاساییش(امن) و کارەکانی دیکە بەرامبەر و بەبێ دواکەوتن دەبێ پەرەبدرێت بەدامودەزگای دەوڵەت لە ناوچەکە بەمشتومڕ لەگەڵ لێژنەی بەرز کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەم بەیانە دەکات بەمسۆگەرکردن و جێبەجێکردن و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و هێورکردنی ناوچەکە.

٥- حکومەت دان بەمافی میللەتی کورد بنێت بەدامەزراندنی رێکخراوەکانی تایبەتمەند و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان، ئەم رێکخراوانە دەبنە ئەندام لە رێکخراوەکانی نیشتمانی عێراقی هاوپیشە.

٦- برگە(١) درێژەپێدانی کارکردن بەهەردوو برگە ١و ٢ لە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە/ ٥٩ لە ١٩٦٨/٨/٥ تا بەرواری دەرچوونی ئەم بەیانە و هەموو ئەو خەڵکانەی دەگرتەوە کە بەشداربووینە لە کارەکانی توندوتیژی لە ناوچەی کوردی.

أ- هەموو فەرمانبەرو کرێکارەکان لە سویلەکان و سەربازەکان دەگەڕێنەوە بۆ کارەکانیان بەبێ پابەندبوون بەمیلاك و سوود لە سویلەکان(مدنییەکان) وەردەگرێت لە ناوچەکانی کوردی بەپێی پێویست.

المادە/ ٧ / بڕگە/أ هەیئەتێك یاخود لیژنەیەك پێکدەهێنرێت لە پسپۆڕان بۆ پێشخستنی ناوچەی کوردی لە هەموو رووییێکەوە بەزووترین کات و قەرەبوکردنی ناوچەکە لەو زەرەر و زیانەی پێیانگەیشتووە لە سالانی پێشوو، و بودجەیەکی تێروتەسەل دابندرێت بۆ جێبەجێکردنی کاری سەرەوە و ئەم هەیئەتە یاخود ئەو لیژنەیە سەر بەوەزارەتی کاروباری ژوور و دەبێت.

ب- پلانێك بۆ ئابووری دادەنرێت بۆ دابینکردن و پێشکەوتنێکی هاوسەنگ بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق و دواکەوتنی ناوچەکانی کوردی دەبێ رەچاو بکرێت لەبەر بارودۆخی کوردستان.

جـ- مووچەی خانەنشین دابیندەکرێت یاخود دادەنرێت بۆ خێزانەکانی ئەو خەڵکانەی کە شەهید بووینە لە ئەنجامی شەڕوشۆڕ لە پیاوەکانی بزاڤی رزگاریخواز و چەکداری کورد و ئەوانی دیکە (مەبەستم پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستانە لە ناوچە رزگارکراوەکان)و وەئەوانی تر(جاشەکان) هەروەها مووچە دابین دەکرێت بۆ پەککەوتووەکان بەهۆی هەمان بارودۆخ بەپێی یاسایەکی تایبەت وەکو یاسایەکانی تری کارپێکراو.

د- کارکردنێکی بەپەلە بکرێت بۆ فریاکەوتنی زەرەرمەند و کەم دەرامەتەکان لەڕێگای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نیشەجێ کردن و کارەکانی تر و دابینکردنی کار بۆ بێ کارەکان و پێشکەشکردنی کۆمەك و پارەوپوول و قەرەبووکردنی زەرەرمەندەکانی پێویستیان بەهاوکاری هەیەو لیژنەی بەرز بەم کارە هەڵدەستێت و ئەم خەڵکانە ناگرێتەوە کە لە برگەکانی سەرەوە هاتوون.

٨- گێڕاندنەوەی عەرەبەکان و کوردەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بەڵام خەڵکانی ئەو گوندانەی کە لەو ناوچانەن کە ناکرێت بکرێنە شوێنی نیشەجێ کردن و حکومەت دەستی



بەسەردا دەگرێت بۆ بەرژەوەندییەکانی گشتی بەپێی یاسا، ئەو خەڵکانە لە شوێنەکانی تەنشتیان نیشتەجێ دەکرێن و قەربوو دەکرێن لەو زەرەرەی کە پێیان دەگات بەهۆی سەرەوە.

٩- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی چاندن لە ناوچەکانی کوردی و هەمووارکردنی بەچەشنێك لەناوبردنی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی زامن بکات و هەموو جوتیارەکان پارچە زەوییان بەبەر بکەوێت و لە باجی چاندن کە لەسەریان کۆبویتەوە لە سالانی پێشوو بەهۆی شەڕوشۆڕ عەفو بکرێن.

١٠- هەردوو لا رێککەوتن کە دەستوور هەموار بکرێت هەروەکو لە خوارەوە هاتووە:

أ- میللەتی عێراق پێك دێت لە دوو نەتەوەی سەرەکی ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە و ئەم دەستوورە دان بەمافەکانی گەلی کورد دەنێت، هەروەها دان بەمافی هەموو کەمایەتییەکانی دیکە دەنێت لە ناو چوارچێوەی یێکێتی عێراق.

ب- ئەم بڕگەیە دەخرێتە سەر بەندی چوارەم لە دەستوور. دەبێ زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەتەك زمانی عەرەبی لە ناوچەکانی کوردی.

ج- ئەوەی لەسەرەوە هاتووە دەبێ لە دەستوور بنووسرێت.

١١- ئێستگەو چەکی قورس دەبێ بدرێتەوە میری و ئەمە دەبەسترێت بەجێبەجێکردنی قۆناغەکانی کۆتایی ئەم رێککەوتنە.

١٢- یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار دەبێ کوردبێت.

١٣- یاسای پارێزگاکان هەموار دەکرێت بەچەشنێك بگونجێت لەگەڵ ئەم بەیانە.

١٤- لەپاش راگەیاندنی ئەم بەیانە دەبێ کارەکانی پێویست ئەنجامبدرێن بەتاوتۆکردن لەگەڵ لیژنەی بەرزی سەرپەرشتکار بۆ جێبەجێکردن و یەك کردنەوەی پارێزگاکان و یەکەیەکانی بەڕێوەبردن کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکان کوردن بەپێی سەرژمێریارەکانی فەرمی کە ئەنجامدەدرێن و میری هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئەم یەکە بەڕێوەبردنانە و رێگادان بەمیللەتی کورد بۆ خزمەت و پەرەپێدانی ناوچەکە و بەکارهێنانی هەموو مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی حوکمی زاتی(ئۆتۆنۆمی)و بۆئەوەی ئەم یەکە بەڕێوەبردنە بێتەدیێ، تەنسیقی کاروباری نەتەوەیی کوردی دەکرێت لەڕێگای کۆبوونەوەکانی بەردەوام لەنێوان لیژنەی بەرزو پارێزگاکانی ناوچەی ژوور و وەئۆتۆنۆمی جێبەجێ دەکرێت لە

چوارچێوەی کۆماری عێراق و بەکارهێنانی(استغلالی) سامانی سروشتی ئەم ناوچەیە لە دەسەڵاتی دامودەزگای ئەم کۆمارەیە.

١٥- میللەتی کورد بەشداری لە دەسەڵاتی تەشریعی دەکات بەپێی نیسبەتی ژمارەکەی لەگەڵ ژمارەی عێراق.

میللەتی کورد بەم ڕێککەوتنە دڵخۆشبوو و ئومێدی خێری کرد بەوەرگێڕانی لاپەڕەی شەڕو دانانی حوکمەتی عێراق بۆ یەکەم جار بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەمە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، بەڵام دەبێ لەبیرشمان نەچێت ئەم ڕێککەوتنە دەرچوو لە پاش بەکارهێنانی حکومەتی ناوەندی هێزی زەبروزەنگ بۆ لەناوبردنی شۆڕش، بەڵام خەیاڵی خاوبوو بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشت لەبەرئەوە ڕێگای گفتوگۆ گرتەبەر لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و گەیشتن بەرێککەوتننامەی سەرەوە، هەرچەندە ڕێککەوتننامەکە گرنگ بوو و زۆر شتی گرنگی تێدابوو، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەمە تاکتیك بوو لەلای حکومەتی بەعسی وکەوتنە پیلانگێڕان و تێکدانی ڕێککەوتنەکە و ڕێگای خواروخێچیان گرتەبەرو پیلانێکیان ئەنجامدا بەهەوڵدان بەتیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە کاتی ئەنجامدانی وتووێژکردن لە بەغدا، لەسەرەتای کانوونی یەکەمی/١٩٧٠ لەناو شاری بەغدا تەقەیان لە ئوتومۆبێلەکەی کرد، بەڵام خۆی لەناو ئەو ئوتومۆبێلە نەبوو لەکاتی تەقەکردن و تاوانباران کە خۆفرۆشەکانی کوردبوون ڕەوانەی دادگا کران و حوکمی سزادانیان بۆ دەرچوو، بەڵام حوکمەکە دەرحەق تاوانباران جێبەجێ نەکرا هەروەکو مەسعود بارزانی لە لاپەڕە ٥٧٦و ٥٧٧ لە کتێبەکەی بەناوی بارزانی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە بەشی ٣دا دەڵێت، لە ١٩٧١/٩/٢٩ هەوڵی کوشتنی سەرکردەی شۆڕش بارزانی نەمریاندا، شوکر لە کوشتن رزگاری بوو، بەڵام بریندار بوو بەم تاوانە گەورەیە سەرکردایەتی شۆڕش بەیەکجاری بڕوای بەحکومەتی بەعس نەما، بەڵام بارزانی نەمر پەیوەندی لەگەڵ حکومەت نەبڕی لەبەر بەرژەوەندی میللەتی کوردو لایی ئاشتی گرت، بەڵام ئەم هەوڵە تیرۆرستییە هەموو ئومێدێکی بڕی بۆ چارەسەری کێشەی کوردی بەرێگای ئاشتییانە و بڕوایی نەما و تەنها کات ژماردن نەبێت[٧٨] هەروەها لە تەمووزی/ ١٩٧٢ پیلانێکی تری نوێی هەوڵدانی کوشتنی بارزانی ئاشکرابوو، بەڵام ئەوەی کە داندرابوو کارە چەوتەکەی ئەنجامبدات

٧٨- البارزاني والحركة التحررية الكردية/مسعود بارزاني ج٣ بەزمانی عەرەبی.



بەپێی خۆی جانتا مینچێنراوەکە بەTNT لە ١٩٧٢/٧/١٥ بردی و دای بەدەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەم پیلانەش لە داڕێژراندن و سەرپەرشتی کردنی تاوانبار نازم گزار بوو کە ئەوسەردەمە بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی حکومەتی بەعسی بوو[٧٩].

پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریکردن لەنێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت ڕۆژبەڕۆژ مۆسکۆ و بەغدا لە یەکتری نزیك دەبوونەوە و عێراق یەکجار بەرەو سۆڤێتی پێشوو چوو، چونکە، لەبەرچەند هۆییێك عیراق دەیویست لە سۆڤێت نزیك ببێتەوە و هۆیەکانیش ئەمانە بوون:

١- دوورخستنەوەی سۆڤێت لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و دوورخستنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی سۆشیالیست.

٢- وەرگرتنی نوێترین چەك لە روسیا بۆ سوپای عیراق لەبەر ئەوەبوو پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری بەست لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت، و لەسەر ئەو بنەڕەتە رووی خۆشی پێشانی شیوعییەکانی عیراقیدا بۆ ئاسانکردنی کارەکانی خۆی و دابێن کردنی پێویستییەکانی ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر سەرکردایەتی شۆڕشی نزیك دەبووە لە ئەمریکا ئەم نزیکبوونەوەی لە عێراق کاری حکومەتی عێراق ئاسان کرد و وای کرد کە سۆڤێیت زووتر قەناعەت بە قسەکانی حکومەتی بەغدا بهێنێت، ئەوەبوو حکومەتی بەغدا پرۆژەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوو دابەزاند و بەشیی زۆرینە بۆخۆی دانا کە ١٥٪ بۆ بەعسیەکان بوو لە کورسییەکانی بەرەیی ناوبراو و ٤٩٪ بۆ هەموو ئەو بارتە سیاسیانەبوو کە دەچوونە ناو بەرەکە، و ڕژێمی بەغدا توانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بخلیسکێنێتە ناو ئەو بەرەیە بێ هاوسەنگە و هەڵەییێکی زۆر گەورە بوو پارتی کومۆنیستی عیراق کردی بە بەشداربوون لە بەرەی ناوبراو و بووە هۆی چەسپاندنی رژێمی بەعس و کارەکەی ئاسانکرد، بەم کارە هەڵەیە گورزێکی گەورە وەشاندە ڕێکخراوەکانی خۆی لە کوردستان هەروەها بۆ چەکدارەکانی خۆی کە لە کودەتای ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ بەشدارییان کردبوو لە شۆڕشی کوردی تارۆیشتنی بۆ ناو بەرەی سەرەوە، چونکە تا ئەو سەردەمەی چەکدارەکانی پارتی کومۆنیستی عیراق کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا لەناو شۆڕشی کوردستان و بەمە سەنگی خۆی دۆڕاند لەناو شۆڕش و کورد چونکە خۆی کردە لایەن لەگەڵ بەعسیەکان بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان و هێزی

٧٩- البارزاني والحركه التحرريه الكرديه/مسعود بارزاني ج٣ بەزمانی عەرەبی.

چەکدارەکەی هەڵوەشا و چەکەکانیان دوڕاند و ڕێکخراوەکان لاواز بوون بەبێ هیچ بەرامبەر، وە پارتی کومونیستی عیراق وەها مەزەندە دەکرد وەزۆر بە ساویلکەیی کە دەتوانیت جموجولی خۆی ئەنجام بدات لە ناوەند و خواروی عیراق و خەلکان و لایەنگرەکانی خۆی دەگێریتەوە بەبێ چاودێری دەزگا سیخورییەکانی بەعس بەڵام خەیاڵی خاوبوو، ئەمە لەلایەك و لەلاییێکی تر بە رویشتنی بۆ ناو بەرەی سەرەوە هەموو ڕێکخراوەکانی خۆی و کادیرەکانی ئاشکرا کرد و کاری حکومەتی ئاسان کرد بوو لێدانی پارتەکەی لەناوەندی ساڵی ١٩٧٨ وە زۆر لەسەرکردارەکان و کادیرەکانیان توشی سوکایەتی و لێدان و تێهەلدان و گرتن بوون و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پارتی سەرەوە توشی شکستە بوون وەخۆیان دایە دەست دەزگا سیخوریەکان و خەلکانیتر وازیان لە شیوعیەت هێنا لەپاش ئەوەی کە بەعس ئیشی بە شیوعیەکان نەما لەپاش جێبەجێ کردنی مەرامەکانیان، و ئەوەی دەستی دەزگا سیخوریەکانی بەعسی نەگەیشتێ ناچار بوون دووبارە پەنا ببەنە شاخەکانی کوردستان لە ترسی مردنی مسۆگەر و لە خەیاڵ دەژیان وەبیروبۆچوونی سەیریان هەبوو، و لە بیریان چوو وەیاخوت لەبیری خۆیان بردەوە تاوانە گەورەکانی بەعسیەکان کە دژیان ئەنجام درا هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ کە بەعسییەکان و قومیەکان دەستیان کرد بە تیرۆرکردنی کادیر و ئەندامەکانی و ئەو کارە بێ ئەخلاقانە کە بەعسیەکان ئەنجامیاندا دژی شیوعیەکان لەکاتی کودەتای ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ و لەپاش سەرکەوتنیان، وەبەم چەشنە ڕژێمی بەعس توانی سوڤییێت دوربخاتەوە لەسەرکردایەتی شۆڕشی کوردی و کشانەوەی شیوعیەکان لەناو شۆڕشی کوردی و هەروەها توانی شۆڕشی کوردی دووربخاتەوە و بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی سوشیالیست.

## راگەیاندنی یاسای (حوکمی زاتی) ئوتونومی

لەلایەن حکومەتی بەغدا ێك لایەنە لە شەوی ١٩٧٤/١٣/١٢/١١ لە ئێستگەی بەغدا بریاری سەرکردایەتی (ئوتونومی) لە یەك لایەن و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان راگەیاندنێکی دەرکرد بە ڕەت کردنەوەی یاسای سەرەوە و نەرازی بوونی خۆی راگەیاند کە ئەم یاسایەی سەرەوە کەموکوڕی تێدایە و حوکمی زاتی سەرکاغەزە، و سەرکردایەتی کوردی پابەندی خۆی راگەیاند بە دیموکاسی بۆ عیراق و حوکمی زاتی راستەقینە بۆ کوردستان و ئەمە دروشمێکی نوێ بوو لە جیاتی دروشمە پێشەکەی دیموکراسی بۆ عیراق و حوکمی زاتی بۆ



کوردستان هەروەکو مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا (بارزانی و بزاڤی رزگاری خوازی کوردی ل٢٩٨) بە زمانی عەرەبی دەڵێت. لە مانگی ئادار تا ناوەندی نیسانی/ ١٩٧٤ خەلکانێکی یەکجار زۆر لە فەرمانبەر و مامۆستا و کرێکاران و قوتابیان و ئافرەتان و کاسب کاران و هێزی ئاسایش تا و خوو سوپای عیراق و لە هەموو چین توێژ رویشتنە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان، و رژێم رێگای لە هیچ کەسێك نەگرت بۆ رویشتنە ناو شۆڕش، بە مەبەستی بار قورس کردنی شۆڕشی، چونکە ئەم هەموو خەڵکە لەناو شۆڕش پێویستیان بە شوێن و ڕێی و جێ بوو بۆ نیشتەجێکردنیان و پێویستیان بەخواردەمەنی هەبوو، و لە راستیدا رۆیشتنی ئەم هەموو خەلکە بۆ ناو شۆڕشی بەبێ نەخشەدانان هەلەیەکی زۆر زۆر گەورە بوو، و خەلکەکە وەها تێگەیشتبون کە چەند رۆژێکن و حکومەت ناچار دەبێت مل شۆڕ دەکات بۆ شۆڕش، بەڵام حکومەت بە ئەنقەست ئەم ڕێگایەی پەیدا کرد بۆ دروست کردنی کێشەکان بوو سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی هەر وەکو گوتمان لەسەرەوە و هەروەکو خوپێشاندانێك بۆ بەڕای من لە جیاتی شارو شارۆچکەکان بەجێ بهێلن و بچینە ناوچە رزگارکراوەکان دەیان توانی ئەم شارو شارۆچکانە رزگاربکەن لەشوێنەکانی خۆیان بمێنینەوە لەجیاتی باری شۆڕشی قورسی بکەن ئەمە لەلایەك و لەلایەکیتر و هەلەیی گەورە کردنەوەی زانکۆ بوو لە شاری قەلادزێ کە لەناوچە رزگارکراوەکان بو، چونکە سەرکردایەتی شۆڕش شارەزای درِوندایەتی بەعسیەکان بوو، و دووجار بەعسیەکانیان تاقی کردبوە، یەکەم جار ساڵی ١٩٦٣ و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ تا رێککەوتن نامەی ١١ی ئاداری/ ١٩٧٤ ئەوەبوو رژێمی بەعس تاوانە گەورەکەی لە ١٩٧٤/٤/٢٤ ئەنجامدا بە بومباباران کردنەکەی قەلادزێ وە زانکۆ کە بوە هۆی دەیان شەهید لە قوتابیانی کولیجەکان و برینداربوونی ژمارەیەکی تر، و دروست بوونی قەسابخانە.

## ماوەی چوارساڵی جێبەجێ کردنی حوکمی زاتی

سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتبون کە حوکمی زاتی لەپاش چوار ساڵ لەسەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ بکەن کەواتە لە ١١ی ئاداری/ ١٩٧٤ و لە راستیدا من ئەو سەردەمە قەناعەتم نەبوو بەم ماوەیە چونکە ماوەکە دوور و درێژ بوو، و لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ بارزانی نەمر لە زستانی ١٩٧٢ لەمێرگەسوور پێم راگەیاند کە ماوەی چوار ساڵ بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی زاتی زۆرە و دەکرا لەماوەی چوار مانگ

جێبەجێ بکرێت لە جیاتی چوار ساڵ، بەڵام سەرکردایەتی ئەو سەردەمە وەهابوو، حکومەتی بەغدا زۆر سوودی لەو ماوە درێژەی وەرگرت بە نەهێشتنی دوژمنەکانی چ لە ناو سوپا وەیاخوت لەناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، و پێ گەیاندنی ئەفسەرێکی زۆر، و خۆبەهێزکردن لە ڕووی ئابوورییەوە بە خۆماڵی کردنی نەوت و سەرکەوتن لەم ڕووەوە بەستنی و مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری کردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و راکێشانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ ناو بەرەیی نیشتمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتوو کە تا دوێنێ دۆستی شۆڕش بوو، و دەستکردن بە گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ ئێران وزانینی داخوازییەکانی بەرامبەر بە لێدانی شۆڕش لەپشتەوە، و کڕینی چەند کادیرێکی سەرکردە و پێشکەوتوو لەسەرکردایەتی شۆڕش، بەرامبەر بەمە سەرکردایەتی شۆڕش هیچ سوودێکی ئەوتۆی وەرنەگرت لەو ماوە دوور و درێژە کە چوارساڵ بوو بەرامبەر بەو زەرەر و زیانەی پێگەیشت لە ماوەی سەرەوە، ئەوەبوو حکومەتی بەغدا لەیەك لایەنەوە حوکمی زاتی لە ١١ی ئاداری/ ١٩٧٤ راگەیاند هەرچەند سەرکردایەتی کوردی داوایکرد بوو ماوەی یەك ساڵیتر دوابخرێت و حکومەت رەتتی داوایەکەی کردەوە، سەرکردایەتی کوردی داوای کرد کە پارێزگایی کەرکوك بخرێتەسەر ناوچەیی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) بەڵام حکومەتی بەعس ئەم داوایەشی رەت کردەوە و لەماوەی چوارسالانی رابردوو حکومەتی بەعس بەردەوام بوو بە گواستنەوەی فەرمانبەرانی عەرەب بۆ کەرکووك و هێنانی عەشایری عەرەبی ناوچەی پارێزگای کوت و شوێنەکانیتر بۆ کەرکووك دابەشکردنی زەوی بە سەریان و پێدانی پارە و دراو بەم خەڵکانە بۆ دروستکردنی خانووبەرە و بەعەرەب کردنی پارێزگاکە بەو واتای ئەگەر سەرژمێری لە کەرکووك ئەنجامدرا زۆرینەی خەڵکی شارەکە بەعەرەب دەربچێ بە مەبەستی گۆڕینی دیموغرافی کەرکوك، لەو کاتەی کە هەموو نیشتمان پەروەرانی کوردستان سوربوون بە کوردستانیەتی کەرکووك و بەهیچ شێوەیەك نابێت تەتازولی لێ بکرێت، شەرەکە دەستی پێکردەوە.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤

لەپێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حکووزمەتی ناوەندی و سەرکردایەتی شۆڕش چەند چاوپێکەوتنێکی یەك بەدوای یەك ئەنجامدران لەنێوان هەردوو لای سەرەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە تاکە حزبی کوردی بوو لەسەر گۆڕە پانی کوردستان پرۆژەی حوکمی زاتی خۆی



پێشکەش بە حکومەتی ناوەندی کرد و بەعسییەکان لەگەڵ پارتی کومونیستی عیراق پرۆژەی خۆیان پێشکەشکرد لەسەر هەمان ناوەخت، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لەنێوان هەردوو پرۆژە و لەوان مەسەلەی کەرکووك بوو و ناوچە کوردییەکان کە ناکۆکییان لەسەربوو، دوایین چاوپێکەوتن لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی بەغدا، سەردانەکەی ئیدریس بارزانی بە یاوەری شاندێکی گەورە بوو بۆبەغدا لە ١٩٧٤/٣/٧ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەدام حسێن ئەنجامدرا و لەو وتانەی کە سەدام حسین بە ئیدریس بارزانی گوتبوو لە خوارەوە دەقەکەیتی: ئەوەی من دەمەوێ بە باوکت بگەینی (مەبەستی بارزانی نەمریوو) وتەکان هی سەدامن: کە ناچارمان نەکەن تەنازول بۆ شاە بکەین ئەگەر بینیمان خەتەرناکی لەسەر عیراق و سەروەرییەکەی دروستبوو، ئەو سەردەمە ناچاردەبین تەنازول لە شەتتوئەلعرب بکەین بۆ بەرپەرچدانی خەتەرناکی سەرەوە و ئەم کارەش برینێکی قوڵ و گەورە لە دلمان دەکا، وتەکان بەردەوام هی سەدامن، ئەوکاتە ئێوە تەحەمولی ئەنجامدەکەن و بەرپرسێتی دێتەسەر ئێوە و ئەگەر ناچار بووین تەنازولمان کرد بۆ شاە ئێوە نرخە گەورەکەی دەدەن، ئیدریس بارزانی وەڵامی دایەوە و بەسەدامی گوت پێویستە بۆ ئێوە و باشترە تەنازول بۆ میللەتەکەتان بکەن لەجیاتی شای ئێران و بۆ ئێوە باشترە بگەرێنەوە ویژدانتان پێش ئەوەی دەست بەشەڕ بکەنەوە و لەم حاڵەتە بڕوای میللەتی عیراق بە تێکڕایی دەدۆڕێنن، لێرەدا کۆتایی هات بە گفتوگۆ و لە ١٩٧٤/٣/٩ ئیدریس بارزانی و شاندە یاوەرەکەی گەڕانەوە ناوچەی شۆڕش و ئینزاری سەدام بە بارزانی گەیاند، لە هەمان شەو دەستکرایە کۆبوونەوەکان بە بەردەوام و لە و کووبوونەوانە بریار درا بە ڕەت کردنەوە ئینزاری رژێمی بەغدا.[٨٠]

شەڕ دەستی پێکردەوە و رژێم هەموو توانا و سوپای خۆی کە بە نوێترین چەك ئامادە کرابوو و دەستیی کەوتبوو لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، هەروەها هێزە ئاسمانییەکەی و جاشە کوردە خۆ فرۆشەکان ناردیە کوردستان ئەو جاشانەی کە لێبوردنی گشتییان بۆ دەرچوو بوو لە دوای رێککەوتن نامەی ١١ی ئاداری/ ١٩٧٠، دیسان دەستیان دایە چەك دژی میللەتەکەیان چونکە رەگی خیانەت کۆنبوو و ئەوەی گرتی بەشیری بەرنادتن بە پیری، جاشی نوێش پەیدابوون ئەو جارە ئەوانیش بەداخەوە کومونیستەکان بوون، کە تا دوێنێ شان بەشانی پێشمەرگە

٨٠- البارزاني و الحركة التحررية الكردية لمسعود البارزاني ل٢٩٦و ٢٩٧ بەزمانی عەرەبی.

قارەمانەکان بەرگرییان دەکرد لە کوردستان ئیمرۆ ئەوانیش بەداخەوە چوونە ریزی جاشە کوردە خۆ فرۆشەکان وەپیاوەتی شۆڕشیان لەبیرچوو کە لەپاش کودەتای ٨ی شوباتی رەشی/ ١٩٦٣ ڕایان کردبوو ناو شۆڕشی و پارێزران لە دوژمن و لەپاش شەڕێکی توندوتیژ لە هەموو بەرەکانی شەڕ سەرتاسەری کوردستان بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو، حکومەت سەرکەوتنێکی سەربازی ئەوتۆی و بەدەستنەهێنا، چونکە حکومەتی بەعس دەستی بە گفتوگۆی کرد بوو لەگەڵ ئێران لەپێش ساڵی ١٩٧٤ و داواکارییەکانی ئێرانی پێگەیشتبوو، سەدام حسێن بە ئیدریس بارزانی گوتبوو کە ناچار دەبێ تەنازول لە شەت ئەلعرب بکەین بۆ ئێران، هەروەکو گوتمان شکستی سەربازی هێنا، حکومەتی بەعس پەنای بردە بە پیلانگێڕان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و سەری شوڕکرد بۆ ئێران بەرامبەر بە بڕینی ئێران هەموو جۆرە هاوکارییەك لە شۆڕشی کوردستان ئەوە لەبیرمان نەچێت لەکاتی شەڕ بەردەوام بوون لەنێوان حکومەتی بەعس و شۆڕشی کوردستان حکومەت بەردەوام بوو بە عەرەب کردنی کەرکووك و بڕیارێکی دەرکرد بەدابەش کردنی قەزا و ناحیەکانی کوردی کەرکوك لەسەر پارێزگاکانی دیالی و تکریت و سلێمانی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردی کەرکووك، و دەرکردنی کوردەکان لە زێدی باب و باپیرانیان وەکو شنگال و خانقین و گوندەکانی شێخان (عين سفنێ) و نیشتەجێ کردنی عەرەبی لەسەر خاکیان و شوێنیان، ئەوەبوو بەعس پەنای بردە بە پیلان دژی کورد، ئەوەبوو ڕێککەوتننامەی ئەلجزائر لەنێوان عیراق و ئێران مۆرکرا و ئەمەش لەبەرچاوی هەموو دەولەتان بوو، بۆیە بە پیلانەکی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت.

## ڕێککەوتننامەی ئەلجزائر

لەسەرەتای مانگی ئاداری/ ١٩٧٥ کۆنگرەی ئۆپێك بەسترا لەجزائر و شای ئێران و سەدام حسێن کە جێگری سەرەك کۆماری عیراق بوو ئەو سەردەمە لە کۆنگرەی سەرەوە ئامادە بوون و لەژێرەوە گفتوگۆکرا لەنێوان عیراق و ئێران بەهاوکاری ئەلجزائر و هەردوولا ١٩٧٥/٣/٦ گەیشتنە یەك بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجزائری خیانەتکار لەو شاهی ئیران و سەدام حسێن مۆریان کردن و ئەمە پیلانەکی نێودەوڵەتی بوو، چونکە هێنری کیسنجر وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ئەو سەردەمە بوو، ئاگادار بوو لەم پیلانە هەروەها یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و روسەکان ئیستراحەتیان بەم ڕێککەوتنە کرد، چونکە پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری کردنیان



هەین بوو لەگەڵ عیراق و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بەناو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوو بوو لەکەڵ بەعس، ڕێککەوتنی ئەلجزائر بریتی بوو لە کێشانەوەی ئێران هەموو جۆرە یارمەتییەك بەتایبەتی سەربازی لە شۆڕشی کوردی و بڕینی هەموو هاوکارییەك لە کوردستان بە دەیان هەزار کورد لە ژن و پیاو و منداڵ لە ئوردوگاکانی ئێران کەوتبوون دەکرا بەبارمتە حجز بکرێن، هەروەکو مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا (بارزانی و بزاڤی رزگاری خوازیی کوردیدا ب٣ بەزمانی عەرەبی) دەڵێت: بەندی نەهێنی هەبوون لە ڕێککەوتنەکەی جزائردا ئەویش بەکارهێنانی خاکی ئێران لەلایەن سوپای عیراقەوە بۆ لێدانی شۆڕش لەپشتەوە و ئەفسەرە گەورەکانی عیراقی دیترابوون لە شارۆچکەی خانەی سەر سنوری عیراق وەك تیمی شارەزا و پسپۆڕ بۆ ناوچەکە، بەرامبەر بەمە عیراق تنازولی کرد لە شەت و ئەلعرب کە دەکەوێتە خوارووی عیراق لەلای پارێزگای بەسرە و هێلی تالوك کرا بە هێلی ناوبڕ لەنێوان سنووری عیراق و ئێران لە شەت ئەلعرب هەروەها عیراق تنازولی کردلە عەردێکی زۆر لە خاکی عیراق هەر لەحاجی ئومەرانەوەی لە ژووری عیراق تا فاو لەخوارووی عیراق و ئێرانیش تیمەکانی تۆپ هاوێژی خۆیان کێشایەوە لەناو شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش هەستی بە مەترسی ڕێککەوتنی سەرەوە کرد یاخود پیلانی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەی کورد و بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی بتوانێت بە پەلە فریای چارەسەرکردنی کێشەکە بکەوێ، مەکتەبی سیاسی پارتی کوردستان بروسکەیەك ئاراستەی حکومەتی عیراق کرد و تێیدا داوای گفتوگۆی کرد بۆ گەیشتنی بە ئەنجامێك و رزگار کردنی شۆڕش و کورد لە پیلانی سەرەوە، بەلاّم حاکمەکانی بەغدا تووشی لەخۆ بایی ببوون (غرور) و هیچ گرنگییەك یان نەدا بە بروسکەی مەکتەبی سیاسی سەرەوە و بەسووکایەتی بروسکەکەیان خوێندەوە و گێیان پێ نەدا، بەڕای من بروسکەیی سەرەوە چاکترین هەل بوو، بۆ حکومەت بۆپێکهاتن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش، بەلاّم تووشی عزور ببوون و ئەنجامی نەبوو و دەبوایە حکومەتی بەغدا تنازول بۆ میللەتەکەی بکات لەجیاتی بۆ دوژمنی تقلیدی عەرەب، ئەو سەردەمە چارەسەری کێشەکە ئاسانتربوو لە ساڵی ١٩٧٤ حوکمی زاتی بیان دابا بەسەکردایەتی و گەڕابانەوە لە ئێران بۆ عیراق لەجیاتی مانەوەیان لە ئێران و پەرتوبلاّویان لە وڵاتانی دنیا ئەمە لەلایەك و لەلایەکیتر مەسعود بارزانی لەسەرچاوەی سەرەوە دەلێت کە سەدام حوسێن لە ١٩٧٤/٣/٨ بەئیدریس بارزانی گوتبوو: ئەگەر ناچاربووین تەنازل لە شەت ئەلعەرەب بکەین بۆ ئێران هەتا عێراق لەدەستمان

دەرنەچێت، بەبێ دوودڵی تەنازل دەکەین(ل٣٤٣)و ئەمە ئیشارەتێکی ئاشکرابوو لە سەدامەوە کە حکومەتەکەی لاری نییە مساوەمە لەگەڵ ئێران بکات دژی کورد، هەروەها مەسعود بارزانی لە لاپەڕە/٣٤٤ لەهەمان سەرچاوە دەڵێت کە لە هاوینی ١٩٧٤ لەڕێگای پاراستن کە دەزگایەکی ئاسایشی شۆڕش بوو زانیارییان پێگەیشتبوو کە بەنهێنی گفتوگۆ هەیە لەنێوان ڕژێمی عێراق و ئێران و ڕێککەوتنەکە خەریکە تەواو ببێت لەنێوان هەردوولا و، بەڵگەش کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران بوو لە ئەستەنبوڵ وەگفتوگۆ بەردەوام بوو وباس کرا کە ئیسرائیل ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە کۆبوونەوەی سەرەوە بۆیە دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕش زانیارییەکانی سەرەوە بەهەند وەربگریت و کاربکات بۆ ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر، بەڵام ئەوە نەبوو، کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پاشگەز بووەوە لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بەشۆڕشی کورد وەئێرانیش لەپشتەوە گورزی وەشاند و لە شۆڕشیداو لەپاش چەند کۆبوونەوەیەك و دیراسەکردنی بارودۆخی شۆڕش لە هەموو لایەکەوە لە لایەن سەرکردەکانی شۆڕش، سەرکردایەتی گەیشتە بڕیاری ڕاگرتنی خەباتی چەکداری و شۆڕش هەرەسی هێناو پێشمەرگەکان و خاوخێزانیان بەشێکیان چوونە ئێران و بەشێکی دیکە گەڕانەوە عێراق لەپاش دەرکردنی حکومەتی بەغدا لێبوردنی گشتی بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەشدارییان کردبوو لە شۆڕش و لەپاش لێبوردنی یەکەم ئەو خەڵکانەی گەڕانەوە عێراق بردیانەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ئەوانەی گەڕانەوە بۆ عێراق لەپاش درێژەپێدانی لێبوردن دوورخرانەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی خواروو و ناوەندی عێراق و لەناو سەریڤەکان[81] نیشتەجێ کران لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد سووکایەتی پێکردن بەو شۆڕشگێڕە قارەمانانە کە چوکیاندا نەدا بۆدوژمن بەهێزی چەك، بەڵام ناچاربوون خۆیان بدەنە دەست دوژمن لەپاش پیلانێکی نێودەوڵەتی کە شای ئێران ڕۆڵی گەورەی تێدا بینی و زۆر لە کوردە شۆڕشگێڕەکان لەڕقی ئێران گەڕانەوە بۆ عێراق نەك بۆ چاوی سەدام و هەتا ئەوانەی گەڕانەوە عێراق پەشیمان بوونەوە، بەڵام چارەیان نەما لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕش و خرانە ژێر چاودێری دەزگا سیخوڕەکانی بەعس و قەدەغەکران لە سەردانی دۆستان و کەس و کاریان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە دەزگای ئەمن و بۆ ماوەیەکی کورتی دیارکراو و ئەوانەی بەو چەشنەی سەردانی کوردستان و کەسوکاریان دەکرد دەکەوتنە

81- دانەر خانووەکانیان لە قامیش و قوڕ دروستکراون و تایبەتمەندن بەعەرەبەکان .



ژێر چاودێری هەمان دەزگا لەو ناوچانەی سەردانیان دەکرد وەڕاپۆرت لە دژیان دەنووسراو ئەو خەڵکانەی لە سوپای عێراق کارمەندبوون لە ئەفسەر و دەرەجەدار پێش ئەوەی ببنە پێشمەرگە، هەروەها کارمەندانی دەزگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەر هەموویان ناردرانە دائیرەکانی مەدەنی وەك فەرمانبەری سویل(مدنی) کاریان دەکرد و نەیانگەڕاندنەوە سەر کارەکانی پێشوویان لەناوەند و خوارووی عێراق جگە لە بەغدا و بەدیدی من شۆڕش بەکاتی ڕاوەستا هەرچەند زۆر لە سەرکردەکانی کورد جیاوازییان خستە نێوان شۆڕشی ئەیلوولی/١٩٦١ و شۆڕشی نوێ کە لە ١٩٧٦/٥/٢٦ دەستپێکرا و ناوزەد کرا بەشۆڕشی گولان. لەو ماوەی نێوان پیلانەکەی ئەلجەزائیر لە ئاداری ١٩٧٥ تا دەستپێکردنەوەی شۆڕشی

١٩٧٦/٥/٢٦ زۆر گۆڕانکاری ڕوویدا و عێراق دەستی بەپێکهێنانی لیژنەکانی سنووری بۆ جێبەجێکردنی پیلانی جەزائیر و ئەو ئەرزانەی سنووری کە بە بەر ئێران کەوتبوون بەپێی پیلانی سەرەوە بدرێتە ئێران ئەمە لە لایەك لەلایەکی دیکە، چونکە کۆتایی بەشۆڕشی ئەیلوول هات، حکومەتی بەغدا پێویستی بەجاشە خۆفرۆشەکان لە کورد و عەرەب نەما و چەکەکانیان لێ سەندنەوە و جاشەکان گەڕانەوە سەنگەکەیان و ملیان شۆڕ بوو و ڕەزیل کران و یاسای چاکسازی چاندنی کوردستان دەرچوو کە ناسرابوو بەیاسای ژمارە/٩٠ بۆئەوەی دەسەڵاتی عەشایری کەم بکەنەوە وەشێخ و دەرەبەگ و ئاغایەکان سەنگیان نەمێنێت، بەڕاستی هیچ سەنگیان نەماو ئەوکاتەی هەستیانکرد کە ئەوان بەهۆی شۆڕشی کوردستان نرخیان درابۆیێ لە لایەن حکومەت و دەبوایە لەپاش ئەم تاقیکردنەوە هیچی تر جاشایەتی نەکەن، بەڵام ئەوەی گرتی بەشیری بەرنادت بە پیری و خائین قەتوقەت ڕاست نابێت، ئەوجا حکومەتی بەعس دەستیکرد بە ڕاگوێزانی خەڵکی گوندەکان بەزۆری بۆ ناوچەکانی تر، هەروەها بۆ کۆمەڵگاکانی زۆرەملێ  بەبێ دابینکردنی هیچ کارێك و بژێوێك بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان و دابەشکردنی مەفرەزەکانی ئەمن لەناویان بۆ چاودێری کردنیان و دامەزراندنی بنکەکانی حزبی بەعس بۆ کردنیان بە بەعس بەخورتی لەناو کۆمەڵگاکانی سەرەوە و ئەمە شتێکی سەیر بوو لەسەر ئەم ئەزیەتەش خەڵکانێکی کەم نەفس نزم بوونە بەعسی و وەکیلی ئەمن و لەو ناوچانەی کە ڕاگوێزران بۆ یەکەمجار، ناوچەی بارزان بوو کە بەیەکجار خەڵکی ٢٧ گوند ڕاگوێزران و لەپاش ئەم ڕاگوێزرانە بەکۆمەڵە حکومەتی بەعسی دەستیکرد بەدوورخستنەوەی ١٣٠ لە چاکترین سەرپەل و سەرلق و ناودارانی ناوچەی باڵەك بۆ خوارووی عێراق بەبیانووی دامەزراندنیان و

مەبەست لەوکارە دوورخستنەوەی پیاوە شیاوەکان بوون لە ناوچەکە نەوەکو دووبارە دەست بەشۆڕش بکەنەوە، چونکە لەپاش لێبوردنی گشتی لە ئێران گەڕابوونەوەو حکومەت پاشگەزبووەوە لە لێبوردن و دەیویست خەڵکەکە بخاتەوە ژێر دەستی خۆی وەزۆری لەگەڵ کورد کرد، بۆیە خەڵك بڕوای بەحکومەتی بەغدا نەماو بەعسییەکان راستییەکەی خۆیان پیشانی خەڵکدا ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە بڕیاری ژمارە ٨٠٧ی دەرکرد کە زۆر بەدبڕیار بوو بەنیسبەت کورد وەبەپێی ئەو بڕیارە هەر هاوولاتییەك چەك هەڵبگرێت یاخود هەیبێت یاخود فیشەك یان لێبگیرێت ئەوە سزا دەدرێن بە بەندکردن هەتاهەتایەو زۆر لە هاوولاتیانی کورد بەم بڕیارە نێردرانە دادگای شۆڕشی بەدناو(محكمه الثورة) و سزا دران بە بەندکردنی هەتا هەتا لەبەرئەوە حاڵەتێکی ترس و لەرز لە کوردستان دروستبوو و لە خۆبایی بوونی بەعسییەکان و رەوشتی بەدبوونە دوو هاوکاری کاریگەر بۆ دووبارە دەست پێکردنەوەی شۆڕشێکی نوێ و یەکەم کەس کە دەستیان دایە چەك دژی حکومەتی بەغدا سەرلەنوێ سێ برایەکان بوون سەید عەبدوڵڵا و عەلیکۆ و ئەحمەد و کوڕەکانی نەبی بوون خەڵکی شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنووری ئێران و پیاوی زیرەك و ئازابوون و رۆڵی بەرچاویان بینی بوو لەناو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و برایەکیانی لە ساڵی ١٩٦٢ بەناوی سلێمان شەهید بوو.

هەروەکو باسمان کرد لە سەرەوە حکومەتی بەعسییەکان بڕیاریان دابوو بەدوورخستنەوەی ١٣٠ لەو کەسایەتییانەی کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکی سنووری بۆ خوارووی عێراق، چونکە میری مەترسییان لێدەکرد،لەوانە هەردوو برا سەید عەبدوڵڵا نەبی کە ئامیر بەتالیۆن بوو لە شۆڕشی ئەیلوول و برایەکەی ئەحمەد خۆیان و ماڵ و منداڵیان سواری ئۆتومۆبێلەکان کران، بەڵام برایەکەیان عەلیکۆ لەگەڵیان نەبوو و لەرۆژێکی باران و قوڕ و ناخۆش بەرەو هەولێریان بردن، بەڵام عەلیکۆ برایەکەیان فریایان کەوت و دیارکەوت کە بەرپرسانی دەسەڵاتدار دەیانناسین ئەوەبوو بەفەرمانێك لەنێوان هەولێر - کەرکووك کە بەرەو کەرکوکیان دەبردن گێڕاندیانەوە بۆ ناوچەی باڵەك و لەوێوە بۆ حاجی ئۆمەران، بەڵام ئەو سێ برایە بڕوایان بە حکومەت نەما و حاجی ئۆمەرانیان بەجێهێشت بەرەو چیاکانی دەوروبەری حاجی ئۆمەران و خێزانەکانیان بەجێهێشت و لەپاش چەند رۆژێك زەلامێکیان نارد بۆ حاجی ئۆمەران بۆ ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان کە خۆیان ئامادە بکەن و لە رۆژی دیاریکراو هەر سێ برایەکان دێن و خێزانەکانیان دەرباز دەکەن بەرەو ئێران دەچن،



بەڵام بەداخەوە زەلامی سەرەوە کەوتە بۆسەی سوپا و دەزگیرکرا و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئازار و ئەشکەنجەدان ناوبراو دانی بەراستییەکەی ناو کاتی هاتنی هەر سێ برایەکان بەرەو حاجی ئۆمەران نەیان زانیبوو کە ترەکتەرەکەیان گیراوە و دانیناوە لەکاتی دیارکراو کە دێنەوە بەرەو حاجی ئۆمەران فەوجی سوپای عێراق لە حاجی ئۆمەران بۆسەیەك بۆیان دادەنێن و لەکاتی گەیشتنی سەید عەبدوڵڵاو پێشمەرگەکانی بۆ شوێنی بۆسەکە تەقەیان لێدەکرێت و دەبێتە شەڕ لەنێوان هەردوولا وەلەئەنجامی شەڕەکە سەید عەبدوڵڵا شەهید دەبێت لەبەرئەوە دەبێتە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان هەروەکو مەسعود بارزانی لە کتێبەکەی دا (بارزانی و بزاڤی رزگاری خوازی کوردی ب٣) بەزمانی عەرەبی دەڵێت کە سەید عەبدوڵڵا یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵانە و بەپێی ئەو دۆستایەتییەی کە هەیتم لەگەڵ هەر سێ برایەکانی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە من پێشمەرگەی ئەیلوول بووم لە ناوچەکەیان کارم کردووە بۆ چەند ساڵ لە بەرپرسێتی جۆراوجۆرم هەبوو لە ساڵانی شێستەکانی سەدەی بیستەم. ئەوەبوو کە شۆڕشی گولان لە ١٩٧٦/٥/٢٦ دەستی پێکرد بەعسییەکان دووبارە دەستیان کردەوە بەناونووسینی جاشەکان و جاشە کوردەکانیش تەمبێ نەبوون بەزەلیل بوونیان لەپاش هەرسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول کە حکومەت پشتی تێکردبوون، بەڵام ئەوەی گرتی بەشیری بەرنادات بەپیری و جاشەکان زۆر پێخۆشحاڵ بوون بە نوێ بوونەوەی شۆڕش نەك لەبەر خاتری کورد، بەڵکو بۆئەوەی مووچەی جاشایەتی وەربگرن و دەستبکەن بەڕاوڕووتی هاوولاتیانی کورد و تالانکردنی گوندەکانیان و دزی و تەعەداکردن لە هاوولاتیان و گرتن دەستپێکرد و رەوانەی دادگای شۆڕشی بەدناو دەکران و بەتووندترین سزا حوکم دەدران.

بەدەستپێکردنی شۆڕشی گولانی/ ١٩٧٦ پارتە سیاسییەکانی نوێ لەسەر گۆڕەپانی کوردستان پەیدابوون و فرەحزبی لە کوردستان دروستبوو کەچی لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ تاکە حزبی نەژاد پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەسەر گۆڕەپانی کوردستانی تا هەرەس هێنانی شۆڕش لەپاش پیلانی ئەلجەزائیر و بەپەیدابوونی پارتە سیاسییەکان نوێ سیستەمی حوکمی تاکە حزب کۆتایی پێهات و هەر پارتێك چەکداری تایبەتی خۆی رێکخستبوو وەخۆی بەڕێوەدەبرد لە هەموو رووێکەوە.

## هەڵوێستی پارتی بەعسی بەرامبەر بەپارتی کۆمۆنیستی عێراقی

هەر لە سەرەتاوە بەعسییەکان لەگەڵ شیوعییەکان راست نەبوون، بەڵام مەبەستی بەعسییەکان لە کێشانەوەی شیوعییەکان لە شۆڕشی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لێیان بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و دۆستایەتییەکان و هاوکاریان بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ پیشاندانی رووێکی سپی بۆ بەرامبەر بەئۆردوگای رۆژهەڵاتی سۆسیالیست، بەڵام بەداخەوە شیوعییەکانی عێراقی بەهەڵە چوبوون و وەها تێگەیشتبوون کە بەعسییەکان راستگۆن لە پەیوەندییەکانیان لەرێگای بەرەی نا هاوسەنگ لەگەڵیان و دەزگا سیخورییەکانی بەعسی ئەم هەڵەیان قۆستەوە بەچاودێرکردنی بارەگاکانی شیوعییەکان وەناسینی کادیرو ئەندامەکانیان، هەروەها سەرکردەکانیان بۆ رۆژی پێویست، شیوعییەکانیش هەر بەسادەیی خۆیان مانەوە تا ئاشکرابوونی رێکخراوەکانی شیوعییەکان لەناو سوپای عێراق و قەدەغەش بوو کە بۆ هیچ لایەنێك نییە سیاسەت لەناو سوپا بکات تەنها بەعسییەکان نەبێ، ئەوەبوو بەعسییەکان بەفورسەتیان زانی بۆ وەشاندنی گورزێك بۆ شیوعییەکان لەپاش ئەوەی کە ئیشیان پێنەمان و ئەو سەربازانەی کە لەناو رێکخراوەکانی سوپای عێراق بوون و سەربەشیوعییەکان بوون دەسگیر کران و لە سێدارە دران، بەعسییەکان دەستیان بەڕاوەدوونانی شیوعییەکان لە سەرەوە تا خوارەوە کرد و زۆر کەسیان گیران و بەشێکی دیکەیان خۆیاندا بەدەست و رێکخراوەکانیان ئاشکرا کردن و ئەوانی دیکە رایانکرد بەرەو شاخەکانی کوردستان دووبارە لە پایزیساڵی ١٩٧٨ دەستیان دایە چەك دژی دۆستی دوێنیێ و رێکخراوەکانیان لاواز بوون و دەستیان کرد بەخەباتی شۆڕشگێڕانە شانبەشانی پارتە کوردستانییەکان کە لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٦ بەرەو چیایەکانی کوردستان رۆیشت بوون و دەستیان کردبووە چەك دژی بەعسییەکان.

هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بەشۆڕشی ئێران لە شوباتی/ ١٩٧٩ شۆڕشی میللی ئێران سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە دژی شاهی ئێران و هەموو پارتە رامیارییەکانی ئێران بەشداریان تێدا کرد، بەڵام لایەنی ئایینی لە کۆتاییدا تێدا زاڵ بوو و دەسەڵاتی گرتە دەست لە ئێران و شا ناچاربوو ئێران بەجێبهێڵێت بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەڕوات، چونکە خاکی هیچ دەوڵەتێك راینەگرت لەبەر چەوتی سیاسەتەکەی و خراپکارییەکەی و هەتا دۆستی دوێنیێی کە ئەمریکا بوو ئەویش پشتی تێکرد و راینەگرت، لە دواییدا میسر رێگای پێدا کە لەوێ نیشتەجێ ببێت



و لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش هەر پارتێکی رامیاری دەیویست خۆی بەدەر بکات بۆئەوەی چەند دەسکەوتێکی ببێت و لەوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان بوون کەوتنە جموجۆڵ و داوای مافی نەتەوەیی گەلی کوردیان کرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ناوزەد کراوە بە کوردستانی ئێران، بەڵام پیاوە ئایینیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و مافە رەواکانی کوردییان خستنە پشتگوێ و کەوتنە لە سێدارەدانی جەنەڕاڵەکانی سوپای ئێران و بەدەیان کەس لەوان کوژران و مێشکی دواکەوتوو بوو بەخاوەن دەسەڵات لە هەموو بوارێکەوە و پەیوەندییەکانی ئێرانی دەرەوە تێکچوون، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکا وەئێرانییەکان خەڵکانی ئەمریکی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە دەستیان بەسەر داگرتن وەك بارمتە، و بارودۆخی ئێران لە هەموو لایەکەوە تێکچوو، بۆیە سەدام حوسێن بەهەلی زانی کەوا بەمێشکی خۆی دەتوانێت گورزی خۆی بوەشێنێت و رێککەوتننامەی ئەلجەزائیر کە لە ١٩٧٥/٣/٦ بەناچاری ئیمزای کردبوو لەگەڵ ئێران هەڵبوەشێنێتەوە کە بەپێی رێککەوتننامەی سەرەوە تەنازلی لە خاکی عێراق و شەت ولعەرەبی کردبوو بۆ ئێران بەپێی هێڵی تالوك، بەڵام سەدام لەشوێنی دووەم لە دەسەڵات و پێویستی بەلادانی سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بوو لەسەر رێگای خۆی بۆئەوەی خۆی ببێتە سەرۆك کۆمار، ئەوەبوو لە ١٤ی تەمموزی ١٩٧٩ ئەحمەد حەسەن بەکری لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن وازی هێنا لە سەرۆکایەتی و پێشکەشی کرد بە سەدام گوایە تەندروستییەکەی تەواو نییە کەچی دیاربوو بەناچاری بڕیاری وازهێنانی داو سەدامیش لە جێگای بووبەسەرۆك کۆمار، لەڕاستیدا ئەحمەد حەسەن بەکر هێمنتر و هێورتر بوو لە سەدام لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەبەرئەوەی بەتەمەن بوو لە سوپا پلەپلە بەسەرکەوت لەبەرئەوە عێراقییەکان زیاتر بڕوایان بە ئەحمەد حەسەن بکر بوو نەك سەدام حوسێن و هەتا هاوڕێیەکانیش لە سەرکردایەتی و بەهاتنی سەدام بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار رازی نەبوون، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی عێراق و عیراقییەکان دەستی پێکرد.

## سەدام حوسێن لەگەڵ هاوڕێکانی

لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا باش بوون کە چەپی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست حوکمی سووریای دەکرد, سنوورەکانی سووریا بۆ عێراقییەکان کرانەوە بۆ سەردانی سووریا بەپێی ناسنامە, رێپیوان و خۆپشاندان و ئاهەنگ گێڕان شەقامی عێراقی

گرتەوە و خەڵکەکە دڵخۆشبوو بەم نزیکبوونەوەی نێوان عێراق و سووریا, سەرکردایەتی هەردوولا سەردانی یەکتریان دەکرد لەسەر ئاستی فەرمی و حزبی, هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عێراقی بڕوایان کرد کە ئەم نزیکبوونەوەیە لە یەکتر راستەو لەسەر ستراتیجییەتی حزبەکەیانە و سەدام حوسێن چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، دیتی هەندێك لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی حزبەکەی زۆر نزیکبوونەتەوە لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سووری و پەیوەندییەکانیان خۆشبووەو مەترسی لەم پەیوەندییانە دروستکرد, ویستی لێیان رزگاری بێت بە بەهانەی دروسبوونی پیلان لە لایەن سەرکردەکانی سەرەوە دژی سەدام، ئەوەبوو بڕیاریدا لەناویان ببات, بەڕاستی لەناویانی برد و بەدەیانی لێکوشتن و لەسەر ئەم رووداوە پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا تێکچوو و یەکدیان تاوانبار دەکردو دیسان سنوورەکانیان داخستن، بەڵام سەدام حوسێن دەستی بەسەر حیزبی بەعسی داگرت و ناحەزانی لێدران و دوورخرانەوە لە سەرکردایەتی و هەروەها باڵادەست بوو لە حزب و دەوڵەت بەتەواوەتی و دەستی بەهەڕەشە کرد لەگەڵ ئێران و هێرشی بردە سەر ئێران بەهەموو توانای سەربازی بە ئیستغلالی بارودۆخی و شلۆقی ئێران و نەمانی جەنەراڵەکانی سوپایی ئێران و باڵادەستی عەقڵییەتی ئایینی لەسەر سوپاو سەدام وەها مەزندەی دەکرد کە دەتوانێت بەسەر ئێران بکەوێت، چونکە ناکۆکی کەوتە ناو حزبەکانی ئێرانی و پیاوە ئایینیەکان باڵادەست بوون و ئابلۆقەی ئابووری خرایە سەر ئێران و سەدام حوسێن رێککەوتنەکەی جەزائیر یەك لایەنە هەڵوەشاندەوە هەرچەندە رێککەوتنەکە خودی خۆی بەستبووی و مۆری کردبوو جەنگی دژی ئێران بەچەشنی فەرمی راگەیاند.

## جەنگی عێراق و ئێران و کاریگەرییەکەی لەسەر کورد

لە ١٩٨٠/٩/٢٢ هێزەکانی سوپای عێراق بەهاوکاری هێزی ئاسمانی هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر خاکی ئێران هەروەها مووشەکی نزیك و دوورهاوێژی بەکارهێنا لە هەموو لایەك و شارو شارۆچکەکانی کەوتە بەر لێدانی مووشەکەکان بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان پیاوی بێ چەك و ژن و منداڵ و پیر، عێراقییەکان زۆر نیگەران بوون بەدەسپێکردنی جەنگ، چونکە ئاکامی خراپە و کاریگەرییێکی نێگەتیڤی هەیە لەسەر هەموو لایەکی ژیان وەکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ژینگە، بەڵام کەس بڕوای نەدەکرد کە ئەم جەنگە هەشت ساڵ دەخایەنێ و رادەکێشێت و خەڵك وەها مەزندەی دەکرد کە ئەنجوومەنی ئاساییش لە نەتەوە



یەکگرتووەکان دێتە ناو گۆڕەپانەکە و شەڕەکە رادەگرێت لەماوەی چەند رۆژێك، بەڵام وەها دەرنەچوو و تاها یاسین رەمەزان کە ئەوسەردەمە جێگری سەرۆك کۆمار بوو گوتی: ئەگەر زۆر ئەم جەنگە بەردەوام بێت دوو ساڵ رادەکێشێت، بەڵام ئەمەش راست دەرنەچوو و لەجیاتی سەدام حوسێن بیر لە پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ بکات کە لە حاڵەتی جەنگ ئەمە زۆر پێویست بوو بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکات، بەتایبەتی سەرکردایەتی زۆربەی هەرە زۆری پارتە سیاسییەکانی کوردستانی لە ئێران بوون کە شۆڕشی کوردیان بەڕێوەدەبرد بۆئەوەی ئێران سوودیان لێوەرنەگرێت، بەڵام سەدام تووشی غروور ببوو سواری سەری خۆی بوو، بەڵام بەم لایەدا نەڕۆیشت و بەردەوام بوو لە جەنگەکەی لە دەرەوە دژی ئێران و لەناوخۆ دژی کورد و بەرهەڵستکارانی عێراق لەناوەند و خوارووی عێراق، چونکە وەهای مەزندە دەکرد کە لە هەردوولا سەردەکەوێت، بەڵام ئەمە مەحاڵە، و زیاتر غرووری گرت کە لە سەرەتای هێرش بردنە سەر ئێران چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێناو لە چەند شوێن خاك و ئەرزی ئێرانی گرت، چونکە دەستپێشخەری کرد لە هێرش بردنە سەر ئێران و لەپاش هێرشەکەی عێراقی کتوپڕ بۆ سەر ئێران وردە وردە ئێران بەئاگا هاتەوە و بەرگری لەخۆی و خاکەکەی کرد و گۆڕانکاری کەوتە بەرەکانی شەڕو بەلای ئێراندا رۆیشت و هەرکاتێ عێراق شکستێکی هێنابا لە بەرەکانی شەڕ سەدام دەستەکی لە کورد دەوەشاند بەگرتن و راگوێزانی خەڵکی گوندەکان و حەشاردانیان لەناو کۆمەڵگا بەزۆرەملییەکان، لە ساڵی ١٩٨٣ تووشی هستریا بوو کە سوپایەکەی لە حاجی ئۆمەران توشی شکستێکی گەورە بوو، و بۆئەوەی مێشکەکەی تۆزێك بحەسێتەوە(٨٠٠٠) هەشت هەزار بارزانی بێ چەك لەناو ماڵ و منداڵیان دەرهێناو شوێن بزری کردن و لە گۆڕستانە بەکۆمەڵکوژەکان بەشێکیان دۆزرانەوە و ئەم تاوانە گەورەیان لە رۆژی ١٩٨٣/٧/٣١ ئەنجامدا و حکومەتی بەعسی بەردەوام بوو لە تێکدانی گوندەکانی کوردنشین هەر لە سنووری سووریا لە رۆژئاوا تا خانەقین لە رۆژهەڵات و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی گوندەکانی سەرەوەیان موسڵمان بوون یاخود مەسیحی و لە هەر گوندێك یا مزگەوتێکی لێ بوو وەیاخود دێرێك و هەرهەموویان ماڵی خوای گەورەبوون. کۆی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان گەیشتە(٤٥٠٠) چوارهەزارو پێنجسەد گوند و مزگەوت و دێری وێرانیان کردن و دێریان سوتاندن بە قورئان و ئینجیلەوە کە فەرموودەی خودای میهرەبانن، هەرچەندە کورد هاواری دەکرد، بەڵام کەس گێی لە کورد رانەگرت و هەتا موسڵمانەکانی دنیا هیچ

هەڵوێستێکیان نەبوو بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە کە سەدام حوسێن و بەعسییەکان ئەنجامیاندا دژی میللەتی کوردی موسڵمان جگە لەوەی عەرەبەکان چ میللەت و چ حکومەتەکان هیچ هەڵوێستیان نەبوو و خۆیان تێنەگەیاند و ئەو سەردەمەی جەنگی خوێناوی بەردەوام بوو کە هەردوو میللەتی عێراق و ئێران هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبوو لەم جەنگە تەنها هەردوو بەئاگرەکەی دەسووتان کەچی دەوڵەتانی دنیا هەر یەکەو سەیری جەنگیان دەکرد لە روانگەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە لەوانە ئەمریکا کە دەیدیت سەرکەوتنی ئێران دژی بەرژەوەندییەکانیتی لەبەر ئەو هەڵوێستە توندەی کە ئێران وەری گرتبوو دژی ئەمریکاو گرتنی هاوولاتییەکانی وەك بارمتە لەبەرئەوە ئەمریکا بیری لەوە کردەوە کە دەبێ کۆتایی بەجەنگی نێوان عێراق و ئێران بێنێت بەبێ سەرکەوتنی هیچ لایەنێك هەروەکو سەرۆکی ئەمریکای پێشوو رۆنالد ریغان گوتی ئەوەبوو چەند شارەزاو پسپۆڕ لە دەزگای موخابەراتی ناوەندی ئەمریکا گەیشتنە عێراق و لەگەڵ دەزگای ئیسخباراتی سوپای عێراق کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ یەکدی کرد وەزانیاری چاکیان دا بە عێراق لەڕووی سەربازییەوە لەسەر ئێران هەروەکو لیوا روکن وەفیق سامەرائی لە زنجیرە نووسینەکانی لە(الاتجاە الاخر) بڵاویکردەوە و بەزمانی عەرەبی وەبەم زانیاریە لۆجستیانە هاوسەنگی هێزەکانی جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران گۆڕا بەلای عێراقداو لە ئەنجامدا شەڕەکە لەنێوان هەردوولا لە ١٩٨٨/٨/٨ راگیرا، بەڵام تۆقاندنە لە کوردستان بەردەوام بوو لەپاش راوەستانی شەڕ سوپای عێراق گەرمترین و توندوتیژترین شەڕیان ئەنجامدا لە کوردستان و لە هەموو شەڕەکانی بەناوبانگ و گرنگترین شەڕی خواکورك بوو لە سێگۆشەی عێراق و ئێران و تورکیا کە زیاتر لە مانگ و نیوێکی خایاند و لووتی سوپای عێراقیان شکاندو و زۆریان لێ کوژران و بەدیل گیران و نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنێکی سەربازی بەدەست بێنن و لەبەر ئەو شکستەی کە لە خواکورکیان هێنا پەنایان بردە بەر ئەنفالی بەدناو و بەدکار کە(١٨٢٠٠٠) سەدوو هەشتاو دووهەزار کورد بوونە قوربانی هەروەها دامودەزگاکانی بەعس لەسەروویانەوە تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ئامۆزای دیکتاتۆر سەدام هەستا لە ١٩٨٨/٣/١٦ بەکیمیابارانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی سەر سنووری ئێران بەو چەکە قەدەغەکراوەو(٥٠٠٠) پێنج هەزار کەسی لە ژن و منداڵ و پیاوی پیر بوونە قوربانی و شەهیدکران هەوەها چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراویان بەکارهێنا دژی خەڵکی کوردستان لە ناوچەکانی بالیسان و شێخوەسانان کە سەر



بەقەزای شەقلاوەیە و سەر بەپارێزگای هەولێرە و دەزگا سیخوڕەکانی بەعسی فەرمانیان دایە نەخۆشخانەکانی هەولێر و گشت ناوچەکانی دیکە کە چارەسەری ئەو نەخۆشانە نەکەن ئەگەر ئێران تاوانبار نەکەن،کە گوایە چەکی کیمیاویان بەکارهێناوە، هەروەها چەکی کیمیاویان بەکار هێنا لە ناوچەکانی بادینان سەر بەپارێزگای دهوك نزیك سنووری تورکیا، وخەڵکانی تر راگوێزرانەوە بۆ دەشتی هەولێر، خەڵکی هەولێری قەڵاومنارەی دێرین و خاوەن مێژوو زۆر بوێرانە و کوردانە بەهەموو جۆرە یارمەتییەك و هاوکاری هاتنە پێشەوە کە لە مێشکی بەعسدا نەبوو خەڵکی هەولێر سنووری شکاند لە دەزگا سیخوڕەکانی بەعسی  پێگێژبوون و بەعسییەکان بڕوایان نەدەکرد کە کورد هێندە مەردە ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە عێراقییەکان وەها مەزندەیان دەکرد بەوەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران بەرەو حەسانەوە و هێمنی دەچن و نەجاتیان دەبێت لە کوشتن، بەڵام سەدام حوسێنی خوێنمژ کە بەراوردی حاڵی خۆی کرد و ئەو بارودۆخەی تێیدایە خۆی دۆزییەوە لەناو کۆمەڵێك کێشە و لەو کێشانە ئەو ئابوورییەی کە زۆر لاواز بووە و ئەو پارەوپوولەی خەرجی کردبوو لە جەنگە دوورودرێژەی بێ ئەنجام و عێراق زۆر قەردار بوو کەوتە ناو گێژەلۆکێك لەبەر دەست کورتی ئابووری ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە ئەو شکستەی کە سوپایەکەی تووشی هات لە سێ گۆشەی سنووری لە ناوچەی خواکورك ویستی خۆی لەم تەنگژە دەربهێنێت، سواری سەری خۆی بوو ئەم جارە کوێتی دراوسێی ئامانجی بوو کە هەردەم پاڵپشتی و هاوکاری دەکرد کە لەگەڵ ئێران دەجەنگا، هەروەها دەوڵەتە عەرەبییەکانی تر هەموویان دژی ئێران هاوکاری سەدامیان دەکرد بە بەهانەی عێراق دەرگای رۆژهەڵاتی عەرەبە، بەڵام بەنیسبەت ئێمەی کورد هەرچەند سەرکردەکانی کورد سەردانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان و رۆژئاوایان دەکرد داوا و بانگەوازیان پێشکەش دەکرد دژی رژێمی سەدام لەبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلی کوردی موسڵمان، بەڵام بەداخەوە هیچ دەوڵەتێك وەیاخود کەسێك وەڵامیان نەدەداوەو ئەوەی لە هەموو ناخۆشتر دەوڵەتە عەرەبییەکان و موسڵمانەکان زیاتر لە خەڵکانی دیکە بێ دەنگ بوون، هیچ کەسێکی موسڵمان یاخود دەوڵەتە موسڵمانەکان نەیان پرسی ئەمە چ میللەتێکە لە ژوورووی عێراق دەژیت و ئەنفال لە دژیان دەکرێت، چونکە لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام ئەنفال دژی کافرەکانی ئەو سەردەمە بەکارهێنرابوو بەڵام کورد میللەتێکی موسڵمانە زیاتر لە میللەتانی ترو لەسەدەی بیستەم ئەنفال دژی کورد بەکارهێنا و خۆی لە خۆیدا ئەمە دژی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤە

بەپێی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیمانی نێودەوڵەتی، بەڵام کورد بێ ئومێد نەبوو و خۆشبەختانە بەرەیەکی کوردستانییان پێکهێنابوو لە پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان کە لە شۆڕشدا بوون دژی حکومەتی بەعسی، بەرەی کوردستانی بیری لەوە کردەوە کە هەلێك بقۆزیتەوە بۆ چارەسەری بارودۆخی کوردستان بکات، هەرچەندە کوردی موسڵمان هاواری کرد، بەڵام دنیای موسڵمانان بێدەنگ و کپ و بێ هەڵوێست بوون.

## داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە

داواکاری عێراق بۆ کوێت داوایەکی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیك غازی کە دەیگوت کوێت پارچەیەکە لە عێراق بەبێ ئەنجام و لەپاش مردنی مەلیك غازی لە ناوەندی چلەکانی سەدەی بیستەم حکومەتی عێراق دووبارە داوای کرد، بەڵام هەروەها ئەنجامی نەبوو، دەرکەوت کە ناوە ناوە حکومەتەکان ئەم داوایە دەجوڵێنن و نوێ دەکەنەوە بۆ مەبەستەکانی رامیاری، بەڵام لەپاش تێپەڕبوونی نزیکەی سێ ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی/ تەمموزی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم سەرەك کۆماری ئەو سەردەمە لە ١٩٦١/٦/٢٥ داوای گەڕانەوەی کوێتی کرد بۆ عێراق وەپلانی دانابوو کە لەڕێگای داگیرکردنی سەربازی کوێت بگێڕێنێتەوە بۆ عێراق، بەڵام ئەو فەرماندەی سەربازی کە کارەکەی پێ راسپاردبوو ئەنجامی بدات پلانەکەی جێبەجێ نەکرد بوو، عەبدولکەریم قاسم وەهای دانابوو کە ئەو لە نیوەشەوی ١٩٦١/٥/٢٥ رایگەیەنێت بە گەڕانەوەی کوێت، بەڵام فەرماندەی سوپا پلانەکەی جێبەجێ نەکرد بوو لەکاتی راگەیاندنی عەبدولکەریم قاسم بەگەڕانەوەی کوێت بۆ عێراق، هەروەها عەبدولکەریم قاسم فەرمانی دەرکرد بۆ شێخی کوێت کە کردوویەتی بە قایمقامی کوێت و لەسەر شێخەکەیە کارەکە ئەنجام بدات گوایە کوێت قەزایەکە سەر بەپارێزگای بەسرە، شایانی باسە ئەو سەردەمە هیچ حکومەتێك لە کوێت نەبوو شێخێك و خزم و کەسی خۆی حوکمڕانی عەشایری کوێتیان دەکرد، و ئەوکاتە چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد و ئاکامەکانی، چونکە ئەو دەم من گیرابووم لە گرتوخانەی(معتقل خلف السدة) لە بەغدا لەڕێگای رادیۆ و رۆژنامەکان دەنگوباسمان پێدەگەیشت، بەڵام جامعەی عەرەبی)و جەمال عەبدولناسر پشتگیری شێخەکانی کوێتیانی کرد دژی عێراق، چونکە ناکۆکی نێوان جەمال عەبدولناسر و عەبدولکەریم قاسم زۆر بوو و نەیدەویست کوێت بگەڕێتەوە بۆ عێراق و جامعەی عەرەبی هێزێکی هاوپەیمانی عەرەبی ناردە



کوێت بۆ پاراستنی کوێت لە عێراق، چونکە ئەو سەردەمە هەروەکو گوتمان کوێت شێخایەتی بوو و شێخەکانی کوێت وریابوون بۆ حاڵی خۆیان بەهاوکاری جامعەی عەرەبی و دامودەزگای میری دایانمەزراند و چوونە ناو جامعەی عەرەبی و پێشنیاریان پێشکەش بەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ وەرگرتنی لەناو رێکخراوی نێودەڵەتی سەرەوە وەك ئەندام وەرگیرا و پەردە بەسەر ئەم کێشەیە دانراو کۆتایی پێهات و لەپاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی خوێناوی، عێراق پێویستی بەدراو هەبوو لەبەر دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ شۆڕشی کوردستان پەنایان بردە بەر کوێت بۆ قەردکردنی پارە لە کوێت بەرامبەر دانپێنانی عێراق بە دەوڵەتی کوێت، عێراق قەردەکەی لە کوێت وەرگرت و دانی نا بەدەوڵەتی کوێت و نێوان هەردوو دەوڵەتی سەرەوە خۆش و ئاسایی بوو وەهیچ لە گۆڕێ نەماو کۆتایی بەم کێشەیە هات.

لە دەستپێکردنی جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران لە ١٩٨٠/٩/٢٢ کوێت هاوکاری عێراقی کرد بەسامان و پارە تا وەستانی شەڕ ١٩٨٨/٨/٨ و رازیبوونی ئێران بەڕاگرتنی شەڕەکە لە ١٩٨٨/٨/٢٠ و لە ئەنجامی ئەم جەنگە عێراق تووشی تەنگوچەلەمە بوو لەبەر خەرجی جەنگەکە و لە میانی پەنا بباتە بەر دەوڵەتە عەرەبییەکان و جامعەی عەرەبی بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری عێراق و ئەگەر کێشەیەك هەبێت لەنێوان عێراق و کوێت جامعەی عەرەبی و دەوڵەتە عەرەبییەکان چارەسەری بکەن، پەنای بردە بەر سوپای عێراق و لە ١٩٩٠/٨/٢ کوێتی داگیرکرد هەر چەندە هەردووکیان ئەندامن لە جامعەی عەرەبی و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی لە هەمووی سەیرتر عێراق کوێتی بەپارێزگای نۆزدەهەمی خۆی دانا، بەڵام چ تاوانی گەورەو ئابڕۆیانەیە لە کوێت ئەنجامیاندا لە تالآن و بڕین و کوشتن و کاری بێ ئەخلاقی و (٦٠٠) شەش سەد کوێتیان شوێنبزر کرد و تائێستاشی لەگەڵ بێ هیچ خەبەرێکیان نییە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا ئایا راستە داگیرکردنی دەوڵەتێك، کوشتن و بڕین و تالآنکردنی و راوەدوونان ئەنجامبدات دژی خەڵکەکەی و دەوڵەتەکەش برابێت؟ تا دوێنێ هاوکاری سەدام حوسێنی دەکرد لە جەنگەکەی دژی ئێران و ئیمڕۆش هەموو سنوور ببەزێنێ لە هەموو لایەك دژی دۆستی دوێنێ، ئەوەبوو ئابلّووقەی ئابووری سەپێندرایە سەر عێراق و هەرچەند کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەموو هەوڵێکیدا، هەروەها دەوڵەتە عەرەبییەکان کە عێراق لە کوێت دەربچێت ئەگەر نا بەهێز دەردەکرێت و ئەم هەوڵانە چەند مانگێکی خایاند، بەڵام سوودی نەبوو و عێراق گوێڕایەڵی و هەوڵی نێودەوڵەتی نەبوو، درۆیەکیان هەڵبەست گوایە عەقید عەلائ حوسێن و

دەستەیەك لە هەڤاڵەکانی هەڵساون بە شۆڕش و بڕیاریان داوە کە کوێت بلکێننەوە بەعێراق، بەڵام زووبەزوو ئەم درۆیە ئاشکرا بوو کە هەڵبەستی خودی سەدام حوسێن و داروودەستەکەی بووە، ئەوەبوو ئەنجوومەنی ئاساییش لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ١٩٩١/١/١٧ کاروباری خۆی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەدام حوسێن و حکومەتەکەی پرۆسەی دەرکردنی عێراق لە کوێت دەستپێکرا بە بۆمبابارانکردنی ئاسمانی و مووشەکی دوورهاوێژ لە دەریاوە کە زیاتر لە یەك مانگی خایاند لەسەر عێراق و هێزەکانی عێراق لە کوێت دەرکران بەکوتەك و سەرشۆڕی عێراق ناچار بوو لەگەڵ فەرماندە گەورەکانی هاوپەیمانان دابنیشێت و ئەمە روویدا لە چادری سەفوان.

## چاوپێکەوتنی چادری سەفوان لەنێوان فەرماندەکانی هاوپەیمانان و گەورە ئەفسەرانی عێراق

لەپاش جەنگی کەنداوی دووەم و تووشبوونی سوپای عێراق بەشکستێکی زۆر گەورە و دەرکردنی لە کوێت، کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا لەنێوان فەرماندە گەورەکانی هێزی هاوپەیمانان و فەرماندە گەورەکانی سوپای عێراقی تێکشکاو و هەڵاتوو لە چادری سەفوان کە دەکەوێتە سەر سنووری کوێت و لەو کۆبوونەوەیە رێگا بەعێراق درا کە بۆی هەیە مووشەکی کورتهاوێژ(صواريخ قصيرە المدى)ی هەبێت کە ماوەکە لە(١٥٠) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت هەروەها بەکارهێنانی هیلۆکۆپتەرەکان و ئەم رێگادانە بەعێراق هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو فەرماندە گەورەکانی هێزە هاوپەیمانەکان کردیان، چونکە هیچ رۆژێك لە رۆژان هێزی عێراق پاك نەبووە بەرامبەر بەهیچ لایەنێك و لە ئەنجامی دەرکردنی عێراق لە کوێت و سوپایەکەی تووشی شکست بوو میللەتی عێراق بەکورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە پڕ قین بوون لە حکومەتی بەعس لەبەرئەوە راپەڕینی شیعەکانی لەناوەند و خوارووی عێراق ئەنجامدرا و خەڵکەکە شار و شارۆچکەکانی رزگارکرد لە رژێمی بەعس و زۆر تاوانبارانی بەعسی بەسزای خۆیان گەیشتن و لە هەمان کاتدا راپەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١ لە کوردستان روویدا و لە رانییەی رۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق دەستپێکردو ئاگری شۆڕش و راپەڕین زوو گەیشتە سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی و ناچەکانی دیکەی گرتەوە هەروەکو بەنزین ئاگری تێبەربێ و بە سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی قەڵایەکانی زوڵم یەك لەدوای یەك لە کوردستان رووخان هەروەها لەناوەندو خوارووی عێراق، یەکەیەکانی سەربازی و دامودەزگا سیخوڕەکانی بەعس و



بارەگاکانیان تێکدران و بۆ چەند ساتێك لە هەر شاروشارۆچکەیەك بەرگرییان پێنەکراو لە ١١ی ئاداری ١٩٩١ شاری هەولێر پایتەختی کوردستان رزگارکرا هەرچەندە گەورەترین هێزی سوپاو دەزگا سیخورییەکان لە هەولێر بوون، بەڵام بەرامبەر بە بیروڕای میللەت خۆیان رانەگرت و بەمەزندەی من سەرکردایەتی پێشمەرگەی قارەمان بە ئەنقەست رۆژی ١١ی ئاداری ١٩٩١ هەڵیانبژارد بۆ رزگارکردنی هەولێر وەکو یادکردنەوەیك بۆ رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە حکومەتی عێراق دانی بەمافی ئۆتۆنۆمی نابوو بۆ کورد، و وەبیرهێنانەوەی دیکتاتۆری بەغدابوو کە میللەتی کورد لەناو ناچێت وەنابەزێت و ناوچەکانی بادینان رزگارکران کە شاری ئاکرێ و دەروازەی بادینان دەستپێکرا لە ١٩٩١/٣/١٢ی چۆن لە کوردستان سەرکەوتنەکانی یەك لەدوای یەك بەردەوام بوون، لەناوەند و خوارووی عێراق بەهەمان سەرکەوتن بەردەوام بوون و شەوی٢٠ لەسەر ١٩٩١/٣/٢١ کە شەوی نەورۆز بوو جەژنەکە بوو بە دوو جەژن بە رزگارکردنی شاری کەرکووك و گەڕانەوەی بۆ باوەشی میللەتەکەی لەپاش داگیرکردنی هەفتا ساڵ لە لایەن دوژمنانی کورد، هیچ بەدەست حکومەتی بەغداوە نەما تەنها چوار پارێزگا نەبن ئەویش موسڵ و ئەو هێڵی لەوێوە دەڕوات بۆ تکریت و بەغداو رومادی، تەنها ئەم ناوچانەی بەدەست بەغداوە مابوون و دیکتاتۆر زۆر نارەحەت بوو کورسییەکەی لەق بوو، بەڵام بەگەورەترین توندوتیژی و کوشتن و برین دیکتاتۆر سەدام توانی لە ناوەند و خوارووی عێراق باڵادەست ببێتەوە و لە کوردستانیش تا رادەیەك، دێنە سەر باسە لە شوێنێکی تر.

## هۆیەکانی سەرکەوتنی راپەڕینی ئاداری/ ١٩٩١

بەدیدی من هۆیەکانی سەرکەوتنی راپەڕین لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك کە لە خوارەوە هاتوون:

١- یەکڕیزی هێزەکانی شۆڕشی کوردی لە بەرەیەکی بەرفراوانی کوردستان کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی گرتبووەوە کە چەکیان هەڵگرتبوو دژی رژێمی دیکتاتۆری لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی.

٢- لێبووردنی گشتی کە بەرەی کوردستانی دەریکردبوو بۆ هەموو جاشە کوردەکان کە لەپەنای فەوجەکان دوژمنایەتی کورد و شۆڕشی کوردیان دەکرد، هەروەها لێبوردنی گشتی دەرکرا بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە مەفرەزەکانی تایبەت بەدەزگا سیخوڕەکان و سەرکوت

کەرەکان کاریان دەکرد. ئەم لێبوردنە گشتییە کوردەکانی بەعسیشی گرتەوە هەرچەندە دەبوایە تا رادەیەك تەمبێ بکرێن، چونکە چۆن کوردێك نەتەوەی خۆی بەجێ دێڵێت و دەبێتە عەرەب و بێ ئومێدی جاش و خۆفرۆشەکان بەحکومەتی بەعسی.

٣- دروستبوونی قەناعەتی سوپای عێراق و جاشەکان و کارمەندانی مەفرەزە تایبەتییەکان کە لە بڕگە دوو هاتوون کە رژێمی بەعسی دەڕووخێت و هیچ ئومێدیان نەمابوو کە حکومەتی بەعس دەمێنێت لەپاش ئەو شکستییەی سوپایەکەی هێنا لە جەنگی کەنداوی دووەم بۆیە ورەیان رووخا و پێیان نەکرا بەرگری لە حکومەتی بەعس بکەن.

٤- پەیوەندیکردنی بەرەی کوردستانی بە موستەشارەکانی فەوجە سووکەکان (سەرۆك جاشەکان)و مەفرەزەکانی تایبەت بەدەزگا سیخوڕەکانی سەرکوتکەر کە دەبێ هاوکاری بەرەی کوردستانی و شۆڕش بکەن و مەترسی جاشەکان لە ئەنجامەکانی هاوکاری نەکردن لەگەڵ شۆڕش و دروستبوونی قەناعەت لە لایان کە هیچ چارە نییە رژێم دەڕوخێت و لە پاشەرۆژی خۆیان دەترسان ئەگەر هاوکاریان نەکردبا.

٥- رقوقینی جەماوەری کوردی لەسەر رژێمی دیکتاتۆری و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەهۆی ئەو تاوانە گەورانەی ئەنجامیاندابوو دژی کورد لە کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەنفال و کیمیاباران و راگوێزان و خاپوور و وێرانکردنی گوندەکان و لەسێدارەدانی هاووڵاتیانی بێ گوناح وەئازارو ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی کوردستان و لێدان و نەهێشتنی بناغەی ئابووری کوردستان و دواخستنی کورد لەڕووی خوێندن و رۆشنبیرییەوە وەمەحرومکردنی لە پلەوپایەی بەرز لە هەموو بوارێك، ئەم هۆیانەی سەرەوە بوون و هۆیەکانی دیکە بوون بە هاوکاری سەرکەوتنی راپەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١ .

## سەرکوتکردنی هەردوو راپەڕینی شیعان و ئاداری ١٩٩١

حکومەتی دیکتاتۆری بەعسی بەغدا هەموو جۆرە توندوتیژییەکی بەکارهێنا دژی کوردەکان و راپەڕینی شیعان و ئەو هەلیکۆپتەرە جەنگیانەی بەکارهێنا دژی شۆڕشگێڕەکانی خوارووو و ژووری عێراق کە هێزە هاوپەیمانەکان رێگایان دابوو بە سوپای عێراق بۆ بەکارهێنانی، کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤی هەبوو دژی شۆڕشگێڕەکان و هۆکارێکی گرنگ بوو، بۆ سەکوتکردنی راپەڕین لە ناوەند و خوارووی عێراق و لە کوردستانیش و لەبەرچاوی



نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەبێ گێپێدان لە لایەن لایەنەکانی سەرەوەو هەتا ئاگاداری بەغداشیان نەکرد لەڕووی بەکارهێنانی فڕۆکەکانی جەنگی دژی هەردوو راپەڕینی خوارووو سەرووی عێراق و ئەوسەردەمە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەیانتوانی رژێمی سەدام حوسێن بڕوخێنن و میللەتی عێراق لەدەستی نەجات بدەن، بەڵام هەڵوێستی رووسیای نێگێتیڤ کاریگەری خراپی هەبوو نەیهێشت رژێم بروخێت، شایانی باسە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرکردنی عێراق لە کوێت نەك رووخاندنی و راپەڕینی خوارووی عێراق شکستی هێنا لەبەر بەکارهێنانی لە سێدارەدان و کوشتن و بڕین و وێرانکردنی کە رژێمی بەعسی بەکاری هێنا دژی میللەت کە لەوێ بۆوە هێزەکانی خۆی بەرەو کوردستان هێنا ئەو هێزەی لە کوێت کشابوەوە بەتۆپ و تانك و زرێپۆش و هێلیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەکاریهێنان دژی هاووڵاتیانی کوردستان و لە رێکەوتی ١٩٩١/٤/١ دڕندەترین هێرشیان کردە سەر کوردستان، و کۆڕەوی ملیۆنی کورد (هەڵاتنی لە دیکتاتۆریەت) بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەی هێزی پاسەوانی کۆماری و هێزەکانی دیکە کردیانە سەر کوردستانی ئازاد و ناسینی خەڵکی کوردستان بەعسییەکان و حکومەت و سوپاکەیان و دڕندایەتیان، خەڵکی کوردستان ناچاربوون خانوبەرە و سامانیان بەجێبهێڵن و رابکەن بەرەو چیایەکان بۆ خۆپاراستنیان لە کوشتن و بڕین. ئەم کۆڕەوە لە ١٩٩١/٤/١ئەنجامدرا و لەهەمان رۆژ سەدای راکردووەکان گەیشتە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیاو ئەو شوێنانەی سوپای عێراق گەیشتن چ کاری خراپ و بەدڕەوشت لەدزین و تاڵانکردن ئەنجامیاندا بێجگە لە کوشتنی هاووڵاتیانی بێ چەك و بۆمبا بارانکردنی ناو شارەکان بەبێ دەست پارێزی لە هەموو شتێك و هەتا نەخۆشخانەکان و مزگەوتەکان کەونتە بەر شاڵاوی بۆمبا بارانکردن، هەندێك عەرەب لە موسڵ و ناوچەکانی تر کەوتنە دزینی ماڵان بەبێ شەرم و هیچ حسابێکیان بۆ هیچ ئیعتیباراتێك نەکرد و ئەگەر بەرەی کوردستانی بەرەنگار بوونەوەیان نەکردبایە بەرامبەر بەسوپای عێراق و شەڕی کۆڕێی مێژوویی روونەدابایە کە تێیدا لووتی سوپای عێراق شکاو تانکی و زرێپۆشەکانی لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان تێکشکان، هەروەکو گوتمان بەرپەرچی سەرەوە نەبوایە کارەسات بەسەر میللەتی کورد دەهات، بەدبەختی کورد ئەوەبوو ئەو رۆژانە کەشوهەوای کوردستان زۆر ساردبوو بەسەدان منداڵ و پیر و ژن گیانیان لەدەستدا جگە لەوە مەترسی خەڵکی کوردستان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراوی بوو، لە لایەن حکومەت و سوپای بەعس، ئەوەبوو لە شەڕی کۆڕێ کە سوپای عێراق شکستی هێنا هێرشەکە وەستاو میللەتی کورد هاواری بردە بەر ویژدانی دنیا و دەبوایە برا عەرەبەکان و موسڵمانەکان خاوەن هەڵویست بن و هەوڵبدەن بە پاراستنی کورد لە هێرشی

دوژمنانەی حکومەتی بەعس، بەڵام بەداخەوە هەر دەڵێی ئاگایان لە هیچ نەبوو و لە گوێی گادا نووستبوون تەنها سەرۆکی لیبی معەمەر قەزافی هەڵوێستی هەبوو کە هەر لە کۆنەوە خاوەن هەڵوێست بووە بەرامبەر کێشەی کورد و ویژدانی دنیا فریای کورد کەوت و بەپێشنیاری فەرەنسا بڕیار لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچوو بەدروستکردنی ناوچەی ئارامی لە کوردستان ئیستغلالی ئەم هەلە بکات، چونکە رای گشتی دنیا لەگەڵ دۆزی کورد بوو کە بەرەو ئەوروپا و رۆژئاوا بڕوات و داوای سەربەخۆیی بکات، چونکە کەشووهەوای نێودەوڵەتی بیرۆکەی سەربەخۆیی لای باوبوو، بەتایبەتی هەموو دنیا تاوانەکانی سەدامیان بەچاوی خۆ بینی و سەرەتای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی بوو هەروەها یەکێتی یوغوسلافیاش هەڵوەشابۆوە، وەدەوڵەتی نوێ دروستبوون لەسەر لاشەی هەردوو یەکێتی و هیچ قودسییەتێك نەما بۆ سنوورەکانی دەوڵەتان و رژێمی دنیای نوێ و دیموکراسییەت پەیدابوو و هاتە ئاراوە هەروەها مافی مرۆڤ لە جیاتی سەرکردایەتی کوردی دووبارە بەرەو بەغدا بڕوات و دەست بە گفتوگۆیەکی بێ ئەنجام بکات لەگەڵ دوژمنێکی رووقایم و وشك و تاقیکراو و ناسراو بەدیکتاتۆری و لە خۆبایی و بێ بڕوا، و بڕوای بەچارەسەری عادیلانەی کێشەی کوردی نەبوو ئەمە هەڵێکی مێژوویی گەورەبوو لە دەستیاندا، چونکە گفتوگۆی سەرەوە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کردبووە بناغە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکەمان هەرچەندە رێککەوتننامەی ئاداری سەرەوە لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و ناوخۆ دەرچووبوو کە لەپاش تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەری و زۆر گۆڕانکاری ناوخۆ و دەرەوە هاتبوونە ئارا و بارودۆخی عێراق لەڕووی سەربازی لە ساڵی ١٩٩١ جیاوازی هەبوو لەگەڵ ساڵی ١٩٧٠و ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق بوو لەپاش داگیرکردنی کوێت و دەرکردنی لە جەنگی کەنداوی دووەم، گفتوگۆیەکە چەند مانگی خایاند بەبێ ئەنجام، شارەزایان لە کوردو خەڵکانی تر پێشوەخت دەیانزانی گفتوگۆیەکە بێ سوود و بێ ئەنجامە و یەکێك لەوانە من بووم چونکە شارەزای عەقڵییەتی بەعسی شۆڤێنی بووم بەرەی کوردستانی زنجیرە کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ حکومەتی بەعس یەکەمیان لەنێوان ١٩٩١/٤/٢٠ تا ١٩٩١/٤/٢٨ و گفتوگۆیەکە دەستپێکراوە لە ١٩٩١/٥/٧ تا ١٩٩١/٦/١٧ و دیواین کۆبوونەوە ئەنجامدرا لەنێوان ١٩٩١/٧/١ تا ١٩٩١/٧/٢١[٨٢] و گفتوگۆیەکەش هەر لەسەر ئۆتۆنۆمی بوو لەپاش تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ لەسەر بەردەوام بوونی شۆڕش حکومەتی بەعس هەر لەسەر کەللە رەقیەکەی ماوە بەنیسبەت کوردستانیەتی زۆر لە

٨٢- المسألة الكردية الدولة العراقية/ فريد اسسرد بەزمانی عەرەبی. ل٧٥١.



ناوچەکانی کوردستان وەکو شنگال و عین سفنێ و کەرکوك نەگەیشتن، پەیوەندییەکان بڕان لەنێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی، ئەوەبوو حکومەتی بەغدا بیری لەوە کردەوە کە کێشە و ئاژاوە دروستبکات بۆ بەرەی کوردستانی و سەرکردایەتی کوردی و گەیشتە بڕیاری کێشانەوەی ئیدارات لە کوردستان بۆ ئەوەی بۆشاییەکی دەستووری و بەڕێوەبردن لەناوچە رزگارکراوەکان دروست ببێت و ناکۆکی پەیدابێت لەناو پارتەکانی بەرەی کوردستان لەسەر دەستەڵاتی بەڕێوبردنی ناوچە رزگارکراوەکان.

## کێشانەوەی ئیدارات لە کوردستانی رزگارکراو لە ١٩٩١/١٠/٢٣

لەپاش ئەوەی پەیوەندییەکان بڕان لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەغدا هەروەکو باسمانکرد بەهۆی رێکە نەکەوتن و بەمەشورەتی دوژمنەکانی کورد لە کوردە خوفر وشەکان حکومەتی بەعس بڕیاریدا بە کێشانەوەی ئیدارات لە کوردستان و لە ١٩٩١/١٠/٢٣ هەموو دەزگا میرییەکان کشانەوە لەناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان، بەم کێشانەوە بۆشایەکی ئیداری و دەستووری لە کوردستان دروستبوو و مەبەست لە کارە چەوتە دروستکردنی کێشە و ناکۆکی و تەنگ و چەڵەمە بوو، بۆ بەرەی کوردستانی و خەڵکی کوردستان و وەها مەزنەندیان دەکرد کە پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر دەستەڵات تێك بەر دەبن و زۆربەی هەرە زۆری بەڕێوەبەرە گشتییەکان رایان کرد بۆ بەغدا، چونکە بەعسی و پیاوی رژێم بوون و چەك کرابوون بە بڕیاری بەرەی کوردستانی لێبوردرابوون هەروەها بەرپرسەکانی دامودەزگای بەناو ئۆتۆنۆمی رایان کردە بەغدا، بەڵام بەرەی کوردستان دەست بە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری کرد وەك ئاو و کارەبا و خاوێن کردنەوە، لەخۆش بەختی خەڵکی کوردستان لەناوچە رزگارکراوەکان دەبێ مێشکی حکومەتی بەغدا هەموو بەراییەکانی دامودەزگا میرییەکان لە کوردستانی رزگارکراو مانەوە وە لەگەڵ خۆیان نەبردبوون، ئەمە بووە هۆکارێکی ئاسانکاری بەڕێوەبردنی ناوچە رزگارکراوەکان، چەند کادرێکی پێشکەوتووی بەرەی کوردستانی لە هەولێر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ ژمارەیی لەمافبەروەران وەپارێزەران و چەند ئەفسەرێکی کەمی پولیس لەم کۆبوونەوەیە ئامادەبوون، بۆ مشورەت کردن لەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان و چارەسەر دۆزرانەوە بە هەماهەنگی هەموو لایەك کە فەرمانبەرانی خوارو و یاریدەدەرەکانیان بەپێی پلەوپایەی فەرمانبەرایەتی شوێن بەڕێوەبەرە راکردووەکان پڕ بکەنەوە، و ئەفسەرانی پۆلیس بارەگای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بکەنەوە هەروەها بنکەکانی پۆلیس پیاوانە کارەکەیان ئەنجامداوە بانگەوازێکیان کرد بۆ هەموو

ئەفسەر و قومیسەر و پۆلیسەکان کە پەیوەندی بە بارەگا و بنکەکانیان بکەن، خوشبەختانە پەیوەندداران بەپیر بانگەوازەکە هاتن بە چەشنێکی زۆرباش و بنکەکان ئاوەدان بوونەوە بەبێ چەك و هەمان کار ئەنجامدرا لە ڕووی پەروەردەوە، خەڵکی کوردستان بە دڵخۆشییەوە هاتنە گۆڕەپان و خزمەتیان پێشکەش کرد باشتر لە زەمانی حکومەتی بەعس و نموونەیەکی بەرزی نیشتمان پەروەری بوون، چونکە بەبێ مووچە دەوامیان دەکرد و خزمەتیان دەکرد و هیچ دەسکەوتێکی تایبەتیان نەبوو وە هاوکاریش نەبوو سەبارەت بە گوزەرانی خاو و خێزانیان و خەونی دوژمن نەهاتە دی و پیلانی پیلانگێران بووچەڵ بۆوە، بەڵام دەبوایە ئەم وەزعە نائاساییە وەکو خۆی نەمینێت لەبەر ئەوە بەرەی کوردستانی بیری لەوە کردەوە کە دەبێ ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری کوردستانی رزگارکراو بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و پێك هێنانی حکومەتێك بۆ کوردستان کە دەستەڵاتەکەی لە میللەت وەرگرێت، هەروەها هەڵبژاردنی سەرەکی هەرێم، بۆیە دوو بڕیاری دەرکرد یەکەمیان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و دووەمیان هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و رۆژی ١٩٩٢/٥/١٧ دیارکرا بۆ هەڵبژاردن، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی هونەری وە مەرەکەبی نا یاسایی دواخرابوو رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا

لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردنێکی ئازادانە و دیموکراسی لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان ئەنجامدرا بەسەرپەرشتی تیمەکانی بێگانە و بە چەشنێکی ئاسایی هەڵبژاردنەکە بەڕێوەچوو و لە ئەنجامی لێك جیاکردنەوەی دەنگەکان پارتی دیموکراتی کوردستانی ٥٤٪ دەنگەکانی وەرگرت و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٤٣٪ دەنگەکان ، شایانی باسە پارتە سیاسییەکانی بەشدار بوون لەبەرەی کوردستانی و وەها رێککەوتبوون کە هەر پارتێك ئەگەر ٧٪ دەنگ نەهێنێت بۆی نییە نوێنەری هەبێت لە پەرلەمان (ئەنجوومەنی نیشتمانی) و دەنگەکانیان دابەشدەکرێتە سەر پارتە سەرکەوتووەکان بەگوێرەی ئەو نیسبەتەی کە هێناوە و لە ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکان جگە لە پارتی و یەکێتی هیچ پارتێکی کوردستانی بەشدار بوو ٧٪ دەنگیان نەهێنا و کە دەنگەکانی پارتەکانی سەرەوەی سەرنەکەوتوو دابەشکرانە سەر هەردوو پارتی سەرکەوتوو، یەکێتی و پارتی ٤٩٪ لە کورسییەکانی پەرلەمان بە بەر یەکێتی کەوت و ٥١٪ بەبەر پارتی کەوت و هەر لەسەرەتاوە پێنج کورسیان دانابوو، بو برا (کلد و ئاشوریەکان و کۆی کورسییەکانی پەرلەمان بۆتە (١٠٥) سەدو پێنج کورسی.



هەروەکو پارێزەر صفوەت رەشید دەڵێت لە وەرگێڕانەکەی بۆ کتێبی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە سێ پیتی بێگانە بە زمانی ئینگلزی دایاننابوو و کاك صفوەت لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی و نووسینگەی توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، تێدا دەڵێت لەپاش مشت و مڕ و گفتوگۆ لەنێوان سەرکردایەتی هەردوو پارتی سەرکەوتوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی لە کورسییەکی پەرلەمان بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵگرت و هەریەك لەو دوو پارتە سەرکەوتووە ٥٠٪ کورسییەکانی پەرلەمانی بەرکەوت بەوە پێنج کورسیەکانی کلد و ئاشووری ڕۆڵی زۆرینە دەبینیت لەبریارەکان و لەسەر ئەم بناغەیە حکومەتی نیوە بەنیوە پێکهات لە ١٩٩٢/٧/٥.

## یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ١٩٩١/٧/٥ یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق نیوە بەنیوە پێکهێنرا لە هەردوو پارتی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩ و لێرەدا هەڵەیەکی زۆر گەورە ڕوویدا نەك لە پێکهێنانی حکومەت بەنیوە بەڵکو لە ئەنجامدانی کارەکان، چونکە ئەگەر وەزیر لە پارتی بوایە، دەبوایە بریکاری وەزارەت لە یەکێتی بیت و بەپێچەوانەوە و دامەزراندنی کارمەندان هەر لەسەرۆك وەزیرانەوە تا گچکەترین فەرمانبەر نیوە بەنیوە دامەزران، لە راستیدا دوو حکومەت بوون لە ناو یەك حکومەت و بارودۆخەکە بەرەو ناخوشی رۆیشت و کارەکان بەڕێوەنەدەچوون وەك پێویست و ناکۆکی پەیدابوو، لەنا هەردوو پارتی دەستەلات تا گەیشتە رادەی دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ بەداخەوە لە ١٩٩٤/٥/١ و بەو شەڕە دوژمنانی کورد زۆر پێ دڵخۆشبوون، بەتایبەتی حکومەتی بەغدا و دوژمنانی دەوروبەر، شەڕەکە بەردەوام بوو تا ناوەندی ساڵی ١٩٩٨ بە مۆرکردنی رێککەوتنی واشنتۆن، ئەم شەڕە ناوخۆییە زۆر قورس لەسەر کورد و کێشەکەی وەستا و چاکترین پێشمەرگەیی هەردوولا شەهید کران بەدەستی یەکتر کە دەگەیشتنە هەزاران جگە لەخاپوورکردنی ناوچەکە و زەرەری مالی یەکجار زۆر بوو و دەیانتوانی لە ئاوەدانی خەرج بکەن هەروەها خزمەتگوزاریەکان بە پارەی سەرەوە پێشکەشبکەن، بەڵام پەنایان بردە بەر شەڕ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، لەم حاڵەتە هەردوولا ناچاربوون پەنایان بردە بەر دوژمنانی کورد بۆ سەرکەوتن و لە کارتەکانی جیاجیا، وەهێزەکانی تورکیا(pmf) کە ئەرکی لێکجوداکردنەوەی هەردوولا سپێنرابوو بەهەزار حاڵ هەتا دەرچوو پاش چەند مانگێك لە دەرکردنی، پەرلەمانی کوردستانی بڕیاری دەرکردنیان، دەرکرد هەروەها لەپاش رووخانی حوکمی بەعس لە عێراق، تورکیا بەهیچ شێوەیەك

گێنەدایە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠٠٣ دەرچوو و بەهیچی وەرنەگرت، کە کوردستانی رزگارکراوی بەجێهێشت زۆر کێشەی بۆ ئێمە بەجێهێشت، شایانی باسە لەپاش رێککەوتنی واشنتۆن خۆشبەختانە کوردستان هێوربۆوە و شەڕ نەما و کوردستان رزگارکراو دابەشکرا بۆ دوو ناوچەی بەڕێوەبردن لەنێوان هەردوو حزبی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

## بەڕێوەبردن لە هەردوو ناوچەدا

لەپاش چەسپاندنی سنووری هەردوو ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندەکەی هەولێرو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەڵبەندی سلێمانی هەردوو لایەنی سەرەوە هەریەك لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە پارتە کوردستانییەکان هەڵسان بە بەڕێوەبردنی ناوچەکەی خۆیان بە رێکوپێکی و ئەمن و ئاسایش لە هەردوو ناوچە بەرقەراربوو وەدامودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیان دامەزراند و دەستبەکار بوون و بەچاکی کارەکانیان ئەنجامدا و بوونە بەربەست لە بەردەمی تیرۆرستان و رێگایان لێگرتن و بووە هۆی بوژانەوەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی هەرچەندە ئابلۆوقەی ئابووری رژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەردەوام بوو لەسەر کوردستان، متمانە وە دڵنیایی گەرایەوە بۆ هاولاتیانی کوردستان، یەکەم هەنگاوی چاك هەردوو حزبە سەرەکییەکەی سەرەوە هاوێشییان بەشداری کردن بوو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق و کوردستان بە یەك لیستی هاوبەش هەر چەندە رەخنە هەبوو لەسەر چەند کەسانێك کە لەناو لیستی هاوبەش بوون لەبەر چەوتی رابردوویان و دوژمنایەتییان بۆ کێشەی کورد و کوردستان و بەدرەوشتیان و هاوکاریان لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری رووخاو تا رۆژی رووخانی کە بووە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی کێشەی کورد هاوولاتیانی کوردستان دەنگیان دایە لیستە هاوبەشەکەی بەو خەڵکە خراپانەی کە هەردوو حزبی سەرەکی سەرەوە ناویان خستبووە ناو لیستە هاوبەشەکە کە بەمەزەندیان دەتوانن دەنگ زیاتر بهێنن کەچی بە پێچەوانەوە، چونکە جاش و رابردوویان خراپ بوو بە رای من ئەگەر خەڵکانی سەرەوە لە لیستە هاوبەشەکە نەبوانە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگی زیاتری دەهێنا و بەرای من دەبێ ئەم هەڵەیە دووبارە نەکرێتەوە و دەبێ بگەڕێنەوە سەر پیاوانی چاك و خەباتکەرانی رێگای کورد و کوردستان لەجیاتی پەنا ببەنە بەر کونە جاش و سیخور و بەعسییەکان، بەهەرحاڵ لیستی هاوبەش هەنگاوێکی پیرۆز بوو، بۆ دۆزی کورد لە بەغدا و دەرەوە هەرچەندە کوردەکان لە بەغدا رۆڵی خۆیان نەدیت و پێویستی بە دیراسەتە، و هەردوو حزبی



سەرەوە بڕیاریاندا بەیەك گرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبردن، بەڵام زۆر لەسەرەخۆ هەنگاوەکان دەهاوێژران و ئومێدی هەر کوردێکی بەشەرەفە کە بە زووترین کات یەکتر بگرنەوە بە راستی هەر چەندە بەم دواییە کابینەی پێنجەمی یەکگرتوو راگەیاندرا و بەرۆحێکی کوردایەتی کاربکەن دوور لە بەرژەوەندی حزبایەتی تەسك بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسکە کە کورد تێدا تێدەپەڕێت، و دۆزی کورد لەم قۆناغە ناسکە زۆر ترسناکی لەسەرە بەهۆی دیموکراسی و لە هەر کاتێك ناکۆکییەکانی نێوان سنە و شیعە نەمان هەردووکیان عەرەبن و بەرای من یەك هەڵوێستن بەرامبەر بە دۆزی کورد و تاقی کردنەوەمان لەگەڵ هەر هەموویان لە قۆناغەکانی جیاجیا هەیە.

## بڕیاری فیدیرالیەت بۆ هەرێمی کوردستان

لە ٤/١٠/ ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بە تێکڕایی ئەندامەکان کۆبووە و لە دانیشتنێکی مێژوویی (٣٨) سی و هەشت بڕیاری مێژوویی دەرکرد بە داننان بە حوکمی فیدیرالی بۆ کوردستانی عیراق و لە خوارەوە دەقی بڕیارەکەیە بڕیاری راگەیاندنی فیدیرالیەت بۆ کورستانی عیراق بەپێی برگە (٢) لە بەندی ٦٥ لە یاسای ژمارە١/ی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستانی عیراق بڕیاری خوارەوەی دەرکرد:

١- داننانی بەیانی یەکێتی فیدیرالی کە پێشکەش کرابوو لەلایەن دەستەی (هیئە) سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.

٢- دیارکردنی پەیوەندییەکانی یاسایی لەگەڵ دەستەلاتی ناوەندی و دیارکردنی ناوەندی سیاسی هەرێمی کوردستانی عیراق و دەزگاکانی بەپێی ئەو مافانەی کە هەیتی بۆ چارەنووسی لەسەر بناغەی یەکێتی فیدیرالی لە چوارچێوەی عیراقی دیموکراسی پەرلەمانی فرە حزبی (تعددی) و رێزلێنان لەو مافانەی کە لە پەیمانەکان و میساقەکانی نێودەوڵەتیدا هاتوون.

٣- جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراقە ، ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی عیراق لە بەرواری دەرچوونی، جێبەجێ کرا دەبینین[٨٣] کە وینستن چەرچل-ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیای پێشوو لە یاداشتەکەی کە ئاراستەی بیرسی کوکسی کردبوو کە ئەوسەردەمە نوێنەری بەریتانیا بوو لە عیراق لە ساڵی ١٩٢٢ وە تێدا داوای چارەسەری کێشەی کوردی کردبوو لەسەر بناغەی فیدرالیەت، ئێمەی کورد لەپاش زیاتر لە

٨٣- دیبلوماسیەتی کورد بەدرێژایی مێژوو، ل٣٠٨ سابیر عمر مامەشێنی.

هەشتا ساڵ خەباتی چەکداری خوێناوی و سەدان هەزار شەهید، ئیمڕۆ داوای فیدیرالی دەکەین؟ هۆیەکانی ئەم دواکەوتنە چین؟ و کێ بەرپرسیارە؟

میللەتی کورد؟ سەرکردایەتی؟ نەتەوە یەکگرتووەکان؟ ئەمە توێژینەوەیەکی تایبەتی دەوێ.

## هەڵوێستی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان لە کێشەکەمان

کورد لە هەر پارچەیەك بێت لە پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو پێویستی گرنگی بە رێکخراوەکانی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری هەیە بۆ بەرگری کردن لە کێشەی نەتەوەیی کوردی ڕەوا، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لەساڵی ١٩٦١ و پێش ئەم شۆڕشەش پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکان هەبوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵام لەپاش ئەنجامدانی شۆڕشی ئەیلول، هەموو کوردەکانی دونیا ئومێدیان بەو شۆڕشە پەیداکرد و پێ دڵخۆش بوون، و هۆیەکەی ئەوەبوو کە سەرکردەکەی، ناسراوترین کەسایەتی کورد بوو لەو سەردەمە و تا ئێستاش، چونکە دووربین بوو و خاوەن ئەزموون بوو و هیچ کاتێك خۆی بەدەست دوژمنەوە نەدابوو ئەویش نەمر مستەفا بارزانی بوو، وە لەکاتەکانی جیاجیا هەندێك گرووپ لە پارتە سیاسییەکانی کوردی بەشداری شۆڕشیان کرد و لەوان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و خودی سکرتێری حزبی سەرەوەی ئەو سەردەمە شەهید عبداللە ئیسحاقی کە ناسراو بوو لە ناو شۆڕش بە ئەحمەد تۆفیق بەشداری لە شۆڕش کرد، هەروەها ئەندامانی حزبی ناوبراو لەناو شۆڕش یەکترمان ناسییەوەو دۆستایەتی نێوانمان دروستبوو، بەتایبەتی کە لە ناوچەی بالەك بوو لە ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤، هەروەها گرووپێك لە کوردەکانی باکووری کوردستان و ڕۆژئاوا هەر لایەنەك بە چەشنێك بەشداریان کرد لە شۆڕش و جێی ڕێزلێنانی بارزانی نەمر بوون کە بە ڕاستی بارزانی نەتەوەیی بوو زیاتر لەوەی حزبی بیت، و هەموو کوردەکانی دونیا سەیری شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد کە شۆڕشەکەیانە و ئومێدیانە لەبەر ئەوە هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد و هەتا غەیرە کوردیش بڕوایان بە سەرکردایەتی بارزانی هێنابوو، هەتا پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ چەند ساڵ لە ١٩٦٣- ١٩٧٠ چەکیان هەڵگرت و لەژێر سەرکردایەتی بارزانی شەڕی حکومەتی عیراقی کرد بە قەناعەتەوە و هەتا پاش دەستپێکردنی شۆڕشی گولان لە ١٩٧٦/٥/٢٦ کە لە راستیدا بەڕای من بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول بوو، پەیدابوونی حزبەکانی تری کوردستانی و هەر حزبێك چەکداری تایبەتی خۆی هەبوو و تا ئێستا، لە باکووری کوردستان پارتی کرێکارانی کوردستان (Pkk) لە ساڵی ١٩٨٤ هاتە سەر گۆڕەپانی خەبات وە جێگای خۆشی هەموو کوردێك بوو و پارتەکانی



خوارووی کوردستان (کوردستانی عیراق هەموو جۆرە هاوکارێکیان پێشکەش کرد کە لە خەباتی چەکداری بوون دژی حوکمی دیکتاتۆر سەدام وە پارتە کوردستانییەکانی عیراق نێوانیان خۆش بوو لەگەڵ Pkk، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی ئاداری/ ١٩٩١ لەکوردستانی عیراق و رزگارکردنی بەشی هەرە زۆری کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی Pkk گۆڕا بەرامبەر بە بارودۆخی خوارووی کوردستان (کوردستانی عیراق) بە بەهانەی ئەوەی کوردستان یەکە و دان بە سنووری دروستکراو دانانێن و کوردستان یەك گۆڕەپانە، من لەگەڵ ئەوانم لەبارەی سنوور دروست کراوەکان، بەڵام کە کوردستانی عیراق لەپاش ڕزگارکردنی بیکەنە گۆرەپانی خەباتی چەکداری دژی تورکیا بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی نێودەوڵەتی بەڕای من دەبوایە ڕەچاوی بارودۆخەکەمان بکەن، چونکە هەر هیچ نەبێت و بە هەرحال ئێمە شتێکمان کردووە دەبوایە یارمەتیمان بدەن بە گواستنەوەیی خەباتی چەکداری و سیاسی خۆیان بۆ باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) و لێمان گەڕێن و کێشەمان بوو دروست نەکەن، ئەو سەردەمە هەموو کوردێك لایەنگیری ئەوان دەبوو و بەپێی توانا هاوکاریان دەکردن، بەڵام بەداخەوە Pkk هەڵوێستێکی دوژمنانەیان وەرگرت بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەجیاتی پشتگیری کردنیان، چونکە هەر پارچەیەك و یاخوت گوندێکی کوردستان ڕزگاربێت سەرکەوتنە بۆ بزاڤی ڕزگاری خوازیی نەتەوەی کورد وە Pkk لە دوژمنکاریش ڕانەوەستا، بەڵکو دەستی بە لێدانی گوندەکانی سەرسنوور کرد کە لە نوێ ڕزگار کرابوون لە زوڵم و زۆرداری سەددام، ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستانی یەکگرتوو و ناچاربوو بە دەرکردنی بڕیاری بەرپەرچ دانەوەی دەست درێژی کردنەوەی Pkk بۆ سەر گوندەکان ئەوە بوو هێزێکی پێشمەرگەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، لە کوردستان پەکەکەیان دەرکردە دەرەوەی سنووریی کوردستانی ڕزگارکراو و لەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوو، شایانی باسە هەڵوێستی پەکەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بمانەوێ و نەمانەوێ خزمەتی دوژمنانی کوردی کرد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لەسەر Pkk ئەوەبوو دەبوایە دەست لە کارەکانی هەرێمی کوردستانەوە نەدات وە دژایەتیمان نەکات, بە پێچەوانەوە دەبوایە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق باش بکات، چونکە سوودی هەموو لایەك بوو، و جموجۆڵی خۆی بباتە گۆڕەپانی خۆی کە باکوری کوردستانە (کوردستانی تورکیایە)، و لە ئەنجامی جەختکردنی حکومەتی تورکیا لەسەر حکومەتی سوریا عبداللە ئۆجەلانی سەرکردەی Pkk لە سوریا دەرکرا، وە لەجیاتی ئوجەلان پەنا بباتەبەر چیایەکانی کوردستان و سولح لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و بەم دوو کارە سۆزی کورد بۆ خۆی و پارتەکەی ڕادەکێشا، پەنای بردە بەر

غەریبایەتی وە دەستگیر کرا، و ڕەوانەی تورکیا کرا، و دامودەزگای تورکیاش لەجیاتی ژیرانە سەیری کێشەی کورد بکات، حوکمی لە سێدارەدانی دەرکرد دژی عبداللە ئۆجەلان، ئەگەر ئەم هەڵوێستە دژایەتیەی Pkk نەبوایە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەموو قوربانییەی براکوژی نەدەبوو لەنێوان Pkk و حکومەتی هەرێم ئەمە لەلایەك و لەلایەکیتریش دوارۆژی عبداللە ئوجەلان سەر کردەی Pkk بەم ڕۆژە نەدەگەیشت و زیان بە بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستانی گەورە بەگشتی و کوردستانی تورکیا بە تایبەتی نەدەگەیشت، چونکە هەر سەرکەوتنێك بەدەست هەر پارتە سیاسییەکی کوردستانی بکەوێت سەرکەوتنە بۆ پارتەکانی تر لە پارچەکانی تری کوردستان و بە پێچەوانەوە، قسەیەکی پێشینانە کوردی دەڵێت هەر عەقڵە لە خەسارەتێك.

**پرۆژەی گاب (Gap) و کاریگەرییەکەی لەسەر کوردستان** دەتوانین بڵێین دەریاچەی کولجك لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەواتای باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) سەرچاوەی ڕووباری دیجلەیە کە ماوەی (٨٠) هەشتا کیلومەتر دوورە لەسەر چاوەی ڕووباری فورات و درێژی ڕووباری دیجلە هەتا تێکدەکاتە وە لەگەڵ ڕووباری فورات (١٨٩٠) هەزار و هەشت سەدو نەوەد کیلومەترە(٨٤) و گرنگترین ڕووبارەکانی: باتمان و هازو و کارزان وە بۆتان لەباکووری کوردستان هەڵدەقولێن. و ئاوەکەیان دێتە ناو ڕووباری دیجلە.

وە گرنگترین روبارەکانی ئاوەکەیان دەچیتە ناو روباری دیجلە لە کوردستانی عیراق ئەمانەن: خاپور زێی گەورە و زێی گچکە و عوزێم و سیروان (دیالی) بێجگە لە ئاوی هوری سەفاف و حوێزە، هەروەها ڕووبارییی ئەلکەرخە و تیپ و دوێج و ٨٩٪ی ئاوی دیجلە لە کوردستانی تورکیاو کوردستانی عێراق و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە(کوردستانی ئێران).

هەروەها ئاوی ڕووباری فوڕات لە باکووری کوردستان(کوردستانی تورکیا) هەڵدەقولێت و گرنگترین ڕووبارەکانی ئەمانەن موڕات وەقەرەسو زۆر ئاوی تر دێنە ناو ڕووباری فوڕات وەکو هەردوو ڕووباری سەرەوە تێکەل دەبن تا ڕووباری فورات پێکدێنن کە بەرەو خوارووی ڕۆژئاوا دەڕوات و ئاوی ئەلتخمە ئەلحمرە (توخمەسور) لەسەرو شاری مەلاتیا کە لە چیای تۆرۆس هەڵدەقولێت دەچێتە ئاوی ڕووباری فورات و بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات دەڕوات و زنجیرەی چیای تۆرۆس دەبڕێت و دوایی بەرەو خوارووی ڕۆژئاوا دەڕوات هەتا لە نوقتەیی کارا کامیس دەچیتە ناو خاکی سوریا و لەپاش بیست کیلومتر لەناو خاکی سوریا ئاوی روباری ساجور تێکەل بە ئاوی فورات دەبێت کە

٨٤- پرۆژەی گاپ Gap بەزمانی کوردی، ل١٠، د. ئازاد نەقشبەندی.



لەچیای نزیك غازی عەنتابی تورکیا هەڵدەقولێت هەروەها ئاوی هەردوو ڕووباری بلیخ و خاپوور دەچێتە ناو ئاوی فورات و لەنزیك قەزای قائمی عیراقی ڕووباری فورات دەچێتە ناو خاکی عیراق وە هەرچەندە ڕووباری فورات هیچ ڕووباری گچکەی نییە لە ناو خاکی عیراق کە ئاوەکەی بچێتە ناو ئاوی ڕووباری فورات، بەڵام ئاوی بارانان دەچنە ناو فورات لە ڕێگایی دولی حوران سەرەوەی شاری حەدیسە و ٩٩٪ ئاوی ڕووباری فورات لە باکوور و ڕۆژئاوایی کوردستانە.(٨٥)

## ناوی پرۆژەی گاپ ١ (Gap)(٨٦)

ناوەکە (پوختە و موختەسەر کرایتەوە هی پرۆژەیەکە بەناوی پرۆژەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بیرۆکەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦، کاتێك دەزگایەك بە دیراسەت کردنی پرۆژەکانی کارەبا و دۆزینەوەی سەر چاوەکان بۆ کارەبا بەسوود وەرگرتن لە ئاو هەلسا چونکە پێشان ئەم جۆرە پرۆژەیە لە تورکیا بەکارنەهاتبوون و لە ساڵی ١٩٣٨ هەمووزانیارییەکان لەناوچەی پرۆژەکە کۆکرانەوە لە خواروی ڕۆژ هەڵاتی تورکیا (باکوری کوردستان) کە لە هەموو ناوچەکانی تر لەرووی دەرامەت و ئابوورییەوە لاوازترە، هەروەها دوا کەوتوترە و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ هەموو تۆژینەوەکان و دیراسات پێشکەش کران لەسەر (حەوزی) دیجلە و فورات لەلایەن (EWSA) و لەناوەندی شێستەکان لە سەدەی ڕابردوو دەستکرا بەجێبەجێ کردنی پرۆژەیەکە و دەژمێردرێت بە گەورەترین پرۆژەی ئابووری نەك لە تورکیا، بەڵکو لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی و ڕووبەرەکەی بریتییە لە (٧٥٣٥٨) کیلومەتر دووجا و ئەم یەکە بەرێوەبردنانە دەگرتەوە کیلومەتر دووجا و ئەم یەکە بەرێوەبردنانە دەگرتەوە باتمان و دیاربەکر و غازی عەنتاب وەسێرت و ئورفا و شیرناك و کلیس و ئەدیمان و ماردین، پرۆژەکە لە (٢٥) بیست و پێنج پرۆژەی ئاودان و وێستگەکانی وزەی کارەبا، پێکدێت و هەر یەك لەو پرۆژانە لە کۆمەڵێك سکر (بەربەست) و حەوز و وێستگەکانی کهرومائی، پێکدێت و جوگاکانی ئاودان کە بریتین لە (٢٢) سکر (سر) بەربەست و (١٩) نوزدە وێستگەی کهرومائی، و تورکیا لەم پرۆژە گەورەیەدا زۆر مەبەستی هەیە لەوان ئامانجەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەشێك لەم ئامانجانە تورکیا ئاشکرایی کردوون، بەڵام ئامانجەکانی سیاسی نەهێشتن و ئاشکرا نەکردون، بەڵام لەم ئامانجە ئاشکراوەکان دروستکردنی

٨٥- هەمان سەرچاوە.

٨٦- هەمان سەرچاوە، ئازاد نەقشبدی.

تورێکی گەورەیی ئاودانە و زیادکردنی بەرهەمی چاندنە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری نیشتمانی و دروستکردنی وزەی کارەبا و کەمکردنەوەی بێ ئیش و کاری و بوژانەوەی ئابووری و نەهێشتنی فەرق و جیاوازییە لەنێوان هەرێمەکانی تورکیا، هەرچەندە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) وەکو بەشەکانی تری کوردستان و بە ئەنقەست لەلایەن ئەو حکومەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە  لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر لاواز و کەم دەرامەتن و هیچ بناغەیەکی ئابووری لێیان دروستنەکراوە هەتا لەژێر دەسەڵاتی ئابووری حکومەتەکانی سەرەوەبن، چونکە گوتنێك هەیە ئەگەر هەر میللەتێك لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت ئەوە لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ نابێت لەبەرئەوە دەبێ میللەتی کورد و سەرکردایەتەکەی بیر لە ڕێکخستنی ئابوورییەکەی بکاتەوە هەتا بتوانێت بەرەو سەربەخۆیی بڕوات.

## ئامانجەکانی ئاشکرا نەکراو[87]

بەڵام تورکیا هەندێك ئامانجی سیاسی هەیە لەم پڕۆژە گەورەیە کە ئاشکرای نەکردوونە و قوربانی بەئامانجەکانی ئاشکرا دەدات بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسی ئاشکرا نەکراو و لەوانە مەبەستی تورکیا لەو پڕۆژەیە کردنی کوردە بە کەمایەتی لە ناوچەکانی پڕۆژەکە بۆئەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی نەمینێت و دەسەڵاتی تورکیا زاڵبێت لەسەر ناوچەکە بەتەواوەتی و هەندێك سەرچاوەی تورکی ڕاگەیاندن بەڕاشکاوی و ئیشارەت بەم ئامانجە دەدات هەروەکو یەك لە ڕۆژنامەکانی تورکی لە ت١ /١٩٨٩ باسی ئەم پلانە دەکات و ئامانجی حکومەتی تورکیا لەم پڕۆژەیە دیاردەکات و دەڵێت مەبەستەکە لەم پڕۆژەیە زیادکردنی خەڵکی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە لە(٩) نۆ ملیۆن کەس بۆ(١٧) هەڤدە ملیۆن مرۆڤ هەروەها گەمارۆدانی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کوردە لە باکووری کوردستان(کوردستانی تورکیا) و زیادکردنی دانیشتوانی ناوچەی سەرەوە دەکرێ بەهێنانی خەڵکانی غەیرە کورد بۆ ناوچەکەو لێدانی بزاڤی رزگاری خوازی کورد لەڕێگای لاوازکردنی هزری نەتەوەیی لە لای کوردەکان بە پەیداکردنی هەلی کارکردن بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و بووژانەوەی ئابووری وەگرنگیدان بەناوچەی پڕۆژەی(GAP)گاپ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بەمەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی تورکیا بەتورککردنی ناوچەکانی کوردی بۆئەوەی بزانین ئایا ئەم کارانە ڕاستن؟ نیشانە بە ڕاپۆرتی

---

٨٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.



لێژنەی ئاساییشی نەتەوەیی تورکیا دەدەین کە بەڕاشکاوی تێدا هاتووەو دەڵێ دەبێ کاربکەین لە قوتابخانەکان بۆ چەسپاندنی ناسنامەی تورکی، هەروەها مەبەستی تورکیا لەم پڕۆژەیە ئەوەیە کە هەڵبستێت بە ڕۆڵێکی گرنگ لەناوچەکەو بازاڕەکانی ناوچەکە ببنە بازاڕەکانی خۆی لەڕووی چاندن و پیشەسازی، چونکە بۆی ناکرێت ململانێ لەگەڵ ئەوروپا بکات لە بازاڕەکانیان، هەروەها بەکارهێنانی ئەم پڕۆژەیە وەکو وەرەقەی جەخت دژی سووریا ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)، هەروەها بەکارهێنانی هەمان پڕۆژە وەکو وەرەقەیەك دژی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد و کێشە نەتەوەییەکەی، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ عێراق بەمەبەستی گۆڕینەوەی ئاو بەنەوت یاخود فرۆشتنی نەوتەکەی عێراق بەتورکیاو هەرزانتر لە نرخی دیارکراو و هەروەها فرۆشتنی ئاو بەدەوڵەتەکانی ناوچەی کەنداو بەپێی پڕۆژەی بۆڕییەکانی ئاشتی.

شایانی باسە بۆمان دەرکەوت کە سەرچاوەکانی ئاوی هەردوو ڕووباری **دیجلە** و فوڕات لەناو باکووری کوردستانن(کوردستانی تورکیا)و دەبێتە ٩٠٪ لە ئاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە نەك هەر لەسەر تورکیا، بەڵکو لەسەر هەموو دەوڵەتەکانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، هەردوو ڕووباری سەرەوە لە سووریاو عێراق تێدەپەڕن کە دوو پارچەی کوردستان پێوە لکێندراون، لەبەرئەوە ئاوی ئەم دوو ڕووبارە بەکار دێنن لە لایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکە دژی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و ئاوی ئەم سەردەمە زۆر کێشە بۆ ناوچەکە دروستدەکات لە جیاتی نەوت لە سەدەی رابردوو، ئومێدمان وایە کە ئاو هیچ کێشە بۆ کورد و دۆزەکەی دروستنەکات وەکو نەوت کێشەمانی بۆ دروستکرد هەروەها لە بۆ دۆزەکەمان لە سەدەی رابردوو.

داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە پلان دابنێت لەپاش تۆژینەوەیەکی تەواو بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوەکانی کوردستان بۆ خزمەتکردنی دۆزی کورد چ ئەگەر ئاوی ڕووبارە گچکەکان بن یاخود ڕووبارەکان یاخود ئاوی ژێر ئەرز(میاه جوفیە) بە دروستکردنی بەربەستەکان(سدود)و حەوزی گەورەی ئاو پانتاییەکانی ئاو بەهێنانی پسپۆڕان و شارەزایان، ئیمڕۆ پێش لە سبەینێ دەتوانین جۆرەها سوودی لێوەربگرین بۆ ئاوەدانکردنی بناغەیەکی ئابووری پتەو لە خوارووی کوردستان و چیتر چاومان لە هاوکاری بەغدا نەبێت.

## ئایا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکانی دەرەکی لە کوردستان کۆتایی پێدێن؟

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە هەر لە شەڕی جالدیران ساڵی ١٥١٤ لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی ئێران و سوڵتانی عوسمانلی سەلیمی یەکەم کە لە ئەنجامی شەڕەکە یەکەم دابەشکردنی کوردستان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی شەڕکەر ئەنجامدرا و دابەشکردنی دووەمی بەدوایداهات، ئێستا دەبینین ئەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێندراوە بەبێ ئەوەی لە کورد بپرسن دەبینین زۆر کێشە لە نێوانیاندا هەن و هەروەکو کێشەی سنوور لەنێوان عێراق و ئێران هەرچەندە پەیمانی سەعدئاباد لەنێوانیاندا لە ساڵی ١٩٣٧ بەسترا کە لە بنەڕەتدا دانرابوو، بۆ لێدانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی دژی گەلی کورد بوو کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە شۆڕش بەردەوام بوو، هەر شۆڕشێك رویدابا بەئاسن و ئاگر دەیانکوژاندەوە و لەم حاڵەتەشدا رۆحی هەڵسان بەشۆڕشیکێتر بەردەوام بوو بەهۆی خۆ تێنەگەیاندنی دەوڵەتەکانی دەرەکی بۆ کێشەی کوردو نەویستن بەچارەسەرکردنی هەروەها پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥ هەمان مەبەستی هەبوو، و کێشەی ئاو لەنێوان عێراق و ئێران لەپاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨و کێشەکانی ئابووری لەنێوان هەردوو دەوڵەتی سەرەوە کە بەمۆرکردنی رێککەوتننامەی ئەلجەزائیری خیانی لە ١٩٧٥/٣/٦ ئەنجامدراو بەپێی رێککەوتننامەی سەرەوە عێراق تەنازلی لە شەتولعەرەب کرد و عەردێکی زۆر لە خاکی عێراق بەدرێژایی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران هەر لە حاجی ئۆمەرانەوە لەسەرووی عێراق تا شەتولعەرەب و فاو لە خوارووی عێراق بەرامبەر بە لێدانی شۆڕشی کوردی و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد درا بەئێران هەروەها کێشەکانی نێوان عێراق و سووریای رامیاری و ئابووری و ئاو تا گەیشتە پەیوەندی بڕین و هێرش راگەیاندن بردنە سەر یەك لە ساڵی ١٩٧٦ و ئەم کێشانە وەك خۆیان مانەوە وەبۆیان چارەسەر نەکران، هەروەها کێشەکانی نێوان سووریا و تورکیا بەهۆی کێشەی ئەسکەندەرۆنە کە سووریا دەڵێت خاکی خۆمە و تورکیا بەهی خۆی دەزانێت تا ئێستا بەردەوامە هەروەها کێشەی ئاوی رووباری فوڕات لەنێوان سووریا و تورکیا کە بووە هۆی زۆر کێشە لە نێوانیان وەهای کرد کە سووریا هاوکاری و پشتگیری پارتی کرێکارانی کوردستان pkk بکات و گەفی تورکیاو هەڕەشەکردنی بەداگیرکردنی سووریا سڕینەوەی لەسەر نەخشە هەروەکو مەسعود یەلمازی سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا گوتی: سووریا ناچار بوو لە ترسی هەڕەشەی تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆك pkk پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیای دەرکرد لە سووریا هەروەها تەماعکاری تورکیا بۆ بەناوی ویلایەتی موسڵ کە دەکاتە خوارووی کوردستان و بەخورتی لکێندارا بە عێراق بەبێ وەرگرتنی رای خەڵکی کوردستان ساڵی ١٩٢٥



هەرچەندە سنووری نێودەوڵەتی هەیە لەنێوان عێراق و تورکیا بەناوی هێڵی برۆکسل، دەست تێوەردانی بەردەوامی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق بە بەهانەی پاراستنی کەمایەتی تورکمان لە کەرکووك و شوێنەکانی دیکە لە عێراق، هەروەها کێشەی ئاوی رووباری فوڕات لەنێوان هەر سێ دەوڵەت، تورکیا و سووریا و عێراق و نەگەیشتنیان بەهیچ رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەبارەی چۆنێتی دابەشکردنی ئاوی رووباری فوڕات لەنێوانیان تا ئێستا بەچەشنێك خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەر سێ دەوڵەت بکات بەشێوەیەکی عادیلانە و هەرچەندە ئەم هەموو کێشانە لەنێوان هەر چوار دەوڵەت کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە و لەوان راگرتنی شەڕ لەنێوان ئێران و عێراق لە ١٩٨٨/٨/٨ و کێشەی فڕۆکەکانی عێراق کە ناردبوویانە ئێران لەپێش جەنگی کەنداوی دووەم و ئەم هەموو کێشانە لەنێویان ماونەتەوە بەبێ چارەسەری کەچی لەسەر دووژمنایەتی کورد رێککەوتوون و کۆکن بۆ لێدانی کورد لە هەر پارچەیەك لە پارچەکانی نەتەوەی خۆی، هەرچەندە لەپاش رووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ١٩٤٦/١٢/١٧ داوای سەربەخۆیی نەکردووە تا ئێستا، بەڵام هەر چوار دەوڵەت خەو بەچاویاندا نایەت لەبەر ئەم کێشە عادیلانە و ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی نوێش بەواتای سەرەتای سەدەی بیستەم و تا ئێستا دەبینین هەر چوار دەوڵەت هاوکاری یەکتریان کردووە و تا ئێستا بەرێگەنەدان بە گەیشتنی کورد بەهیچ مافێکی نەتەوەیی هەرچەندە کەم بوبێت.

کاتی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە ساڵی ١٩٦١ دەوڵەتە دراوسێیەکان کەوتنە گەمارۆدان و دژایەتی کردنی، لە ساڵی ١٩٦٣ شەڕ دەستپێکردەوە لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکومەتی عێراق و سوپای عێراق توندترین هێرشی کردە سەر کوردستان.

عێراق و تورکیا و ئێران رێککەوتن لەسەر لێدانی شۆڕش و لەناوبردنی، ئەوەبوو ئێران ئەفسەرێکی خۆی ناردە کەرکووك بەدامودەزگای بێتەلەوە هەروەها تورکیا ئەفسەرێکی خۆی بەهەمان کەلوپەلی بێتەلەوە ناردییە موسڵ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر پێشمەرگەو لێدانی، سووریا بەوەش نەوەستا بەڵکو هێزێکی سوپای خۆی بەفەرماندەی فەهد ئەلشاعیر ناردییە موسڵ و بەشداری کرد لە شەڕەکانی ناوچەی دهۆك و زاخۆ دژی شۆڕشگێڕانی کورد، دەیبینین عێراق دەستی هەڵگرت لە سەروەری خۆی لەسەر خاکی و ئاوی عێراق بۆ ئێران بەپێی رێککەوتننامەی جەزائیری خیانەتکار لە ١٩٧٥/٣/٦ بەرامبەر بەلێدانی کورد و لە ساڵانی هەشتایەکان لە سەدەی رابردوو عێراق و تورکیا رێککەوتنێکیان مۆرکرد کە بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە رێگایان داوە بۆ سوپای یەکتر کە بچنە ناو خاکی یەکتر بۆ چەند کێلۆمەترێك بەمەبەستی راوەدوونانی پێشمەرگەو

لەناوبردنیان و ماوە ماوە وەزیرەکانی دەرەوەی دەوڵەتەکانی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە کۆدەبوونەوە و پێیان نەدەکرا کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن تەنها لەسەر یەکبوویی عێراق رێکدەکەوتن و هەڵوێستەکانیان دەکردە یەك دژی مافە رەواکانی نەتەوەیی کورد و کوردستان، سەرەڕای ئەم هەموو تەماعکاریان لە ئابووری کوردستان لێرەدا کێشەی ئاویش هاتە ئاراوە لەنێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە جگە لە نەوت و سەرچاوەکانی ئاوی رووبارەکانی دیجلە و فوڕات لە باکووری کوردستانن و تورکیا پرۆژەی گەورە لە باکووری کوردستان دروستیکرد و ماوە لەمەودوا ئاو رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر لە ناوچەکە دەبینێت بێجگە لە نەوت و تێروتەسەلی لە فەسلێکی تایبەتی لەم کێشە ئەم کێشەمان باسکردووە و لە سووریا کێشەی چارەسەر ناکات و ئامادەش نییە دان بەو هەزاران کوردە دابنێت کە خەڵکی سووریان وەرەگەزی سوورییایان پێنادات، و رۆژبەرۆژ بەرژەوەندییەکانیان دەوڵەتە پارچەپارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێندرایە لە زیادبووندایە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو رۆژە دێت کە عەقڵییەتی ئەو دەوڵەتانە دەگاتە قەناعەت کە کورد میللەتە وەکو هەموو میللەتانی دنیا و لەت لەتکراوە وەکو میللەتی عەرەبی و مافی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی خۆی هەیە لەسەر خاکەکەی کوردستان؟ هەروەها تورك و فورس؟ بەڕای من ئەو رۆژە لە مێژوودا نییە، چونکە ئەوەی دان بەکورد دانەنێت کە هەیە و بەتورکی چیای ناوببات؟ ئەویتر داوای توانەوەی کورد بکات لەناو بودەقەی نەژادی عەرەبی هیچ ئیمکان نییە دان بەکورد و مافەکانی بنێت، و هەتا پارتە چەپڕەوەکان و کۆمۆنیستەکان لە دەوڵەتانی سەرەوە دەنگ لە کێشەی کوردو چارەنووسەکەی هەرچەندە بزاقی کۆمۆنیستی دنیا ئیدعا دەکات کە لەگەڵ چارەنووسی میللەتانن و بڕوایان بەچارەنووسی میللەتانیان هەیە کەچی تا ئێستا پارتەکانی سەرەوە لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران و تورکیا بێ هەڵوێستن و کەوتوونەتە ژێر تەئسیری(کاریگەری) بیروبۆچوونی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و هەتا پارتی کۆمۆنیستی عێراق کوردستان قۆناغی ئیستراحەتیان بووە وەشوێنی ئارام و حەسانەوەیان بووە، هەرکاتێ لێیان قەومابێت رایان کردووە بۆ چیاکانی کوردستان بۆ خۆ پاراستنیان کە بارودۆخی بەغدا بڕێك ئاسایی بۆوە کوردستانیان بەجێهێشتووە و گەڕاینەوە بەغدا، بەڵام بۆ ئەو هەموو خەڵکانەی کە تا ئێستا نەگەیشتوونەتە قەناعەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی عادیلانە، ئارامی و هێمنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپا نابێت و ئەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێندراوە خۆشی لەخۆ نابینن، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکەن و خواست و ویستی کورد نەهێننەدی، لەسەر میللەتی کورد و سەرکردایەتی سیاسی کوردە ئەم راستییە بزانن و



چاکترین چارەسەرکردن سەربەخۆییە سووربن لەسەر برایەتیان و پێکەوە ژیان حاڵی کورد هەر ئەوها دەبێت و مەترسی لەسەر دەمێنێت وەناگەینە لێواری ئارامی، و سەربەخۆیی مافی خۆمانە وەکو هەموو میللەتانی دنیاو لە هیچ میللەتێك کەمترنین.

## رۆڵی کورد لە رووخاندنی رژێمی بەغدا

لەپاش شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی/ ١٩٦١ و رزگارکردنی زۆر لە ناوچەکانی چیایی لە کوردستان و لەبەرئەوە سەرکردەی شۆڕش بارزانی نەمر دووربین بوو و بڕوای بە داکۆکیکردن لە زوڵم لێکراوەکانی عێراق هەبوو لە هەموو نەتەوەیەك و ئایین و مەزهەبێك لە کوردستان بۆ پەناگەی هەموو زوڵم لێکراوەکانی عێراقییەکان لە عەرەب و تورك و کەمەنەتەوایەتییەکان و هەرکاتێ کۆمەڵێك دەهاتنە حوکم بەکودەتایەکی سەربازی و کۆمەڵێکی دیکە دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەدان و لە کودەتای ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ی خوێناوی شیوعییەکان رایانکرد بۆ ناوچەکانی رزگارکراوی کوردستان و چەکیان هەڵگرت و شەڕی سوپای عێراقیان کرد شان بەشانی پێشمەرگەکان و هێزەکانی شۆڕش و هەروەها کەسایەتییەکانی عێراقی لە عەرەب و تورکمان پەنایان بردە کوردستان و جێگای رێزلێنانی شۆڕش و بارزانی نەمر بوون، چونکە خودی خۆی کوردێکی نەتەوەیی و عێراقییەکی راستەقینەبوو وەبەرگری لە زوڵم لێکراوانی دەکرد لە بەندەکانی غەیرە کورد لە بەندیخانەکانی عێراق لە هەموو قۆناغەکانی حوکمڕانی عێراق لە ماوەی شەڕراگرتن لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتەکانی بەغدا یەك لەدوای یەك کە هەر هەموویان بەکودەتای سەربازی و بەچەك و خوێن دەهاتنە حوکم و تاقمی پێشویان ئازار و ئەشکەنجە دەدا.

بەڵام لەپاش راپەڕینی ٥ی ئاداری/ ١٩٩١ و رزگارکردنی بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان و کەرکووك لە گەڵیان لە ١٩٩١/٣/٢١ و دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەدانانی ناوچەی ئارام بۆ کورد و لەپاش کێشانەوەی ئیدارات لە لایەن حکومەتی ناوەندی لە ١٩٩١/١٠/٢٣ بەمەبەستی تێکدانی ناوچەکە وەدروستکردنی ئاژاوە بۆ بەرەی کوردستانی بەهۆی دروستبوونی بۆشایی دەستووری و ئیداری لە ناوچەکانی رزگارکراوی کوردستان بۆ بەمولکەیەك و یەکە یەکی ئارام بۆ هەموو کۆمەڵ و پارتە عێراقییەکانی بەرهەڵستکار دژی حکومەتی عێراق وەکۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین بەستراو چەند بڕیاری گرنگیان دەرکرد وەك هەنگاوەکانی یەکەم بوون لەسەر رێگای راست و زنجیرەیەك کۆڕ وکۆبوونەوە و کۆنگرە لەناو کوردستان و دەرەوە بەستران لە کاتەکانی جۆراوجۆر، بەڵام گرنگترین کۆنگرە کە لە سەلاحەدین

بەسترا ئەوەبوو کە دانی نا بەفیدڕالییەت بۆ عێراق وەکۆنگرەی لەندەن لەپێش رووخاندنی حکومەتی بەعس کە سەرکردایەتی کوردی لایەنێك و یاخود دوولایەنی عەرەبی هێزی چەکداری هەبوو بۆ بەشدارکردن لە پڕۆسەی رزگارکردنی عێراق و لێدانی حوکمی بەعس، بەڵام بەداخەوە لەم کۆنگرەیە دان بە فیدڕالیەتی کوردستان نەنراو خەڵکانێك و کەسایەتی زۆر لە عەرەبەکان کە لەم کۆنگرەیە بەشداربوون و کەسیان نەبوو ئەوجا دژی فیدڕالییەتی کوردستان راوەستان و بەشێکیان لە کوردستانی رزگارکراو دەژیان ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دیکە، تورکیا پشتگیری ئەمریکای نەکرد کە ئەوە دەیان ساڵە دۆست و هاوپەیمانێتی و ئەندامە لە پەیمانی ئەتلەسی و بەربەستی خستە بەر سوپای ئەمریکی بۆ بەکارهێنانی خاکەکەی لە پڕۆسەی رزگارکردنی عێراق و مەرجی قوڕسی خستە پێش ئەمریکا بەرامبەر بە بەکارهێنانی خاکی تورکیا دژ بەسەدام و حوکمەکەی و ئەگەر رێگای بەسوپای ئەمریکا دابا بەئاسانتر و کەمتر لە زیانی سەروسامان و زووتر عێراق رزگار دەبوو، بەڵام ئەمریکا مەرجەکانی تورکیای رەتکردەوە وەسوپایەکەی لە تورکیاوە گواستەوە بۆ کوێت، بەڵام کورد بەسەرکردایەتییەوە لەگەڵ هاوپەیمانان راوەستان هاوکاری کردن لە پڕۆسەی رزگارکردنی عێراق و کوردستان بوو بەبنکەیەکی هێمن و ئارام بۆ سوپای ئەمریکا بەبێ مەرج، چونکە کورد دەیزانی تەنها رووخاندنی حوکمی بەعس سەرکەوتنێك و دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ دۆزی کورد و هەنگاوێکە بەرەو گەیشتنی کورد بە ئامانجە نەتەوەییەکانی، بەڵام دەبوایە سەرکردایەتی کورد چەند مەرجێکی هەبێت وەکو سزادانی تاوانبارانی جەنگ لە کوردستان وەبەتایبەتی جاشە خۆفرۆشەکان هەروەها سەرکردەکانی سوپای عێراق کە کوردیان بەکۆمەڵ کوشتوو، هەروەها بەڕێوەبەرەکانی ئەمن و دەزگا سیخوڕییەکان و ئەو ئەفسەرانەی کە هەموو کارێکی خراپیان ئەنجامدابوو دژ بە گەلەکەمان و بدرابانە دادگا و سزادرابان، چونکە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد هەڵدەینەوە دەبینین هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکانی کورد هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم و منداڵەکانیان و نەوەکانیان بە میراتە دوژمنایەتی هەموو شۆڕشێکی کوردیان کردیە و دژایەتی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان بووینە و زنجیرەی خیانەکاری بووینە و هەر دوو کورد رۆیشتبنە چیا و چەکیان هەڵگرتبێت دژی حکومەت جاشەکانی سەرەوە خزمەتی خیانەتکاری خۆیان پێشکەش بە حکومەتەکانی یەك بەدوای یەك کردووە و بەڕای من هەتا پێشمەرگە هەبێت جاشەکانی سەرەوە دەمێنێنەوە بەخۆفرۆشی تەنها چەند کەسێك نەبن لە منداڵ و نەوەکانیان و ئەوانیش زۆر کەمن، چونکە لە پاش شۆڕشی ١١ی ئەیلولی/ ١٩٦١ هەر گفتوگۆیەك کرابێت لەگەڵ حکومەت لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی و حکومەتی بەغدا و بە هەر ئەنجامێك گەیشت بێت وەکو



شەڕ ڕاگرتن و یاخوت رێککەوتن، لێبوردنی گشتی بۆ جاشەکانی دەرچووە بەسەرۆکەکانیانەوە و بە جێبەجێ نەبوونی رێککەوتنەکە کەشەڕەکە دەستپێکرا بێتەوە لەنێوان هەردوولای سەرەوە جاشەکانی سەرەوە تەمبێ نەبووینە و دووبارە و سێ بارە چەکی جاشایەتیان هەڵگرتووە دژی شۆڕشی کوردی و وازیان لەم پیشە نا شەریفانەیان نەهێناوە و ئێستاش ئەگەر کێشەی کورد چارەسەرنەکرا و حکومەتێکی عەرەبی بەهێز لە بەغدا دروستبێت هەمان جاشەکان دەچنەوە بەغدا و دیسان ڕێگای خیانەت دەگرن، چونکە لەپاش لێبوردنی گشت بەرەی کوردستانی لەپێش ڕاپەڕینی ٥ی ئاداری/ ١٩٩١ زۆربەی جاشەکان مانەوە لەناوچە ڕزگارکراوەکان و ڕێزیان لێنا، بەڵام بەشێکی زۆریان دیسان چوونەوە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی بەغدا و دەستیان کردەوە بە خیانەت و بەشێکیتریان بونە دووبەش بەشێك لە هەرێمی ڕزگارکراومانەوە و بەشێکی تر چونە ناو حکومەتی بەغدا و لە هەردوولا دەیان خوارد، مسیبەتەکە لەوەدایە هەندێکیان بوونە سێ بەش، بەشێك سەر بە پارتی و یەکێتی سەر بە یەکێتی و بەشی سێیەمیان لە بەغدا بوون و لە هەرسێ لا دەیانخوارد لەبەر ئەوە دەبێ سنوورێك بۆ ئەو خەڵکانە دابندرێت و پێوەرێك هەبێت بۆ نیشتمان پەروەری و دامەزراندن لە شوێنە گرنگەکانی داموودەزگای میری.

زیاتر لەوە لەپاش رووخاندنی ڕژێمی حکومەتی بەعس ناوەکانی خەڵکانێك کەس لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و لە هەردوو حزبی حوکمدار پارتی و یەکێتی ڕۆڵی گەورە و پلەوپایەی بەرزیان هەبوو دەبینین ئەو خەڵکانە دەرچوون کە پیاوی رژێمی بەعس بووینە و هاوکاری حکومەتی بەغدایان کردووە دژی ئیدارەی کوردستان کە خۆیان خاوەن دەستەڵات بووینە و پلەوپایەی بەرزیان هەبووە و دژی خواست و ویستی کورد بوینە، و ئەوە سەیرە کە هیچ ئیجرائاتی یاسایی دەرحەقیان وەرنەگیرا و لە پلەوپایەی خۆیان مانەوە و ئەم هەڵوێستە قورس وەستا لەسەر هەردوو لایەن و هاووڵاتیان و دڵسۆزان وڕ بوون لە هەڵوێستی هەردوولا. ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو خەڵکانێك دوژمنایەتی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردیان دەکرد و لەپێش شۆڕشی ئەیلولی/١٩٦١ و لەگەڵ دوژمن مانەوە تا ڕۆژی ڕووخانی حکومەتی بەغدا لە ٢٠٠٣/٤/٩ ئەوجا ناوەکانیان خرایە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدکران کە ببنە نوێنەرانی میللەتی کورد لە پەرلەمانی عیراق و پێشمەرگەی ئەیلول و گولان و ڕاپەڕین و خزموکەس و ژنو منداڵی شەهیدان ناچاربوون و لەبەر بەرژەوەندی دۆزی کورد دەنگیاندا بەو خەڵکە فرۆشانەوە شان بە شانی نیشتمان پەروەران بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق و تاقیکردنەوەیەکی تال بوو و نەدەبایە ئەم جۆرە خەڵکانە شەرەفی نوێنەرایەتی میللەتی کورد بدرێتی کە بڕوایان بە مافی کورد نەبووە و نایان بێت.

ئەوەبوو جەنگ دژی عیراق دەستپێکرد و سەرکردایەتی کوردی ڕۆڵی بەرچاوی بینی بە پێشمەرگە قارەمانەکانەوە و لە ٢٠٠٣/٤/٩ حوکمی بەعس ڕوخا و عیراق وەك دەوڵەت و حکومەت ڕووخا و لەشکری کورستان ڕۆیشتە ناو کەرکووك و موسڵ کە سەدان هەزار کورد تێدا دەژیت هەروەها شنگال و عەین سفنیٚ و ناوچەکانی تری کوردی ڕزگارکران کە لەژێر حوکمی بەعسی دیکتاتۆری بوون، و سەرکردایەتی کوردی توندوتیژی بەکارنەهێنا دژ بە دوژمنەکانی، هەرچەندە حکومەتەکانی عیراقی یەك بەدوای یەك هەر لە کودەتای ٨ی شوباتی/ ١٩٦٣ هەتا ڕۆژی ڕوخانی لە ٢٠٠٣/٤/٩ درێخیان نەکرد لە کوشتن و بڕین و ئازار و ئەشکەنجەدان و گرتن و ڕاگوێزان و دەرکردن لەسەر موڵك و مانیان و لێسەندنی سەر و سامانیان و ئەو هەموو تاوانانەی ئەنجامیان دابوو دژ بە یاسا و مافی مرۆڤ و هەموو ئایینەکان بوون و بە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤن و لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ناگونجێن لەبەر ئەوە بەڕای من دەبوایە لەشکری شۆڕشگێری کوردستان و پێشمەرگەکان توندوتیژی شۆڕشگێرانە بەکاربهێنن دژ بە زەوتکەرانی خاکی کورد لە کەرکووك و شوێنەکانی تر و رزگاری بکەن، چونکە چۆن عەرەبە هاوردەکان بەبیٚ یاسا و بە پێچەوانەی هەموو یاسای ناوخۆ و نێودەوڵەتی هێنایانە کوردستان و نیشتەجیٚ کران لەسەر خاکی کورد، بەهێز دەبوایە بە هەمان هێز عەرەبە هاوردەکان دەربکرێن و ئەوەی کوشتیاری و زولموزۆرداریان کردبوو بەسزای عادیلانەی میللەتیان گەیاندبا، ئەوسا پێویستیمان بە بەندی ٨٥ لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی کاتی نەبوو، و دەستخۆشی لە پێشمەرگە و سەرکردایەتییەکەی دەکەم کە خانەقین و ناوچەکانی پاك کردەوە لە عەرەبە هاوردەکان و کێشەکە لەم ناوچانە چارەسەرکرا و لەلایەن عەرەبەکانەوە لەبیرکرا و مافی چارەسەرکرا، و لەلایەن عەرەبەکانەوە لەبیرکرا و ماف گەڕایەوە بۆ خاوەنەکانی و ئەوەی بەخورتی لەمرۆڤ دەستێندرێت ناگەڕێتەوە تەنها بەخورتی و بە بازوو نەبێت.

هەروەکو گوتمان کە حکومەتی دیکتاتۆری ڕووخا، دەوڵەتی عیراق لەگەڵی روخا لەبەر ئەوە هەلەکی مێژووی بوو، بۆ کورد کە داوای سەربەخۆیی بکات و دەوڵەتی کوردی ڕابگەینێت، دەبوایە سەرکردایەتی کوردی ئەم ڕاستییە بە هاوپەیمانەکان ڕابگەینێت کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە پرۆسەی ڕزگارکردنی عیراق کە ئەمریکاو بەریتانیا بوون، لەم حاڵەتەدا، بەڵکو یەکێك دەپرسێت ئایا تورکیا دەستی تێوەرنەدەدا بە بەکارهێنانی سوپا و لەناوبردنی دەولەتەکە؟ من وەڵامیان دەدەمەوە و دەڵێم شکستی دەهێنا و سەرنەدەکەوت لەبەر چەند هۆیەك لەوان: تورکیا لە ڕووی ئابوورییەوە پێی ناکرێت بەردەوامی بە جەنگی درێژ بدات لە کوردستان کە خەرجێکی زۆر و کاتێکی زۆری و



زۆربوونی و دۆڵ و چیایەکان کە خەریکی زۆر و کاتێکی زۆری دەیەویٚ وە هەمووی بۆی ناگیرێت و عیراقمان لەبەر چاوە کە هەر لە ساڵی ١٩٦١ و تا ١٩٨٨ نەیتوانی کوردستان داگیر بکات و ناچار بوو پیلانە شوومەکەی جەزائیر مۆر بکات وە تەنازول لە خاك و ئاوی عیراق بکات و کیمیابارانی کوردستان لە ١٩٨٨ لە هەڵەبجە و خۆشناوەتی و بادینان بکات ئەوجا شەڕی ئێران و کوێتی کرد هەر لەبەر کێشەی کورد و زۆری خەرجییەکانی جەنگ لە ئەنجامدا بەعس ڕوخا و کورد هەرمایەوە و سەرکەوت بۆیە تورکیا هیچی پیٚ نەدەکرا و ئەوە لەبیرمان نەچێت کە پارتە سیاسییەکانی کورد لە تورکیا دەجوولانەوە، هەروەها میللەتی کورد لە باکووری کوردستان هەڵدەستا دژ بە حکومەتی تورکیا و بارودۆخیان دەشلەژاو تێکدەچوو، بەڕای من هەنگاوی سەرەوە سەری دەگرت، بەڵام ئەنجامنەدرا.

بۆیە دەبیٚ عەرەبی عیراق سوپاسمان بکەن بەرازی بووتمان بە حوکمی فیدیرالی، من رەشبینم بە نیسبەت بەندی ٥٨ لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت کە لەماوەی سیٚ ساڵی ڕابردوو لە رووخانی بەعس تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی نویٚ لە ٢٠٠٦/١/٣١ و تائێستا هیچ نەکراوە بەنیسبەت دەرکردنی عەرەبی هاوردەکان، بەپێچەوانەوە لە حوکمی جعفری بەردەوام عەرەبەکان دادەمەزران و دەنێردرانە کەرکووك بە پێچەوانەی بەندی ٨٥ی سەرەوە و بۆ کوردی کەرکووك شتێکی وەها نەکراوە دلخۆشکەربێت، بەو دیواییە کێشەی کەرکووك تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دەبیٚ چارەسەر بکرێت ئەمە هەلەیەکی تر بوو سەرکردایەتی کورد کردی، چونکە چارەسەری کێشەی کەرکووك تەنها دەستەڵاتە بدرێتە لیژنەکە و دابینکردنی پارەیە و هەردووی ئاسانە، بەڵام مێشکی عەرەبەکان بە سوننە و شیعەوە تەقەبولی ئەوە ناکەن عەرەبەکان کەرکووك بگێڕدرێنەوە شوێنە ئەسلەکانیان، و ئێستا ڕایی گشتی لەگەڵ کێشەیی ئێمەیە.

بەشداربوونی کورد لە ئەنجومەنی حوکم لە عیراق لەپاش رووخانی حوکمی بەعس ژەنەرالی ئەمریکی گارنەر (Garner) داندرا بۆ بەرێوەبردنی عیراق، بەڵام هەر زوو گۆڕییان بە (برێمر) و کرابە حاکمی عیراق، ناوبراو چەند بریارێکی دەرکرد، یەکێك لەو بڕیارانە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عیراق بووە بەراستی بە نیسبەت ئێمەی کورد بریارەکە باش بوو، چونکە سوپای سەرەوە پەروەردە کرابوو بە بیروباوەری عەرەبی شوفێنی و بەعس لەبەر ئەوەی سوپای سەرەوە حەزی لە کوشتن و تالانکردن و تۆلە سەندنەوە بوو، و ئەگەر سوپایەکەی بەجیٚ هێشتبا وەکو خۆی، وڵاتی عیراق تووشی کودەتای سەربازی دەبوو و عەقلیەتی عەسکەرتاری و توانەوەی نەتەوەکانیتر زاڵ دەبوو، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سوپای سەرەوە چەکو تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی و کارگەکانی

سەربازی و موشەك و رادار و هەموو ئەو کەلوپەلانەی پەیوەندی بە سوپاوە هەبوو بەرەڵلاّ کرا و هەمووی دزرا و تالاّنکرا و کەوتە مالاّن و بە هەرزانی بەشێکی فرۆشرا بە دەوڵەتە دراوسێییەکان وە فرۆکەکان کەس نازانێت چییان بەسەرهات و چەکەکان کەوتنە دەستی دوژمنانی حکومەتی نوێ کە ئەو دوژمنانە جگە لە بەعسییەکانی ناو سوپا هەموو کارمەندانی دەزگا سیخورییەکان لە گەورە ئەفسەر و ئەفسەر و دەرجەدار هەروەها رفیق حزبییەکان و سوپای قودس و پۆلیس بوون ئەو چەکە ئیرهابییەکان سوودیان لێوەرگرت بە بەکارهێنانی دژی وەزعی نوێ و دەکرا دەست بەسەریاندا بگیرێت بەهۆی ئەفسەرەکانی بەرهەڵستکاری حوکمی بەعس و کرابانە فەرماندەکانی یەکەکانی سوپای عیراق، ئەوکاتە سوود لەو چەکانە وەردەگیرا بۆ سوپاو پۆلیسی نوێ و خراپە کاری و تیرۆر کەم دەبۆوە و ئەو پارەی لە کڕینی چەك خەرجکرا لەپاش ڕوخانی بەعس دەکرا خەرج بکرێت لە کارە خزمەت گوزارییەکان وە چاك کردنی ئابووری عیراق و زیانی ماددی و مرۆڤ لە عیراق کەمتر دەبوو.

و ئەنجومەنی حوکم پێکهات و سەرکردەکانی کورد تێدا بەشدار بوون، بەڵام ڕۆڵی ئەنجوومەنی حوکم کەمبوو، و لەدواییدا دەستەی سەرۆکایەتی پێکهێنرا لە (٩) نۆ ئەندام و بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی هەریەك لە (٩) نۆ ئەندامەکان بوو بە سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ماوەی یەك مانگ و لە راستیدا هیچ کامیان نەیانتوانی هیچ کارێك ئەنجام بدەن لەبەر کورتی ماوەکە و هیچ بەرنامەیەك بە یەك مانگ جێبەجێ ناکرێت، هەروەها نەبوونی دەستەلاّت لەبەر خاکی ئەمریکی، بەڵام هیچ نەبوایە هەر یەکێك لە ئەندامە کوردەکان لە ماوەی مانگەکەی دەبوایە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس کە لەهاوینی ١٩٧٤ بڕیاری دابەش کردنی قەزا و ناحییەکانی پارێزگای کەرکووك بەسەر پارێزگاکانی تکریت و دیالە و سلێمانی هەلبوەشێنێتەوە، چونکە مەبەستی بڕیاری سەرەوە گۆڕینی دیموغرافیای کەرکوك بوو و کەم کردنەوەی ڕێژەی کوردەکان بوو لە کەرکووك، چونکە ئەو قەزا و ناحیەکانی بەپێی بڕیاری سەرەوە لە کەرکووکیان کردەوە دانیشتوانی هەر هەموو قەزا و ناحییەکان کورد بوون و لەماوەی نۆ مانگەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی دەرچوو هەرچەندە تێبینی هەبوون لەسەر یاسایەکە لەلایەن هەندێك لە ئەندامەکانی ئەنجومەن و لەلایەن حکومەتی کاتی لە ٢٠٠٦/٦/٣٠ کارپێکرا کە لە هەمان رۆژ کۆتایی هات بە ئەرکی حاکمی ئەمریکی برێمەر لە عیراق، و ڕێککەوتن لەسەر دەست نیشان کردنی سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەی یەکێکیان کردبوو، بەڵام وەك ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو وەك پێویست، ئیمرۆ وەك دوێنێ بوو، چونکە لەپاش



شۆڕشی ١٤ی تەمموزی/ ١٩٥٨ و نەمانی رژێمی پاشایەتی لە عیراق ئەنجومەنی سیادە (کل السیادة) داندرا و یەکێك لە ئەندامەکان کورد بوو، بەڵام هەموو دەستەلاّتەکان بە دەست سەرکردەی شۆڕش و سەرۆك وەزیران زەعیم روکن عبدالکەریم قاسم بوون وە لەگەڵ گۆڕینی کات و سات و ڕۆڵی کورد لە روخاندنی ڕژێمی بەعس لە عیراق و پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران کوردێك کرا بە جێگیری سەرەك وەزیران هەروەها کورد بە ژمارەیەکی چاك بەشدارییان کرد لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بارودۆخی ئارامی و هێمنی خراپ و لاوازی دەست بەسەرداگرتن و جموجۆلی تیرۆریستان کە لە زیادبووندایە و خراپکاری لەناو دامودەزگا میرییەکان ئەنجامدرابوو و زۆربەی هەرە زۆری داموودەزگاکانی نەیانتوانی وەك پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن، وەزارەتەکان بە تێکرایی نەیانتوانی بەکارەکانیان هەڵبستن وەك پێویست، و ڕێگای پێکهێنانی دەزگا پۆلیسەکانی پاش رووخاندنی رژێمی و چونێتی هەڵبژاردنی کارمەندەکانیان چاك نەبوو و هەروەها پشت بەستن بە سەرکردەکانی پۆلیس کە لەپێشان بەعس بوون، دەزگای پۆلیس وەك پێویست بەکارەکانی خۆی هەڵنەستاو خەڵکانێك لە ناو دەزگاکان، کاریان لەگەڵ تیرۆریستەکانیان دەکرد، و وەزارەتی ناوخۆی بەغدا نەیتوانی دەزگایەکی پاراستنی پۆلیس بە ڕێکوپێکی دروستبکات وەدەیانتوانی سوود لە گەورە ئەفسەرانی پۆلیسی هەرێمی کوردستان وەرگرن کە لە کوردستان بەهەمان قۆناغەکان تێپەڕ ببوون کە ئێستا عێراق لە قۆناغەکان دایە و ئەفسەرەکانی کوردستان خزمەتێکی یەکجار چاکیان کرد بۆ خەڵکی کوردستان و توانیان دەزگای پۆلیس و ئاساییش دروستبکەنەوە لەسەر بناغەیەکی راست، بەڵام یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق نەیتوانی زۆر لە کێشەکانی عێراق چارەسەربکات و ئەم کەموکۆڕیانە بە فراوانتر باسی لێوە دەکەین لە داهاتوودا و بۆ زیاتر تێڕامانین و سوود وەرگرتن ئەمەش دەقی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە.

## بەناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان

## یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە

**(٨)ی ئاداری/ ٢٠٠٤**

**پێشەکی:**

گەلی عیراق کە بۆ وەدەستهێنانەوەی ئەو ئازادییەی خۆی کە رژێمی کەللەشەقی (الاستبدادی) پێشوو لێی زەوت کردبوو تێدەکۆشێ، ئەو گەلەی کە هەموو شێوەکانی توندوتیژی و زۆرەملێ ڕەتدەکاتەوە، بە تایبەتیش کاتێ وەك شێوازێ لە شێوەکانی حوکم بخرێتە کار، مکوورە لەسەر ئەوەی وەك گەلێکی ئازاد بمێنێتەوە و جڵەوی سیاسەتی بەحوکمی یاسا بسپێرێ.

ئەم گەلە، ئەمڕۆ جەخت لەسەر رێزگرتنی یاسای نێودەوڵەتی دەکاتەوە، نەخاسمە کە خۆیشی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ وەدەستهێنانەوەی مەنزڵگەی شەرعی خۆی لەنێو نەتەوەکاندا تێدەکۆشێ، لە هەمان کاتیشدا بە گیانی برایەتی و هاوکۆکی بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی خۆی خەبات دەکات. جا بۆ ڕەنگڕشتنی روخساری ئایندەی عێراقی نوێ و دانانی میکانیزمێك کە بەشێ لە ئامانجەکانی سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەت و ڕەفتاری ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەرییە و چارەسەرکردنی کێشەگەلی قۆناغییە، تێدەکۆشێ.

لەبەر ئەوە ئەم یاسایە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری عیراق بۆ ئەم قۆناغەی گواستنەوەیە ئیقرار کرا، تا ئەوکاتەی حکومەتێکی هەڵبژێردراو دێتە ئارا و لەژێر سایەی دەستوورێکی شەرعیی بەرقەراردا دەکەوێتە کار و بۆ وەدیهێنانی دیموکراتییەکی دروست و تەواو بە کۆششی خۆی دەکات.



## دەروازەی یەکەم

## مەبدەئە ئەساسیەکان

**ماددی یەکەم:**

(أ) ئەم یاسایە بە: (یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) ناودەبرێت و دەسەواژەی: (ئەم یاسایە)ش لە هەر جێگایەکی ئەم یاساکاریەدا هاتبێ، ئەوە مانای: (یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)یە.

(ب) لەم یاسایەدا، ئامازەکردن بۆ (نێر)، (مێ)یش دەگرێتەوە.

(ج) دیباجەی ئەم یاسایە، بە بەشێکی دانەبڕاوی یاساکە لە قەڵەمدەدرێ.

**ماددی دووەم:**

(أ) دەسەواژەی: (قۆناغی گواستنەوە) مانای ئەو قۆناغەیە کە لە (٣٠)ی حوزەیرانی (٢٠٠٤)ەوە دەستپێدەکات، تا بەپێی دەستوورێکی بەرقەرار، کە وەك دەقەکەی لەم یاسایەدا هاتووە، حکومەتێکی عیراقی هەڵبژاردراو، لەماوەی ئەو پەڕی (٣١)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٥) نەترازێ پێکدەهێنرێ، لە حاڵەتی بەرکارخستنی ماددەی (٦١)ی ئەم یاسایەدا نەبێ.

(ب)- قۆناغی گواستنەوە لەدوو تاق (فترە) پێکدێت:

١- تاقی یەکەم بە پێکهێنانی حکومەتێکی عیراقی کاتیی خاوەن سەروەرییەکی تەواو دەستپێدەکات و لە (٣٠)ی حوزەیرانی (٢٠٠٤)دا دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم حکومەتە بەپێی وتووێژێکی ئاودامان و بەفراوان بە راوێژگاریی توێژەکانی کۆمەڵگەی عیراق کە ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان پیادەی دەکەن پێك دێت، دەشتوانرێت بۆ ئەو مەبەستە راوێژ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا بکرێت. ئەو حکومەتە بەپێی ئەم یاسایە دەسەڵات بەڕێوە دەبات بە هەموو ئەو مەبدەئەو و مافە ئەساسیانەشەوە کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون و پاشکۆیەکیش کە پێکهاتنی لەسەر دەکرێت، بەر لە دەست پێکردنی قۆناغی گواستنەوە دەردەچێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەم یاسایە.

٢- تاقی دووەم: دوای پێکهێنانی حکومەتی گواستەنیی عیراقی، لەدوای هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی کە وەك لەم یاسایەدا هاتووە، دەستپێدەکات. بە مەرجێ ئەم

هەڵبژاردنانە، ئەگەر بکرێ، لە (٣١)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٤) بەولاوە نەترازێ، یا هەرچۆنێ بێ، بەر لە (٣١)ی کانوونی دووەمی (٢٠٠٥) بکرێت.

تاقی دووەم بە پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی بەپێی دەستووری هەمیشەیی کۆتایی دێت.

**ماددەی سێیەم:**

(أ) ئەم یاسایە بە یاسای باڵای وڵات دادەنرێ و بەبێ هەڵاوێری، لە هەموو لایەکی عیراقدا مولزیمە و ناشێ ئەم یاسایە بەبێ زۆرینەی دەنگی سێ چواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی و کۆدەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەموار بکرێ. هەروەها ناشێ هیچ هەمواركردنێکی بەسەردا بکرێ، بە هەر شێوەیەك، ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ئەو مافانەی گەلی عیراق کە لە دەروازەی دووەمدا هاتوون، یان ماوەی قۆناغی گواستەنی درێژە پێ بدات و لەو ماوانەی بترازێنێ کە لەم یاسایەدا هاتووە، یان هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نوێ دوابخات، یان دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکان کەم بکاتەوە، یان کار لە ئیسلام، یان ئایین و تایەفەکانی دیکە و سروشەکانیان بکات.

(ب)- هەر دەقە یاسایەك بە خیلافی ئەم یاسایە بێت بەناهەق دادەنرێت.

(ج)- بەکارخستنی ئەم یاسایە، بە پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بە پێی دەستوورێکی هەمیشەیی دێتە کۆتایی.

**ماددەی چوارەم:**

سیستەمی حوکم لە عیراق: کۆماری، ئیتتیحتادی (فیدراڵی)، دیموکراتی فرە لایەنە و دەسەڵاتەکانیش لەنێوان حکومەتی ئیتتیحادی (فیدرالی) و حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگاکان و شارەوانی و ئیدارە مەحەللیەکاندا دابەشدەکرێت. ئەم سیستەمە ئیتتیحادی (فیدرالی)یە لەسەر بناغەی جوگرافی و مێژووییەکان و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنیاد دەنرێ، نەك لەسەر بناغەی ئەسڵ یا نەژاد یا ئیتنی یا نەتەوە یان مەزەب.

**ماددەی پێنجەم:**

هێزە چەکدارەکانی عیراق، بەپێی ئەوەی لە دەروازەی سێیەم و پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیی حکومەتی گواستەنیی عیراقدا دەبن.



**ماددەی شەشەم:**

حکومەتی گواستەنیی عیراق هەنگاوی کاریگەر دەنێ بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو کردەوە سەر کوتکارییانەی ڕژێمی پێشوو ئەنجامی دابوون، کە لە دەرکردنی زۆرەملێ و داماڵینی ڕەگەزنامە و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی گواستنەی و ناگواستەنی و دەرکردن لەوەزیفەی حکوومی کە بەهۆی سیاسی یا ڕەگەزپەرستی یان تایەفەگەرییەوە هاتوونەتە ئاراوە.

**ماددەی حەوتەم:**

(أ) ئیسلام ئایینی رەسمیی دەوڵەتە و، بەسەرچاوەیەکی یاساکاری دادەنرێ و ناشێ لەماوەی قۆناغی گواستەنیدا یاسایێ دابنرێ لەگەڵ سەوابیتی ئیجماع لەسەری ئیسلامدا یان لەگەڵ مەبادیئی دیموکراتی و ئەو مافانەی لە دەروازەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون پێچەوانە بێت.

ئەم یاسایە ڕێز لە پێناسەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی عیراق دەگرێ و زامنی بتوونی مافە ئایینیەکان و ئازادیی بڕواو سروشی ئایینیە بۆ هەموو کەسێ.

(ب)- عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و گەلی عەرەب لە عیراقدا بەشێکی دانەبڕاوە لەنەتەوەی عەرەب.

**ماددەی هەشتەم:**

ئاڵا و سروود و دروشمی دەوڵەت بە یاسایێ دیاردەکرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانە رەسمییەکەی عیراقن. مافی عیراقییەکانیش زامن دەکرێ کە لە دەزگا فێرکارییە حکومییەکاندا، بەپێی بەند و بەستی (ضوابط) پەروەردەیی منداڵانیان بەزمانی زگماکی خۆیان، بەنموونە، وەك تورکمانی یان سریانی، یان ئەرمەنی بخوێنن، یان بە هەر زمانێکی دی لەدەزگا فێرکارییە تایبەتەکاندا بخوێنن.

سنووری دەستەواژەی (زمانە رەسمی)یەکە و چۆنێتی وەبەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم ماددەیە، بە یاسایەك دیاردەکرێن ئەمانە دەگرێتەوە:

١- دەرهێنانی ڕۆژنامەی رەسمی (الوقائع العراقية) بە هەردوو زمانەکە.

٢- ئاخافتن و گوتار و گوزارشت لە بوارە رەسمییەکانی، وەك کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە رەسمییەکان، بە هەر زمانێ لەو دوو زمانە دەبێ، ببێ.

٣- داننان بە بەڵگەنامەگەلی ڕەسمی و نامە و نامەکاریدا بە هەر کام لەو دوو زمانە بن و بە هەردوو زمانەکەش بەڵگەنامەگەلی ڕەسمی دەردەچن.

٤- قوتابخانە. بە هەردوو زمانەکە، بەپێی بەند و بەستی پەروەردەیی دەکرێنەوە.

٥- هەر بوارگەلێکی دیکەی، بە نموونە، وەك ئەوراقی نەقدی و پاسپۆرت و پوول کە مەبدەئی یەکسانی دەیسەپێنێ.

٦- دامودەزگا و قەڵەمڕەوی فیدرڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

## دەروازەی دووەم

## مافە ئەساسییەکان

**ماددەی دەیەم:**

نوێنەرانی گەلی عیراق، بە دەربڕینی ئارەزووی سەروەری و عەزمی ئازادی ئەم گەلە، پەیکەرە حکوومییەکانی دەوڵەتی عیراق پێکدەهێنن و لەسەر حکومەتی گوستەنیی عیراق و حکومەتگەلی هەرێم و پارێزگا و شارەوانی بە هەموو ئەو مافانەشەوە کە لەم دەروازەیەدا هاتوون.

**ماددەی یازدە:**

(أ) هەرکەسێ ڕەگەزنامەی عیراقیی هەبێ بە هاووڵاتیەکی عیراقی دادەنرێ و ئەم هاووڵاتیبوونەشی هەموو ئەو مافانەی پێ دەبەخشێ کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون. ئەم هاووڵاتیبوونەی دەبێتە بناغەی پێوەندییەکانی بە نیشتمان و دەوڵەتەوە.

(ب) ڕەگەزنامەی عیراقی ناشێ لە عیراقی دابماڵرێ و ناشێ عیراقی سەرون (نفی) بکرێ، تەنها ئەو هاووڵاتییە خۆ بەعیراقی کردووە نەبێ کە لەدادگاییدا دەسەلمێ کاتێ داوای ڕەگەزنامەکەی کردووە، زانیاریی جەوهەریی درۆی تێدا نووسیوە و پشت بەو زانیارییە درۆیانەی ڕەگەزنامەکەی پێدراوە.

(ج)- عیراقی مافی خۆیەتی زیاتر لە ڕەگەزنامەیەکی هەبێ و هەر عیراقییەکیش بەهۆی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی دیکەوە، ڕەگەزنامە عیراقییەکەی لێ داماڵرابێ، ئەوە، هەر بەعیراقی دادەنرێ.



(د)- هەر عیراقییەك، بەهۆی سیاسی، یا دینی، یا ڕەگەزپەرستی، یان تایەفەگەرییەوە ڕەگەزنامە عیراقییەکەی لێ داماڵرابێ، مافی خۆیەتی وەریبگرێتەوە.

(هـ)- بڕیاری ژمارە (٦٦٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشێندراو ئیلغادەکرێ و هەر کەسێکیش بەپێی ئەو بڕیارە ڕەگەزنامەی عیراقی لێ داماڵرابێ، بەعیراقی دادەنرێ.

(و)- پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانی، یاساگەلی تایبەت بە ڕەگەزنامە و ڕەگەزنامە وەرگرتن. کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بلوێ دەربهێنێ.

(ز)- دادگاکان لە هەموو ئەو ناکۆکییانە دەکۆڵنەوە کە لە بەکارخستنی حوکمەکانی تایبەت بە ڕەگەزنامەوە دێنە ئاراوە.

**ماددەی دوازدە:**

عێراقییەکان بەبێ حیساب بۆ کردنی ڕەگەز، بیروڕا، یا بڕوا، یا نەتەوە، یا ئایین، یا مەزهەب، یان ئەسڵ، لە مافەکانیاندا یەکسانن و، هەموشیان بەرامبەر بە یاسا چوونیەکن. فەرق و جیاوازیش، دژ بە هاووڵاتیی عیراقی لەسەر ئەساسی ڕەگەزی، یا نەتەوەکەی، یا ئایینی، یان ئەسڵی قەدەغە دەکرێ و مافی ئاسایش و ئاسوودەیی شەخسی و مافی ژیان و ئازادییان هەیە و هیچ کەسێکیش ناشێ لە ژیان یان لە ئازادی بێبەش بکرێ بەبێ ئیجرائاتی یاسایی، هەمووش لەبەردەمی دادگادا چونیەکن.

**ماددەی سێزدە:**

(أ) ئازادییە گشتی و تاکە کەسییەکان پارێزراون.

(ب) مافی ڕادەربڕینی ئازادانە پارێزراوە.

(ج)- مافی بە ئازادی کۆبوونەوەی ئاشتیانە و ئازادیی ئینتیماکردن لە کۆمەڵەکاندا مافی زامن کراون، هەروەها ئازادیی پێکهێنانی سەندیکاو حزبگەل و وەریزچونیشیانەوە مافگەلێکی زامن کراون بەپێی یاسا.

(د) عیراقی مافی خۆیەتی بە ئازادی بە هەموو لایەکی عیراقدا بێوبچێ، مافی ئەوەشی هەیە بە ئازادی سەفەر بۆ دەرەوەی عیراق بکات و بشگەڕێتەوە بۆ عیراق.

(هـ) عیراقی مافی خۆنیشاندان و مانگرتنی ئاشتیانەی هەیە، بەپێی یاسا.

(و) عیراقی مافی هزری ئازاد و ویژدان و بڕوایی ئایینی و بەجێ هێنانی سروشەكانی ئایینی هەیە، بە زۆرەملێ پێ كردنیشیان حەرام دەكرێ.

(ز) كۆیلایەتی و بازرگانی بە كۆیلە و كاری زۆەرەملێ و خزمەتی ئیجباری (سوخرەكێشی) حەرام دەكرێن.

(ح) عیراقی مافی تایبەتكاری ژیانی خودی خۆی هەیە.

**ماددی چواردەم:**

هەموو كەسێ مافی لە ئاسایش و ئاسوودەیی و خوێندن و چاودێری تەندروستی و زەمانەتی كۆمەڵایەتیدا هەیە و پێویستیشە لەسەر دەوڵەتی عیراق و یەكە حكومییەكانی، بە هەرێمگەل و پارێزگا و شارەوانی و ئیدارە محەللییەكانیشەوە، هەریەكە و بەپێی دەرامەتی خۆی و بە رەچاوكردنی پێداویستە زەرووەكانی دیكەی خۆیشیانەوە، بۆ فەراهەمكردنی خۆشگوزەرانی و دەرفەتی كار، بۆ گەل، لە كۆششدا بن.

**ماددەی پازدە:**

(أ) هیچ حوكمێكی یاسایی مەدەنی كاری (رەجعیی) نابێ، مەگەر دەقێكی بەو مانایەی تێدا بێ. بە یاسایەكی كارپێكراوی كاتی تێوەگلانی جەریمەشەوە نەبێ، نە جەریمە هەیە و نەسزا.

(ب) ناشێ حورمەتی لانە و كاشانەی خەڵكی لەلایەن پۆلیس، یا لێپێچكار، یان دەسەڵاتەكانی دیكەی حكومەتەوە پێشێل بكرێن، سا، ئەو دەسەڵاتانە، سەر بە حكومەتی ئیتتیحادی بن، یا سەر بە حكومەتی هەرێم، یا پارێزگاكان، یا شارەوانییەكان بن، تەنیا لەو بارەدا نەبێ كە دادوەرێ، یان دادوەری لێپێچكار، بەپێی یاسای بەركار، ئیزنێكی بەو پشكنینە دەركرد بێ، لەسەر رۆشنایی زانیبێتیشی كە سوێند خواردنی درۆ دوچاری سزای دەكات، لەبارودۆخێكی ئەوپەڕی تەنگەتاویدا، كە دادگایەكی تایبەتمەند قەناعەتی هەبێ و بڕیاری لەسەر بدا، لەوانەیە ببێتە پاساوی پشكنینی بێ ئیزن، بەڵام پێویستە ئەم جۆرە بارودۆخە تەنگەتاویانە بەهەند نەخوێنردێنەوە. خۆ ئەگەر هات و پشكنینە بێ ئیزنەكەش كراو، بارودۆخەكەش لەوپەڕی تەنگەتاویدا نەبوو، ئەوە لەو پكشنینەدا هەر بەڵگە و نیشانەیێ (قرائن) بدۆزرێنەوە، بۆ تاوانی جینائی پشتیان پێ نابەسترێ، مەگەر دادگا بڕیاربدا كە ئەو كەسەی پكشنینە بێ ئیزنەكەی ئەنجامداوە، بەشێوەیەك بەرێوجێ و بەنیاز پاكی باوەری وابوو كە پكشنینەكە یاسایی بووە.



(ج) ناشێ هیچ كەسێ نایاساییانە بگیرێ یان دەستبەسەر بكرێ. بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی یان ئاینیشەوە نابێ دەستبەسەر بكرێ.

(د) مافی دادگاییەكی عادیلانە و بە ئاشكرا. لە دادگایەكی سەربەخۆ و بێ لایەندا بۆ هەموو كەسێ زامن دەكرێ، سا ئەو دادگایی كردنە مەدەنی بێت یان جینائی. ئاگادار كردنەوەیەك بە دادگایی كردن و ئەساسی یاسایی دادگاییكردنەكە، پێویستە بەبێ دواخستن بۆ تۆمەتبارەكە فەراهەم بكرێ.

(هـ) تۆمەتبار بێ تاوانە تا بەپێی یاسا تۆمەتەكەی لەسەر دەچەسپێ. مافی ئەوەشی هەیە پارێزەرێكی سەربەخۆ و لێزان بۆ خۆی بگرێ و بۆیشی هەیە متەق نەكات و ناشێ بە زۆریش بە هەر هۆیەكیش دەبێ، پێی بهێنرێتە ئاخافتن، مافی ئەوەیشی هەیە لە ئامادەكردنی داكۆكییەكەیدا بەشدار بێت و شاهێد گەلێكیش داوا بكات و گفتوگۆشیان لەگەڵ بكاو، داواش لە دادوەرەكە بكات كە ئەو ئیشەی بۆ بكات، كەسێكیش كە بگیردرێ پێویستە ئەم مافانەی پێ رابگەیێنرێ.

(و) مافی دادگایی كردنێكی رەوا و خێرا و بە ئاشكرا مافێكی زامنكراوە.

(ز) هەر كەسێ بەهۆی گرتن، یان دەست بەسەر داگرتنی لە ئازادیی خۆی بێبەش كرابێ، مافی ئەوەی هەیە پەنا بۆ دادگا ببات تا ئەو دادگایە بە گورجی، یاسایی بوونی گرتنەكەی یان دەست بەسەر كردنەكەی یەكلایی بكاتەوە ، ئەگەر بەشێوەیەكی نایاسایی بووبێ، فەرمان بدات بەرەڵا بكرێ.

(ح) تۆمەتبارێ بەبێ تاوان دەرچووبێ، ناشێ جارێكی دی بە هەمان تاوان دادگایی بكرێتەوە.

(گ) ناشێ كەسێكی مەدەنی لەبەردەم دادگاییەكی سەربازیدا دادگایی بكرێ و، ناشێ دادگای تایبەت و نائاساییش دابمەزرێن.

(ی) هەموو جۆرە ئەشكەنجەدانێكی جەستەیی و دەروونی، لە هەموو حاڵەتێكدا حەرام دەكرێ، هەروەها مامەڵەكردنی رەق و سووكایەتی و نامرۆڤانەش حەرام دەكرێ و هەر دان پێدانانێكیش بەزۆرە ملێ یا ئەشكەنجە، یان هەرەشە وەرگیرا بێ، سا بە هەر هۆیەكەوە دەبێ، بێ و لە هەر ئیجرائاتێكی جینائیی دیكەشدا، ئەوە لەدادگادا بە بەڵگە قبووڵ ناكرێ.

**ماددەی شازدە:**

(أ) موڵك و ماڵی گشتی، حورمەتی خۆی هەیە، پاراستنیش ئەركێكە لەسەر شانی هەموو هاوولاَتیان.

(ب) موڵكداری تایبەت پارێزراوە، لە سنووری یاساشدا نەبێ، هیچ كەسێ لە چۆنێتی هەڵسووڕاندنی موڵكی خۆی قەدەغە ناكرێ بەنیازی سوودی گشتی نەبێ و، لەو حاڵەتەشدا نەبێ كە لە یاسادا دیاركراون و بەو چۆنێتییەش نەبێ كە دەقەكەی لە یاسادا هاتووە، بەشەرتوشروتی قەرەبووكردنەوەیەكی رەواو خێراش نەبێ، دەنا موڵك لە كەس ناسەندرێ

(ج) هاوولاَتی عێراقی مافی تەواوی بێ شەرتوشروتی موڵكداربوون لە هەموو لایەكی عێراق بەبێ دەستبەندێ هەیە.

**ماددەی حەڤدە:**

بەئیجازەیەك نەبێ كە بەپێی یاسا درابێ دەنا ناشێ كەس چەكی هەبێ یا چەك هەڵبگرێت یان بیفرۆشێ.

**ماددەی هەژدە:**

بەیاسا نەبێ نە باج هەیە و نە رەسم.

**ماددەی نۆزدە:**

ناشێ پەنابەری سیاسی كە بەپێی یاسایەكی بەركار مافی پەنابەری پێ درابێ، تەسلیم بكرێتەوە و، ناشێ بەزۆریش بدرێتەوە بەو ولاَتەی لێوەی هەلاَتووە.

**ماددەی بیست:**

(أ) هەر عێراقییەك ئەو مەرجانەی لێ بێنەدی كە دەقەكانیان لە یاسای هەڵبژاردندا هاتوون بۆی هەیە خۆی بۆ هەڵبژاردنەكان بپاڵێوێ و دەنگی خۆی بەنهێنی لە هەڵبژاردنێكی ئازاد و ئاشكرا و رەواو كێبڕكێیانە و خولاوخولدا بكات.

(ب) بۆ مەبەستی دەنگدان لە هەڵبژاردنەكاندا ناشێ فەرق و جیاوازی لەسەر ئەساسی رەگەز، یا ئایین یا مەزهەب یا نەژاد، یا بڕوا، یا نەتەوە، یا زمان، یا سامانداری، یان زانینی خوێندن و نووسین دژ بە هیچ عێراقییەك بكرێ.



**ماددەی بیست و یەك:**

ناشێ حكومەتی گواستەنی عێراق، یا حكومەت و ئیدارەكانی هەرێمەكان و پارێزگاكان و شارەوانییەكان یان ئیدارە محەلییەكان دەست وەربدەن لە مافی گەلی عێراق لەبەرەو چاكتر بردنی دەزگاكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، یان بە هەر شێوەیەكی دی.

**ماددەی بیست و دوو:**

ئەگەر بەرپرسێ لە ماوەی هەڵسووڕاندنی ئیش و كاریدا لە هەر دایەرەیەكی حكوومیدا، سا لە حكومەتی ئیتتیحادیدا بێت یا لە حكومەتەكانی هەرێمەكاندا، یا لە ئیدارەكاندا، یا شارەوانییەكاندا، یان لە ئیدارە محەللییەكاندا بێ، كەسێ یان كۆمەڵێ خەڵك لەو مافانە بێبەری بكات كە ئەم یاسایە یان هەر یاسایەكی كارپێكراوی دیكەی عێراقی بۆیان زامن كردووە ئەوە ئەو كەسە، یان ئەو كۆمەڵە خەڵكە مافی خۆیانە دەعوا لەسەر ئەو بەرپرسە بكەنەوە بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانانەی لەو بێ بەریكردنەوە كەوتوونەتەوە، بۆ چەسپاندنی ماف، بۆشیان هەیە هەر رێگایەكی دیكەی یاسایی بگرنەبەر، بەلاَم ئەگەر دادگا بڕیاریدا كە ئەو بەرپرسە، تا رادەیەكی بەبێ نیازی پاك بووە و لەو بڕوایەدا بووە كە ئەو رەفتارەی لەگەڵ یاسادا گونجاو بووە، ئەوە لەو بارەدا قەرەبووەكەی ناكەوێتە ئەستۆ.

**ماددەی بیست و سێ:**

ئەو مافانەی كە پێشتر ئاماژەیان پێكرا نابێ وەها لێبگەرێنەوە كە رۆڵەكانی گەلی عێراق تەنها هەر ئەو مافەیان هەیە، نەخێر رۆڵەكانی گەلی عێراق گشت ئەو مافەشیان هەیە كە شایانی گەلێكی ئازاد و خاوەن كەرامەتی مرۆڤانەی خۆیەتی لەوانەش ئەو مافانەی كە دەقەكانیان لە لە بەڵێننامە و رێككەوتننامە نێودەڵەتییەكان و بەڵگەنامە یاسییە نێودەوڵەتیەكانی دیكەدا هاتوون كە عێراقیش مۆری كردوون یان چووەتە ناویان، یان غەیرە عێراقییەكانیش لەناو عێراقدا هەموو ئەو مافە مرۆییانەیان هەیە كە لەگەڵ دۆخی عێراقی نەبووندا پێچەوانە نییە.

## دەروازەی سێیەم

## حکومەتی گواستەنیی عێراق

**ماددەی بیست و چوار:**

(أ) حکومەتی گواسەنیی عێراق، کە لەم یاسایەدا بە(حکومەتی ئیتیحادی)یش ناوبراوە، لە کۆمەڵەی نیشتمانی و دەسەڵاتی دادوەریش دەگرێتەوە پێکدێت.

(ب) هەر سێ دەسەڵات یاساکاری و تەنفیزی و دادوەری لێك جیا کراوەن و هەر یەکەشیان سەربەخۆیی خۆی هەیە.

(ج) هیچ بەرپرسێ یان فەرمانبەرێ لە حکومەتی گواستەنیی عێراقدا لە هەڵسووڕاندنی وەزیفەکەی خۆیدا کرداری جینائی ئەنجام بدات (حصانە)ی نییە

**ماددەی بیست و پێنج:**

حکومەتی گواستەنیی عێراق تەنها ئەم ئیش و کارانەی خوارەوە دەکات.

(أ) دانانی نەخشەی سیاسەتی دەرەکی و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و دانووساندن دەربارەی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ئیمزاکردن و توندوتۆڵ کردنیان(ابرام). هەروەها دانانی نەخشەی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی دەرەکی و سیاسەتی قەرزکردنی(سیادی)،

(ب) دانان و بەکارخستنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و دامەزراندنی هێزی چەکدارو ئیدامە پێدانیان بۆ تەئمین کردن و پاراستن و زامن کردنی ئاسایشی سنوورەکانی وڵات و بەرگریکردن لە عێراق.

(ج) دانانی نەخشەی دارایی و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی گومرگەکان و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانیی لە سنوورەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکانی عێراقدا، هەروەها دانانی بودجەی گشتیی دەوڵەت و دانانی نەخشەی سیاسەتی نەقدی و دامەزراندنی مەرکەزی و هەڵسووڕاندنی.

(د) ڕێکخستنی کاروباری سەنگ و پێوانە و دانانی نەخشەی سیاسەتی گشتیی مز و کرێ.

(هـ) بەڕێوەبردنی سامانی سروشتیی عێراق کە بەشی تێکڕای ڕۆڵەکانی هەرێم و پارێزگاکانی عێراقە، ئەمەی بەراوێژکردن لەگەڵ حکومەت و ئیدارەکانی هەرێم و پارێزگاکاندا.

داهاتی ڕەنێوهاتوو(الناتجە) لەم سامانانە لە ڕێگەی بودجەی گشتییەوە بە ئینساف دابەش دەکرێت کە لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوانی هەموو ناوچەکانی وڵاتدا هاوڕێژە بێت، ئەمەش بە



ڕەچاوکردنی ئەو ناوچانەی کە لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە بەڕامالی(مجحف) لێی بێ بەش کرابوون، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە و پێداویستییەکانیان بەشێوەیەکی ئیجابی و ڕەچاوکردنی ڕادەی چاکتربوونی ناوچە جۆر بەجۆرەکانی وڵات.

(و) ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەی عێراقی و کۆچ و پەنابەری.

(ز) ڕێکخستنی سیاسەتی پێوەندی کردن(الاتصالات).

**ماددەی بیست و شەش:**

(أ) یاسا بەرکارەکان لە عێراقدا تا(٣٠)ی حوزەیرانی(٢٠٠٤) لە بەرکاردا دەمێننەوە مەگەر دەقی ئەم یاسایە بە پێچەوانەی ئەوە بێ تا حکومەتی گواستەنیی عێراق ئیلغایان دەکات، یان بەپێی ئەم یاسایە هەمواریان دەکات.

(ب) ئەو یاساکارییانەی لە لایەن دەسەڵاتی یاساکاریی ئیتتیحادییەوە دەرچووبن باڵاترن لە هەر یاساکارییەکی دی کە لە هەر دەسەڵاتێکی یاساکاریی دیکەوە دەرچووبن ئەوەش لە حاڵێتێکدا کە پێچەوانەی یەکدی بن ئەو دەقە نەبێ کە لە ماددەی ٥٤(ب)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

(ج) ئەو یاساو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمان پشت بە یاسای نێودەوڵەتی دەریان هێناوە لەبەرکاردا دەمێننەوە تا ئیلغا دەکرێن، یان بە یاساکارییەك کە بەشێوەیەکی ئوسوڵی دەردەچێ و هێزی یاسای دەبێ هەموار دەکرێن.

**ماددەی بیست و حەوت:**

(أ) هێزە چەکدارەکانی عێراق لە یەك کارکەرەکان و یەکە یەدەگەکان پێکدێت، ئامانجی ئەم هێزانەش بەرگریکردنە لە عێراق.

(ب) بەپێی یاسایەکی ئیتتیحادی نەبێ ناشێ هێز گەلی چەکدار و میلیشیا پێکبهێندرێن ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی فەرماندەیی حکومەتی گواستەنیی عێراقدا نەبن.

(ج) هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئەفرادەکانی بەو عەسکەرییانەشەوە کە لە وەزارەتی بەرگری، یان لە هەر دایەرە و ڕێکخراوێکی سەر بەو وەزارەدا کاردەکەن، ناشێ خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان بپاڵێون و پۆستی سیاسی وەربگرن، ناشێ هەڵمەتی هەڵبژاردنیش بۆ بەرژەوەندی پاڵێوراوی دیکەش ئەنجامبدەن و ناشێ لە کارەکانی دیکەشدا کە بڕۆکانی وەزارەتی بەرگری قەدەغە دەکەن بەشداری بکەن. ئەم(ناشێ)یە بزاڤی ئەو ئەفرادانەش دەگرێتەوە کە پێشتر

ناوبراون و ئەو ماددەیە رێ لە مافی ئەو ئەفرادانە ناگرێ کە مافی خۆیانە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن.

(د) دایەرەی ئیستخباراتی عێراق زانیاری کۆدەکاتەوە و ئەم هەڕەشانەش هەڵدەسەنگێنێ کە رووبەڕووی ئاسایی نیشتمانی دەکرێنەوە و ئامۆژگاریش بە حکومەتی عێراق دەدات ئەم دایەرەیە لەژێر رکێفی مەدەنیدا دەبێ و دەکەوێتە ژێر سانسۆری هەیئەتی یاساکاری و بەپێی یاساو مەبدەئە دان پێدانراوەکانی مافی مرۆڤ کاردەکات.

(هـ) حکومەتی گواستەنیی عێراق رێز لە ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی عێراق دەگرێت و دەشیانخاتە بەرکار کە تایبەتن بە قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوە و بەرەپێدان و رەنێوهانین(انتاج)و بەکارخستنی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایلۆژی و سیستەمی گەیاندن قەدەغە دەکات کە پێوەندییان بە بەرەوچاکتر بردن و دروستکردن و رەنێوهانین و بەکارخستنی ئەو چەکانەوە هەیە.

**ماددەی بیست و هەشت:**

(أ) ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك وەزیران و دادوەرانی دادگاکانیشەوە، ناشێ لە هیچ وەزیفەیەکی دیکەی ناو حکومەت، یان دەرەوەی حکومەتدا دابمەزرێن ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە بەدەست لەکارهەڵگرتوو لە ئەندامێتی کۆمەڵەی نیشتمانی لە قەڵەم دەرێ.

(ب) مونتەسیبی هێزە چەکدارەکان بەهیچ کلۆجێ ناشی ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی یان ببێتە وەزیر یان سەرەك وەزیران، یان ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەر لە تێپەڕبوونی هەژدە مانگ بەسەر دەست لەکار هەڵگرتنی لە هێزە چەکدارەکان، یان بەسەر خانەنشین کردنیدا لەو هێزانە.

**ماددەی بیست و نۆ:**

کاتێ حکومەتی عێراق دەسەڵاتی تەواو بەپێی برگەی(ب -أ)ی (ماددەی دووەمی) سەرەوە وەردەگرێت دەسەڵاتی هاوپەیمانیی کاتی هەڵدەوەشێتەوە و ئیش و کاری ئەنجومەنی حوکم کۆتایی دێت.



## دەروازەی چوارەم

## دەسەڵاتی یاساکاریی گواستەنی

**ماددەی سی:**

(أ) دەوڵەتی عێراق لەماوەی قۆناغی گواستەنیدا دەسەڵاتێکی یاساکاری دەبێت پێی دەگوترێت کۆمەڵەی نیستمانی، ئیشی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە یاساکاری یاساکان و سانسۆرە لەسەر ئیش و کاری دەسەڵاتی تەنفیزی.

(ب) یاساکان بەناوی گەلی عێراقەوە دەردەچن و پێڕۆکان و ئەو رێنمایانەش پێوەندییان بەو دووانەوە هەبێ لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێنەوەو لە رۆژی بڵاوکردنەوەشیانەوە دەخرێنە بەرکار ئەگەر دەقی پێچەوانەی ئەوەی تێدا نەبێ.

(ج) کۆمەڵەی نیشتمانی بەپێی یاسای هەڵبژاردن و یاسای حزبە سیاسییەکان هەڵدەبژێردرێ، ئامانجی یاسای هەڵبژاردن ئەوەشە کە رێژەیەك بۆ ئافرەتانی ئەندام وەدەست بێنێ لە چواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی کەمتر نەبێ، هەروەها وەدی هێنانی نوێنەرایەتیەکی هەقیانەت بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراق بە تورکمان و کلد و ئاشووری و ئەوانی دیکەشەوە.

(د) هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەگەر توانرا بەر لە(٣١)ی کانونی یەکەمی(٢٠٠٤) ئەنجام دەدرێ یان ئەوپەڕی(٣١) کانونی دووەمی(٢٠٠٥)دا ئەنەام دەدرێت.

**ماددەی سی و یەك:**

(أ) کۆمەڵەی نیشتمانی لە(٢٧٥) ئەندام پێکدێت و ئەو یاسایە دادەنێ کە ئاڵۆگۆڕی نێوان ئەندامەکانی لە حاڵەتی دەست لە کارهەڵگرتن و دەست پێ هەڵگرتن و مردندا چارەسەر دەکا.

(ب) پاڵێوراو بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی دەبێ ئەم شەرتوشوروتەی تێدا فەراهەم بێت.

١- دەبێ عێراقی بێ و تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- نابێ ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشا بوونی پلەی ئەندامی فیرقە، یان بەرزتر دەنا مەگەر بەپێی رێسا(قواعد) یاساییەکان هەڵاوێردرێ.

٣- ئەگەر لە رابردوودا ئەندام بوونی لە حزبی بەعسی هەڵوەشاودا بە پلەی ئەندامی کارا ئەوە لەو باوەڕەدا دەبێ پاکانە نامەیەك لە حزبی بەعسی ئیمزا بکاو تیایدا پاکانە لە هەموو پەیوەندییەکانی رابردووی بکا بەر لەوەی مافی ئەوەی ببێ خۆی بپاڵێوێ دەبێ ئەو سوێندەش بخوا کە ئیدی مامەڵە و پێوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی حزبی بەعسیدا نابێ، خۆ

ئەگەر هات و لە دادگاییدا سەلمێندرا کە درۆی کردووە یان فڕوفێڵی تێدا کردووە ئەوە لەو بارەدا کورسییەکەی لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا لەدەست دەچێ.

٤- نابێ منتەسیبی دەزگا سەرکوتکارەکانی رابردوو بێ، یان لە چەوساندنەوەی هاووڵاتیاندا دەستی بووبێ یان بەشداری کردبێ.

٥- نابێ بەشێوەیەکی ناڕەوا خۆی دەوڵەمەند کردبێ لەسەر حیسابی نیشمان و موڵك و ماڵی گشتی.

٦- نابێ حوکم درابێ بەجەریمەیەکی ئابڕووبەرو دەبێ ناسراویش بێ بەڕەوشتی چاك.

٧- دەبێ بڕانامەی خوێندنی دواناوەندی، یان بەلای کەمەوە بڕوانامەی هاوتای دواناوەندی هەبێ.

٨- نابێ لە کاتی خۆپاڵاوتندا ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت.

**ماددەی سی و دوو:**

(أ) کۆمەڵەی نیشتمانی بیرۆکەیەکی ناوخۆ بۆ خۆی دادەنێ، دانیشتنەکانیشی بە ئاشکرا دەبن، مەگەر بارودۆخەکە پێویست بکات بە ئاشکرا نەبێت ئەویش بەپێی پێڕۆی ناوخۆکەی. بە تەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتیی یەکەم دانیشتنی کۆمەڵە دەکات.

(ب) کۆمەڵەی نیشتمانی لەناو ئەندامەکانیاندا سەرۆکێك و دوو جێگری سەرۆك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، کامیان زۆرینەی دەنگ بەدەست بێنێ ئەویان دەبێ بە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی و جێگری یەکەم بەپێی ژمارەی دەنگەکان دوای سەرۆك دێ و دوای ئەمیش جێگری دووەم بەپێی ژمارەی دەنگەکان دێت.

سەرۆك بۆی هەیە دەنگ لەسەر هەر مەسەلەیێ بدات، بەڵام بەر لەوەی یەکسەر لەسەر مەسەلەکە بدوێ، دەبێ بەشێوەیەکی کاتی واز لە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکە بهێنێ، ئینجا هاوبەشی بکات لە گفتوگۆکەدا.

(ج) هەتا پرۆژەیەکی یاسا، لەکۆمەڵەی نیشتمانیدا دووجار لە دانیشتنێکی ئاساییدا نەخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر نادرێ، بەمەرجێ خوێندنەوەکان لە کەمی دوو ڕۆژیان بەین بکەوێ، پرۆژەی یاساکە دەنگی لەسەر نادرێت ئەگەر لانیکەم چوار رۆژ لەوە و پێش نەخرابێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەوە.

**ماددەی سی و سی:**

(أ) کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی بە ئاشکرا دەبێت،کۆنووسی کۆبوونەوەکانیش تۆمار دەکرێن و بڵاویش دەکرێنەوە، دەنگی هەر ئەندامێ لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی تۆماردەکرێ و ئیعلانیش دەکرێت، بڕیارەکانیش لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا بە زۆرینەی سادە



وەردەگیرێن، مەگەر دەقی ئەم یاسایە غەیری ئەوە بێت.

(ب) پێویستە کۆمەڵەی نیشتمانی سەیری پرۆژەی ئەو یاسایانە بکات کە لە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیازیان کردووە، بە پرۆژەگەلی یاساکانی بودجەیشەوە.

(ج) تەنیا ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرۆژەی بودجەی گشتی پێشکەش بکات. کۆمەڵەی نیشتمانیش بۆی هەیە موناقەلە لەنێوان دەروازەگەلی بودجەکەدا بکات و سەرجەمی مەبلەغەکانی بوجەی گشتی کەمبکاتەوە و بۆیشی هەیە پێشنیاز بکات، بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە سەرجەمی مەبلەغی خەرجەکان لە کاتێکی زەرووردا زیاتر بکات.

(د) ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، بەپێی پیڕۆی ناوخۆ کە ئەم کۆمەڵەیە خۆی دایدەنێ، مافی ئەوەیان هەیە پرۆژەگەلی یاسا پێشنیاز بکەن.

موافەقەتی کۆمەڵەی نیشتمانی و داواکاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، هەتا ئەگەر بە مەبەستی بەرگری کردنیش بێت دژی دەستدرێژییەکی دەرەکی.

(و) تەنیا کۆمەڵەی نیشتمانی دەسەڵاتی مۆرکردنی بەڵێننامە و رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی هەیە.

(ز) کاری سانسۆر کە کۆمەڵەی نیشتمانی و لیژنەکانی پیادەی دەکەن ئەو مافەشی تێدایە کە بەرپرسە تەنفیزییەکانی وەبەر پرسیار بدەن، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرەك وەزیران و هەر بەرپرسێکی دیکەی کەمتر پلەی دەسەڵاتی تەنفیزیشەوە. ئەمە مافی لێپێچینەوە و داواکردنی زانیاری و دەرهێنانی فەرمان بۆ کەسانێ کە لەبەردەمیدا ئامادە بن، هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە.

**ماددەی سی و چوار:**

ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی (حصانە)ی بەرامبەر بەو قسانە هەیە کە لە دانیشتنەکانی کۆمەڵەدا دەیکات، ئەندام لەو بارەیەوە تووشی دادگایی کردن نابێ لەبەردەم دادگاکاندا. ناشێ لە ماوەی دانیشتنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیدا دەستگیر بکرێ مەگەر لە بارێکدا، ئەم ئەندامە بە جەریمەیەك تۆمەتبار کرابێ و کۆمەڵەی نیشتمانی موافەقەتی کردبێ (حصانە)کەی لێ دابماڵرێ، یان ئەگەر لەجینایەتێکدا بەسەر جەریمەیەکی بەچاودیتراوەوە گیرابێ.

# دەروازەی پێنجەم
## دەسەڵاتی تەنفیزیی گواستەنی

**ماددەی سی و پێنج:**

دەسەڵاتی تەنفیزی لە قۆناغی گواستەنیدا، لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران و سەرەك وەزیران پێکدێت.

**ماددەی سی و شەش:**

(أ) کۆمەڵەی نیشتمانی سەرۆکێك بۆ دەوڵەت و دوو جێگیریشی بۆ هەڵدەبژێرێ، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەمانە پێکدێت. وەزیفەی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەیە سەروەریی عیراق بنوێنێ و سەرپەرشتیی کاروباری باڵای وڵات بکات. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەیەك لیست بە زۆرینەی دوو لە سێیدەنگی ئەندامەکان تەواو دەبێ. کۆمەڵەی نیشتمانی دەسەڵاتی ئیقالەی هەر ئەندامێ لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە بە زۆرینەی سێ لە چواری دەنگی ئەندامەکانی، ئەگەر لێوەشاوەیی نەبێ یان کەرامەتی نەبێ. لە حەڵەتێکیشدا ئەگەر شاغرێ لە سەرۆکایەتیدا ببێ، ئەوە، لەو بارەدا کۆمەڵەی نیشتمانی بە زۆرینەی دوو لە سێی دەنگی ئەندامەکانی بەدیلێك هەڵدەبژێرێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو شاغرە.

(ب) مەرجە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەمان ئەو شەرتووشرووتانەیان تێدا فەراهەم بێ کە تایبەتن بە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، بەڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١- دەبێ، لە کەمی تەمەنیان چل ساڵ بێ.

٢-خاوەن ناوبانگی باش بن و کەرامەتیان هەبێ و راست و دروست بن.

٣- دەبێ، لە کەمی بە دە ساڵ، بەر لە ڕووخانی حزبی بەعس، لەو حزبە کشابێتەوە، ئەگەر لەو حزبە هەڵوەشاوەیەدا ئەندام بووبێ.

٤- لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینەکەی ساڵی (١٩٩١) و ئەنفالدا هاوبەشی نەکردبێ و جەریمەی دەرهەق بە گەلی عیراق نەکردبێ.

(ج) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ وەردەگرێ و ناشێ ئەندامەکانی نوێنەر لە جیاتی خۆیان دابنێن.



**ماددەی سی و حەوت:**

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەتوانی هەر یاساکارییەك رابگرێ کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەری دەهێنێ، بە مەرجێ لەماوەی پازدە رۆژ دابێت، لەو رۆژەوەی کە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی، بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رادەگەیەنێ کە ئەو یاساکارییە ئیقرار کراوە، لەکاتی راگرتندا یاساکارییەکە دەنێردرێت بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی کە ئەمیش بۆی هەیە سەر لەنوێ یاساکارییەکە ئیقرار بکا بە زۆرینەی دوو لە سێ کە راگرتنی بۆ نییە، لە ماوەیەکدا لە سێ رۆژ نەترازێ.

**ماددەی سی و هەشت:**

(أ) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، بەکۆی دەنگ سەرۆکی وەزیران ناوزەد دەکات و لەسەر راسپاردەی سەرەك وەزیران، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانیش ناوزەد دەکات. پاشان سەرەك وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران، بەرلەوەی وەك حکومەت دەست بەکاری خۆیان بکەن، هەوڵدەدەن متمانە لە کۆمەڵەی نیشتمانی بە زۆرینەی رەهای دەنگەکان وەربگرن. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆی هەیە. لە ماوەی دوو حەفتەدا لەسەر پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرەك وەزیران پێکبێن، جا ئەگەر لەوەدا سەرنەکەوت، ئەوە بەرپرسێتی ناوزەد کردنی سەرەك وەزیران دەدرێتە کۆمەڵەی نیشتمانی، لەم بارەدا پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانی ناوزەد کردنی سەرەك وەزیران بە زۆرینەی دوو لە سێ تەسدیق بکات، خۆ ئەگەر هات و سەرەك وەزیران نەیتوانی لەماوەی مانگێکدا ئەنجوومەنی وەزیران بپاڵێوێ، ئەوە، لەو بارەدا ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانێکی دی ناوزەد دەکات،

(ب) توانستەکانی سەرەك وەزیران پێویستە هەمان ئەو توانستانەبن کە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستن، ئەوە نەبێ، کە تەمەنی سەرەك وەزیران دەبێ لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکەیدا لەسێ و پێنج ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی سی و نۆ:**

(أ) بە موافەقەتی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجوومەنی وەزیران نوێنەرگەلێ دادەمەزرێنێ بۆ ئەوەی بکەونە دانوستاندن لەسەر گرێدانی بەڵێننامە و رێکەوتننامەی نێو دەوڵەتی. ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیش رادەسپێرێ یاسایەك لەکۆمەڵەی نیشتمانی دەربچێت بۆ تەسدیقکردنی ئەم بەڵێننامە و رێکەوتننامانە.

(ب) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی تەنها لە بۆنە تەشریفاتی و ئاهەنگەکاندا سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکانی عیراق دەکات و دەسەڵاتی سەرکردایەتی نابێ، مافی ئاگاداربوون و پرسیارکردن و راوێژکاریی هەبێ. سەرکردایەتیی فیعلی لەکاروباری عەسکەریدا، بەپێی عەمەلییات، لەسەرەك وەزیرانەوە دەستپێ دەکات، ئینجا وەزیری بەرگری، ئینجا بۆ ئەڵقە یەك لەدوای یەکەکانی سەرکردایەتی عەسکەریی هێزە چەکدارەکانی عیراق.

(ج) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی وەك لە دەروازەی شەشەمدا بە ئاودامانی هاتووە، لەسەر راسپاردەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، سەرۆك و ئەندامانی دادگای باڵا دادەمەزرێنێ.

(د) ئەنجوومەنی وەزیران، بەرێوەبەری گشتیی دایەرەی ئیستخباراتی گشتی دادەمەزرێنێ، هەروەها گەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی عیراقیش لە پلەی عەمید بەسەرەوە دادەمەزرێنێ، ئەم دامەزراندنانە، دەبێ کۆمەڵەی نیشتمانی بەزۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکانی تەسدیقی بکەن.

**ماددەی چل:**

(أ) سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکانیش لەبەردەم کۆمەڵەی نیشتمانیدا بەرپرسیار دەبن، ئەم کۆمەڵەیە مافی ئەوەی هەیە متمانە لەسەرۆك وەزیران و وەزیرانیش، چ بەتاك چ بەکۆمەڵ بکێشێتەوە. لە حاڵەتێکیشدا کە متمانە لەسەرەك وەزیران بکێشرێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا هەموو وەزارەتەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم ماددەی (٤٠-ب)یەی خوارەوەش دەخرێتە بەرکار.

(ب) لە حاڵەتی دەنگداندا، ئەگەر متمانە بە هەموو وەزیران نەدرا، ئەوە، لەو بارەدا سەرەك وەزیران و وەزیرەکان لە پۆستی خۆیان بۆ راپەراندنی کارەکانیان دەمێننەوە بۆ ماوەیەك لەسی رۆژ نەترازێ تا ئەنجومەنێکی نوێی وەزیران بەپێی ماددەی (٣٨)ی سەرەوە پێکدێت.

**ماددەی چل و یەك:**

سەرەکی وەزیران بەرپرسیارێتیی رۆژانەی خۆی لە ئیدارەی حکومەتدا بەجێ دێنێ، بۆیشی هەیە، بە موافەقەتی زۆرینەی رەهای کۆمەڵەی نیشتمانی، ئیستیقالە بە وەزیرەکان بکات، ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش دەتوانێ لەسەر راسپاردەی دەستەی نەزاهەتی گشتی و دوای رەچاوکردنی ئیجرائاتی یاسایی کە ئەندامێ لە ئەنجومەنی وەزیران ئیقالە بکا سا وەزیرێ بگرێتەوە یان خودی سەرەك وەزیران.



**ماددەی چل و دوو:**

ئەنجومەنی وەزیران پێڕۆیەکی ناوخۆ بۆ ئیش و کاری خۆی دادەنێ و سیستەم و رێنمایی پێویستیش بۆ بەرکارخستنی یاساکان دەردەکا. هەروەها بۆی هەیە پرۆژەگەلی یاسایش پێشنیار بکات و بیخاتە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی، هەر وەزارەتێکیش، بەپێی پسپۆریی خۆی، بۆی هەیە بریکار و باڵیۆز و باقی فرمانبەرانی پلە تایبەتەکانی بپاڵێوێ، جا دوای موافەقەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەو پاڵاوتنانە، ئینجا بەرزدەکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆ ئیقرارکردنیان، بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران، هەمووی، بە زۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکانی دەدرێن.

## دەروازەی شەشەم

## دەسەڵاتی دادوەریی ئیتتیحادی

**ماددەی چل و سێ:**

(أ) دادوەری سەربەخۆیە و بەهیچ شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتی تەنفیزییەوە، بە وەزاەتی دادیشەوە نابردرێ، تەنیا دادوەری دەسەڵاتی تەواوی هەیە بڕیاری بێ تاوانیی تۆمەتبار یان ئیدانەکردنی بدات بە پێی یاسا و بەبێ دەست تێوەردانی دەسەڵاتی یاساکاری و تەنفیزی.

(ب) ئەو دادوەرانەی تا (١)ی تەمووزی (٢٠٠٤) لەسەرکارن لە پۆستەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، مەگەر بەپێی ئەم یاسایە دەستیان لێ هەڵبگیرێ.

(ج) کۆمەڵەی نیشتمانی بودجەیەکی سەربەخۆ و پڕ بە پێست بۆ دادوەری دادەنێت.

(د) دادگای ئیتتیحادی سەیری ئەو مەسەلانە دەکات کە لە بەکارخستنی یاسا ئیتتیحادییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، تەنها حکومەتی ئیتتیحادی فرمانی دامەزراندنی ئەم جۆرە دادگایانە دەگرێتە ئەستۆ. لەمەودواش دامەزراندنی ئەم دادگایانە لە هەرێمەکاندا بە راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکانی ئەنجومەنگەلی دادوەریی هەرێمەکاندا دەبێت.

دامەزراندنی دادوەرانیش بۆ ئەو دادگایانە، یان گواستنەوەی دادوەر بۆ ئەو دادگایانە، بە پلەی یەکەم بۆ ئەو دادوەرانە دەبێت کە دانیشتووی هەرێمەکەن.

**ماددەی چل و چوار:**

(أ) دادگایەك بەپێی یاسا لەعیراقدا پێكدەهێنرێ، ناودەنرێ: دادگای باڵای ئیتتیحادی.

(ب) ئیش و كاری دادگای باڵای ئیتتحادی ئەمانەن:

١- ئیش و كاری (حصری) و ڕەسەن لە دەعواكانی نێوان حكومەتی ئیتتیحادیی گواستەنی و نێوان حكومەتگەلی هەرێم و ئیدارەی پارێزگاكان و شارەوانی و ئیدارە مەحەللییەكاندا.

٢- ئیشوكاری (حصر)ی و ڕەسەن لەسەر دەعوای موددەعییەك، یان لەسەر دەعوایەك لە دادگایەكی دیكەوە بۆی هەواڵە كرابێ سەبارەت بە دەعوایەك لەسەر ئەوە بەرزكرابێتەوە كە یاسایەك یان پیرۆیەك یان چەند ڕێنماییەك لە حكومەتی ئیتتحادییەوە یان لە حكومەتە هەرێمییەكانەوە یان لە ئیدارەی پارێزگاكانەوە یان لە شارەوانی و ئیدارە مەحەللییەكانەوە دەرچووبن و لەگەڵ ئەم یاسایەدا ڕێك نەكەوتبن.

٣- ئیش و كاری تێهەڵچوونەوەی تەقدیریی دادگای باڵای ئیتتحادی، بە یاسایەكی ئیتتیحادی دیار دەكرێت.

(ج) ئەگەر دادگای باڵای ئیتتحادی بڕیار لەسەر ئەوە بدات كە یاسایەك یان پیرۆیەك یان ڕێنماییەك یان ئیجرائاتێكی تانە لێدراو، لەگەڵ ئەم یاسایەدا ڕێك ناكەوێ، ئەوە، لەو بارەدا بە ئیلغا كراو لە قەڵەمدەدرێ.

(د) دادگای باڵای ئیتتحادی پێڕۆیەك، سەبارەت بە ئیجرائاتی پێویست بە بەرزكردنەوەی دەعوا و ڕێگەدان بە پارێزەران كە لە بەردەمیدا مورافەعە بكەن، بۆ خۆی دادەنێ و بڵاویشی دەكاتەوە، هەموو بڕیارەكانیشی بەزۆرینەیەكی سادە دەردەهێنێ، ئەو بڕیارانە نەبێ كە دەعواكانیان دەقی ماددەی (٤٤-ب-ا) دەیانگرێتەوە، كە پێویستە بە زۆرینەی دوو لە سێ بدرێن، ئەوە، مولزیمیش دەبێ و، دەسەڵاتی ڕەهای بەكارخستنی بڕیارەكانیشی هەیە و، دەسەڵاتی دەرهێنانی بڕیاری ئەوەشی هەیە گاڵتە بەو دادگایە بكات و ئەو ئیجرائاتەش كە لەو مەسەلەیە پەیدا دەبێ.

(هـ) دادگای باڵای ئیتتحادی لەنۆ ئەندام پێكدێت. ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە پێشدا و بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنگەلی دادوەریی هەرێمەكاندا، چەند كەسانێ دەپاڵێوێ كە لە هەژدە تا بیست و حەوت كەس كەمتر نەبن بۆ پڕكردنەوەی شاغرەكانی ئەو دادگایە، پاشان بە هەمان ڕێگا، سێ ئەندام بۆ هەر شاغرێ كە لەوانەیە لە ئایندەدا بەهۆی مردن یا ئیستیقالە یان عەزلەوە ڕووبدەن، دەپاڵێوێ. ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەندامانی ئەم دادگایە دادەمەزرێنێ و یەكێكیان بەسەرۆكایەتی



دادگاكە ناوزەد دەكات. لە حاڵەتێكیشدا هەر دامەزرانێ ڕەد بكرێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا ئەنجومەنی باڵای دادوەری پۆستێكی تازە لە سێ كەس دەپاڵێوێ.

**ماددەی چل و پێنج:**

ئەنجومەنێكی باڵای دادوەری دادەمەزرێ، ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری دەگێڕێ. ئەنجومەنی باڵای دادوەری سەرپەرشتیی دادوەریی ئیتتیحادی دەكات و ئیدارەی بودجەی ئەنجومەن دەكات. ئەم ئەنجومەنە لە سەرۆكی دادگای باڵای ئیتتیحادی و سەرۆك و جێگرانی سەرۆكی دادگای تەمییزی ئیتتیحادی و سەرۆكانی دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ئیتتیحادی و سەرۆك و هەردوو جێگری سەرۆكی هەریەكە لە دادگاكانی تەمییزی هەرێمەكان پێكدێت. سەرۆكی دادگای باڵای ئیتتحادی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری دەكات. لەحاڵەتێكیشدا دیار نەبێ، ئەوە، سەرۆكی دادگای تەمییزی ئیتتیحادی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنەكە دەكات.

**ماددەی چل و شەش:**

(أ) دەزگای دادوەریی ئیتتیحادی دادگاكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان دەگرێتە خۆی بە هەموو دادگاكانی پلەی یەكەم و دادگای جینائیی تایبەت و دادگاكانی تێهەڵچوونەوە و دادگای تەمییزیشەوە كە ئەمەی دواییان دواترین پلەكانی دادگاكانە، ئەوانەی لێ دەرچێ كە دەقی ماددەی (٤٤)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە. دەشبێ دادگای ئیتتیحادیی زیاتری دیكەش بە یاساكە دابمەزرێن. دادوەرانی ئەم دادگایانە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە دادەمەزرێن. ئەم یاسایە مەرجەكانی شایستەیی پێویست بۆ دامەزراندنی دادوەران دەپارێزێ كە یاسا دیاریان دەكات.

(ب) بڕیارەكانی دادگا هەرێمییەكان و مەحەللییەكان، بە دادگاكانی هەرێمی كوردستانیشەوە بە بنبڕ لە قەڵەمدەدرێن، بەڵام ئەگەر پێچەوانە بن لەگەڵ ئەم یاسایە یان لەگەڵ هەر یاسایەكی ئیتتیحادی، ئەوە، لەو بارەدا دەكەوێتە بەرپێداچوونەوەی دادوەریی ئیتتیحادی. ئیجرائاتی ئەم پێداچوونەوەیەش بە یاسا دیار دەكرێ.

**ماددەی چل و حەوت:**

دادوەر یان ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، ناشێ عەزل بكرێ، مەگەر بە جەریمەیەكی ئابڕووبەر یان بە گەندەڵی ئیدانە كرابێ یان تووشی كەنەفتییەكی بەردەوام بووبێ. عەزلیش لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بەموافەقەتی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەنجام دەدرێن. عەزل هەر بەدەرچوونی ئەم موافەقەتە دەخرێتە بەركار. ئەو دادوەرەی ئەو تۆمەتانەی لەسەر بێ كە لەسەرەوە باسكراون لەكاری دادوەریی خۆی دەخرێ تا ئەوكاتەی

مەسەلەکەی یەکلا دەکرێتەوە کە بەهۆی ئەمانەی لەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکرا لێی روویداوە.

مووچەی دادوەر ناشێ کەم بکرێتەوە یان رابگیرێ نەیدرێتێ لەماوەی خزمەتیدا، سا بە هەر هۆیەکەوە دەبێ، ببێ.

# دەروازەی حەوتەم

## دادگای تایبەتمەند و هەیئەتە نیشتمانییەکان

**ماددەی چل و هەشت:**

(أ) یاسای دامەزراندنی جینائیی تایبەتمەند کە لە (٢٠٠٣/١٢/١٠)دا دەرچووە بە تەسدیقکراو لە قەڵەمدەدرێ، ئەو یاسایە پسپۆڕی و ئیجرائاتەکانی تەنها خود سیفەتی ئەو دادگایە دیاردەکات، بەبێ رەچاوکردنی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

(ب) هیچ دادگاییێکی تر ئەو پسپۆڕییەی نییە سەیری ئەو مەسەلانە بکا کە ئەرکی خودی دادگای جینائیی تایبەتمەندە، تەنها هەندە نەبێ کە دەقەکەی لە یاسای دامەزراندنی دادگای جینائیی تایبەتمەندا هاتووە.

(ج) دادوەرانی دادگای جینائیی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەقانە دادەمەزرێن کە لە یاسای دامەزراندنەکەیدا هاتووە.

**ماددەی چل و نۆ:**

(أ) دامەزراندنی هەیئەتە نیشتمانییەکانی، بە نموونە، وەك هەیئەتی نیشتمانیی کەرامەتی گشتی و هەیئەتی باڵای نیشتمانی بۆ بنبڕکردنی بەعس، ئەمانە بە تەسدیقکراو دەژمێردرێن.

هەروەها ئەو هەیئاتانەش کە دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە، لەسەر کاری خۆیان بەردەوام دەبن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لەماددەی (٥١)دا هاتووە.

(ب) ئەندامانی هەیئەتە نیشتمانییەکان، بەپێی یاساکە دادەمەزرێن.

**ماددەی پەنجا:**

حکومەتی گواستەنیی عیراق هەیئەتێکی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ دادەمەزرێنێ بە مەبەستی بەکارخستنی بەڵێنەکانی تایبەت بەماف کە لەم یاسایەدا ڕوون کراونەتەوە، هەروەهاش بۆ مەبەستی سەیرکردنی ئەو سکاڵایانەی پێوەندییان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە هەیە. ئەم



هەیئەتە بەپێی مەبدەئەکانی پاریس سازدەدرێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەری هێناوە و تایبەتە بە بەرپرسیارێتیی دەزگا نیشتمانییەکانەوە. ئەم هەیئەتە مەکتەبێ دەگرێتە خۆ بۆ لێپێچینەوە لە سکاڵاو شکاتەکان. ئەم مەکتەبە توانای ئەوەی هەیە، بە دەست پێشخەریی خۆی، یان بەپێی سکاڵانامەیەك کە بۆی بەرزدەکرێتەوە لەو ئیددیعایانە بکۆڵێتەوە کە گوایا ڕەفتارەکانی دەسەڵاتە حکومییەکان بە ناهەق ئەنجام دەدرێن و لەگەڵ یاسادا ڕێك ناکەون.

**ماددەی پەنجاو یەك:**

هیچ ئەندامێ لە ئەندامانی دادگای تایبەتمەند، یان هیچ ئەندامێ لە ئەندامانی هەر هەیئەتێ، حکومەتی ئیتتیحادی بنیادی بنێ، ناشێ بخرێتە سەر وەزیفە لە جیهازی حکومەت یان لە دەرەوەیدا، بە هیچ سیفەتێ. ئەم قەدەغەکردنەش بێ سنوورە، چ لە دەسەڵاتێ تەنفیزی یان لە دەسەڵاتی یاساکاری، یان لە دەسەڵاتی دادوەریی حکومەتی گواستەنیی عیراقدا، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام دەشێ ئەندامانی دادگای تایبەتمەند ئیشی خۆیان لە دایەرەکانی دیکەدا هەڵپەسێرن لەو ماوەیەدا کە لە دادگای ناوبراو کاردەکەن.

# دەروازەی هەشتەم

## هەرێم و پارێزگاو شارەوانی و هەیئەتە مەحەللییەکان

**ماددەی پەنجاو دوو:**

پەیکەری سیستەمی ئیتتیحادی لە عیراقدا بە جۆرێ بنیادنراوە، نایەڵێ دەسەڵات هەمووی لە حکومەتی ئیتتیحادیدا چڕ بێتەوە. ئەو چڕبوونەوەیەی کە ڕێگای ئاسان کرد حوکمی کەللەشەقی و چەوساندنەوە لەژێر دەواری رژێمی پێشوودا دەیەها ساڵ سەرومڕ درێژە بکێشێ. ئەم سیستەمە دنەی بەرپرسە مەحەللییەکان دەدات لە هەموو هەرێم و پارێزگایەکدا کەدەسەڵاتی مەحەللی بەڕێوەببەن و عیراقێکی یەکگرتووی وەهاش دەڕەخسێنێ کە هاووڵاتی بەشێوەیەکی کارا لە کاروباری حوکمدا بەشداری بکەن، مافەکانیشی بۆ زامن دەکەن و لە دەست بەسەریش ئازادی دەکەن.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

(أ) دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنرێ بەو سیفەتەی حکومەتی ڕەسمیی ئەو خاکانەیە کە لە (١٩)ی ئاداری (٢٠٠٣) ئەو حکومەتە بەڕێوەی دەبردن ودەکەونە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و دیالە و نەینەوا، زاراوەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)

که لەم یاسایەدا هاتووە، واتا: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

(ب) سنووری هەژدە پارێزگاکە لە قۆناغی گواستەنیدا بەبێ گۆڕان دەمێننەوە.

(ج) کۆمەڵە پارێزگایەکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان  کە لەسێ پارێزگا زیاتر نەبێ، (بەغدا و کەرکوکی لێ دەرچێ) مافی ئەوەیان هەیە، هەرێم لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن. حکومەتی کاتیی عیراقیش بۆی هەیە میکانیزمگەلی پێشنیاز بکات بۆ پێکهێنانی ئەم هەرێمانە، بە مەرجێ بخرێتە بەرچاوی کۆمەڵەی نیشتمانیی هەڵبژێردراو تا سەیری بکاو ئیقراری بکات. سەرەڕای موافەقەتی کۆمەڵەی نیشتمانی لەسەر یاساکاریی تایبەت بە پێکهێنانیی هەرێمی نوێ، پێویستە لەڕێی ریفراندۆمەوە رەزامەندیی خەڵکی ئەو پارێزگایانەش وەربگیرێ.

(د) ئەم یاسایە زەمانەتی مافەکانی ئیداری و رۆشنبیری و سیاسیی تورکمان و کلدۆئاشووری و گشت هاووڵاتیانی دیکەش دەکات.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

(أ) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵسووڕاندنی ئیش و کارەکانی ئێستای خۆیدا بەردەوام دەبێ بەدرێژایی قۆناغی گواستەنی، تەنیا ئەوانە، نەبێ کە پێوەندیان بەو مەسەلانەوە هەیە کە دەکەونە چوار چێوەی خسوسیەتی خودی حکومەتی ئیتتیحادییەوە، وەك دەقیشی لەم یاسایەدا هاتووە. ئەم وەزیفانە لەلایەن حکومەتی ئیتتیحادییەوە پارەدار دەکرێن بەپێی جۆری هەڵسووڕاندنی کار و بەپێی ماددەی (٢٥-هـ) لەم یاسایە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست باڵایی هەرێمایەتی خۆی بەسەر ئاسایشی ناوخۆ و هێزی پۆلیسدا بەدەستەوە دەمێنێ و مافی ئەوەشی دەبێ باج (الضرائب والرسوم) لەناو هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ.

(ب) دەربارەی بەکارخستنی یاسا ئیتتیحادییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆی هەیە بەکارخستنی هەر یاسایێ لەو یاسایانە لەناو ناوچەی کوردستاندا هەموار بکات، بەڵام ئەمە تەنها ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەقی ماددەی (٢٥-و)و دەقی ماددەی (٤٣-د)ی ئەم یاسایەدا نەهاتوون، کە دەکەونە چوارچێوەی تەنها ئەرکی خۆبەخۆی حکومەتی ئیتتیحادییەوە.

**ماددەی پەنجاوپێنج:**

(أ) هەر پارێزگایێ لە پارێزگاکان مافی ئەوەی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا پێکبهێنێ و پارێزگارێك ناوزەد بکات و ئەنجوومەنگەلی شارەوانی و محەللیش پیکبهێنرێن. هیچ ئەندامێکی حکومەتی



هەرێم، یا هیچ پارێزگارێك، یا هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا، یا هی شارەوانی یان هی محەللی، بەدەستی حکومەتی ئیتتیحادی یان بەدەستی یەکێ لەبەرپرسەکانی ئیقالە ناکرێ، مەگەر لەلایەن دادگایەکی پسپۆڕەوە، بەپێی یاسا بەجەریمەیەك ئیدانە کرابێ، هەر بەو تەورەش، ناشێ حکومەتی هەرێم، پارێزگارێ، یا ئەندامێ لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی پارێزگا یا هی شارەوانی، یان هی محەللی عەزلبکات. هیچ پارێزگارێك، یان هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا، یا هی شارەوانی، یان هی محەللی ناکەوێتە ژێر رکێفی حکومەتی ئیتتیحادییەوە، تەنها بەقەدەر ئەو سەڵاحییاتە نەبێ کە لەماددەی (٢٥) و، ماددەی (٤٣-د)دا دیارکراوە.

(ب) پارێزگاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لەپۆستەکانی خۆیاندان وەك رۆژی یەکەمی تەمموزی (٢٠٠٤)لە جێگاکانی خۆیاندا دەمێننەوە، بەپێی دەقی یاسای حوکمی محەللی کە لەوانەیە دەربهێنرێت، تا کاتی هەڵبژاردنێکی ئازاد و یەکەوراست و تەواو کە بەپێی یاسا ئەنجامدەدرێت، مەگەر یەکێ لەوانە خۆبەخۆ واز لە پۆستەکەی بهێنێ، یان بەر لەو بەروارە عەزلکرابێ لەسەر جەریمەیەکی ئابڕووبەر یان بە جەریمەی گەندەڵی، یان بەهۆی پەککەوتنێکی بەردەوامەوە یان ئیقالە کراوە بەپێی ئەو یاسایەی سەرەوە کە ناومان برد.

کاتێکیش پارێزگارێ، یان سەرۆکی شارەوانییەك، یان ئەندامێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەکان عەزلدەکرێ، ئەوکات، ئەنجومەنی پێوەندیدار بۆی هەیە، داواکاری لە هەر کەسێکی شایستەی دانیشتووی پارێزگاکە وەربگرێ بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو ئەندامێتییە. شەرتوشروتی شایستەییش هەر ئەوانەن کە لەماددەی (٣١)دا بۆ ئەندامێتی کۆمەڵەی نیشتمانی دانراوە. ئەم پاڵێوراوە تازەیە دەبێ زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجوومەن وەدەست بێنێ تا بتوانێ کورسییە چۆڵەکە پڕ بکاتەوە.

**ماددەی پەنجاو شەش:**

(أ) ئەنجومەنی پارێزگا یاریدەی حکومەتی ئیتتیحادی دەدات لە تەنسیقی ئیش و کاری وەزارەتی ئیتتیحادیدا کە لە پارێزگاکەدا کەوتووەتە گەڕ، موراجەعەتی پلانی ساڵانەی وەزارەت و بوجەی کاروباری بزاڤی ناو پارێزگاکە بەشێکن لەو یارمەتییانە. پارەدارکردنی ئەنجومەنگەلی پارێزگاکان لە بودجەی گشتی دەوڵەتەوە دەردەچێ. ئەم ئەنجومەنانە دەسەڵاتی ئەوەشیان هەیە داهاتی خۆیان بەسەربەخۆیی لە رێگەی سەپاندنی باج و رسومەوە زیاتر بکەن هەروەها لە رێگەکانی رێکخستنی ئیشەکانی ئیدارەی پارێزگاکەو دەست پێشخەری لە بنیاتنانی پرۆژەدا و جێبەجێکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگاکە، یان بەشەریکی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و

ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکاندا، هەروەها ئەنجامدانی بزاڤی دیکە مادامێکی لەگەڵ یاسا ئیتتیحادییەکاندا بگونجێن.

(ب) ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان و ئەنجومەنە پێوەندیدارەکانی دیکەش، لە ئەنجامدانی ئەرك و فرمانی حکومەتی ئیتتیحادیدا یارمەتیی دەدەن. هەروەها خزمەتی گشتیش پێشکەش دەکەن بەوەی کە موراجەعەی پلانەکانی وەزارەتەکانی ئیتتیحادی لەو ناوچانەدا دەکەن تا دڵنیابن لەوەی کە بەشێوەیەکی دروست بەشی پێداویست و دام و دەزگا مەحەللییەکان دەکات. هەروەها دیارکردنی پێداویستەکانی بووجەی مەحەللی لە ڕێگای ئیجرائاتی بووجەی گشتی و کۆکردنەوەی داهاتی گشتی و وەرگرتنی مەحەللی و دەست پێشخەری بۆ دامەزراندنی پرۆژەگەلی مەحەللی بە تەنیا یان بە شەریکی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە غەیرە حکوومییەکان. هەروەها ئەنجامدانی بزاڤی دیکە کە لەگەڵ یاسادا بلوێ.

(ج) حکومەتی ئیتتیحادی، تا پێی بکرێ، بە کردار هەندێ ئیجرائات دەگرێتەبەر تا بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ دەسەڵاتی زیاتر بدات بە ئیدارە مەحەللییەکان و هەرێمەکان و پارێزگاکان.

لەمەودوا یەکە هەرێمیەکان وئیدارەی پارێزگاکان، بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە هەمووی ڕێکدەخرێن لەسەر ئەساسی لا مەرکەزی. دەسەڵات بە ئیدارە مەحەللییەکان و شارەوانییەکانیش دەدرێت.

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

(أ) هەموو ئەو سەڵاحییاتەی کە بە خودی حکومەتی گواستەنیی عیراق تایبەت نییە، دەشێ حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگاکان سوودی لێ وەربگرن و وەکاری بێنن، ئەوەش تا بکرێت بە خێرا و دوای دامەزراندنی دامودەزگا حکومییە لەبارەکان.

(ب) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەموو عیراق دەکرێت. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش لە هەمان مەوعیدیدا، لە (٣١)ی کانونی دووەمی (٢٠٠٥) نەترازێ.

**ماددەی پەنجاو هەشت:**

(أ) حکومەتی گواستەنیی عیراق، بەتایبەتیش هەیئەتی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکیی موڵکداریی خانووبەرە و لایەنی دیکەی پێوەندیدار، زۆر بە پەلە هەنگاو دەنێن بۆ لابردن ئەو ستەمەی لە ڕەفتارەکانی ڕژێمی پێشوو هاتوونەتە گۆڕێ، کە لە گۆڕینی بارودۆخی دانیشتوانی ناوچەگەلێکی دیاریکراوی بە نموونە، وەك کەرکووکدا خۆی دەنوێنێ، بە ڕاگواستن و سەروون کردنی (نفی) خەڵکی لە جێگای نشینەی خۆیانەوە، هەروەها بەهۆی کۆچ پێکردنی زۆرە ملێ لە ناوەوە و



دەرەوەی ناوچەکەدا، پاشان نیشتەجێکردنی خەڵکانی نامۆ بە ناوچەکە و بێبەشکردنی دانیشتوان لەمافی کارکردن و ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی (تصحيح القومية).

جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم زوڵم و ستەمە، پێویستە لەسەر حکومەتی گواستەنیی عیراق ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ:

١- دەربارەی موقیمە ڕاگوێزراوەکان و سەروونکراوەکان (المنفيين) و کۆچ پێکراوەکان و کۆچکردووەکان، بۆ ئەوەی کە لەگەڵ یاسای هەیئەتی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکیی موڵکدارێتی خانووبەرەشدا بگونجێ، هەروەها لەگەڵ ئیجرائاتی یاسایی دیکەشدا بگونجێ، پێویست دەکات کە حکومەت لەماوەیەکی ماقووڵدا موقیمەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان، خۆ ئەگەر ئەوەش نەگونجاو نەکرا، ئەوە لەو بارەدا پێویستە لەسەر حکومەت بەشێوەیەکی هەقیانەت قەرەبوویان بۆبکاتەوە.

٢- دەربارەی ئەو ئەفرادانەی کە گوازراونەتەوە بۆ ناوچە و زەویی دیاریکراو، ئەوە، پێویستە لەسەر حکومەت بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسایی هەیئەتی باڵای چارەسەکردنی ناکۆکییەکانی موڵکداریی خانووبەرە، توانستی دووبارە نیشتەجێکردنیان بۆ زامن بکات یان وەرگرتنی قەرەبوویان لە دەوڵەتەوە بۆ زامن بکات، یان زەویی نوێ لە دەوڵەت لە نزیك شوێنی ئیقامەکەیان لەو پارێزکایەدا وەربگرن کە لێوەی هاتبوون، یان بواری ئەوەیان بۆ ئاسان بکرێ قەرەبووی ئەرك و مەسرەفی چوونەوەی ئەو ناوچانەیان بۆ بکرێتەوە.

٣- دەربارەی ئەوانەی لە دامەزراندنی وەزیفی یان لە هەلی گوزەران بێ بەش کراون بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن جێگای ئیقامەیان جێ بێڵن و لەو هەرێم و زەویانە کۆچ بکەن و بڕۆن، ئەوە پێویستە لەسەر حکومەت دنەی بواری تازەی کارکردن بدات تا بتوانن لەو ناوچە و زەویانەدا کاربکەن.

٤- دەربارەی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، ئەوە پێویستە حکومەت هەموو ئەو بڕیارانە کە پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە ئیلغایان بکات و، ڕێگاش بدات بەو کەسانەی زیانیان لێ کەوتووە، کە مافی ئەوەیان هەبێ ئیقراری ناسنامەی نیشتمانی و ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان بکەن بەبێ فشار و زۆر لێکردن.

(ب) ڕژێمی پێشوو فڕوفێڵی لە سنووری ئیداری و شتی دیکەشدا کردووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی گواستەنیی عیراق ڕاسپاردەگەلێ بخاتە بەردەمی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕینە ناهەموارانە. لە حاڵەتێکدا، ئەگەر سەرۆکایەتی نەیتوانی بە کۆی دەنگ موافەقەت لەسەر کۆمەڵێ ڕاسپاردە بکات، ئەوە، لەو بارەدا

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ناوبژیکەرێکی بێ لایەن بەکۆی دەنگ دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە و تەوسیاتی خۆی پێشکەش بکات. جا، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی موافەقەت لەسەر دانانی ناوبژیکەرەکە بکات، ئەوە، لەو بارەدا پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناودار دابمەزرێنێ ئەو ناوبژیکردنە بکات.

(ج) تەسویەی کۆتایی ئەو زەوییانەی ناکۆکییان لەسەرە تەئجیل دەکرێ، لەوانەش کەرکوك، تا تەواوکردنی ئەو ئیجرائاتەی سەرەوە، ئینجا سەرژمێریی ئاشکرای دانیشتوان بەشێوەیەکی ڕەوا بکرێ تا ڕۆژی موافەقەتکردن لەسەر دەستووری هەمیشەیی. ئەم تەسویەیە پێویستە بەجۆرێ بکرێ لەگەڵ مەبادیئی داد و هەقیانەتدا بگونجێ و ئیرادەی دانیشتوانی ئەو زەوییانە ڕەچاو بکرێ.

## دەروازەی نۆیەم

## قۆناغی دوابەدوای گواستەنی

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

(أ) دەستووری هەمیشەیی زەمانەتی ئەوەی تێدادەبێ کە هێزە چەکدارەکانی عیراق سەرلەنوێ بۆ تۆقاندن و سەرکوتکردنی گەلی عیراق ناخرێتە کار.

(ب) بەرەچاوکردنی ئەوەی کە عیراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی خۆیەتی و ئارەزووی ئەوەی هەیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا، لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و لەناوبردنی تیرۆردا بەشداربێت لەماوەی قۆناغی گواستەنیدا لەبەر ئەوە هێزە چەکدارەکانی عیراق لەمەودوا دەبێتە هاوپشکی سەرەکیی هێزە فرە ڕەگەزەکان کە لە عیراقدا سەرگەرمی کارن لەژێر یەك فەرماندەیی یەکگرتوودا بەپێی بڕیاری ژمارە (١٥١١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجومەنی ئاسایش و هەر بڕیارێکی دیکەش کە لەوەدوا درابێ تا ئەو ڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی تەسدیق دەکرێ و حکومەتێکی نوێ بەپێی ئەو دەستوورە هەڵدەبژێردرێ.

(ج) هەرکە حکومەتی عیراق دەسەڵاتی گرتە دەست و بەرەچاوکردنی پێگەی عیراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، ئەوجا حکومەتی گواستەنیی هەڵبژێردراوی عیراق دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیی مولزیم ببەستێ دەربارەی بزاڤی هێزە فرە ڕەگەزەکان کە لەعیراقدا سەرگەرمی کارن لەژێر فەرماندەییەکی یەکگرتوودا، بەپێی شەرتوشرووتی بڕیاری ژمارە (١٥١١)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکانە و هەر بڕیارێکی باشتر لە



ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچووبێ پێوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێ هیچ شتێك لەم یاسایەدا کار ناکاتە سەر ئەو ماف و ئیلتیزاماتەی کە لەم ڕێکەوتننامەوە پەیدا دەبن و کاریش ناکاتە سەر ئەو ئیلتیزاماتەی لە بڕیاری ژمارە(١٥١١)ی ساڵی(٢٠٠٣)وە دێنەدی، یان هەر بڕیارێکی دیکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کە دوای ئەوە دەربچێ حوکمی بەسەر ئیش و کاری هێزە فرە ڕەگەزەکاندا نابێ تا ئەوکاتەی ئەو ڕێککەوتننامە دەخرێتە بەرکار.

**ماددەی شەست:**

پێویستە کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بنووسێت ئەم کۆمەڵەیە ئەم بەرپرسیارێتییە بەچەندین ڕێگا ئەنجامدەدات، یەکێ لەو ڕێگایانە دنەدانە(تشجیع) بە گفتوگۆ لەسەر دەستوورەکە لەڕێگای کۆبوونەوەگەلی ئاشکراو گشتی و خولاوخول لە هەموو لایەکی عێراقدا لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە پێشنیازیش لە هاووڵاتیانی عێراق لە کاتی نووسینەوەی دەستوورەکەدا وەردەگرێ.

**ماددەی شەت و یەك:**

(أ) پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی بنووسێت لە ماوەیەکدا ئەوپەڕی لە(١٥ی ئابی(٢٠٠٥) نەترازێ.

(ب) ڕشنووسی دەستووری هەمیشەییەکە دەخرێتە بەردەستی گەلی عێراق بە ریفراندۆمێکی گشتی تا موافەقەتی لەسەر بکەن لە ماوەی پێش ریفراندۆمەکەدا ڕەشنووسی دەستوورەکە بڵاودەکرێتەوە بەشێوەیەکی فراوان دابەشدەکرێ بۆ دنەدانی گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر دەستوورەکە لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا.

(ج) ریفراندۆمی گشتی سەردەکەوێ ڕەشنووسی دەستوورەکەش تەسدیق دەکرێ کاتێ کە زورینەی دەنگدەران لە عێراقدا موافەقەی لەسەر دەکەن بەمەرجێ دوو سێیەکی دەنگدەران لە سێ پارێزگا، یان زیاتردا نەیدەنە دواوە.

(د) کاتێ بە ریفراندۆم موافەقەت لەسەر دەستووری هەمیشەیی دەکرێ ئەوکاتە هەڵبژاردن بۆ حکومەتی هەمیشەیی لە ماوەیەکدا بەجێ دێت ئەوپەڕی لە(١٥)ی کانوونی یەکەمی ساڵی(٢٠٠٥) نەترازێ ئەوجا حکومەتە نوێیەکە کار دەگرێتە دەست لە ماوەیەکدا لە(٣١)ی کانوونی یەکەمی(٢٠٠٥) نەترازێ.

(هـ) ئەگەر ریفراندۆم ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی قبووڵ نەکرد ئەوجا کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵدەوەشێنرێتەوە و هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی نوێ دەستپێدەکات لە ماوەیەکدا

ئەوپەڕی لە(١٥)ی کانوونی یەکەمی(٢٠٠٥) نەترازێ کۆمەڵەی نیشتمانی و حکومەتی گواستەنیی عێراق کە هەردووکیان تازەن کاری خۆیان دەگرنە دەست لە ماوەیەکدا ئەوپەڕی لە (٣١)ی کانوونی یەکەمی(٢٠٠٥) نەترازێ و بەپێی ئەم یاسایەش لەسەرکار بەردەوام دەبن، بەڵام مەوعیدە کۆتاییەکان بۆ داڕشتنی رەشنووسی دەستووره تازەکە لەوانەیە بگۆڕدرێ لە پێناوی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ ماوەیەك لە ساڵێك زیاتر نەبێ، ئەوجا کۆمەڵەی نیشتمانی نوێ دووبارە رەشنووسی بۆ دەستوورێکی هەمیشەیی دیکە دەنووسێتەوە.

(و) کاتی زەروور دەشێ سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی بەموافەقەتی زۆرینەی ئەندامەکانی کە تەئکید بکات بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە ماوەیەکدا ئەوپەڕی لە(١)ی ئابی(٢٠٠٥) نەترازێ کە پێویستیان بەوەختی زیاترە بۆ تەواوکردنی نووسینەوەی رەشنووسی دەستوورەکە. ئەوجا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ماوەی رەشنووسی دەستوورەکە بۆ تەنیا شەش مانگ درێژدەکاتەوە ئیدی ناشێ ئەم ماوەیە جارێکی دی درێژبکرێتەوە.

(ز) ئەگەر کۆمەڵەی نیشتمانی بەداهاتنی پازدەی ئابی(٢٠٠٥) نووسینی رەشنووسی دەستووره هەمیشەییەکەی تەواونەکردو داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیەشی نەکرد کە لە ماددەی(٦١-د)ی سەرەوەدا باس کراوە جا ئەوجا دەقی ماددەی(٦١-ج)ی سەرەوە دەخاتە بەرکار.

**ماددەی شەست و دوو:**

ئەم باسە لە بەرکاردا دەمێنێتەوە تا دەستووری هەمیشەیی دەردەچێ و حکومەتی نوێی عێراقیش بەپێی ئەو دەستووره پێکدێت.

پاشگەزی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستەنی

پشت بەوەی لە برگەی(ب -١)ی ماددەی دووەمی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستەنیدا هاتووە، ئەنجومەنی حوکم لە دانیشتنی ژمارە(٥٦)ی رۆژی(٦/٦/٢٠٠٤)یدا بڕیاری دەرهێنانی ئەم پاشکۆیەی دا.



## بەشی یەکەم
## پێکهێنانی حکومەتی کاتی

حکومەتی کاتیی عێراق کە بەڕاوێژکاری لەگەڵ هەموو توێژەرەکانی گەلی عێراقدا کە لە هاووڵاتیی بەناوبانگی خاوەن لێوەشاوەیی و دەستودڵپاکی پێکدێن پێکهاتووە. دەسەڵاتی سیاسی حوکمی عێراق لە وەدایەکدا کە ئەوپەڕی لە(٢٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ نەترازێ دەگرێتە دەست.

ئەم حکومەتە کاتییە کاروباری عێراق هەڵدەسوڕێنێ و بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئاسوودەیی گەلی عێراق تێدەکۆشێ و دنەدانی ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردنی (التنمیە)ی ئابووری دەگرێتە ئەستۆ و تەدارەکی هەڵبژاردنی نیشتمانی ئامادە دەکات کە -ئەگەر کرا- ئەوپەڕی لە(٣١)ی کانوونی یەکەمی(٢٠٠٤)دا ئەنجامبدرێ، یان بەهەر حاڵێش لە وادەیەکدا ئەنجامبدرێت لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەبێ.

ئەم حکومەتە، کە خۆی حکومەتێکی کاتییە هیچ جۆرە ئیشێکی ئەوتۆ ناکات، چونکە پێویستە ئەم جۆرە ئیشانە تەنها ئەو حکومەتانەی ئایندە ئەنجامیبدەن کە لەرێگای گەلی عێراقەوە بەهەڵبژاردنی دیموکراتی دێنە سەر حوکم. ئەندامانی حکومەتی کاتی لەبەردەمی سەرۆك باڵاترین دەستەی دادوەریی عێراقدا سوێندی یاسایی دەخۆن. دوای هەڵبژاردنی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتی گواستەنی ئیدی حکومەتە کاتییەکە هەڵدەوەشێتەوە.

## بەشی دووەم
## دامودەزگاو کارەکانی حکومەتی کاتیی عێراق

حکومەتی کاتی بەپێی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەکەوێتە کار ئەم حکومەتە لە سەرۆکایەتیی دەوڵەت کە(بریتییە لە سەرۆکێك و دوو جێگر)، ئەنجوومەنی وەزیران - بەسەرۆکی وەزیرانیشەوە ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی و دەسەڵاتی دادوەری پێکدێت. جا(ئەوانە نەبێ کە لە دەروازەی نۆیەمی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق و ئەو دەقانەش نەبێ کە بەپێچەوانەی ئەوەوە لەم پاشکۆیەدا هاتووە). دەنا هەر شتێ دەربارەی حکومەتی گواستەنیی عێراق و دامودەزگاو بەرپرسیاریەتی ئەم حکومەتەوە لە یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتدا هاتبێ بەسەر حکومەتی کاتی و دامودەزگاو بەرپرسیارییەکانیدا دەچەسپێ و حکومەتی کاتییش رێز لە ئیلتیزاماتی ماوەی گواستەنی و مەبدەئە ئەساسییەکان و مافەکانی گەلی عێراق دەگرێ کە دەقەکانیان لەو یاسایەدا هاتوون، دامودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و شارەوانییەکانیش بەپێی ئەم یاسایە کاردەکەن.
ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەموافەقەتی کۆدەنگی سەرۆکایەتی دەوڵەت بۆی هەیە فەرمانگەلی دەربهێنێ هێزی یاسای هەبێ و لەبەرکاردا بمێنێتەوە تا حکومەتگەلی هەڵبژێردراوی عێراقی ئیلغایان دەکات، یان هەمواریان دەکات. ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتی دامەزراندن(تعینات)و بەکارهێنانی هێزی چەکداری عێراقی و مۆرکردنی رێککەوتننامەگەلی نێودەوڵەتییانەی دەبێ کە لەم یاسایەدا دراون بە کۆمەڵەی نیشتمانی حکومەتی عێراق لە پێوەندییەکانی دەرەوەیدا نوێنەری عێراقییەو ئەرك و فەرمانی ئەم حکومەتە لەبواری گرێدانی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا لە پێوەندییە دەرەکییەکانی عێراق و قەرزگەلی نێودەوڵەتی و کۆمەك و قەرزە سیادییەکانی عێراق بەولاوە تێناپەڕێ و ئەندامی دادگای باڵاش دادەمەزرێنێ ئەمەش بەمەرجێ سەرۆکایەتیی دەوڵەت لە حکومەتە گواستەنییە هەڵبژاردراوەکەدا لەماوەی نەوەد رۆژی وەرگرتنی دەسەڵاتدا بەکۆی دەنگ تەسدیقی بکات.



## بەشی سێیەم
## ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی

پێکهێنان و دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی بەکۆنگرەیەکی نیشتمانی جێبەجێ دەکرێ کە لە بەغدا لەماوەی مانگی تەمموزی(٢٠٠٤)دا ساز دەدرێت کۆنگرەی نیشتمانی لەڕێگەی دەستەیەکی باڵاوە کە(ئەندامگەلێکی ئەنجوومەنی حوکم ئەوانەیان کە پلەوپایەی دیکەی حوکمییان وەرنەگرتووە نوێنەرانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و کەسایەتیگەلی عێراقیی ناسراو بەلێهاتوویی لە(١٠٠) سەد ئەندام پێکدێت بەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی حکوومیشەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.
ئەو ئەنجوومەنە خولاوخول، دەبەسترێ بۆ دنەدانی وتووێژی بنیادنەرانە و پێکهێنانی کۆدەنگێکی نیشتمانی و پێشکەشکردنی راو راوێژ بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانیش.
ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی دەسەڵات بەکارخستنی یاساگەل و بەدواداچوونی ئیش و کاری هەیئەتگەلی تەنفیزی و دامەزراندنی ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیش هەیە کە جێگای ئەندامە دەست لەکار هەڵگرتووەکان یان ئەندامە مردووەکان بگرنەوە، هەروەها مافی بەرپرسدانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەیە ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی دوو سێیەکی دەنگی ئەندامەکانی لە ماوەی دە رۆژدا کە لە رۆژی تەبلیغەوە دەستپێدەکات مافی رەدکردنەوەی ئەو فەرمانە تەنفیزیانەشی هەیە کە سەرۆکایەتی دەوڵەت تەسدیقی کردوون، هەروەها ئەنجوومەنی دەسەڵاتی تەسدیقکردنی بودجەی نیشتمانی ساڵی(٢٠٠٥)ی عێراقی هەیە ئەو بودجەیەی کە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز دەکرێت، هەروەها مافی دانانی پەیڕەوی ناوخۆییشی هەیە.

## کۆنگرەی نیشتمانی

پێشنیاز دەکەین لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی کاتیی عێراقیدا ئەمەی خوارەوە لەبارەی کۆنگرەی عێراقییەوە رابگەیەنرێ.

١- حکومەتی کاتی کۆنگرەیەکی نیشتمانی دەبەستێ ئەو کۆنگرەیە لە لایەن دەستەیەکەوە لە کەسایەتیگەلی بەگەنکراو(مختارە)ی عێراقییەوە پێکهاتووە، رێکدەخرێ پێیدەڵێن دەستەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەی نیشتمانی و ئەم ئیشانەی خوارەوە دەکات.

أ- دیارکردنی وادە و جێگای بەستنی کۆنگرە نیشتمانییەکە.

ب - سەروبەرنانی پێداویستییەکان و تەنسیقی ئاساییش.

ج - دیارکردنی خشتە(جدول)ی ئامادەکاری کۆنگرەکە

د - ئیقرارکردنی رێساو پێڕۆی ئیدارەی کۆنگرەکە.

و- دانانی شەرتوشووروووت و خەسڵەتەکانی بەشداربوونی ئەفراد و گرووپەکان وەبانگهێشتنی نوێنەران بۆ کۆنگرەکە.

٢- کەسایەتییەکی بەرچاوی عێراقی دەبێتە سەرۆکی دەستەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەکە.

٣- دەستەی باڵا لە(٦٥٥٠) ئەندام پێکدێت کە جۆراوجۆری جوگرافی و سیاسی و ئایینی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتیی عێراق دەنوێنن، هەروەها لە ریزی ئەندامێتیدا(ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی دەستەی باڵا لەم گرووپانەی خوارەوە دەسنیشاندەکرێت.

أ- ئەندامانی پێشتری ئەنجومەنی حوکم ئەوانەیان کە هیچ پلەرپایەی حوکمیان وەرنەگرتووە.

ب - نوێنەرانی پارێزگاکانی عێراق ئەوەش کە ئەنجوومەنی هەر پارێزگایی ئەندامی لەنێوان کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا کە بەلێهاتوویی و دەستودڵپاکی بەناوبانگ بێت دەسنیشانبکات بەمەرجێکیش پارێزگای بەغدا کە پایتەختەو دانیشتووانی چڕوجەنجاڵە، چوار ئەندامی هەبێ و، نوێنەرانی ئەو سێ پارێزگایەش کە دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەسنیشاندەکرێن.

ج - سەرباری ئەوانەش ژمارەیەك لە(١٠ - ٢٠) نوێنەر لە سەرکردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی دەسنیشاندەکرێن بۆئەوەی دەستەی باڵای نوێنەرانی رێکخراوە پێشەییەکانی وەکو یەکێتی کرێگاران و هەیئەتە ئایینییەکان و عەشایەر و رێکخراوەکانی ئافرەتانیش لەخۆ بکرێ.

د - ژمارەیەکی لە(١٠- ٢٠) کەسیش لە کەسایەتییە بەرچاوەکانیش بۆ زیاد دەکرێت.



٤- دانیشتنی یەکەمی دەستەی باڵا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەکە لە(٦/١٥) لە بەغدا دەبەستێ.

٥- ئەنجوومەنی نیشتمانی لە دوادوای مانگی تەموزدا کۆبوونەوەی خۆی لە بەغدا بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەی باڵا سازدەدات.

کۆنگرەکە(١٠٠) ئەندام هەڵدەبژێرێ بەو ئەندامانەی ئەنجومەنی حوکمیشەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان. ئەم سەد ئەندامە ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی پێکدەهێنن ئەم ئەنجوومەنە دەبێتە بەشێ لە حکومەتی کاتیی عێراق و ئەو ئیش و کارانە رایی دەکات کە لە پاشکۆی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتدا باسکراون.

## یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە

لەدایکبوونی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کارێکی ئاسان نەبوو هەرچەندە زۆر کەموکورتی تێدا بوو، بەڵام هەندێك لە نوێنەری شیعەکان بە(تەحەفوزەوە) ئیمزایانکرد, لەکاتی ئیمزاکردن بەراشکاوی رای خۆیان دەربڕی. ئەگەر چاو بە بەندەکانیدا بخشێنین دەبینین ماوەی کارپێکردنی لە ٢٠٠٤/٦/٣٠ دەستپێدەکات و لە ٢٠٠٥/١٢/٣١ کۆتایی پێدێت, ئەگەر بەراوردی ماوەی جێبەجێکردنی بکەین لەگەڵ ئەو ئەرکە قورسانەی لەسەر شانی حکومەتی کاتی و ئەو میراتە قورسەی کێشەکانی پاشماوەی رژێمی رووخاو دەبینین ماوەکە زۆر کورتە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکە لە ٢٠٠٥/١/٣١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سەرتاسەری عێراق ئەنجامدرا بەرێگای دەنگدانی نهێنی و ئازاد و ڕاستەوخۆ و لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو(١٤٠) سەدوچل کورسی بەدەستهێنا، دەکرێ بڵێین نزیکەی نیوەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە(٢٧٥) دووسەدو هەفتاو پێنج کورسی بەدەستهێناو و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی یەکگرتوو(٧٨) هەفتاو هەشت کورسی بەدەستهێنا,لیستی سەرەك وەزیران د. ئەیاد عەلاوی(٤٠) چل کورسی بەدەستهێنا, لیستەکانی دیکە هەریەکەو چەند کورسی بەدەستهێناو چەند کۆمەڵێك لە ناوەند و رۆژئاوای عێراق بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەکرد ، ئەمە دیاردەیەکی دیموکراسییە و هەر گرووپێك یاخود پارتێکی سیاسی, هەر مرۆڤێك ئازادە لە بەشداریکردن و بەشداری نەکردن بەپێی قەناعەتیان, ئەم هەڵوێستە بەپێی رووداوەکان قابیلی گۆڕانە و ئەو خەڵکانەی بەشدارییان نەکرد سوننەی عەرەب بوون و لەڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆریان سەر بە بەعسییەکان بوون زەرەرمەندن لە

پرۆسەی رزگاری عێـراق و نـاتوانن بەرامبـەر بـەو گۆڕانکارییانـە بوەسـتن کـە دەبـێ لـە عێـراق ئەنجامبدرێن. لەو گۆڕانکارییانە هاتنی دیموکراسی بۆ ناوچەی عەرەبی بەتێکڕایی و هەرچـەندە زۆر تێبینیمان هەیە لەسەر یاساکە، بەڵام من باسی ئەو بەندانە دەکـەم کـە پەیوەنـدی بەکوردسـتان و دۆزی کورد هەیە, بۆ نمونە ئەگەر رەچاوی بڕگەی/ب لە بەندی(٥٣) پەنجاو سـێ بکـەین کـە ئەمـە دەگەیـەنێ: سـنورەکانی هـەر هـەژدە پارێزگاکـانی عێـراق لـە قۆنـاغی گواسـتنەوە وەك خۆیـان دەمێننەوە, لەبەرئەوە زۆر قەزا و ناحییەکانی کوردی  کە لەڕووی بەڕێوەبردنـەوە لەگـەڵ نەینـەواو تکریت و دیالە و کوتن لەڕووی جوغرافییەوە ناوچەکانی کوردسـتانن و خاکیـان کوردسـتانە دەبـێ بگەڕێنەوە باوەشی کوردستان، بەڵام دەبینین بڕگەی سەرەوە بۆ گەڕاندنـەوەیان و لـە راپـەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١ کورد نەیتوانی رزگاریان بکات و لەژێر دەسەڵاتی حکومـەتی بەغـدا مانـەوە و لـە پرۆسەی رزگارکردنی عێراق رزگارمان نەکردن و بەتەمای حکومەتی بەغدای نوێمان بەجێهێشت کە بەپێی یاسا رزگار بکرێن، بەڵام زۆر زەحمەتە و مێشکی عەرەب تەقەبولی ئەوە ناکات, یاساکە هیچ چارەسەرێکی دانەنا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەکانی سەرەوە بۆ کوردستان لـە دەسـتووری نـوێ. ئەگـەر سەیری بڕگەی(ج) بکەین لە هەمان بەند دەبینین کەرکووکیان لە دەرەوەی کوردستان هێشتۆوتەوە و لەپاش دانانی دەستوور هەمان بەندی ٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت خستوویانە ناو دەسـتوور, لەبارەی کەرکووکەوە سەرکردایەتی کوردی رازیبووە کە کێشەی کەرکوك تا کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٧ دەبێ چارەسەر بکرێت، بەڵام من رەشبینم لـەم رازیبوونـەی سـەرکردایەتی کـوردی، چـونکە هـیچ یاسایەك نییە کێشەی کەرکوك تا ماوەی سەرەوە دوابخرێت، چونکە تەنها دەسەڵاتە بدرێتە لیژنەی چارەسەرکردنی کەرکوك و دابینکردنـی دراوە و هـەردووی ئاسـانە ئەگـەر بـڕوای بەگەڕاندنـەوەی عەرەبە هاوردەکان هەبێت بۆ شوێنە ئەسڵەکەیان، بەڵام مـن دڵنیـام کـە حکومـەتی عێـراق ئـەم بڕوایەی نییە و رەوشتی سەرۆك وەزیرانی پێشوو لەبەرچاومانە کە چۆن بەردەوام بۆ بەعـەرەبکردنی کەرکوك دوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق تا دوارۆژی حوکمەکەی.

ئەگەر سەیری دەقی بەندی ٥٨ بکەین لە یاسایی سەرەوە دەبینین (هەیئەتی) (لیژنـەی) بـەرزی چارەسەرکردنی کێشەکانی زەویی و زار بێ راسپاردارییە و کە هەنگاو بابنێـت بـۆ لابردنـی زوڵـم و زۆرداری لەسەر ئەو خەلکانەی کە رژێمی پێشوو لێکردوون بە گۆڕینی شوێنی گواستنەوەی کورد لە ناوچە دیارکراوەکان و لەوان کەرکوك، بەڵام لە راستیدا دەبوایە لیژنەیەکی تایبـەت بـە کـەرکوك دابندرێت، چونکە رژێمی پێشوو هەر لـە سـاڵی ١٩٦٣ وە تـا رۆژی رووخانـدنی بـەردەوام بـۆ لـە



دەرکردنی کوردەکان لە کەرکوك و نیشتەجێ کردنی عەرەبان لە جێگایان بۆ ئەوەی کوردستانیەتی کەرکوك نەهێلیت، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٢٧ وە حکومەتەکانی عیراقی یەك لەدوای یەك رەچاوی ئەم حاڵەتەیان کردبوو لەپاش دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك و هەوڵیاندا کە کرێکارەکان لە عەرەب و ئاشورییەکان و مەسحییەکان زیاتر دابمەزرێنێ لە کوردەکان، بەڵام بـەزەقی نـەبوو وەکـو بـەعس ئەنجامیدای و بەم دواییە لیژنەکەیان پێکهێنا بە سەرۆکایەتی حمید مجید موسـی سـکرتێری پـارتی کۆمونیستی عیراق بۆ کەرکوك، بەڵام بەپێی وتەکانی کە لە رۆژنامەکان و میـدیاکان بڵاوکرانـەوە گوتی کاری لیژنـەی سـەرەوە دوور و درێـژ دەخایەنێـت و ئەنجامەکەشـی مـسۆگەر نییـە و بـەپێی سیاسەتی حزبی حوکمدار دەبێت، بۆیە حمیـد مجیـد موسـا-یـان کـردە سـەرۆکی لیژنـە، چـونکە کۆمۆنیستەکان لە هەموو پارتە عەرەبەکانی عیراقی نزیکترن لە کورد ئەمە لەلایەك و لە لایـەکیتر دەبوایە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی رژێمی روخێندراو کـە لـە هـاوینی ١٩٧٤ دەری کردبوو لە پاش دەسپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەڵیوەشێنەوە کە بەپێی بڕیاری سەرەوە قەزاو ناحیەکانی کوردی لە کەرکوکیان دابڕی و لکانـدیان بە پارێزگاکانی عەرەبی و قەزای کفری و ناحیەکانی لێکێندران بە پارێزگای دیالا و تۆز خورماتو و ناحیەکانی لکێندران بە پارێزگـای تکریـت و چـەم چـەمال و قـادر کـەرەم لکێنـدران بـەپارێزگای سلێمانی، هەروەها ئەلتوون کوپری لکێندرا بە پارێزگای هەولێر و بـەعس بۆیـە بڕیـاری سـەرەوەی دەرکرد هەتا ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکوك کەم بکاتەوە و زۆرینەی عەرەب دەربـچن ئەگـەر سەرژمێری ئەنجامدرا، دەبوایە نوێنەرانی کورد بەشـداربوویان لـە ئەنجوومـەنی حـوکم یەکـەم کـار ئەنجامبدەن ئەویش هەڵوەشاندنی بڕیاری سەرەوە بوو تا راسـتییەکانن هاتبانـەوە جێگـایی خـۆی و نەدەبوایە بڕیاری سەرەوە قبول بکەن و وەکو خۆی بەجێ بهێلن بۆ دوا رۆژ.

لە بڕگە (ب) لە بەندی/ ١٦ لە یاسای سەرەوە هاتووە کە دەبـێ رەشنووسـی دەسـتوور بخرێتـە بەردەم عیراقییەکان بۆ دەنگدان لەسەری و بەهەرحاڵ دەنگ لە دەستوور درا، بەڵام لـە دەسـتووردا هاتووە دەکرێ لیژنەیەك پێکبهێنرێت. بۆ هەموارکردنی دەستوور، ئەم لیژنەیـە خەتەرناکـە ئەگـەر بێتـو ئـەو بەنـد و برگانـەی پەیوەنـدن بـە مافـەکانی کـورد و فیدرالیـەتی کوردسـتان و داوایـی هەموارکردنیان کرد دژی بەرژەوەندی کورد ئەو کاتەی کێشەمان بۆ دروستدەبن، وەها فیدرالیەتیش بیسەلمێنن بە کەرکوك و ناوچە کوردیەکانی دابڕاو کە بگەڕێنەوە سەر کوردستان هیچ متمانەیـەك نییە بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانی کورد و پاراستنی، چونکە عیبرەت نەك لە نووسینە، بـەڵکو لـە

جێبەجێ کردنە، وەکو ئەوەی بەسەرهاتن، چونکە لە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری/ ١٩٧٠ مافەکانی کورد تێدا نووسرابوو، بەڵام پاشگەزبوونەوە و جێبەجێیان نەکرد، برگە (ج) لە بەندی ١٦ لە یاسای سەرەوە مافی داوەتە سێ پارێزگا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ دەنگەکانی هاوولاتیانی سێ پارێزگای سەرەوە بۆ دەرخستنی نەڕازی بوونیان و ئەگەر ئەم نیسبەتە هەبوو ئەوە ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەوەشێت و هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامدەدرێتەوە و پاش هەڵبژاردنەکە هیچ چارەسەرێك دیار نەکراوە بۆ ناوچە کوردستانییەکان و لە گێژەلۆکێك دەمێننەوە و پێش وەخت کەرکووکمان دابڕاند لە کوردستان ئەمە هەلەیەکیتر بوو سەرکردایەتی کردی.

هەڵبژاردن ئەنجامدرا و پەرلەمانی عیراق و حکومەتی بەغدا دامەزران، هەرچەندە حکومەتی کاتی خۆیی پێ ناپارێزرێت و زۆر لاوازە ئینجا پارتە عەرەبەکانی بەشدار بوون لە حوکم بە حاڵ و بەبێ چارەیی فیدیرالیەتی کوردستانیان قبوول کردووە هەندێکیان پێشمەرگە بە میلیشیا ناوزەد دەکەن بە مەبەستی هەڵوەشاندنی، ئایا ئەگەر حکومەتی بەغدا وەك جاران بەهێز بوو دەتوانی ئارامی و هێمنی بەرقەرار بکات و توانی پەیوەندییەکانی خۆی چاك بکات لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان لێمان هەڵناگەڕێتەوە؟ بەڕای من دوور نییە و ، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە بۆ ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە تا ئێستا هیچ پارتێکی عیراق یاخوت توێژێك یان گرووپێك نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەهاتبێتە حوکم هەر هەموویان مافی کورد چاك دەزانن چین، هەر هەموویان واقیعی کێشەی کورد دەزانن چییە، بەڵام هەر هەموویان بە هەمان مێشکی شۆفینی سەیری کێشەی کوردیان کرد و دەکەن و هیچ پارتێك یاخوت گرووپێك بیری لەوە نەکردۆتەوە کە کورد نەتەوەیی و هەموو مافی نەتەوایەتی هەیە وەکو عەرەب و هەموو نەتەوەکانی دونیا و بە بەکارهێنانی هێز و ویستویانە کورد دەمکوت بکەن و بە فرت و فێڵ لەگەڵ کورد جووڵاونەوە لەبەر ئەوە هەر هەموو پارتەکانی سەرەوە لە حوکم نەماون و یەکێك لە هۆیەکانی سەرەکی نەمانیان کێشەی کورد بووە، دواییان بەعسییەکان ئەگەر بە ژیرانە کێشەی کوردیان چارەسەر کردبا تووشی تەنازولات نەدەبوون بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەلجزائیری ١٩٧٥/٣/٦و تووشی جەنگی ئێران نەدەبون لە ١٩٨٠/٩/١١ کە هەشت ساڵی خایاند و پشتی شکا لەم جەنگە، هەروەها تووشی جەنگی کەنداوی دووەم نەدەهات و لەکۆتاییدا لە پرۆسەی رزگارکردنی عیراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ روخێندرا و لەپاش رووخاندنی حوکمی بەعس کێشەی کورد هەر ماوە بەبێ چارەسەری کۆتایی هەرچەندە زیاتر



لەسەد ساڵە کێشەکە لە ئارادایە لەبەر ئەوە دەبێ کورد چاك ئەم راستییە بزانێت و بەدوای ڕێگاچارەیەك بگەڕێت بە بەکارهێنانی دیبلوماسیەت لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان و لەسەروویانە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرنسا و روسیا و چین و ئەلمانیا و یەکێتی ئەورووپی بۆ راستکردنەوەی هەڵەکەیان کە خۆیان کردیان لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و بەڕای من چاکترین چارە بۆ کێشەکەمان و دانانی سنوورێك بۆ هەموو ئازار و ئەشکەنجە و کوشتن و بڕین و راگویزان و لە سێدارەدان بەپێی ئەو هەموو شۆڕشانەی کورد کردی لە دەیان ساڵی رابردوو ئەوەیە، کە دەبێ بڕیارەکان و یاساکانی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێن بە نیسبەت کورد ئەویش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆیە لەسەر خاکەکەی کوردستان کە مافێکی رەوای گەلی کوردە وەکو هەموو گەلانی دونیا و لەوان گەلانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بۆ ئەوەی کورد هەست بە ئارامی و هێمنی بکات و لەسەر خاکەکەی بەکەرامەت بژیت و بتوانێت سوود لە داهاتەکانی وەربگرێت و سەر و سامانەکەی لە رێگای میللەتەکەی خەرج بکات و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دراوسێیەکان دابنێت و ئەو دراوانەی لە جەنگ خەرج دەکرێت با لە ئاوەدان خەرج بکرێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێ ئاوەدان بکرێتەوە و کۆتایی بە ئازار و مەینەتی کورد بێت و ئەم راستییە کەس ناتوانێت بشاریتەوە چونکە تیشکی رۆژ بە هێلەگ ناگیرێت و ئەم راستیەش با تورکیا و ئێران و سوریا و عیراق بزانن کە تا چارەسەری کێشەی کورد عادیلانە چارەسەر نەکەن و خواست ویستی کورد وەکو خۆی دەیەوێ جێبەجێ نەکەن، نە کورد واز لە خەبات و مافی خۆیان دێنن و نە ئەمن و ئاسایش و ئارامی لەو دەوڵەتانە گیردەبیت کە هەر چوار پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکاندووە، و هیچ مافێك ون نابیت ئەگەر خاوەنی لەدواوە بێت.

هەولێر

٢٠٠٦/٦/١٠

## سەرچاوەکان


١- مسعود بارزانی/ بارزانی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد ب/٣ بەزمانی عەرەبی.

٢- د. محمد عمر مولود/ فیدیرالیەت و توانایی جێبەجێ کردنی لە عیراق/ بەزمانی عەرەبی.

٣- روهات الاکوم وەرگێڕانی شوکر مستەفا شریف پاشا سالآنی سەختی دیبلومات کارێکی کورد.

٤- محمد ملا أحمد- کۆمەڵەی خۆیبون و پەیوەندییەکانی کوردی/ ئەرمەنی بەزمانی عەرەبی.

٥- دبلیو ای ویگرام و کارتی ای ویکرام وەرگێرانی جرجیس فتح اللە. (مهد البشریە- الحیاە فی شرق کوردستان) بەزمانی عەرەبی.

٦- د. علاء جاسم محمد الحربی/ پەیوەندییەکانی عیراقی- بەریتانی ١٩٤٥- ١٩٥٨بەزمانی عەرەبی .

٧- عبدالرزاق الحسنی- بنەماکانی فەرمی هی وەزارەتەکانی عیراق بەزمانی عەرەبی.

٨- د. شیرکۆ فتح اللە عمر- پارتی دیموکراتی کوردستان و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عیراق لە ساڵی ١٩٤٦-١٩٧٥ بەزمانی عەرەبی.

٩- محسن دزەیی- لەناو رووداوەکاندا ب/٢/ ١٩٦١/ ٩٧٥ بەزمانی عەرەبی.

١٠- ستیفن همسلی لونگریك وەرگێڕانی سلیم تەها تکریتی- عیراقی نوێ ١٩٠٠/ ١٩٥٠ بەزمانی عەرەبی.

١١- د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ ڕۆڵی گەلی کورد لە شۆڕشی عیراقن ١٩٢٠ بەزمانی عەرەبی.

١٢- زبیر بیلال ئیسماعیل/ شۆڕشەکانی بارزان ١٩٠٧/ ١٩٣٥ بەزمانی عەرەبی.

١٣- عمر عبدالعزیز هورامانی/ کێشەی کورد دوپیلانەکانی نێودەوڵەتی- بەزمانی عەرەبی.

١٤- عبداللە ئەحمەد پشدەری/ بیرەوەریەکانم لە کۆماری مەهاباد- بەزمانی عەرەبی.

١٥- روبرت أولسن/ وەرگێران و پێشکەش کردنی محمداحسان- کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی تورکی- ئێرانی بەزمانی عەرەبی.

١٦- د. ئازاد محمدامین نقشبندی- پرۆژەی گاب (Gap) و کاریگەرییەکەی لەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە و کوردستان بەزمانی کوردی.

١٧- نوسینگەی توێژینەوەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئاوی کوردستان و ئەنجامەکانی دوارۆژ بەزمانی عەرەبی (رامان).

١٨- سابیر عومەر مامەسێنی/ دیبلوماسیەتی کورد لەمێژوودا. بەزمانی کوردی.

١٩- فرید أسسرد/ کێشەی کورد لەپاش یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بەزمانی عەرەبی.

٢٠- یاسای بنەمەکی (أرس) عیراق.

٢١- نجم عمر سورچی/ دوارۆژی ویلایەتی موسل کوردستانی خوارد لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ بەزمانی عەرەبی.




## کورتەیەک لە ژیانی لیوا محمد صالح عقراوی

١- ناو: محمد صالح محمود خالد عقراوی- لە دایك بووی ١٩٤١ ئاکرێ. دەرچووی کۆلێژی پۆلیس و کۆلێژی یاساو و رامیاری- بەشی یاسا- بەغدا.

٢- لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمین جار یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئاکرێ دامەزرا لە شەش قوتابی پێکهاتبوو، نوسەر یەکێك بوو لەو شەش قوتابیانە.

٣- لە ساڵی ١٩٥٦ بەشداریم کرد لەو خۆپێشاندانە کە لە شارەکانی عیراق روویاندا و توانیم قوتابییەك بهێنم بۆ ناو حزب و لە رێگای ئەوەوە توانیمان خەڵك بهێنین بۆ ناو پارتی لە شاری عین سفنی، چونکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ بووم بە ئەندام لە پارتی.

٤- لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ گیرام لەسەر کوردایەتی و لە ١٩٦١/٨/٣٠ دەرچووم لە بەندیخانەو لە معتقل خلف السدە بووم. بۆ ماوەی ٤ مانگ.

٥- کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن دەستیپێکرد لە ١٩٦١/٩/١١ دووبارە گیرامەوە لەگەڵ سێ برام لە ١٩٦١/٩/٣١ و لە ١٩٦١/٩/٢٠ لە کۆلێژی پۆلیس فەسل کرام کە هێشتا لە بەندیخانەی ژمارە (١) لە معسکر رەشیدی بەناوبانگ بەخراپی بووم.

٦- لە ١٩٦٣/٣/١٩ چوومە ناو ریزی شۆڕش و بووم بە پێشمەرگە و لە ١٩٦٣/٩/١ لە شەڕی (گەروا بنی بیا) لەناوچەی مێرگەسوور بریندار بووم و بەشداریم لە دەیان شەڕ کردووە لە سپیلك و ناوچەی مێرگەسوور و باڵەك و رانیە.

٧- لە ١٩٦٣/١٢/٢بە فەرمانی بارزانی نەمر کرام بە حاکمی ناوچەی باڵەك لە گەڵاڵە.

٨- لەمانگی ١٩٦٤/١٠ بەشداریمکرد لە کۆنگرەی عەسکەری کە لە رانیەدا بەسترا.

٩- لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥ دامەزرام بە لێپرسراوی لێکۆڵینەوەی لەشکری ٢ لە رانیە.

١٠- لە بەهاری ١٩٦٥ کە شەڕ دەستی پێکردەوە لەبەینی شۆڕش و حکومەتی عیراقدا دامەزرام بە معاون ئامر هێزی کاوە لە کێوە ڕەش و سەنگەسەر.

١٢- بەند کراو لە بەندیخانەکانی ئاکرێ و مووسڵ و هەولێر و کەرکوك و بەغدا و بەسراو عیمارە و (قصر النهایە)ی بەناوبانگی پڕ لە مەترسی و بەندیخانەی ژمارە(١)یەك لە سەربازگەی رەشید.

١٣- لە شوباتی/ ١٩٦٩ گیرام و گواسترامەوە بۆ بەندیخانەی کۆشکی دیوایی (قصرالنهایە)ی بەناوبانگ و لە بەغدا و لە ١٩٦٩/٧/٣ ئازاد کرام لە پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر.

١٤- لە مانگی شەشی ١٩٧٠ لەپاش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ گەڕامەوە بۆ مسلکی پۆلیس بە پلەی مولازمی پۆلیس لەسەر داوای سەرکردایەتی شۆڕش.

١٥- لە ئەیاری/ ١٩٧٥ فەرمان درا لە وەزیری ناوخۆی بەغدا بە بەندکرنی بەتۆمەتێکی رێك خستراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر و لە بەندیخانەی هەولێر گیرا بۆ ماوەی (٢٥) بیست و پێنج رۆژ و لەبەر ئەوەی تۆمەتەکە لەسەری ئیسبات نەبوو ئازاد کرا.

١٦- نێردرا بۆ دادگای پۆلیسی ژوور و لە موسل لە ١٩٧٨/٥/١٥ بە تۆمەتی جووندان بەحزبی بەعس و شۆڕشەکەیان و بەهاوکاری خاوەن ویژدان و گەیشتنی دادگا بە قەناعەت کە ئەم تۆمەتە پیلانە بۆ لەناوبردنی دادگا بریاریدا بە ئازادکردنی لەو تۆمەتەوە سزادانی بە بەندکردنی بۆ ماوەیی چوار رۆژ بە تۆمەتی فرێدانی ئەستێرەکانی سەرشانی. و دوای تەواوکردنی حوکمەکەی دوورخراوە بۆ خوارووی عیراق بە گواستنەوەی بۆ ناسریە و ناحیەی محمور و و ناحیەی بەتحە و دوایی گواسترایەوە بۆ دیوانیە و لەماوەی سەرەوە لە ژێر چاودێری ئەمن بوو.

١٧- لە ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژی یاسا و رامیاریم تەواو کرد. لە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٨- لەبەر جەختکردنی بەردەوام لە حزبی بەعس لەبەر نەرۆیشتنی بۆ ناو ریزی حزبی سەرەوە ناچار بوو داوای خانەنشینی کرد کە ئەو سەردەمە بەپلەی رائید بوو وە خانەنشین کرا لە ١٩٦٨/١/١٣.

١٩- لە ١٩٦٨/٢/٢٤بوو بە پارێزەر لە هەولێر.

١٩- لە نیسانی ١٩٩٢ هەڵبژێردرام بە ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان.

٢٠- بەشداریم کرد لە زۆربەی کۆنگرەکانی معارەزەی عیراقی.

٢١- لەپاش دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم گەڕامەوە ریزەکانی پۆلیس بۆ پلەی لیوای پۆلیس و کرام بە سەرۆکی دەستەی پشکنین لەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢٢- لەکاتی دەستپێکردنی یەکەم جەولەی شەڕ لە ١٩٩٤/٥/١ من یەکێك بووم لە وەفدی رێکخراوە جەماوەرییەکان لەسەردانی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکان.

٢٣- سەرۆکی وەفدی پارێزەران بووم کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی و جلال تاڵەبانی کرد لە رۆژی مۆرکردنی رێککەوتنی ستراتیجی لە ١٩٩٤/١١/٢٤ لە تەلاری پەرلەمان. و پێشنیارەکانی پارێزەرانی کوردستانم پێشکەشکرد بە هەردوو بەڕێزان.

٢٤- لەکاتی کوتلەی وەزاری پارتی پێکهێنرا لە شەقلاوە بووم بە مستەشاری عەسکەری لە وەزارەتی ناوخۆ هەتا گەڕاینەوە شاری هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١ و خزمەتێکی گەورەم بە حکومەت کردووە، هەتا ١٩٩٧/٨/٤ کە فەرمانم دەرچوو و بووم بە سەرۆکی دادگای هەمیشەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەسەر دەستەکانم دادگای سەرەوە دامەزرا و سەرۆکی دادگاگایەکە بووم بۆ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ.

٢٥- دەستی نووسینم هەیە و زۆربەی نووسینەکانم بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری تەرازوو و ماف و دهۆك و



گوڵان و لە رۆژنامەکانی تر وەکو برایەتی و خەبات و ئەوانی تر و ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تەرازووم کە یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان دەری دەکات و بەردەوامم لە نووسین لە باری رامیاری و کارگێڕی. ئەم کتێبانەی لە خوارەوە هاتوون لە بەرهەمەکانێتی:

أ- پۆلیس و کۆمەڵگای شارستانی.

ب- چوار نووسینی خەبات رەفزی کرد بەزمانی عەرەبی.

ج- وەرگێرانی کتێبی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی.

د- کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی بە زمانی عەرەبی.

٢٦- وانەبێژە لە کۆلێجی پۆلیس لە هەولێر.

---

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی برای بەرێز کاك کەمال غەمبار دەکەم لەسەر ئەو ئەرکەی کە کێشاوە بەپێداچوونەوەی کتێبەکەم و ئەو تێبینییە گرنگانەی کە دەست نیشانی کردوون و هەروەها لەسەر ئەو پێشەکییە جوانەی کە نووسیویەتی و داوای تەمەن درێژیی و سەرکەوتنی بۆ دەکەم لە رێگایی خزمەت کردنی دۆزی گەلەکەمان.

**دانەر**

**٢٠٠٧/٣/٥**